# لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات

کۆمەڵە وتار

**عەبدولخالق یەعقووبی**

ئەم کتێبە پێشکەشە بە یادی باپیرم ″حاجی ڕەشیدی مینە یاقووب″
کە بۆ یەکەمجار بەگوێیدا چرپاندم:

بــە لادا بـکــەن چــاکــی مــەردایــەتــی
درێغــی مــەکــەن گـیــان لــە کــوردایــەتــی

عەبدولخالق یەعقووبی

ناوی کتێب: لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات – کۆمەڵە وتار
نووسینی: عەبدولخالق یەعقووبی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٢٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٨١ی ساڵی٢٠٠٨ی
دراوەتێ

# ئاماژەیەك

«لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات» هەڵبژاردەیەکە لەو وتار و ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا ناوەناوە زۆربەیانم لە کۆوار و بلاڤۆکەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا بڵاوکردووەتەوە و، زۆرتر بەپەلەقاژەیەکیان دەزانم وەك هێمایەك دژی ڕاوەستان و مردن و بۆن گرتن لە بارودۆخێکدا کە هەموو زەمینەیەك بۆ ئەم حاڵەتە قێزەونانە خۆش و گونجاون. ئەوەی ڕاستی بێت نووسین لە بارودۆخی وا دا هەرگیز ناتوانێ بەدوا ئامانجی خۆی کە گەیشتن بێ بە پلەی داهێنانی ڕووتی جوانی و داهێنانی جوانیی ڕووت بگات، ئەوەی نووسین لە دەستی دێت ڕاکردنێکی مەزلوومانەیە لە دەست ناحەزی و گەندەڵی و ئەو هۆکارە مانەوی و مادییانەی کە هەوڵ دەدەن ڕۆحی داهێنان و جوانی بکوژن و وزەی هزر و تێگەیشتن کوێر بکەنەوە.

«لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات» هەر وەتر نیشاندەری قۆناغێکی تری بیری ڕەخنەگرانە و هزری نووسەرانەی من لە ئاست کێشەکانی کولتوور و کۆمەڵگا و ئەدەبیاتی کوردییە کە لەم کتێبەدا بەشێوەیەکی ناپێکهاتەمەند هەوڵی نۆژەنکردنەوەی خۆی دەدات، هەوڵێك کە مەرج نییە هەموو ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، بەڵام پێویستە وردبینانە و ڕاستۆکانە هاتبێتە نێو مەیدانی نووسینەوە. هیوادارم کتێبی لەم چەشنە بتوانن بەرە بەرە بوارێك بۆ چێ کردنی گوتاری ڕەخنە لە مەیدانی نووسین و ئەدەبیاتی کوردیدا بڕەخسێنن، چونکە ڕەخنە بۆی هەیە وەك پاڵپشتێکی بەهێز بۆ پرسی داهێنانی ڕەسەن و سەرکەوتوو بێتە ئەژمار و دواجار ببێتە بەردی بناغەی هزری ڕەخنەگرانە بۆ سەرلەبەری کۆمەڵگا. لەم سۆنگەیەوە ڕەخنە دواجار دەبێتە کۆڵەکەیەکی پێویست و پتەو بۆ پاراستنی کولتوور و چاندی کۆمەڵگا کە زۆرجار تەنانەت دیاریکەری چارەنووسی بوونناسانەی کۆمەڵگان. کولتووری ئێمە ناچارە لەوەی، لەم سەرەتای هەزارەیەی سێهەمدا، ببێتە کولتوورێکی ڕەخنەگرانە، ئەگینا جارێکی تر دەکەوێتەوە ژێر چنگی سوونەتەکان و دەرگای چەمکە

نوێیەکانی جیهانی مۆدێرن بەڕوویدا دادەخرێن. ئەرکی گرینگ ئەمەیە کە ئەم مەترسییە لە ساتەوەختی ئێستای کۆمەڵگاکەماندا بەهەند وەربگرین و دژی ڕابوەستین. ئەگەر ئەم کتێبە لەم ئەرکەدا بچووکترین پشکی پێ ببڕدرێت ئەوە بەخواستی خۆی گەیشتووە.

عەبدولخالق یەعقووبی

گەلاڕێزانی پایزی ٢٠٠٧

# عەقڵانییەتی ڕۆشنبیریی کوردی لە نێوان ئەخلاقی بەرپرسایەتی و نیهیلیسمی خەساودا

١

خۆزێ ئۆرتێگا گاسێت(Jose ortega Gasset,) فەیلەسووفی بەناوبانگی ئیسپانیاییی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی «تماشاچی» دەڵێت، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە خاوەنی ژیانێکی دەروونییە و «لە هەر چرکەساتێکدا دەزانێ بیر لە چی دەکاتەوە و بۆ چ مەبەستێك بیردەکاتەوە.»، لە کاتێکدا سیاسەتمەدار بێ ئاگا لە دەروون و هەناوی خۆیەتی، چونکە ئەو بۆخۆی ناژیت بەڵکو لەپێناوی زەنازەنا و هاتوهاواری جیهانی دەرەوەدا زیندووە.[١]

٢

دۆزینەوەی چەمکی حەقیقەت و کارکردن لەسەر پرسی حەقیقەت لە چوارچێوەی کاری ڕۆشنبیریی سەردەمی ئێمە، سەردەمی مۆدێرنیتەدا، بێگومان لە مانای میتافیزیکی و خواوەندیی خۆی دا ماڵدراوە و ناوەرۆکێکی حقووقی و ئەخلاقی و سیاسیی وەدەست هێناوە. لەم دۆخە فیکری و فەلسەفییەی کە ئێمەی تێدا دەژین، ئەرکی ڕۆشنبیر ناساندنەوەی سەرلەنوێی سەرلەبەری ئەو هەقیقەتانەیە کە پێشتر لە گۆشەنیگای سووژە بەمانا لاتینییەکەی، (Subjectum) واتە ملکەچ و گوێ لە مست پێناسەکرابوو[٢]. سووژەی مۆدێرن لە کۆتوبەندی باوەڕە دۆگمەکانی دەرەوەی بنەمای هزر و تێفکرینی ئینسانی، ڕزگاری هاتووە ولەسەر بناغەی ئەخلاقێك دەجوولێتەوە کە عەقڵی کردەوەیی (عەقلی عەمەلی) بۆی دیاری دەکات. کەوایە لە جیهانێکدا کە هەقیقەتە ڕەهاکان بۆیان نییە چارەنووسی مرۆڤ دیاری بکەن، ڕۆشنبیران ئەو کەسانەن کە باسی حەقیقەتە ڕێژەییەکان دیننە گۆڕێ و لە بارودۆخی ژیانی مرۆڤ دەکۆڵنەوە و بەها و دید و فیکر و ڕەوشت و ڕەفتار و بەگشتی دنیابینییەکی تازە بەرهەم دێنن. ڕۆشنبیری

سەردەمی ئێمە ناشێت تەنیا یەك حەقیقەت بناسێ، تا بێت و مرۆڤ حەواڵەی ئەو هەقیقەتە تاك و تەرایە بكات و مژدەی ڕزگاریی هەتاهەتایشی پێ بدات، بەڵكو پێویستە مرۆڤ لە زۆر و هەمەجۆربوونی هەقیقەتەكان ئاگادار بكاتەوە و بەها و بایەخی هەر هەقیقەتێك لە چوارچێوەی چەمكیی خۆیدا دەسنیشان بكات و هیچ كات ڕێگانەدات بەرگی ڕەهاییەتی و موتڵەقبوون بكرێتەبەر هەقیقەتەكان تا دواجار بكرێنە گۆپاڵی دەستی ئیرادەیەكی ڕوو لە دەسەڵات. كەوایە بۆمان هەیە بڵێین «ڕۆشنبیری مۆدێرن» میراتگری ڕاستەقینەی هیومانسیتی (مرۆڤگەری)ی چاخی ڕێنێسانس و (ڕۆشنگەری)ی سەدەی هەژدەی ئەورووپایە، كە لە ڕێگای ڕۆحییەتی ڕەخنەگرانەی خۆیەوە دژی ئوستوورەسازی و بەرهەمهێنانی خورافاتی فیكری و كۆنەپەرستی و تۆتالیتاریسمی هەمەجۆر ڕادەوەستێ و باوەڕی بەبەها جیهانییەكانی وەك عەقڵ و عەدالەت و ئازادی و جوانی هەیە.(٣) بەڵام بیرمان نەچێت ڕۆشنبیر ناشێت بەبیانووی پشتگیری لە كۆمەڵێك بەهای جیهانی، تەنیا لە فەزایەكی ئینتیزاعی و لەسەر دەستی عەقڵێكی سەڵت (تەجریدی) و دابڕاو لە ڕاستییەكانی كۆمەڵگای خۆی و مرۆڤانی دەورووبەری كاربكات، بۆ نموونە پێی وابێت باوەڕ بەئەسڵی ئازادی واتە باوەڕ بەڕوونكردنەوەیەكی فەلسەفیی، چەمكی ئازادی یان سەلماندنێكی عەقڵانیی پێویستیی ئازادی لە كۆمەڵگای ئینسانیدا. لە ڕاستیدا كورتكردنەوەی ئەركی ڕۆشنبیریی لە تەنیا هەڵوێست گرتنێكی جوانیناسانەی هەرێمی زەینیدا، بەمانای لە بیركردنی ئەركە سەرەكی و ڕاستەقینەكانی ڕۆشنبیرە لە پانتاییی عەقڵی كردەوەیی و كرداری پەیوەندیدا. وەك چۆن «تیۆدۆر ئادۆرنۆ» پێی وایە، «هیچ بەرهەمێكی هونەری ڕەسەن و هیچ ئەندێشەیەكی فەلسەفی، بەمانای ڕاستەقینەی وشە، ماهییەت و چییەتی خۆی بەتەنیا لە ناواخنی خۆی، واتە بەتەنیا لەو «تاقانەبوونی خۆیدا وەدەست ناهێنێ»(٤) و ژیانی بەرهەمی هونەریی تەنیا لە پرۆسەی ژیانی كۆمەڵایەتیدا مانای هەیە، بیر و هزر و هەست و هەڵوێستی ڕۆشنبیریش، تەنیا لە چوارچێوەی عەقڵی كردەوەیی و كرداری پەیوەندیدا واتای ئینسانی پەیدادەكات و كاریگەرێتی دەبێت» ڕاستە ڕۆشنبیر هەڵگری جیهانبینییەكی جیا لە بیروبۆچوونی خەڵكی ئاساییە، بەڵام جیاوازبوونیی جیهانبینی ڕۆشنبیر، بەمانای جیاوازبوونی چارەنووسی ئەو نییە لە چارەنووسی خەڵكی ئاسایی. ئەگەر ئاستی تێڕوانین و ڕەوشتی تێفكرین، ڕۆشنبیر لە خەڵكی ڕەشۆكی جیادەكاتەوە و تەنانەت زۆرجار لە كۆمەڵگا دووری دەخاتەوە، بەڵام دواجار چارەنووسی ژیانی كۆمەڵایەتی لە ژێر ساباتی یەك

کۆمەڵگادا، ڕۆشنبیر بەهەمان کۆمەڵگاوە دەلکێنێتەوە. کەوایە ئەو ڕاستییەی کە ڕۆشنبیر باوەڕی بەکۆمەڵێك چەمکی هەمەکیی (کلی) وەك ئازادی و عەقڵ و عەدالەت و جوانی هەیە، بەو مانایە نییە کە ڕۆشنبیر چاوی لە حاند ڕوخساری بەرهەستی ئەم چەمکانە لە کۆمەڵگای خۆیدا بنوقێنێ و تەنیا لە دنیای هزر و زەینی خۆیدا لە شانوشکۆ و پێویستیی ئەم چەمکانە بگات، یان تەنیا لە قەوارەی نووسراوەیەکی گشتی و بێ ڕوحدا بەسەربالآیاندا هەڵبلێ و پەسندیان بکات. ڕاستە ئازادی چەمکێکی جیهانییە، بەلآم جیلوە و دەرکەوتی ئەم چەمکە لە بەردەمی ڕۆشنبیردایە: مرۆڤ و کۆمەڵگای خۆی. بەگوتەیەکی دیکە، ئەم چەمکە جیهانییانە دواجار لە دەرکەوتێکی ناوچەییدا خۆیان دەخەنە بەردەست ڕۆشنبیر. ڕێك وەك خاڵەکانی بەیاننامەی مافی مرۆڤ کە تەنیا بۆیان هەیە لە چوارچێوەی قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتاندا ڕەچاو یان پێشێل بکرێن. بۆیە ئەو ڕۆشنبیرەی کە نەتوانێ یان نەخوازێ لە ڕاستییەکانی دۆخی بوون یان نەبوونی ئەم چەمکانە لە کۆمەڵگای خۆیدا بکۆڵێتەوە، ئەوە بێگومان مافی ئەوەشی نییە لافی ئەوە لێ بدات کە پشتگیری لە مانا و دەرکەوتە جیهانییەکانی ئەم چەمکانە دەکات.

ئەو جیاوازییەی کە «خۆزێ گاسێت» لە نێوان ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداردا دای دەنێ ئەوەی ڕاستی بێت دەشێت چاوی ئێمە لە حاند گرفتەکانی ڕۆشنبیریی کوردی بکاتەوە. ئایا ڕۆشنبیریی کوردی تا ئێستا توانیوێتی خاوەنی ئەو ژیانە دەروونییە بێت کە گاسێت ئاماژەی پێ دەکات؟ ئایا ڕۆشنبیرێتی کوردی دەزانێ، بیر لەچی دەکاتەوە  و بۆ چ مەبەستێك بیر دەکاتەوە؟ ئایا پێمان وانەبێت زۆرجار ڕۆشنبیرانی ئێمە تەنیا تاپۆی ڕۆشنبیریی بوون و تەنانەت هەندێ جار ویستوویانە دەوری سیاسەتمەدارانی پلەی سێ و چواری دنیای سیاسەت بگێڕن و لەپێناوی هاتوهاواری جیهانی دەرەوەدا بژین؟! ئایا ڕۆشنبیریی کوردی، توانیوێتی بەکەرەسەی چەمکەجیهانییەکان دۆخی هەنووکەییی خۆی بخوێنێتەوە و میراتگری هیومانیستی ڕێنێسانس و ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدە بێت؟ ئایا ڕۆشنبیریی کوردی بەمانا فەرەنسەیییەکەی ئەم وشەیە (intellectuel) کەسێکە خاوەن ویژدانێکی ئەخلاقیی تایبەت بەخۆی کە پێی وایە دەشێت لەسەر پرسە ناوچەیییەکان بەشێوەیەکی جیهانی بیربکاتەوە؟ ئایا ڕۆشنبیریی کوردیی لە باری فیکرییەوە ئەوەندە تەنیا و خۆبژیوە کە بتوانێ سەربەخۆیانە و چالاکانە جیهان تەعبیر بکات و ئاوەزمەندانە و بەسەربەستی بیر و ڕای خۆی دەرببڕێ؟ ڕۆشنبیری کورد تا چەند باوەڕی بەچارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگای جیهانی و کۆمەڵگای کوردی هەیە و تا

چەند ئەم باوەڕە لەسەر بنەمای لێکدانەوەیەکی عەقڵانی دادەمەزرێنیٚ؟ ڕۆشنبیریی کوردی بۆ شێوە ڕەفتاری خۆی لەگەڵ دیاردەکان کام ئەخلاق پەسند دەکات و بەکردەوەش چ ئەخلاقێك ڕەچاودەکات؟

## ٣

فەلسەفەی نیچە فەلسەفەیەکی دژە عەقڵە، فەلسەفەیەك کە هەوڵ دەدات فرتوفێڵەکانی عەقڵ ئاشکرا بکات و پەردە لەسەر ڕاستییەکانی مێژووی عەقڵانییەت هەڵبداتەوە. لەوانەیە نیچە یەکەم فەیلەسووفێك بێت کە بەڕاشکاوی سزادانی سوقراتی بەڕەوا زانیبێت، چونکە پێی وایە سوقرات «ڕەوشتی عەقڵانی»ی داهێنا و باوەڕی بە «چەمکی ئاشکرا و زانستی ڕووت» هەبوو. نیچە عەقڵ لە بەرامبەر غەریزە دادەنیٚ و غەریزە بەئیرادە لە قەڵەم دەدات و ئیرادەش بەئیرادەیەکی ڕوو لە دەسەڵات دەناسێنیٚ کە هونەر بەرزترین جۆری دەرکەوتێتی.[٥] بەباوەڕی نیچە، دوا بەدوای سوقرات، ئەفلاتونیش دەیویست ئەو شتە بەخۆی بسەلمێنیٚ کە عەقڵ و غەریزە ڕووەو ئامانجێك، ڕووەو «خێر»، ڕووەو «خوا» ملی ڕێگایان گرتووەتەبەر. ئیتر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە تا ئێستا خواناسان و فەیلەسووفان هەر شوێن پێی ئەم پرسەیان هەڵگرتووە و لە باسوخواسی ئەخلاقیدا هەمیشە غەریزە یان بەگوتەی مەسیحییەکان «ئیمان» یاخود بەقەولی نیچە «مێگەل» سەرکەوتووبووە. فەلسەفەی نیچە بریتییە لە لێکدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نیهیلیسمێك کە ئەو پێی وایە لە سۆنگەی لەبەریەکهەڵوەشانی ئەم ئامانجە، واتە خێری باڵای ئەفلاتوونی– مەسیحی هاتووەتە ئاراوە. (نیچە مەسیحییەت، بەئەفلاتوونگەراییی خەڵکی ڕەشۆکی دەزانیٚ.)[٦] هەر لەم سۆنگەیەوە نیچە فەلسەفەی خۆی بەفەلسەفەیەکی دژە عەقڵی ئەفلاتوونی و دژە ئیمانی مێگەلی دەزانیٚ و تەنانەت بەخۆی دەڵێت دەججال (دژە مەسیح). بڕوای نیچە ئەوەیە کە لەسەردەمی ئێمەدا هەموو ئەو بەهایانەی کە لەسەر بناغەی عەقڵی ئەفلاتوونی و ئیمانی مەسیحیدا دامەزرابوون بیٚ مانا و بیٚ بایەخ کەوتوون. هەقیقەت و دروستی و خێر و جوانی کە لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا بەناوی «لۆگۆس» دەناسرێن، لەبەریەك هەڵوەشاون. نیهیلیسمی هاوچەرخ پیشاندەری هەڵوەشانەوەی سەرلەبەری ئەسڵەکانی عەقڵانییەتی یەکەم عەقڵگەرا، واتە سوقراتە. نیچە دەڵیٚ: «باوەڕ بەبابەتەکانی عەقڵ ڕەگ و ڕیشەی نیهیلیسمە.»[٧]

نیچە دوای ئەوەی هەڵوێستی خۆی لە هەمبەر پرسی عەقڵانییەت دیاری دەکات و

ڕیشەی نیهیلیسمی جیهانی هاوچەرخ لە عەقڵانییەتی ئەفلاتوونیدا دەبینێ، دێت ڕێگاچارەی خۆی بۆ بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ بێ بەهابوونی ئەم بەها عەقڵانییانە دەخاتە بەردەست. نیچە پێی وایە ڕێگای یەکەم قبووڵکردن و دانپیانان بەنیهیلیسمی خەساوە (نیهلیسمی مونفەعیل)، واتە خۆ بەجۆرێك پیشاندان و خۆ بەشێوەیەك نواندن کە گۆیا ئەم بەهایانە هەڵگری مانا و مەبەستن، لەکاتێکدا هەمووکەس لە ناخی گیانی خۆیدا پەی بەو ڕاستییە دەبات کە ئەم بەهایانە لە بەریەك هەڵوەشاون. هەربۆیە ئەو کەسەی ئەم ڕێگایە هەڵدەبژێرێ لە ژێر ساباتی پێوەرە ئاساییەکان، کە نیچە ناوی دەنێ ئەخلاقی کۆیلەکان، ژیان دەباتە سەر. ڕێگای دووەم نیهیلیسمی کارایە، واتە دەربڕینی ئازایانە و دەرخستنی بوێرانەی ئەم ڕاستییە کە ئەم بەهایانە لەبەریەك هەڵوەشاون و شوێنەواریان سڕاوەتەوە، هەربۆیە قبووڵکردنی بێ واتابوونی جیهان و ماناکردنەوەی سەرلەنوێی جیهان بەیارمەتیی هونەر ڕەوایە. لێرە بەدوا نیچە لەسەر ماناکانی «هەقیقەت» و مەزن مرۆڤ لەنگەر دەگرێ و هەوڵ دەدات ئەو شتانەی کە مانا بەجیهان دەبەخشن دیاریان بکات کە چونکە پەیوەندیان بەباسەکەی ئێمەوە نییە لێیان خۆش دەبین و بەسەریاندا پاز دەدەین.

ئەو چەمکەی لێرەبەدوا پێویستمان پێیەتی تا بتوانین کۆمەڵێك ڕاستەقینەی کایەکانی نێو مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردیی پێ بخوێنینەوە چەمکی «نیهیلیسمی خەساو»ە کە نیچە بۆ ڕەخنەگرتن لە مێژووی عەقڵانییەتی ڕۆژاوایی بەو شێوەیەی کە ئاماژەی پێ کرا بەکاری هێناوە. گەر ئێمە بەتۆزێك دەسکارییەوە و بەهەندێك پشت گوێ خستنی ڕەگوڕیشە فەلسەفییەکانی، بمانەوێ کارکردێکی دیکە بۆ خوێندنەوەی بابەتی بەردەستمان، کە دۆخی عەقڵانییەتی ڕۆشنبیریی کوردی بێت، بەم چەمکە ببەخشین ئەوە ڕێگا بۆخۆمان خۆش دەکەین، بەشێوەیەکی تیۆریك و میتۆدیك لەسەر باسێك بدوێین کە تا ئێستا گەر هەستیش بەبابەتی بوونی ئەو باسە کرابێت، دواجار کەم قسەی تیۆریکی لەسەر کراوە و لایەنە هەمەجۆر و دیار و نادیارەکانی بەوردی شی نەکراونەتەوە. زاراوەی (نیهلیسم)، بەڕەچاوکردنی ئەو تۆزە دەسکارییەی باسم کرد لە فەزای ڕۆشنبیریی کوردیدا نیهلیسمێکە کە بەپێچەوانەی نوسخە نیچەییەکەی، لە بری ئەوەی حاسڵی بەربەرەکانیکردن لەگەڵ بەها عەقڵانییەکان بێت، بەرهەمی فام نەکردن و تێ نەگەیشتنە لە بەها عەقڵانییەکان. گەر بەگوتەی نیچە [لە ڕۆژئاوا] «باوەڕ بەبابەتەکانی عەقڵ، ڕەگوڕیشەی نیهیلیسمە.» ئەوە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا بێ باوەڕی

بەبابەتەکانی عەقڵ نیهیلیسمی بەرهەم هێناوە. دیارە بێ باوەڕی بەبابەتەکانی عەقڵ لە ڕۆشنبیریێتی کوردیدا دەرەنجامی ئیمان و ئیرادەیەکی فیکری- فەلسەفی نییە، وەك ئەوەی پێمان وابێت ئەم بێ باوەڕییە هەڵوێستگرتنی فیکرێك بێت دژ بەفیکرێکی تر، واتە لەپشت ئەم بێ باوەڕییە بەبابەتەکانی عەقڵ، ئیرادەیەکی وشیاری کارا ئامادەنییە کە حسێبی بەدەستەوەبوونی بەرنامە و ستراتیژی و پڕۆژەی بۆ بکرێ، بەڵکو دیوی ئەو دیوی ئەم بێ باوەڕییەدا غیابی هەرچی ئیرادە و بیرۆکە و وزە و توانایی فیکرییە دەبینرێ کە ئاشکرایە بۆ هەر هەڵوێست گرتنێك لە هەمبەر دیاردەکان چەندە پێویستن. نیهیلیسمی ڕۆشنبیریی کوردی پیشاندەری هەڵوەشانەوەی سەرلەبەری ئەسڵەکانی عەقلانییەت نییە، تەنیا لەو سۆنگەیەوە کە ئەم ڕۆشنبیرییە تا هەنووکەش بەرهەمهێنی هیچ چەشنە ئەسڵێکی عەقلانی نەبووە، تا دواجار قسە لەسەر هەڵوەشانەوەی و نیهلیسمی حاسڵ لەو هەڵوەشانەوەیە بکات. بەزمانێکی تر، گەر ئەو نیهیلیسمەی کە نیچە ئاماژەی پێ دەکا ئاکامی پاشەکشێ کردن لە جۆرە هەڵوێستێکی فەلسەفی تایبەت بێت، نیهیلیسمی ڕۆشنبیریی کوردی حاسڵی نەبوونی هیچ جۆرە هەڵوێستێکی فەلسەفییە کە دواجار بتوانێت پشتی بگرێت و پەسندی بکات یاخود لێی هەڵگەڕێتەوە و دژی ڕابوەستێت.

لێرەدایە دەشێت لە خۆمان بپرسین بۆچی ڕۆشنبیریی کوردی، بەباڵی سوننەتی و مۆدێرنییەوە، نەیتوانیوە دۆخی هەنووکەییی خۆی بخوێنێتەوە و بیکات بەدەق؟! بۆچی ڕۆشنبیریی کوردی، بەرهەمهێنی ئەو دەقە فیکری و فەلسەفی و تەنانەت ئەدەبییانە نییە کە دواجار پێناسەکەری شوناسەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای کورد بن؟! بۆچی ڕۆشنبیری کورد بەناوی ڕۆشنبیر قسان دەکات، بەڵام دواجار قسەکانی دەسکەوتی ڕۆشنبیری لێ ناکەوێتەوە؟! بۆچی ڕۆشنبیری کورد بەناوی وەفدی ڕۆشنبیری سەفەری ئەم دیو ئەودیوی سنوور دەکات، بەڵام دواجار بایی سازدانی دیالۆگێکی ڕۆشنبیری باس و قسەی بۆ گوتن نییە؟!

لە ڕاستیدا ئایا گەڕان بەدوای سەرەداوی وەڵامی ئەم پرسیارانە ناشێت لە لێکۆڵینەوەی پرسی نیهیلیسمی ڕۆشنبیریی کوردییەوە دەست پێ دەکات؟! ئایا ڕۆشنبیریێتییەك کە هیچ چەشنە تێکەڵاوییەکی لەگەڵ کێشە عەقلانییەکان نەبێت، بۆی هەیە دواجار بەرهەمهێنی باسە عەقلانییەکان بێت؟!

بەڵام تراژیدیی گەورەتر بۆ ڕۆشنبیریی کوردی ئەوکاتە ڕوودەدات کە بۆ

بەربەرەکانیکردن و چارەسەرکردنی ئەم بۆشاییيە مەعریفی و فیکری و فەلسەفییانە دەستە و داوێنی نیهیلیسمی خەساو دەبێت، واتە بەشێوەیەك خۆدەنوێنێ و بەجۆرێك هەڵسوکەوت دەکات کە گۆیا ڕۆشنبیریی کوردی تژییە لە بەهای عەقڵانی و بێ بەرییە لە هەرچەشنە غیابێکی مەعریفی و فەلسەفی. ڕۆشنبیریی کوردی بۆ وێنە لەو جێگایەی کە پێی وایە بەیت و باوی کوردی پیشاندەری تێروتۆخیی ئەدەبی کوردییە و ئیتر پێویست ناکات ڕوو بکەینە ئەدەبی بیانی و ژانرە نوێیەکانی ئەدەبی جیهانی، یان لەو شوێنەی کە قەناعەتی بەخۆی هێناوە کە شیعری کوردی دەنگێکی جیهانییە و ناشێت گومان لە دەسکورتی مەعریفی و جوانیناسیی جیهانبینیی شاعیرانی کورد بکەین، ناڕاستەوخۆ و لە ناخی ناخودئاگای خۆیدا دان بەو نیهیلیسمە خەساوە دا دەنێ کە سوورە لەسەر ئەوەی خۆی بەچەشنێك بنوێنێ کە لە هەقیقەتی بوونی خۆی بەدوورە. لێرەوەیە کە ڕۆشنبیریی کوردی نیچەگوتەنی لە ژێر ساباتی پێوەرە ئاساییەکان، واتە ئەخلاقی کۆیلەکان، ژیان دەباتەسەر. ئەخلاقی کۆیلایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، واتە ئەو ئەخلاقەی کە نەك هەر ڕازی و سەر و دڵ خۆش بەو ژیانە دوور لە مەعریفەیەی کە پێی ڕاهاتووە، بەڵکو گەلێ جار هەر لە بنەڕەتەوە پەی بەنەبوونی گوتاری مەعریفی ڕۆشنبیریی خۆی نەبردووە، چ جای ئەوەی بەم هەقیقەتەی زانیبێت و خۆی لێ نەبان بکات!

ڕۆشنبیریی کوردی ئەوە بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەکە لە ژێر دەسەڵاتی گوتاری سیاسیی کوردیدا دەستەوەستان و ملکەچ ڕاوەستاوە و تا ئێستاش دژ بەئەم پاشکۆیەتی و ژێرە دەستییەی خۆی دەنگی هەڵنەبڕیوە و بگرە زۆرجار کایەکانی لاساییکردنەوەیەکی داماوانەی کایەکانی گوتاری سیاسی بوون، تەنانەت هەندێ جار بەڕەوای زانیوە کە بەرێسای کایە سیاسییەکان کایەی ڕۆشنبیری بکات و ڕێسای ڕۆشنبیری، وەك ڕێسایەك کە لە سەردەمی بەرخودان و چاخی پاراستنی شەڕەفی نەتەوەیی کارکردێکی ئەوتۆی نییە، بیخەنە ئەولاوە و هەڵی بگرن بۆ ئەو سەر و بەندەی کە کێشەی نەتەوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد چاری هاتبێت، وەك بڵێی کێشەگەلی لەم جۆرە پەیڕەوی لە ئەسڵێکی زانستی دەکەن کە بەو مەرجەی بارودۆخە پێویستەکەی ئامادە بێت بەئەنجامی پێشبینی کراو دەگات، بۆ نموونە چارەسەرکردنی کێشەیەکی سیاسی حوکمی ئاوی هەبێت کە گەر پلەی گەرماکەی بگاتە سەد دەرەجەی سانتیگراد ئەوە دەکوڵێت و دەبێتە هەڵم. ڕۆشنبیریی کوردی کە لە ساتەوەختی ئێستایدا تا سەر ئێسك نیهلیسمتێکی

خەساوە، قەناعەتی بەوە هێناوە کە شەڕی ئەو ناحەزییانە نەکات کە هەنووکە کۆمەڵگای ئێمەیان پڕ کردووە لەو مرۆڤانەی کە ئاستی پەیوەندیی ئینسانیی خۆیان دابەزاندووەتە سەر بەرتەسکترین و هیچ و پووچترین بەرژەوەندییەکانی ڕۆژانە کە بەتاڵن لە هەر چەشنە کەڵکەڵە و هەوڵێکی مرۆڤدۆستی و ژیانخوازی بایی ئەوەندەی کە بشێت پشتی پێ ببەستی و تەعبیر لە لانیکەمی پەیوەندیی مرۆڤگەرایانە لەو کۆمەڵگایەدا بکات. کەچی لەولاوە گەر چاوێك بخشێنین بەسەر ئەو کۆمەڵە پەخشان و وتار و نووسراوانەی کە باسی جوانیی نیشتمان و مەزنایەتیی قارەمانانی مێژووی کورد و پیرۆزیی چەمکی کوردایەتی و پاکوخاوێنی شنەی کوێستانانی کوردستان و ڕۆحی گەورەی کەڵە شاعیرانی کلاسیك و بزاڤی بەتاوتینی ڕۆڵەکانی ڕۆشنبیری سەردەم دەکەن، ئەوە بەسەر بەهەشتێك دادەکەوین کە بچووکترین خەوش و دزێویی تێدا بەدی ناکرێ و ئەوەی هەیە ئایدیالی دڵخواز و یوتۆپیای ڕووتە. نیهیلیسمی خەساوی ڕۆشنبیریی کوردی تەنیا لەو سۆنگەیەوە نییە کە با ئەوەی کاری بەچەمکی عەقڵانییەت نەکردووە، وا دەنوێنێ گۆیا خاوەنی عەقڵانییەتێکی کارایە و هەڵگری کۆمەڵێك بەهای عەقڵانی تەنانەت خۆبژێوە، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە دەیەوێ بەردەوام ئەو فەزا وەهمانییەی کە دەسکردی عەقڵانییەتی خۆیەتی، جوان بنوێنێ و بنرخێنێت، ئەویش بەقیمەتی کوشتنی ڕۆحی ڕەخنەگرانەی خۆی بۆ خوێندنەوەی دۆخی فیکری و مەعریفیی ئەو ژیانە ڕۆشنبیرییەی تێیدا دەژی. لە زاراوەناسیی ڕۆشنبیرێتی کوردیدا «جوان نواندن» و «نرخاندن» بەواتای لە بیرکردن و وەلانان و ڕەخنە نەگرتنە لە ناحەزی و دزێوییەکانی فیکر و کولتوور و ئەدەب و کۆمەڵگای کوردی لە لایەك و لە لایەکی ترەوە، خستنەپێش چاو و هێنانە ئارا و پێداهەڵگوتنی جوانی و خاڵە باشەکانی بابەتە کوردییەکانە، تەنانەت گەر دەسهەڵبەست و ساختە و حاسڵی فرتوفێڵیش بن. نیهلیسمی خەساوی ڕۆشنبیرێتی کوردی وای لە خۆی کردووە کە پێی وابێت لێدانی دەمامك گەورەترین و بەکارترین چەکی قۆناغی بەرخودانە، تەنیا بەبیانووی ئەوەی کە کێشەی نەتەوەییی کوردیش لە قۆناغی بەرخودان دایە. عەقڵانییەتی ڕۆشنبیرێتی کوردی هێشتا لەم تێزەی نەکۆڵیوەتەوە کە گەر کێشەی نەتەوەییی کورد بەهۆی بەربەست و ڕێگر و لەمپەرە تایبەتەکانی مێژووی خۆی هێشتا نەیتوانیوە لە قاوغی بەرخودانی و خۆپارێزی بێتەدەرێ، پێویست ناکات بزاڤی ڕۆشنبیرێتی کوردیش حەتمەن چاو لە دەستی ئەو کێشەیە بێت و ڕێسای کایەکانی خۆی لە دەستووری کایەکانی ئەو کێشەیە

وەربگرێت. ئەگەر سەرەکیترین ئەرکی هەر بزاڤێکی ڕۆشنبیری سڕینەوەی دەمامك بێت لە ڕوخساری دیاردەکان، لە ڕێگای داهێنانی فیکری و تیۆریك و کارکردن بەچەمکە مەعریفییەکانەوە، ئەوە دەبینین ڕۆشنبیریی کوردی ڕێك بەپێچەوانە هەوڵی لێدانی دەمامك لە ڕوخساری دیاردەکان دەدات. ئەم ڕاستییەش پیشاندەری چییە جگە لەو نیهیلیسمە خەساوەی کە سنوورەکانی ڕۆشنبیریی کوردی پەرژین کردووە. ئەو ڕێسایەی کە پێمان دەڵێ ئێمە ناشێت ناحەزییەکانی خۆمان پیشانی دیتران بدەین، ڕێسایەکی کایە سیاسییەکانە کە بەر لەوەی حەقیقەتی لاگرینگ بێت و تەنانەت بەرلەوەی حەقیقەت بەڕەوابزانێ بۆ بەرژەوەندی و سوود دەگەڕێت، ئەویش نەك بەرژەوەندی و سوود بۆ هەمووان، بەڵکو بۆ ئەو تاقمە کە دەسەڵاتدار و خاوەن بڕیاری سیاسین.

ئەگەر ڕۆشنبیری کار بەچەمکی هەقیقەت بەگشتی یان لانیکەم بەرژەوەندیی ئینسانی دەکات، بۆ دەشێت بەکەرەسەی فرتوفێڵی سیاسی بیربکاتەوە و کردارەکانی لە قەوارەی ئاکاری سیاسیدا بگونجێن؟! ئەم هەقیقەتە پیشاندەری هیچ شتێك نییە جگەلەوەی کە ڕۆشنبیریی کوردی پاشکۆی تێفکرینی سیاسییە و هێشتا نەیتوانیوە کەوشەنی مەملەکەتی سەربەستی خۆی دەستنیشان بکات. دیارە ئەم قسانە بەهیچ کلۆجێك بەمانای ئەوە نین کە ئەگەر ڕۆشنبیریی کوردی کلك و پاشکۆی سیاسەتە، ئەوە تەنیا تاوانی سیاسەتە کە ڕۆشنبیریی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ و ئەوە زوڵمێکە کە هەر سیاسەت دەرهەق بەگەڕیانی ڕۆشنبیریی دەیکات و پەتی گوێڕایەڵیی خستووەتە ملی و بەرەو هەر شوێنێك دڵی پێوە بێت پەلکێشی دەکات. ئەم قسەیە لە بنەڕەتەوە هەڵەیەکی گەورەیە گەر پێمان وابێت لە پەیوەندیی نێوان دوانە لێکدژی «تقابلهای دوگانە» سیاسەتی بالادەست/ڕۆشنبیریی ژێردەستدا، بالادەستیی سیاسەت هەمیشە لە ئەنجامی فێڵی سیاسەت و زوڵمی سیاسەتە لە ڕۆشنبیرێتی. قسەی وا لانیکەم لە بابەت ئەم پەیوەندییە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات فڕی بەسەر چکۆلەترین ڕاستییەوە نییە، تەنیا لەبەرئەوەی ئەم پەیوەندییە هیچ کات شێوەی پەیوەندیی بڕیاردەر/ بڕیار وەرگری بەخۆیەوە نەدیتووە. لە ڕاستیدا گەر بمانەوێ لە هۆکارەکانی ژێردەست بوونی ڕۆشنبیریی کوردی لە هەمبەر سیاسەت- کە زێتر خۆی لە بەرگی گوتاری ناسیونالیسمی کوردی دەردەخات- بکۆڵینەوە، بۆمان هەیە دیسان بگەڕێینەوە سەر چەمکی نیهیلیسمی خەساو. ڕۆشنبیریی کوردی کە تا ئێستاش هەوڵێکی جیدی و شایانی سەرنجی بۆ کارکردن بەچەمك و بەها عەقلانییەکان نەخستووەتەگەڕ و

هێشتاش نەیتوانیوە کۆشکی مەعریفەی خۆی لەسەر کۆڵەکەی تێفکرینی عەقڵانی دابمەزرێنێ، دیارە هەر بەم پێیەش نەیتوانیوە پەیوەندییەکی عەقڵانی لەگەڵ سیاسەت بەدی بێنێ. بەوتەیەکی تر پەیوەندیی ڕۆشنبیریی کوردی لەگەڵ سیاسەت لە بری ئەوەی پەیوەندییەکی مەعریفی- عەقڵانی بێت، پەیوەندییەکی عاتیفی- سۆزدارانەیە. دیارە بەپێی ئەو دۆخەی کە کێشەی نەتەوەیی کوردی تێدایە ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی باڵادەستیی سیاسەت و ڕۆشنبیریی لەم شێوە پەیوەندییەدا تەنیا ژێردەستی پاشکۆیەتی پێ دەبڕێ. کەچی ئەم پەیوەندییە، ئەگەر پەیوەندییەکی مەعریفی- عەقڵانی بووایە ئەم ئەنجامەشی لێ نەدەکەوتەوە. ڕۆشنبیرییەك کە بەچوونێکی ڕەخنەگرانە لەسەر کۆمەڵگا و دیاردەکانی قسان نەکات، دواجار نەك هەر پەیوەندیی ئەو ڕۆشنبیرییە لەگەڵ سیاسەت پەیوەندییەکی دوالیزمی (دوانە لێکدژی) و لەسەر بنەمای زەینیەتێکی دوالیزمی دەبێت، بەڵکو پەیوەندییەکی تری لەگەڵ دیاردەکانی دیکەش هەر لەم قاوغەدا دەمێنێتەوە. ڕۆشنبیریی کوردی لە قۆناغی هەنووکەیدا، ئەوەندەی هەوڵی پاساودانەوەی واقیعەکانی کۆمەڵگای کوردی دەدات، نیو ئەوەندە بۆ خوێندنەوەی عەقڵانیی ئەم واقیعانە تێ ناکۆشێ. بۆ نموونە ئەو ڕۆشنبیرەی دەیەوێ ئەم قسەیە بسەلمێنێ کە مۆدێرنیزم باڵاپۆشێکە هێشتا بۆ باڵای کولتوور و ئەدەبی کوردی درێژ و فشوفۆڵە، یان تەمەنی نووسینی زمانی کوردی ئەوەندە دوور و درێژ نییە کە دەقی فەلسەفی پێ بنووسین لە چوارچێوەی ڕۆشنبیرییەکەدا جێی دەبێتەوە کە بەردەوام بۆ واقیعەکان پاساو دێنێتەوە و بەزمانی خۆماڵی پینە و پەڕۆیان دەکات. ڕۆشنبیریی پاساودەر لە ڕەگوڕیشەی بۆچییەتیی واقیعەکان ناکۆڵێتەوە، بەڵکو بەدوای ئەو پاساوانەدا دەگەڕێ کە سەلمێنەری ئەو دۆخەبن کە ڕووبەر و ڕواڵەتی واقیعەکان تێیدا دەژین. بۆ نموونە کۆڵبوونی زمانی کوردی بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانە لە ئاستی فەلسەفیدا دەگەڕێننەوە بۆ سەر ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە ڕۆشنبیری کوردی تیا ژیاوە، نەك بۆ ئەو شێوە دید و تێڕوانینەی کە ڕۆشنبیری کورد لەمەڕ زمان هەیبووە یان ئەو چەشنە بەکارهێنانەی زمان کە نووسەری کورد ڕەچاوی کردووە. واتە لێرەدا واقیعی کۆڵبوونی زمانی کوردی لە ئاستە کارکردە فەلسەفییەکەی دادەبەزێتە سەر شێوەی ژیانی ڕۆشنبیری کورد، بێ ئەوەی لەم لێکدانەوەیەدا پێگەی فیکری و ئاڕاستەی مەعریفیی ئەو ڕۆشنبیرە شوێنی شایانی بدرێتێ.

لێرەدا هێنانەوەی نموونەیەکی دنیای ئەدەب بۆ ڕوونتر کردنەوەی مەبەستی ئەم

قسانە بەپێویست دەزانم. لە ڕاستیدا ئایا دەسپێشخەریی نالی بۆ شێوەی ڕوانین لە زمانی کوردی و جۆری بەکارهێنانی زمانی کوردی لە چوارچێوەی ژانری شیعری کلاسیکیدا هەر هەمووی کتومت دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە نالی تێیدا ژیانی دەبردەسەر یان بەشێکی زۆری بەندە بەجیهانبینیی شیعری و ڕێژەی مەعریفی و دەسەڵاتی زمانیی نالی؟! ئایا دەشێت وشیاریی مەعریفی و دەسەڵاتی فیکری لە هەڵوێستی نالی بەرامبەر بەزمانی کوردی دابماڵدرێت؟! ئایا ئەو دابڕانەی کە نالی لە مەیدانی شیعری کوردی و لە شێوەی بەکارهێنانی زمانی کوردیدا هێنایە ئاراوە، لە ئاکامی دابڕانێکی دیاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی سەردەمی نالیدا بووە یان لە ئەنجامی دابڕانێکی مەعریفی و فیکری نێو جیهانی هزر و ئەندێشە و تێڕوانینی نالیدا ڕووی داوە؟! جا خاڵی سەرنجڕاکێش و لە هەمان کاتیشدا سەرسووڕهێنەر لێرەدا خویا دەبێ کە ڕۆشنبیرێتییەکی پاساوهێنەری لەم دەستە بێت و بڵێت، زمانی کوردی بەم حاڵەشەوە پێویست ناکات زۆر لە خۆی بکات و فشار بۆخۆی بێنێ کە حەتمەن تێکەڵ بەجیهانی فیکر و بیرۆکە فەلسەفییەکان بێت، مەگین ئەوەی دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگاکەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردابێت، تا ئەوکات ئەو ڕۆشنبیرییەش وردە هومێدێکی هەبێت بۆ ئەوەی ئاوڕێك لە بابەتی بەفەلسەفەبوونی زمانەکەشی بداتەوە. لێرەوە دەکرێ بڵێین ڕۆشنبیریی پاساودەر، هەمیشەش ڕۆشنبیرییەکی چاوەڕێیە، چاوەڕێی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، چاوەڕێی وەدیهاتنی ئامانجە زێڕینەکان لە دواڕۆژێکی نەك هێندەش دوورەدەست، چاوەڕێی هەڵاتنی خۆری ڕزگاری و ڕەوینەوەی هەوری سیاسیی زۆرداری، هەڵبەت نەك ئەوەی بمانەوێ بەشێوەیەکی ڕەها و موتڵەق چاوەڕوانی لەهەرچی مانای موسبەت و ناوەرۆکی جوانیناسانە بێت دابماڵین، بەڵکو لێرەدا چاوەڕوانی بەو مانایە لێی دەڕوانین کە دواجار دەبێتەوە بەیەکێك لە شاڕێگاکانی گەیشتن بەنیهیلیسمی خەساو. چاوەڕوانی لەم مانایەی لێرە مەبەستمانە بەواتای وەگەڕ نەخستنی کۆمەڵێك وزەی شاراوەیە بۆ گەیشتن بەبابەتە دڵخوازەکان. ئەو ڕۆشنبیرییەی لە چاوەڕوانی «گۆدو»دا دەمێنێتەوە و دڵیشی بەم چاوەڕوانییە خۆشە، ڕۆشنبیرییەکە سەرتاپا نوقمی نیهیلیسمی خەمساوە. ئەو ڕۆشنبیرییەی بەفەرهەنگی نیهیلیسمی خەساو ڕاهاتووە نەك هەر شکی بۆ ئەوە ناچێت کە لەوانەیە گۆدۆ ناوێك ڕێی نەکەوێتە ئەم دەڤەرە، بەڵکو هەرگیزیش گومان لە نەبوونی گۆدۆ وەهەمبوونی گۆدۆ و ناکات.

## ٤

ماکس ویبێر، کۆمەڵناسی ناسراو، لە وتارێکیدا بەناوی «پیشەی سیاسەت»، باسی دوو جۆر ئەخلاق دەکات. ویبێر دەڵێ: «دەشێت تەواو ئاگامان لەم ڕاستییە بێت کە هۆکاری ڕەفتاری ئەخلاقی، دووجۆر حوکمی تەواو جیاواز و ناکۆکە. ڕەفتار بۆی هەیە لە سۆنگەی «ئەخلاقی ئەنجامە ڕەهاکان» ethics of ultimate ends یاخود «ئەخلاقی باوەڕمەندی»یەوەبێت، یان لە سۆنگەی «ئەخلاقی بەرپرسیایەتی»یەوە ethics of responsibility ویبێر ئەم پرسە شی دەکاتەوە و دەڵێ، مەبەست لە ئەخلاقی باوەڕمەندی ئەوە نییە کە مرۆڤ بەرپرسی کردەوەی خۆی نەبێت، و ئامانجی ئەخلاقی بەرپرسیارەتیش هەڵەپەرستی نییە. سەرەڕای ئەمەش بۆشاییەکی گەورە لە نێوان ئەم دوو جۆر ئەخلاقەدا بەدی دەکرێ. ویبێر، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی خۆی نموونەیەك دێنێتەوە: «ئەو مرۆڤەی باوەڕی بەمەسیح هەیە بەنیازە ئەرکی خۆی بەجێ بێنێ و ئەنجام و ئاکامەکان بسپێرێتە دەست خودا.»، بەڵام ئەو کەسەی شوێن پێی ئەخلاقی بەرپرسیارەتی هەڵدەگرێ، دەشێت لە بابەت دەسکەوت و دەرەنجامی شیمانەیی و پێشبینی هەڵگریی کردەوەکانی خۆی بەشێوەیەکی عەقڵانی تێ فکری بێت. لە نموونەیەکی دیکەدا ویبێر باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەندامی سەندیکایەك، کە دیارە بنکەیەکی عەقڵانییە، لەسەر ئەخلاقی باوەڕمەندی سووربێت، ناتوانن قەناعەتی پێ بێنن کە کردەوە زێدەڕەوو توندوتیژەکانی ئەو دەبێتە هۆی نیشاندانی پەرچەکرداری توندوتیژی دەوڵەت و سەرکوتکردنی چینی ئەو ئەندامە و دواجار بەرد خستنە سەر ڕێگای سەرکەوتنی. ئەگەر ئەوانەی باوەڕیان بەم جۆرە ئەخلاقە هەبێت و دڵنیاش بن کە مەبەستی کاری خێر و باشیان هەیە، بەڵام دواجاریش ئاکامی نابەدڵ و نالەبار لە کارەکانیان بکەوێتەوە، دڵنیان کە ئەوە یان دنیا یان گەمژەییی خەڵکانی تر یان ئیرادەی خوا بەرپرسی ئەم شکستە بووە، نەك خۆیان. بەڵام ئەو کەسەی باوەڕی بەئەخلاقی بەرپرسایەتی هەیە، گەر بیهەوێ کارێك بکات،دەشێت کەموکوڕیی ئاسایی خەڵکان لەبەرچاو بگرێ، ویبێر لە زمان فیشتە، فەیلەسووفی ئەڵمانییەوە، دەڵێ، کەسێکی وا تەنانەت مافی ئەوەی نییە کە چاکە و باشەی خەڵك بکاتە پێش گریمانەی کردەوەکانی خۆی. ئەو نابێت کارێك بکات کە ئەنجامی کردەوەکانی ئەرکی خەڵکانی تر بگرێت، چونکە دەشێت ئەنجامی کردەوەی خۆی لێکبداتەوە. ویبێر دەڵێ، ئەو کەسەی باوەڕی بەئەخلاقی باوەڕمەندی هەیە تا ئەو ڕادەیە خۆی بە«بەرپرس» دەزانێ کە ڕێگانەدات ئاگری مەبەستە باش و بالاکانی

بکوژێتەوە. نەکوژانەوەی ئەم ئاگرە لەسەر دەستی هەر کردەوەیەکی ناعەقڵانیش کە هەلی بۆ بڕەخسێ «ئەرکی» ئەوە.(١٢)

ریمۆن ئارۆن لە کتێبی «قۆناغە سەرەکییەکانی ئەندێشە لە کۆمەڵناسیدا» ئاکامی کێشەی نێوان ئەم دووجۆر ئەخلاقە بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە و دەڵێ: «بەڵام من، سەرەڕای گشت ئەمانە، پێم وایە کە لە کێشەی وێبیریی ئەخلاقی و باوەڕمەندی و ئەخلاقی بەرپرسایەتیدا «بیرۆکە»یەکی قووڵ هەیە. ئێمە، بەکردەوە، بەتایبەت لە کردەوەی سیاسیدا، دەستەویەخەی کێشمەکێشمێکی دوو لایەنە و تەنانەت دەبێ بڵێین دەستەویەخەی داگەڕان بۆ کێشمەکێشمین لە دوو سەرەوە. یەك لەو لایەنانە، کە من ناوی دەنێم لایەنی ئامرازی instrumental، ئەوەیە کە خوازیاری دابینکردنی کۆمەڵێك دەسکەوتی پڕ بەپێستی ئامانجەکانمانە و لەم سۆنگەیەوە ناچارە لەوەی لە جیهان بڕوانێ و ئەنجامی شیمانەیی گوتە و کردەوەکانمان شی بکاتەوە. لایەنەکەی دیکە، کە من ناوی دەنێم حاڵەتی ئەخلاقی، زۆربەی جاران هانمان دەدا کە بێ گوێ دان بەدیتران و جەبری ڕووداو و بەسەرهاتەکان، هەر چییەك دڵمان پێوەیەتی بیڵێین و هەر کارێکی مەیلمان لێی بێت، بیکەین. جاری وا هەیە لە لێکدانەوە و تاوتوێکردنی شتەکان جاڕزدەبین و تەسلیمی ویستی ئەسپاردنی کار وبارەکان بەدەستی خوا و حەواڵەکردنی ئاکامی گوتە و کردەوەکانمان بۆ جەهەننەم دەبین».(١٣)

دیارە لێرەدا نامانەوێ و پێویستیش ناکات کە ئەو ڕێگایە بپێوینەوە کە ماکس وێبێر بۆ خوێندنەوەی ئەو چەمکانە و لێکدانەوەیان لەسەر «ئەخلاقی پرۆتێستانی و ڕۆحی سەرمایەداری»، (ناوی کتێبە بەناوبانگەکەی وێبێر-یشە) و هەروەتر، ڕەوتی بوروکراتیزەبوون و پەیوەندیی ئەم ڕەوتە لەگەڵ پڕۆسەی دیموکراتیزەبوون و دواجار دژوازیی نێوان ئەخلاقی باوەڕمەندی و ئەخلاقی بەرپرسایەتی پێوای. ئەوەی لەم وتارەدا پێویستمان پێیەتی، چەمکی «ئەخلاقی بەرپرسایەتی»ی وێبێرییە، بۆ خوێندنەوەی دۆخی عەقڵانی ڕۆشنبیریی کوردی کە مەبەستی سەرەکیی ئەم بەشەی وتارەکەمانە.

ئێستا ئەگەر ئاڕاستەی ئەو چەمکە وێبێرییانە لە مەیدانی سەرەکیی خۆیان ڕووەو مەیدانی ڕۆشنبیریی وەرچەرخێنن و بمانەوێ بەڕۆحێکی ڕۆشنبیرییەوە باسی ئەخلاقی بەرپرسایەتی بکەین، ئەوە ناچارین سووکە لەنگەرێك لەسەر واژەی «بەرپرسایەتی»

بگرین کە وێ دەچێ قورساییەکی مانایی تایبەتی بەم دەستەواژەیەدابێت. لە زمانی ئینگلیزیدا هاوسەنگیی وشەی «بەرپرسایەتی» وشەی (responsibility)- یە کە لە واژەی (response)– وە وەرگیراوە کە خۆی بەمانای «وەڵام»ە.

دیارە لە زمانی کوردیشدا ئەگەر پێشگری «بەر» پێش «ناو»ێك بکەوێت ئەوە دەشێت «ناو»ێکی تری لێ دروست بێت کە ئەرکی «بەرکار»ی قبووڵ دەکات، وەکو: بەرباس، بەردەست، بەرهەست. «بەرپرسیار» یان «بەرپرس» واتە ئەو کەسەی کە لە بەردەم پرسیار یاخود کێشەیەکدایە، بەمانایەکی تر ئەو کەسەی کە دەشێت ئامادەی وەڵامدانەوە بێت. هاوسەنگی «بەرپرس» لە زمانی ئینگلیزیدا واتە (responsible) هەر ئەم پێکهاتەیەی، بەڵام بەجۆرێکی تر، هەیە، (responsible) لە دوو بەشی «پاشگر بەمانای توانایی» «وەڵام» response+able پێکهاتووە، واتە ئەو کەسەی توانایی وەڵامدانەوەی هەیە. کەواتە بەرپرسایەتی بەمانای توانایی و دەسەڵاتی وەڵامدانەوەیە لەبەردەم پرسیارەکاندا. جا ئەو ئەخلاقەی وێبێر بە ئەخلاقی بەرپرسایەتی ناوی دێنێ، ڕێك ئەو ئەخلاقەیە کە دەبێتە هۆی ڕەچاوکردنی ڕەفتارێکی وەڵامدەرەوە لە بەرامبەر پرسیارەکاندا. دیارە کاتێك باسی وەڵام و توانایی وەڵامدانەوە دەکرێت، مەسەلەی «ئەرك» و «بەجێهێنانی ئەرك»یش زەق دەبێتەوە. چونکی ناشێت کرداری وەڵامدانەوە لە باوەڕێکی «ئەرکخواز»ەوە سەرچاوەی نەگرتبێت و لە هەمان کاتدا باس لە ڕاستی و ناڕاستی و دروستی و نادروستیی وەڵامەکان بکرێت. بێ باوەڕی بە پرسی «ئەرك» بێ باوەڕیشە بە ڕەفتاری وەڵامدانەوە، تەنیا لەو سۆنگەیەوە کە «وەڵامدانەوە» خۆی دواجار ئەرکێکە و دەبێت بەجێ بهێنرێت. لێرەوە دەبینین ئەخلاقی بەرپرسایەتی، ئەخلاقی ئەرکیشە، ئەرکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. کەوایە ئەخلاقی بەرپرسایەتی ئەوەندەی کردارێکە لەسەر تیۆریی وەڵامدانەوە پێ دادەگرێ، ئەوەندەش گرینگی بەلایەنی پراکتیکیی وەڵامدانەوە دەدات بۆ ئەوەی «ئەرکەکانی» وەڵامدانەوە بەکردەوە بەجێ بهێنرێن. بەرپرسایەتی بۆی نییە تەنیا لە چوارچێوەی کردارێکی سوبژێکتیو (زەینی)دابمێنێتەوە و تەنیا لە پرسەکان بکۆڵێتەوە، بەڵکو دەشێت پێ بنێتە جیهانی ئۆبژێکتیو (بابەتی)یەوە و ئەرکەکانیش وەئەستۆ بگرێت.

ئەخلاقی بەرپرسایەتی، ئەو ئەخلاقەیە کە بەپێچەوانەی ئەخلاقی کۆیلەکان، نەك هەر نایەوێ بەجۆرێك خۆ بنوێنێ کە گۆیا کێشەکان ئاسایین و ڕەوتی سروشتیی خۆیان

دەپێون، بەڵکو بەردەوام بەردی پرسیار دەخاتە سەر ڕێگای ئەو کێشانە و لە هەمان کاتیشدا خۆی بەدەروەست دەزانێ تا بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕۆشنبیرانە تێ بفکرێت و بەرهەمی تێفکرینی خۆی بخاتە بەرچاو. وەك چۆن وێبێر زانست تەنیا بەئامراز لە قەڵەم نادات، بەڵکو بەهێزێکی ئەخلاقیی دادەنێ کە بەرهەمی ئەو ئەخلاقە باڵغبوونی فیکری و قبووڵکردنی بەرپرسایەتییە، ڕۆشنبیرییش وزەیەکی ئەخلاقی و پاڵنەرێکی کردارییە کە دواجار پەروەردەکەری هزری ئینسانی و بەرهەمهێنی ڕەوشتی عەقڵانی بۆ بەجێهێنانی ئەرکێکی ڕۆشنبیرانەیە، ئەرکێك کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە تا مانا و مەبەستی کرداری عەقڵانی و کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیر ڕوون بکاتەوە. دیارە بەقەولی وێبێر ئەم کردەوەیە، کردەوەیەکی «ئەخلاقی»یە، چونکە حاسڵی ئەم کارە ڕەواندنەوەی تەمومژ لەسەر خود و قبووڵکردنی بەرپرسیارەتییە. کەوایە ڕۆشنبیر بەمانای ئاساییی خۆی تەنیا ئەو کەسە نییە کە خاوەنی بیرێکی ڕۆشنە، بەڵکو لە مانا بەرفراوانترەکەی خۆیدا ئەو کەسەشە کە بەرهەمهێنی بیری ڕۆشنە، واتە کەسێکی بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی ئەو شێوە هزر وئەندێشە و تیۆرییانەی کە نیشانەی عەقڵانییەتیان پێوە دیاربێت. ئەگەر هەندێ پێناسە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە توێژی ڕۆشنبیر تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەخۆ کە بەرهەمهێنی تیۆری و خوڵقێنەری فیکرن، ئەوە ڕێك ئاماژە بەئاراستەیەك لە مانای ڕۆشنبیر دەکەن کە ئاراستەیەکی داهێنەرانەیە، نەك هەر لەسەر ئاستی جیهانی خود، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی ئەوی تریشدا. ڕۆشنبیر نەدەتوانێ سۆفیی گۆشەی خانەقابێت، نەبۆی هەیە زاهیدی خەڵوەت نشین بێت، بەو هۆیەی کە ئەرکی ڕۆشنبیریی تەنیا لە نێو کۆمەڵگا و بۆ کۆمەڵگا و بەکۆمەڵگاوە مانای هەیە. ئەو ڕۆشنبیرییەی کە خوو و خدەی دەروێشە چلەکێشەکان دەگرێت ڕۆشنبیرییەکە کە دواجار ئەرکی ڕۆشنبیر لە ڕەچاوکردنی ئەخلاقی بەرپرسایەتییەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕەفتارکردن بە ئەخلاقی باوەڕمەندی. ئەخلاقی باوەڕمەندی ئەو ئەخلاقەیە کە زیاترین قورساییی وەزیفە و ئەرکی ئینسانی دەخاتەسەر لایەنی بەرژەوەندییە ئەزەلی و ئەبەدییە تاکە کەسییەکانی مرۆڤ خۆی. ئەخلاقی باوەڕمەندی لەسەر چەمکی ڕزگاری و بەختیاریی هەتاهەتایی مرۆڤ پێ دادەگرێ و بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجەش پێی وایە باشترین ڕێگا بەکارهێنانی ڕەفتارێکە کە تێیدا زیاترین ڕێژەی پاڕانەوە و لالانەوە و کڕووزانەوەی تیدابێت. دیارە ئەرکی پاڕانەوە دواجار پێویستی بەخەڵوەتە و خەڵوەتیش مرۆڤی تەنیای

دەویٚ، مرۆڤێکی دابڕاو لە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا و تێکەڵ بەچەمکە باڵادەست و سەڵتەکانی جیهانی میتافیزیك.

ئەخلاقی باوەڕمەندی بەرهەمهێنی ڕۆشنبیرییەکە کە لەم وتارەدا ناوی دەنێین ڕۆشنبیریی خانەقایی، ڕۆشنبیرییەك کە پێگە و شوێنی خۆی وەك پێگە و شوێنێکی پیرۆز چاولیٚ دەکا ئایینگەرای یەقینخوازە و بەزمانی مۆنۆلۆگ و تاکبێژی دەدوێت و لە دەرەوەی بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا دەژی و لەپێناوی گەیشتن بەڕزگاریی تاکە کەسی بیردەکاتەوە و پاڕانەوە بەئەرکی خۆی دەزانیٚ و دواجار دەسکەوتی ئەو ڕۆشنبیرییە لە کارکردن و دووپاتکردنەوەی ئەندێشەکانی ڕابردووی خۆیەتی. ئەگەر ئەخلاقی بەرپرسایەتی بەرهەمهێنی ڕۆشنبیرییەکی عەقڵانی بێت، ئەوە ئەخلاقی باوەڕمەندی، وەك ئاماژەمان پیٚ کرد، بەدیهێنەری ڕۆشنبیریی عەقڵانی بێت ئەوە ئەخلاقی باوەڕمەندی، وەك ئاماژەمان پیٚ کرد، بەدیهێنەری ڕۆشنبیریی خانەقاییە. لێرەدا بۆ ئاسانکاریی زیاتر و بۆ لەبەریەك ڕانانی ئەم دووجۆرە ڕۆشنبیرییە، ئەم خشتەیە دەخەمە بەردەست (لە بیرمان نەچێت دانانی خشتە هەمیشە شتێکە قەراردادی، بۆیە کەسێکی تر بۆی هەیە لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی تر دەستەبەندی و دابەشکردنێکی دیکە و دواجار خشتەیەکی دیکە لەمەڕ ئەم پرسە بەدەستەوە بدات.):

| جۆری ڕۆشنبیری | چەمکی ناوەندی | ئەخلاق | ئەرك | زمان | هەڵوێست | دید | پێگە | دوا مەبەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆشنبیری عەقڵانی | عەقڵانییەت | بەرپرسیاریەتی | لێکدانەوە | دیالۆگ | هزرمەندانە | ڕەخنەگرانە | ناپیرۆز | ڕۆشنگەری بۆ کۆمەڵگا |
| ڕۆشنبیری خانەقایی | شەرافەت | باوەڕمەندی | پاڕانەوە | مۆنۆلۆگ | دەمارگرژانە | یەقینخوازانە | پیرۆز | ڕزگاری بۆ تاکەکەس |

ئێستا بەپشت بەستن بەم خشتەیە و بەلەبەرچاوگرتنی چەمکی «ئەخلاقی بەرپرسایەتی» ماکس وێبێر بۆمان هەیە بڵێین ڕۆشنبیریی کوردی تا هەنووکەش هەڵگری تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیریی خانەقایی بووە و دواجار ڕەفتارێکی ڕەچاوکردووە پشت ئەستوور بە «ئەخلاقی باوەڕمەندی»، ڕەفتارێك کە لە بری ئەوەی ئەسڵی بەرپرسیارەتی بکاتە بنەمای ئەخلاقیی خۆی، ئەرکی پاڕانەوە دەخاتە سەرشانی خۆی و لەسەر بنەمای ئەم ئەرکە هەڵسوکەوت دەکات. دیارە ناشێت لێرەدا تەنیا لە ڕوانگەی کارکردە ئاینییەکەیەوە بۆ ئەخلاقی باوەڕمەندی بڕوانین، بەڵکو ئەم شێوە

ئەخلاقە دواجار باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریشی دەبێت، کە ئاشکرایە ئەم شێوە ئەخلاقە کاتێك بگاتە ئاستی ئەم بەستێنانە ناتوانێ بەشێوەیەکی مەنتقی و عەقڵانی لەگەڵ دیاردەکان هەڵسوکەوتی هەبێت و ڕووبەڕوویان بێتەوە.بەوتەیەکی دیکە زاتی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە پابەندی ڕۆحی کۆ و کاری هەرەوەزی و کارلێکی نێوان مرۆڤەکانە، بۆی نییە بەئەخلاقێك ڕەفتاریان لەگەڵ بکردرێت کە لەگەڵ پرسی کارلێك «تەعامول» نامۆیە و هەر لە بنەڕەتەوە زمانی ئاخافتنی زمانی مۆنۆلۆگە و بۆ مەبەستی ڕزگاریی تاکەکەسی هەوڵ دەدات. ڕۆشنبیریی کوردی لەو جێگایانەی هێرش دەباتە سەر چەمکی نوێخوازی و گرووپە نوێخوازەکان شەرمەزار دەکات، یان لەو شوێنەی دژی هێنانە ئارای باسوخواسە تازە فیکرییەکان و دەستەواژە نوێیەکانی بواری تیۆرییە، بەکردەوە خانەقایی بوونی شوناسی خۆی دەسەلمێنێ. کاتێك ڕۆشنبیریی خانەقایی پێگەی خۆی بەپێگەیەکی پیرۆز لە قەڵەم دەدات (و بۆ نموونە لە بەرگی «موقەددەساتی نەتەوە»دا باسیان دەکات) پێی وایە یەکەم ژێدەر و دوا ژێدەری مەعریفە ئەو ژێدەرەیە کە لە خودی تەکیە و بارەگای خانەقادا بەدی دەکرێن. جیهانی مەعریفیی ڕۆشنبیریی کوردی تا ئێستاش جیهانێکی داخراو بووە، بەڕووی مەعریفەی ئەوی تردا. ئەوی تر لە قاموسی ڕۆشنبیریی کوردیدا ئامادە نەبووە، چونکە کولتووری ڕۆشنبیریی خانەقایی نەك هەر تەنیا «خود» بەناوەند، بەڵکو بەڕەواش دەزانێ. (خود) لە ڕۆشنبیریی خانەقاییدا ئەو «خود»ە نییە کە لە سۆنگەی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەوی تردا بووەتە «خود»، بەڵکو ئەو «خود»ەیە کە بەهۆی نامۆبوون لەگەڵ «ئەوی تر»دا «خود»ێتیی تاك ڕەهەندی خۆی وەرگرتووە. بۆیە «خود»ی ڕۆشنبیریی خانەقایی خودێکی دەمارگرژە (موتەعەسب)، هەر خۆی بەڕەسمی دەناسێ و هەر خۆی بەڕەوا دەبینێ، چونکە پێی وانییە لە دەرەوەی بازنەی «خود»ی ئەودا «خود»ێك بوونی هەبێت، یان گەر بەو بوونەی زانیبێت ئەوە ڕێك حاشا لە ڕەسەنایەتی ئەو «خود»ە دژ خودەی خۆی دەکات. ڕۆشنبیرێتییەك کە هەڵوێستی دەمارگرژانەی لەمەڕ دیاردەکان هەبێت، دیارە ناتوانێ لە مەنتقی دیالۆگ تێ بگات، هەر بۆیە ڕوو دێنێتە زمانێك کە لە بری ئەوەی ڕووی لە «ئەوی تر» بێت ڕووی لە «خود»ی خۆیەتی. لێرەوە دەتوانین هەندێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دوو دیاردە یان دوو کایەی نێو مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردی دەسنیشان بکەین: کایەی دەستەگەرایی و کایەی ڕۆشنبیریی حیزبی.

دیاردەی دەستەگەرایی کە لە ساتەوەختی ئێستادا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە پانتای

کاری ڕۆشنبیریی کوردیدا ئامادەیە حاسڵی ئەو جۆرە تێفکرینەیە کە ئەخلاقی باوەڕمەندی ڕۆشنبیریی خانەقایی بەرهەمی هێناوە. دەستەگەرایی بریتییە لەو قەناعەتە گرووپییەی کە هەوڵ دەدات یەك زمان و یەك هەڵوێست و یەك بیر و دواجار یەك ستراتیژی بۆ ڕەفتاری خۆی دیاری بکات، ئەویش نەك بۆ تیشك خستنەسەر ڕاستییە هەمەجۆرەکان، بەڵکو بۆ زەقکردنەوەی ئەو تاکە ڕاستییەی کە ئەو دەستە و تاقمە تایبەتە باوەڕیان پێیەتی. دەستەگەرایی پێی وایە «خود»ێکی هەیە کە «خود»ی ئەوانە و ڕەواترین «خود»ی بەردەستە و لە دەرەوەی ئەو «خود»ە ئەوەی هەیە و نییە، وەهم و تراویلکەیە. هەر بۆیە ناکرێت دەستەگەرابیت و بەزمانی مۆنۆلۆگ نەدوێیت، دەستەگەرابیت و دەمارگرژنەبیت، دەستەگەرابیت و هەقیقەتە هەمەجۆرەکانت، لەچاو بەرژەوەندییە شەخسییەکان پێ هیچ نەبێت. دەستەگەراکان ئەو دەروێشانەن کە تەنیا تەریقەتی خۆیان بەڕەواترین و ئاسانترین و ڕاسترین تەریقەت دەزانن. دەستەگەرا ڕۆشنبیرەکان ئەوەندەی سەرقاڵی سەلماندنی ڕاستی و ڕەوایی دەستە و تاقمی خۆیانن دیارە بەنیوەی ئەو، کەڵکەڵەی ڕوونکردنەوەی بابەتە ڕۆشنبیرییەکانیان نییە. بۆیە دواجار دەبینین دەستەگەراکان لە بری ئەوەی لە ڕێگای دەقەکانەوە وەدەنگ بێن لەسەر دەستی بڕیارنامە و بەیاننامە و پڕوپاگەندە و کۆڕ و دانیشتنی سەرپێیی و مورید و مورادبازی و دەست و پێوەندەکانیانەوە خویا دەبن. دەستەگەراکان ئەو کەسانەن کە حەز دەکەن تەنیا هەر باسی خۆیان بکەن، لەو سەرەوە کە پێیان وایە تەنیا خۆیان شایانی ئەوەن کە باسیان لێ بکرێ و لەسەریان بنووسرێ. دەستەگەرا هەموو پرسیارێك دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر (خود)ی خۆی، بۆیە گەر پابەندی ئەخلاقی بەرپرسایەتیش بێت، ئەو بەرپرسایەتییە هەر خۆی دەگرێتەوە نەك «ئەوی تر». بەوتەیەکی تر دەستەگەرا ئەخلاقی بەرپرسایەتی لە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە و مانایەکی درۆزنانەی پێ دەبەخشێ. ئەخلاقی بەرپرسایەتی بەبێ ئەوی تر بوونی نییە، ئەوی تریش دەشێت دانی پیابنرێ و بهێنرێتە بەستێنی کارلێکەوە، بۆ ئەوەی بوونی هەبێت، کەچی دەستەگەرا نە ئەو دانپیانانە بەرەوا دەزانێ، نە لە ترسی بەرژەوەندی خۆی باوەڕ بەکارلێکی نێوان خۆی و ئەوی تر دێنێ. بۆیە دەبینین دەستەگەراکان لە هەموو شوێنێك بۆ «خود»ی خۆیان دەپارێنەوە، داوای ڕزگاری و بەختیاری بۆ «خود»ی خۆیان دەکەن و ئاواتی پێشەنگی و پێشڕەوایەتی بۆ خۆیان دەخوازن. ئەگەر دەستەگەرایی و تاقمخوازی لە کایە بەرچاوەکانی مەیدانی ڕۆشنبیریی خانەقایی بێت، ئەوە وەگەڕخستنی زمانی مۆنۆلۆگ و برەوپێدان بەهەڵوێستی دەمارگرژانە

و ڕەفتارکردن بەئەخلاقی باوەڕمەندی و ڕەچاوکردنی ئەرکی پاڕانەوەش ئەنجامی حاشا هەڵنەگری ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییەن.

دیاردەی ڕۆشنبیریی حیزبی کە دەشێت بڵێین خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی دەستەگەراییی ڕۆشنبیری، دیارە هەنووکە بەشێوەیەکی بەرهەست لە کوردستانی باشووردا مەوزووعییەتی وەدەست هێناوە و بۆی هەیە لەو چوارچێوە تایبەتەدا لێی بڕوانین. دوای ڕاپەڕین و پاش ئەوەی حیزبە کوردییەکان لە پەرتەوازێتیی شاخەوە بۆ دەسەڵاتی شار، گەڕانەوە و پایەکانی حیزبایەتییان پتەو کرد و بەرنامە و ستراتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا بەدەستەوەدا، ڕۆشنبیریی حیزبیش وەك یەکێك لە ئەنجام و ئاکامەکانی ئەم دەسەڵاتە سەری هەڵدا. ڕۆشنبیریی حیزبیش لەو سۆنگەیەوە کە خاوەن دیدێکی یەقینخوازانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حیزبییە و لەو سەرەوە کە پێگەیەکی پیرۆز بۆ حیزب قایلە دواجار دەچێتەوە خانەی ڕۆشنبیریی خانەقایی. دیارترین حاسڵی دیدی یەقینخوازی ئەمجۆرە ڕۆشنبیرییە سڕینەوەی ئەوی ترە لە مەیدانی ڕۆشنبیریدا. یەقینی حیزبی ئەو چەمکەیە کە دواجار لە چوارچێوەی ئیرادەیەکی ڕوو لە دەسەڵاتدا سەقامگیر دەبێت و دەکرێتە کەرەسەیەك بۆ سڕینەوەی ئەو ئەوی ترانەی کە پشت بەو یەقینە حیزبییە نابەستن یاخود حاشای لێ دەکەن. یەقینی حیزبی یەقینێکە لەسەر دەستی ڕێساکانی حیزبەوە دەبێتە یەقین و دوایی دەستوور و دوگمەکانی حیزب پێگەیەکی پیرۆزیشی پێ دەبەخشن و لە ڕێگای پڕ و پاگەندەو بڕیاری حیزبییەوە دەکرێتە هێمای ئاسوودەیی دەروونیی ئەندامانی حیزب و ئەسڵی چەسپیوی باوەڕی لایەنگرانی حیزب. دیارە دواجار ئەم شێوە یەقینگەراییە دەبێتە بەشێك لە ڕەفتاری ئەو ڕۆشنبیرانەی کە بەکۆمەڵێك کەرەسە و چەمکی ڕۆشنبیرییەوە بۆ پاراستنی شان و شکۆ و شەرەفی حیزب ڕۆشنگەری دەکەن. بەڵام ئەم ڕۆشنگەرییە ڕۆشنگەری نییە لەپێناوی درکاندنی ڕاستییەکانی حیزب بۆ کۆمەڵگا، بەڵکو دەکەوێتە خانەی ڕزگاری بۆ تاکەکەس، واتە ڕزگاری بۆ حیزب ئەگەر حیزب، وەك تاك چاو لێ بکەین. ڕۆشنبیریی حیزبی چاو لە دەستی ئەو ڕێسایانەیە کە دەسەڵاتی حیزبی بۆی دیاری دەکات، گەرچی پاشان زمانی ئەو ڕێسایانە دەگۆڕێت و پێستی دەسەڵاتی لێ دادەماڵێ و جلکێکی ڕۆشنبیرانەی بەبەردادەکات، بەڵام دواجار ناتوانێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەست لە بنەما و ماناکانی ئەم ڕێسایانە وەربدات و تاوتوێیان بکات و بیانگۆڕێت. بۆیە ڕۆشنبیریی لە هەر شوێنێك تووشی ئەلترناتیڤێکی دژ بەرێساکانی حیزبی بێت، سیاسەتی سڕینەوە وەکاردەخات و

قەڵەمی سوور بەسەر ئەندێشە و لاپەڕەکاندا دێنێ. دیارە نابێت پێمان وابێت سڕینەوە تەنیا کردارێکە بۆ بێ سەر و شوێنکردنی عەقڵ و بەرهەم و دەقە جیاوازەکان، بەڵکو دواجار دەبێتە کردارێکیش بۆ بەرهەم هێنانی توندوتیژی. سڕینەوە کردارێك نییە بەدوای خۆیدا تەنیا بێدەنگی بێنێت، بەڵکو کردارێکە کە توندوتیژیشی لێ دەکەوێتەوە. بەوتەیەکی تر سڕینەوە بێدەنگی لێ هێنانێکە کە توندوتیژی بەرهەم دێنێت. کەوایە توندوتیژی تەنیا لە ئەنجامی پێکدادانی سەر هەڵنادات بەڵکو لە سۆنگەی سڕینەوەشەوە دێتە ئاراوە. ئەو توندوتیژییەی کە لە قەوارەی هەڕەشەلێ کردن و جنێوپێ دان و یەکتر شەرمەزار و تاوانبارکردن و قسە هەڵبەستن بۆ یەکدی و ڕەشەکوژی کەسایەتی و سووکایەتی پێ کردن لە مەیدانی ڕۆشنبیریی کوریدا خۆ دەنوێنێ لە دەسکەوتەکانی ڕۆشنبیریی حیزبییە کە وەك گوتمان لەسەر مۆدێلی ڕۆشنبیریی خانەقایی کار دەکات. بۆیە ئەگەر وردتر چاو لە کێشەکە بکەین، دەبینین ئیمڕۆ لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا سڕینەوە لە ڕێگای سانسۆرەوە جێگای خۆی بۆ سڕینەوە لە ڕێگای سووکایەتی پێ کردنەوە چۆڵ دەکات. هەر بۆیە لە بڵاڤۆکەکاندا و بەناوی ئازادیی ڕادەربڕین و لەسەر دەستی عەقڵانییەتی ڕۆژنامەگەریی دیموکراتێك هەموو بابەتێك چاپ دەکرێت و هەموو دەقێك بڵاودەبێتەوە، تەنانەت گەر ئەو بابەت و دەقانە ڕێك لە خزمەت سڕینەوە لە ڕێگای سووکایەتی پێ کردنەوەش بن. نموونەیەکی تر لە دەرکەوتەکانی ڕۆشنبیریی حیزبی ئەو ڕکەبەرایەتی و ئاوقا- بوونەی یەکتری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبییە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە کوردستانی باشووردا هەستیان پێ دەکرێ. لەم ساڵانەی دواییدا کەناڵە ئاسمانییەکانی حیزبی لە کۆمەڵێك بەرنامەی خۆیاندا، بەردەوام مەیدانیان بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە خۆش کردووە کە ئاڕاستەی هەڵوێست و بۆچوونەکانیان ڕووەو دەسەڵاتی حیزبی بووە. ئەم ڕۆشنبیرانە کە دیارە بەناوی ڕۆشنبیری کوردەوە دێنە سەر شاشەی ئەم کەناڵانە، دواجار لە سنووری دیاریکراوی حیزبی دەرناچن و - وەك پێشتریش لە بەشی نیهیلیسمی خەساودا ئاماژەم پێ کرد- بەرێسای کایەی سیاسی- حیزبی گەمەی ڕۆشنبیری دەکەن. دیارە ئەو دەزگا ڕاگەیاندنە گشتییەی (لێرەدا کەناڵی ئاسمانی) کە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی حیزبێکی تایبەت بێت، بەرلەوەی بیر لە بەرهەمهێنانی بابەتێك بۆ سوودی گشتیی کۆمەڵگا بکاتەوە هەوڵی داڕشتنی گەلاڵەیەك دەدات تا سیاسەتەکانی حیزبی خۆی پێ بەڕێوەببات. بەوتەیەکی تر، سیاسەتی حیزب سوودی گشتیی کۆمەڵگا دیاری دەکات، نەك ئەوەی سوودی گشتیی جەماوەری خەڵك چوارچێوەی سیاسەتی حیزب ڕەنگڕێژ بکات. لێرەوە ڕۆشنبیریی حیزبی، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ئەسڵە سەرەکییەی حیزب، دێت و باس

لەو بابەتانە دەكات كە پێی وایە بابەتی ڕۆشنبیرین و بۆ كۆمەڵگا پێویستن. بۆیە دەبینین ڕۆشنبیریی حیزبی لە كاری ڕۆشنبیریی خۆیدا تێ دەكۆشێ هەموو دەسكەوت و پێشكەوتێكی كۆمەڵگا لە سایەسەری حیزبەكەی خۆی لە قەڵەم بدات و وابنوێنێ كە نەك هەر كیانی كۆمەڵایەتی، بەڵكو كەرامەتی ئینسانیش پابەندی كیان و كەرامەتی حیزبییە. ئەگەر چاوێك بەسەر سەردێڕ و ناواخنی بەرنامەكانی ئەم كەناڵانەدا بخشێنین، دەبینین جۆرە ركابەرایەتی و شان لە شاندانێكی حیزبی لەگۆڕێ دایە كە زیاتر لەوەی مەبەستی بەجێهێنانی ئەركی ڕۆشنگەری كۆمەڵایەتی بێت، دەیەوێ لە سنووری سیاسەتی ڕۆشنگەریی حیزبی دەرنەچێت. بەوتەیەكی دیكە ژیانی ناو حیزبی ڕەواترین و ڕاسترین ژیانی سەر شاشەی ئەم كەناڵانەیە، كەچی ژیانی دەرەوەی حیزبی، واتە ژیانی ئاسایی نەك ژیانی حیزبی، كە سەرەكیترین و بەرفراوانترین جۆری ژیانی كۆمەڵگایە، دەخرێتە پەراوێزەوە و زۆركەم سەرنجی پێ دەدرێ. دیارە لێرەدا بەهیچ كلۆجێك مەبەست سڕینەوەی یەكجارەكیی ژیانی ناو حیزب لەسەر شاشەی ئەم كەناڵانە نییە، چونكە حیزب لە لایەكەوە وەك ڕێكخراوەیەكی سیاسی لە هەموو وڵاتێكدا مافی ڕاستەقینەی خۆیەتی ژیانێكی چالاك بژیت و دەزگای ڕاگەیاندنی خۆیشی هەبێت، و لە لایەكی ترەوە لە كوردستان حیزبەكان خۆیان خاوەن و مالیكی ئەم كەناڵانەن و ناشێت چاوەڕوانی ئەوە بین كە ئەم حیزبانە لەماڵی خۆیاندا كێشەكانی خۆیان زەق نەكەنەوە و باوەڕەكانی خۆیان بەدەستەوە نەدەن، بەڵام ئەوە گۆڕینی دەزگایەكی ڕاگەیاندنی گشتی بەدەزگایەكی بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژییە كە دەشێت ڕەخنەی لێ بگیرێ و وەك ستراتیژییەكی چەوتی حیزبی باسی لێ بكرێ و دواجار لە هەرا بدرێ. لێرەدایە كە ڕۆشنبیریی حیزبی ئەو كاتەی لە بری كاركردن بەزمانێكی ڕەخنەگرانە بەڕۆحییەتی پاساودانەوەوە دێتە سەر شاشەی ئەم كەناڵانە ڕێك پێ دەنێتە ئەو بەستێنەی كە حیزب تێیدا ئایدلۆژیی خۆی بەرهەم دێنێت.

پوختەی قسان ئەوەیە كە ڕۆشنبیرانی دەستەگەرا و ڕۆشنبیرانی حیزبی دواجار دەچنەوە باوەشی ڕۆشنبیریی خانەقاییەوە كە لە بنەڕەتەوە بۆ ڕزگاریی تاكەكەس (لێرەدا دەستە و حیزب) هەوڵ دەدەن و ڕۆشنگەری بۆ كۆمەڵگا تا ئەو جێیە بەڕەوا دەزانن كە ئەمنییەت و بەرژەوەندی و وەك دەڵێن شەرەفی دەستە و حیزبەكانیان دەستی تێ وەرنەدرێت و ئاڵۆز نەبێت. لێرەوە دەبینین ڕۆشنبیرانی دەستەگەرا و حیزبی ئەركی ڕۆشنبیریی خۆیان لە پاراستنی شەرافەتی دەستە و حیزبیدا دەبینین، نەك لە بەرهەمهێنانی عەقڵانییەتی ڕۆشنبیریدا. چەمكی «شەڕەف» لە قامووسی ڕۆشنبیریی خانەقاییدا جێگای چەمكی

«عەقڵ» لە ڕۆشنبیریی عەقڵانیدا دەگرێتەوە. ئەگەر ئەخلاقی باوەڕمەندی پاراستنی شەرافەتی دەزگای دەسەڵاتی مەبەستە، ئەوە ئەخلاقی بەرپرسایەتی هەوڵ دەدات عەقڵانییەتی ڕۆشنبیری بەرهەم بێنێت. دیارە زەقکردنەوەی چەمکی شەرەفی ئایدۆلۆژیك و کورتکردنەوەی ماناکانی شەرەفی ئینسانی بۆ شەرەفی دەستەگەرایی و شەرەفی حیزبی و گوێ پێ نەدان بەچەمکی عەقڵ و خستنە پەراوێزی عەقڵانییەت دواجار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژی گەرایی و لە دایکبوونەوەی ڕۆحییەتی عەشیرەتی و خێرخوازی. مرۆڤی توندوتیژ یان جەنگاوەری عەشیرەت لەپێناوی پاراستنی شەرەف دایە کە کوشتوبڕ و شەڕ و پێکدادان بەڕەوا دەزانن. بووژاندنەوەی چەمکی شەرافەتی دەستەگەرایی و حیزبی بەواتای زیندووکردنەوەی ئەو ڕۆحە شەڕانخوازانەیە کە ئامادەیە لەپێناوی پاراستنی تۆزێك شەرەفی خێڵ، دنیایەك کاول بکات و ئاگر لە جیهانێك بەربدات. شەڕی ناوخۆ نموونەیەکی دیاری ئەو کێشەیە بوو کە تێیدا پاراستنی شەرەفی حیزب، کە ئەوکات داهاتی گومرگ بوو، لە نەرشتنی خوێنی برا واجبتربوو. بەڵام بۆ ڕۆشنبیروایە. بۆیە تەنانەت گرێدانی شەرەفی ڕۆشنبیر بەچەمکێکی گرینگی هەنووکەیی ژیانی کوردی واتە گوتاری ناسیونالیسمیش شتێکی ناڕاست و ناڕەوایە. ئەوەی ڕۆشنبیر لە ڕۆشنبیری دەخات، پشتکردنە لە عەقڵانییەت و ڕوو وەرگێڕانە لە ئەخلاقی بەرپرسایەتیی ڕۆشنبیری، نەك لانەکردنەوە لەسەر گوتارە تایبەتەکان. ئەو ڕۆشنبیرییەی لەسەر مۆدێلی خانەقا دامەزراوە دەیەوێ ئێمە بەردەوام لە زیندانی گوتارەکاندا بمێنینەوە، لە کاتێکدا گوتارەکان دەیان ژووری هەمەجۆر و هەمەڕەنگن کە بۆمان هەیە سەر لە هەموویان هەڵێنین و لە هەمان کاتدا ناچاریش نەبین لە هیچ کامیاندا بمێننەوە.

پابەندبوون بەئەخلاقی بەرپرسایەتی لە مەیدانی ڕۆشنبیرییدا، پابەندبوون بەجیهانێکە لەسەر بنەمای چەمکی عەقڵانییەت، جیهانێك کە مرۆڤەکانی بەزمانی دیالۆگ دەدوێن و هزرمەندانە لە دیاردەکان دەکۆڵنەوە و پێگەیەکی ناپیرۆز بۆ خۆیان و بۆ دیدی خۆیان قایلن و دوا مەبەستیان ڕۆشنگەری بۆ کۆمەڵگایە. دیارە جیهانێکی لەم دەستە ناشێت مۆرکی ئایدیالیستی بەنێوچاوانەوە بلکێت، تەنیا لەو سۆنگەیەوە کە لە جیهانی دیالۆگ و لە پێگە ناپیرۆزەکاندایە کە مرۆڤ بەدوای هەقیقەتی خۆیدا دەگەڕێ: هەقیقەتی دەست بەسەرداگرتنی بەشێك لە هەقیقەت، هەقیقەتی هەڵەکردنی مرۆڤ و ڕێژەیی بوونی ڕاستییەکانی فیکری ئینسانی. ئەخلاقی بەرپرسایەتی ئەخلاقێکی بێ غەلوغەش و بێ هەڵە و پەڵە و پاك و پیرۆزی ئایدیالیستی نییە، ئەخلاقێکە لە نێو کایەکانی عەقڵانییەتدا

ڕەگی داکوتاوە، وێڕای هەموو بردن و دۆڕانەکانییەوە، بەسەرلەبەری ساتە دەرەوشاو و کاتە تاریکەکانییەوە. ئەخلاقی بەرپرسایەتی مزگێنیی بەهەشتی خەیاڵی نادات، بەڵکو تێ دەکۆشێت سەر زەمینی واقیع تەفسیر بکات و بیخوێنێتەوە. عەقڵانییەتی ڕۆشنبیری کوردی ئایا توانای ئەوەی هەیە ئەخلاقی بەرپرسایەتی لە بۆتەی ناخی خۆیدا بتوێنێتەوە و بیکاتە بەشێك لە ڕەفتاری فیکریی و کردەوەیی خۆی، یان هەروا لە نێو زۆنگی نیهیلیسمی خەساودا پەلەقاژە دەکات؟!

ڕەزبەری ١٣٨٢

ئۆکتۆبری ٢٠٠٣

ژێدەر و پەراوێز:

١- مدرنیتە، دیموکراسی و روشنفکران، رامین جهانبگلو، نشرمرکز، ١٣٧٨، ص٦٩

٢- هەمان ژێدەر، ص٦٦

٣- هـ.ژ،ص٦٩

٤- هـ.ژ، ص٥٥

٥- خرد جامعەشناسی، یوسف ابادزی، نشرطرح نو، ١٣٧٧، ص ١٣٦

٦- هـ.ژ، ص ١٣٧

٧- هـ.ژ، ص ١٣٧

٨- هـ.ژ، ص ١٣٨

٩- ئەوە جیالەوەی ئەو وەفدانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەناوی وەفدی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ کوردستانی باشوور چوون زیاترلەوەی کەڵکەڵەی ڕۆشنبیریتی هانەی ئەو سەفەرانەیان بداتێ، هەندێك گەمەی ناڕۆشنبیری دەستی گرتوون و بەرێیاندا هبات. بۆیە سەیرنییە ئەگەر هەندێ لە ئەندامانی نەگۆڕی ئەم وەفدانە کە لەسەرخوانی ڕۆشنبیری کوردی پارووی گەورە و چەور بادەدەن خۆیان بەدەمڕاستی دەسەڵات بناسێنن.

١٠- ئەم قسەیە لەسەر بەرەی سەلەفیی کوردستانی ئێران زۆر ڕاستە. بەرەیەك کە زۆرجار بابەتی پێویستیی نانی میللەت لەگەڵ باسی زەرووڕەتی هەبوونی مەعریفەی ڕۆشنبیری تێکەڵ دەکەن، بەرەیەك کە پێی وابێت نەبوونی مەعریفە لای ئەوان لە نەبوونی نان لای هەژارانەوە سەرچاوە دەگرێ بەرەیەکن کە هێشتا نەیزانیوە ئەخلاقی کۆیلەکان تاسەر ئێسك لە فیکریاندا ڕەگی داکوتاوە.

١١- یەکێك لە هاوڕێیانی شاعیر چەند غەزەلێکی شاعیرێکی کلاسیکی کوردی وەرگێڕابووەوە سەر زمانی فارسی. دیارە ناکرێ لە وەرگێڕانی شیعردا، بەتایبەت غەزەل، چاوپۆشی لە چەند بەیتێك بکرێت و وەرنەگێڕدرێن و چەند بەیتێکیش کە دەمێننەوە تەرجەمەبکرێن. کاتێك لە هۆی ئەم کارەمان پرسی، لە وەڵامدا گوتی: ئەو چەند بەیتەی دەرم هاویشتوون و وەرم نەگێڕاون، تۆزێك لەڕ و لاواز بوون،

نامەویٚ خوێنەری فارس واتیٚ بگات شاعیرێکی گەورەی کوردی لەم دەستە، شیعری کزیشی هەیە.

١٢- خرد جامعەشناسی، یوسف ابادزی، نشرطوح نو، ١٣٧٧، ص ١٤٢- ١٤١.

١٣- مراحل اساسی اندیشه درجامعه شناسی، ریمون أرون، ترجمه باقر پرهام، انتشارات و أموزش، ١٣٧٢، ص ٥٧١.

١٤- دیارە لەم وتارەدا مەبەستی من پێدانی باری ئەرزیشی بەو سیستەمە ڕەفتاری و ئەخلاقییە نییە کە کولتووری خانەقا بەرهەمی هێناوە، بەڵکو لێرەدا دەمەویٚ باسی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە بکەم کە بەڕۆحییەتی کولتووری خانەقاییەوە کار دەکات، واتە خانەقا لێرەدا مۆدێلێکە لەسەری دەدوێم، نەك بابەتێك بێت بەهای بۆ دابنێم.

١٥- لە ڕۆچنەی ئەم باسەوە لەوانەیە باشتر لە دەستەواژەی «باوکی کورد» تیٚ بگەین کە زۆرجار دەدرێتە پاڵ سەرکردە کوردەکان. دیارە گەر باوکێك نەبێت نەوەکان نایەنە مەیدانی ژیانەوە و گەر باوکێکیش بێت و کوردنەبێت ئەوە شەرافەتێك بۆ کوڕانی ئەو باوکە نامێنێتەوە شانازی پێوەبکەن. لێرەوە دەبینین دەستەواژەی «باوکی کورد»، هەم هەڵگری دەلالەتی دەوامی ژیانە، هەمیش شەرەفی ژیان. لە کاتێکدا گومانی تێدا نییە زۆربەی باوکە کوردەکان لە ڕاستیدا «باوکی حیزبی» بوون.

١٦- لەوانەیە هەندێك کەس بڵێن ئەم کەناڵانە هەر لە بنەڕەتەوە دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبین نەك گشتی. بەڵام لە بیرمان نەچیٚ ئەم کەناڵانە خۆیان وانالێن. «کوردسات» واتە سەتەلایتی گەلی کورد، «کوردستان تی ڤی» واتە تەلەفزیۆنی نەتەوەی کورد. سروودی دەسپێکی بەرنامەکانی کوردساتی ی.ن.ك پەیمان دەڵیٚ: «کوردسات دەنگی هەمووانە» و ڕادیۆی پ.د.ك پەیمان دەڵی: «ئێرە دەنگی کوردستانە». کەوایە ئەو شتەی ئێمە ناومان ناوە گۆڕینی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی گشتی بەدەزگایەکی بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆژیای حیزبی، واتە بەناوی نیشتمانەوە بۆ حیزب کارکردن و لەسەر دەستی دەزگایەکی گشتی بۆ تاقمێکی تایبەت هەوڵدان.

١٧- دوای داڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی عێراق لەسەردەستی هێزە هاوپەیمانەکان، لە کوردستان و لە جەنگەی شایی و هەڵپەڕکێی ڕزگاریی عێراقدا، وێنە و پەڕۆ و دروشمە حیزبییەکان بەلێشاو هاتنەوە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان. لەکاتێکدا ئەو سەروبەندە لە هەموو وەختێك زیاتر پێویستی بەزیندوو کردنەوەی ڕۆحی نەتەوایەتی و خیتابێکی سیاسیی یەکدەنگ هەبوو، حیزبەکان هەوڵی ئەوەیان بوو دەوری سەرکردەکانی حیزبی خۆیان لەم ڕزگارییەدا گەورە بکەنەوە.

# سەلەفیەت و سڕینەوەی «ئەوی تر» بەماژیکی سپی

مۆدێرن بوون، واتە ئەوەی خۆمان، بەو شێوەیەی کە هەین، قبووڵ نەکەین. «دژی خۆمان ڕاپەڕین» ئەمە بڕیاری گرینگی بۆدلێرە[1]. مۆدێرن بوون ڕێبازێکی چوارچێوەدار و بەستێنێکی سنووردار نییە دەقی گرتبێت و لە خەت لانەدا، بەڵکو گەڕیانێکە لەسەر دەستی دژوازی و جیاوازییەکانی جیهان و ژیان و ئینسان، بەرهەم دێت و پاش ماوەیەك ململانێ و بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە پارادۆکسیکالەکانی بەرامبەر خۆی، هەمیسان دژ بەم حاڵەتەش ڕادەپەڕێ و سەرلەنوێ دژێکی تر لە بەرامبەریدا قوت دەبێتەوە. مۆدێرن بوون ڕۆڵەی ڕۆشنگەرییە و «ڕووکردی ڕۆشنگەرییش کە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ زەمانی ئێستا و ساتە– وەختی هەنووکە دەکاتە گرفت و کێشەیەکی فەلسەفی، خۆی داوامان لێ دەکات بەچاوی ئاین و ڕێباز لێی نەڕوانین، بەڵکو [تەنیا] بەشێواز یان چەشنە ڕووکردێکی لە قەڵەم بدەین.»[2]

لەم نێوانەدا سەلەفییەت وەك نوێنەر و پارێزەری سوننەت، دەیەوێ لە ڕێگای سەلماندنی نارەسەن بوونی بزاڤی نوێخوازیی نەوەی نوێ لەم قۆناغەی ئێستای ئەدەبی کوردیدا بەشێوەیەك لە شێوەکان گەورەیی و گرانیی ڕابردوو لە بیر نەکات و دژی ئەم بزووتنەوە هەنووکەییانە ڕاوەستێ. هەڵەی گەورەی سەلەفییەتی کوردی لەوەدایە کە پێی وایە، شەڕی گەورە و هەوڵی بێ وچانی مۆدێرنیزم تەنیا لەگەڵ سوننەت و لەپێناوی بەچۆکداهێنانی دەرکەوتە ناحەزەکانی ڕابردووی سوننەتە. سەلەفییەت وێدەچێ هێشتا نەیزانیبێت بودلێر گوتەنی: «هەرشتێکی مۆدێرن نەك دژی زەمانی ڕابردوو، بەڵکو دژی زەمانی ئێستا خەبات دەکات. واتە: خەباتی تازەگەری و هەنووکەیی بوون و نوێخوازی دژی سوننەتەکان، خەبات دژی دەوام و ژیانی سوننەتە لە ئەمرۆکەدا».[3] ئەگەر سەلەفییەت دەخوازێت ئەم خەباتە لە کێشەی نێوان چەند قەڵەمدا کورت کاتەوە و هەر بەپێی گریمانەی بچووك بوونی بازنەی ئەم کێشەیە، بەخەیاڵی خۆیان هەرکات ئارەزوویان کرد بانگەوازی دیزە بەدەرخۆنە کردنی ئەم دژایەتییە ئەدەبی و فەلسەفییە ڕابگەیەنن، ئەوە بێگومان وێ دەچێ هەستیان بەم ڕاستییە کردبێ کە خودی سەلەفییەت، وەك دەرکەوتێکی هەنووکەیی

سونـنـەت، خـەریـکـە بـکـەوێـتـە نـێو جـەغزی بـەرەو ڕووبـوونـەوەی ڕەخـنـە و خـوێندنـەوە و شیکردنەوەکانی مۆدێرنیزم. سەلەفییەت بۆ ئەوەی لەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا لایەنی بەرامبەری خۆی بەشێوەیەك كپ بكات تاقە ڕێگاچارە لە سڕینەوەی ئەو لایەنەدا دەبینێت. (سڕینەوە) ئەو هەلە بۆ سەلەفییەت دەرەخسێنێ لە غیابی گریمانەی بەردەنگی خۆیدا ئەوەی بەپێویستی دەزانێ بیڵێت و بیکات. «سڕینەوە» ستراتیژییەکە سەلەفییەت لە بری «دیالۆگ» کاری پێ دەکات. سەلەفی لە دیالۆگ سڵ دەکات، چونکە دیالۆگ مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوەی عەقڵەکانە، مەیدانی بوارپێدان بەمەنتقەکانە، شوێنی تێکەڵبوونەوەی دەنگە جیاوازەکان و بیر و باوەڕە جۆراوجۆرەکانە. کەچی سەلەفی (سڕینەوەی ئەوی تر) دەکـاتـە بـەرنـامـەی بـەکردەوەی هـەڵسوکـەوتـی شێوە ڕۆشنـبـیـرانـەی خـۆی. هـەڵـبـەت بەڵگەنەویستە سەلەفییەت هیچ کات پێملی ئەم قسانە نابێت و لەوانەیە پێی وابێت دیالۆگ گـەوهـەری هـەر چـەشنە ڕەفتـارێکی مـەعریفی ئەوە، لـەوانـەیە لـەسەر ئەو بـاوەڕەبێت کە بنەمای شەرمەزار کردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و نووسەر و ڕۆشنبیرانی نوێخواز لە لایەن ئەوانەوە لەسەر ئەسڵی دیالۆگ دامەزراوە، بەڵام بۆ تەماشاوان و بینەرانی زیرەك کردە و ڕەفتاری سەلەفی پێوەرێکی حاشا هەڵنەگرە بۆ سەلماندنی ئەم دۆگم خوازییەی.

لـێرەوەیـە وا هـەست دەکرێ ئـەو سیـاسـەتـەی سەلـەفـیـیـەت بـۆ سڕیـنـەوەی «ئـەوی تـر» دەیـگـرێـتـەبـەر، زۆرجـار شێوەیـەکـی زەق و زۆپـی لـە جـۆری بـەمـاژیك سڕیـنـەوە و سپـی کردنەوەی ناوەکان و وێنەکان وەخۆ دەگرێت. سەلەفییەت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو دەنگانەی جیا لە، یان دژ بەدەنگی ئەون، شێوەی «بێ دەنگی لێ هێنان» بەکاردێنێ. دیارە ئەم بێدەنگی لێ هێنانە لێرەدا بەمانای ئاسایی «قسە لەسەر نەکردن» نییە، بەڵکو، ئەگەر بمانەوێ ورد قسەی لەسەر بکەین، بەمانای جۆرە قسە لەسەرکردنێکی تایبەتە کە دواجار هیچ دەسکەوتێکی کردەوەیی ئەوتۆ بۆ خوێنەر یان بیسەرەکەی بەدەستەوە نادات. ماژیکی سپـیـی سەلـەفـیـیـەت بـەهـاسـانـی و لـە دووتـوێی وتـارێکـی بـێ دەروەست و لـە قـەوارەی هەڵسەنگاندنێکی نابەرپرسدا، هێڵێکی چەپ و ڕاست بەسەر تەواوی ئەو ڕەخنانەدا دێنێ کە لەپێناوی سازدانی دیالۆگێکی ئەدەبی و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێك گرفتی فیکری لێیان گیراوە[٤]. تەنانەت هەستی سڕینەوە خوازی لە ناخی ئەم ماژیکە سپییەی سەلەفییەتدا ئەوەندە تیژ و بەبڕشتە کە پاش ئەوەی بەڕاشکاوی لێی دەگێڕنەوە بۆ سازدانی دیالۆگ، هەر لە پشت مێزی دیالۆگ و بەبەرچاوی جەماوەری دیالۆگ بیست حاشا، لە لێ گێڕانەوەکە دەکات، و ئینجا لە پاش هەستان لە پشت مێزی دیالۆگ، هەر لە بنەڕەتەوە حاشا لە

هەبوونی ئەو دیالۆگە دەکات(٥). لێرەدا پرسیاری گرینگ ئەمەیە سەلەفییەت چ پێویستێکی بەوە هەیە کە حاشا لە بوونی ئەو ڕاستییە بکات کە هەیە؟! بۆچی سەلەفییەت دان بەوە دانانیٚ کە لە شوێنێك دانیشتووە کە شوێنی دیالۆگ بووە؟! ئەوەی ڕاستی بێت سەلەفییەت هەر لە سەرەتاوە بەحاشاکردن لە یەکەم هەقیقەت دەیەویٚ بەشێوەیەك بەرد بخاتە سەر ڕێگای پرسیارکردن لە هەقیقەتەکانی دوایی. سەلەفییەت کاتێك بەردی بناغەی نوێخوازی، بەبەردێکی بەرد نازانیٚ، چ پێویست دەکات لێی بپرسن کامانەن پێناسەکانی تۆ بۆ نوێخوازی؟! کوانێن هەوڵەکانی تۆ بۆ نوێخوازی؟! چین ئەو بەرنامانەی تۆ بۆ بزاڤی نوێخوازی داتڕشتوون؟! سەلەفییەت حاشا لە بوونی دیالۆگ دەکات تا دواجار لێی نەپرسن کام دەنگ، دەنگی تۆ بوو لەم دیالۆگەدا؟ کام ڕا، ڕای تۆ بوو لە نێو باسەکانی ئەم دیالۆگەدا؟! کەوایە سەلەفییەت لە خودی نوێخوازی و دیالۆگ ناترسێت، وەك چۆن زۆرجار خۆی بەتاقە دەمڕاستی ئەم بزاڤانەش دەزانیٚ، ئەوەی سەلەفییەت لێی دەترسیٚ ئاکامەکانی نوێخوازی و دیالۆگن، ئەو ماندوێتییانەیە کە دەشێت بەنوێخوازی و دیالۆگەوە بیانکێشیٚ. سەلەفییەت گومانی تێدا نییە نوێخوازی پەسند دەکات، دیالۆگیش دەسەلمێنیٚ، بەڵام هەر ئەوەندەی بەقسە و لەسەر زاران بیدرکێنیٚ، کەچی لە ڕەفتار و نووسین و باوەڕیدا نوێخوازی شەرمەزار دەکات، و نوێخوازان بەمەنتقی «مەلای خەتیٚ» بە نانەتەوەخواز لە قەڵەم دەدات. سەلەفییەت لەو شوێنەی کە دەشێت بەمەنتقی ئەدەب دیاردەکان هەڵبسەنگێنێت بەردەنگەکانی دەسڕێتەوە و لەو جێیەش کە بەپێوەری سیاسەتە داوەریی خۆی ئاڕاستە دەکات نوێخوازان دژی موقەددەساتی نەتەوە دێنێتە ئەژمار. بەڕاستی سەلەفییەتی کوردی غەیرەز سیاسەتی سڕینەوە و شەرمەزارکردن و... لە مەیدانی فیکر و نووسیندا چی بەدەستەوەیە؟! ڕمبۆ دەڵیٚ: «من ئەوی ترە»، ئایا ئەو سەلەفییەتەی تەنیا لەسەر«من»ی پیرۆزی خۆی پیٚ دادەگریٚ، خۆی بەچەقی خانەی هەرچی هەقیقەتە دەزانیٚ دەتوانیٚ «ئەوی تر» بێت؟!

بێگومان ئەو بەرەیەی ئێستا لە کوردستانی ئێران سەری هەڵداوە و هەوڵی نوێخوازییەتی، لافی ئەوە لیٚ نادا، بەردی بناغەی دیالۆگ و مۆدیرنیزم و فرە دەنگی و... داناوە، بەڵام کەڵکەڵەی ئەوەی هەیە خۆی لە نیشتیمانی ئەم چەمکە مۆدێرنانەی جیهانی فیکر و ئەدەب و فەلسەفە نزیك بکاتەوە. ئەم بەرەیە ئەوەندە کورتبین نییە گەڕیانی سەلەفییەت تەنیا لە چەند قەڵەمی تایبەتدا چڕ بکاتەوە. بەهیچ کلۆجێکیش پێی وانییە ئەم چەند قەڵەمە و دەیان قەڵەمی دیار و نادیاری دیکە، بەحوکمی ئەزەلی و ئەبەدی هەتاسەر

سەلـەفـی دەمـێنـنـەوە. ڕووی قـەڵـەمـی بـەرەی نـوێـخـواز لـە فـیـکـر و ئـەنـدێشە و شێوەی بیرکردنەوەیە، نەك قەڵەم و قەڵافەتێکی تایبەت و تاکەکەسی. تەنانەت بەرەی نوێخواز ناتوانێت خۆی لەم ڕاستییە بدزێتەوە کە لە نەست و ناخود ئاگای هەر نوێخوازێکیشدا لەوانەیە شێوە ڕۆحییەتێکی سەلەفییانە بەدی بکرێت کە یەکەمین و گرینگترین ڕەخنەکان دەشێت ڕووی لە خودی ئەم بەشە لە وجوودی نوێخوازبێت. ئێمە ناتوانین دوا هەقیقەت بەموڵکی خۆمان بزانین، تەنیا بەو هۆیە ساکارەی کە دوا هەقیقەتێك لە ئارادا نییە، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی ناتوانین بەبێ هیچ هەقیقەتێکیش، ژیانێکی مرۆڤانە بژین، پێویستە بەردەوام بۆ دۆزینەوەی هەقیقەتەکان هەوڵ بدەین. بەرەی نوێخواز هەمیشە ئامادەی دیالۆگە، دیالۆگیش هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی سیاسەتی سڕینەوەی «ئەوی تر»، تەقالایەکە بۆ داواکردن لە هەرچەشنە فیکرێك بۆ دوان لە کەڵکەڵەکانی خۆی. بەرەی نوێخواز پێی وایە هەمیشە بەشێك لە هەقیقەت لەبەردەستی بەردەنگەکەیەتی، و چی لەوە گرینگتر بەو بەشە لە هەقیقەت بگەین کە نیمانە؟!

«هەر ڕاڤە و شیکردنەوەیەك کە تی دەکۆشێ کێشەی تێگەیشتن بەرەو پێش ببات، دەشێت پێشتر، لەوشتەی کە دەبێت ڕاڤە بکرێت و شی بکرێتەوە تێ گەیشتبێت.»

هایدگێر

خاکە لێوەی ٨٣ – ٢٠٠٤

## زمان و كولتوور

## وه‌ڕه‌نگدانه‌وه‌یان له‌سه‌ر چه‌مكی «پیاوسالاری» له‌ كۆمه‌ڵگای كوردیدا

زمان له‌سه‌رده‌می ئێمه‌ و به‌تایبه‌ت له‌م هه‌زاره‌ی سێیه‌مه‌دا، نه‌ك هه‌ر گرنگترین كه‌ره‌سه‌ی په‌یوه‌ندیی نێوان مرۆڤه‌كان و كولتووره‌كانه‌، وه‌ك چۆن به‌درێژاییی مێژووی ئاخافتن و نووسین تاڕاده‌یه‌ك هه‌روابووه‌، به‌ڵكو له‌به‌رچاوترین و پڕبایه‌خترین بابه‌تی تێڕامانی فه‌لسه‌فی و فیكریشه‌. زمان له‌و سه‌روبه‌نده‌وه‌ كه‌ هاته‌ نێو ڕیزی ئه‌و بابه‌تانه‌وه‌ كه‌ ده‌شێ له‌ هه‌موو ده‌لاقه‌یه‌كه‌وه‌ لێیان بڕوانرێ و له‌ هه‌موو لایه‌نێكه‌وه‌ شی بكرێنه‌وه‌، فه‌لسه‌فه‌ی تایبه‌ت به‌خۆی په‌یداكرد و به‌هه‌مان ڕێژه‌ش كولتووری تایبه‌ت به‌خۆی به‌رهه‌م هێنا. به‌وته‌یه‌كی تر زمان ته‌نیا بریتییه‌ نییه‌ له‌و وشانه‌ی كه‌ له‌ هه‌مبانه‌دان، یان ئه‌و ڕستانه‌ی كه‌ جیهانی هزر و هه‌ستی ئاخێوه‌رانی ده‌رده‌بڕن، به‌ڵكو هه‌روه‌تر بریتیشه‌ له‌و كولتوور و فه‌رهه‌نگه‌ی كه‌ سروشت و كاركردنی ئه‌و زمانه‌ شانبه‌شان و وێڕای وشه‌ و ڕسته‌ و چه‌مك و واتاكانی، به‌رهه‌می دێنێ. كه‌واته‌ زمان و كولتوور له‌ په‌یوه‌ندییه‌كی دانوستان ئامێزی به‌رده‌وام دان و هیچ زمانێك به‌دی ناكرێ كه‌ ڕه‌نگ و بۆنی كولتووری نه‌ته‌وه‌كه‌ی نه‌دات و كولتووریش له‌ دنیادا نییه‌ كه‌ تاو و ته‌ئسیری زمانی نه‌ته‌وه‌كه‌ی له‌سه‌رنه‌بێ. بۆ وێنه‌ له‌ كۆمه‌ڵگای نێرینه‌ سالاریدا ده‌سه‌ڵاتی نێرینه‌ و هه‌ڤانه‌تی داسه‌پاوی ئه‌م ده‌سه‌ڵاته‌، ده‌بێته‌ ئه‌سڵێكی حاشا هه‌ڵنه‌گری كولتووری؟ و دواجار ده‌ركه‌وته‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كه‌یدا له‌؟ زمانی ئینگلیزیدا Man هه‌م به‌واتای «پیاو» دێت و هه‌میش به‌مانای «مرۆڤ»، كه‌چی Woman له‌ نێو ئه‌م سیستمه‌ زمانییه‌ و له‌ كه‌شوهه‌وای ئه‌م كولتووره‌ نێرینه‌ سالاره‌دا، ته‌نیا هه‌ڵگری واتای «ژن»ه‌و مافی «مرۆڤ» بوونی پێ نادرێ. یان دیسان بۆ نموونه‌ له‌ زمانی كوردیدا «خێزان» له‌ ده‌سته‌واژه‌ی «خاو و خێزان»دا له‌ بنه‌ڕه‌تدا به‌واتای «ڕۆڵه‌ی خێو»ه‌ واته‌ «خێوزا» كه‌ ده‌بێته‌ ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ له‌ «خاو» یان هه‌مان «خێو» (خودا) زاوه‌ و هه‌ربۆیه‌ ده‌كه‌وێته‌ ژێر ده‌سه‌ڵاتی «خێو»ه‌وه‌. بۆیه‌ له‌م كولتووره‌ نێرینه‌ ته‌وه‌ره‌دا «پیاو» خێوه‌ و «ژن» خێزان، پیاو بڕیارده‌ره‌ و ژن بڕیار وه‌رگر.

ئەم نموونانە پیشاندەری ئەم ڕاستییەن کە زمان و کولتوور ڕەنگدانەوەی دۆخی یەکتر و ئـاوێنـەی بـاڵانـوێنـی ڕاستـی و نـاڕاستـیـیـەکـانـی یـەکـتـرن. کـولـتـووری دواکـەوتـە و ناشارستانی و تژی لە قەیرانی ڕۆحی و هزری، زمانێکی کەم دەسەڵات و کەم واتا و لەڕ و لاواز لە باری دەرەتانی داهێنانی چەمکی نوێ و مانای تازەوە، بەرهەم دێنێ و بەهەمان ڕێژەش زمانی سەقەت و کەم جیکڵدان و ڕەشوڕووت لە باری جوانی و هزر و هەستەوە کولتوورێکی دوور لە ژیار و بێ بەری لە گەشە و نەشەی کۆمەڵایەتی دەخاتەوە. بۆ وێنە ئەو کولتوورەی هێزی وەگەڕخستنی کۆمەڵگای خۆی، بێ سێ و دوو و سەرلەبەر لە ماتۆڕی «دین» وەردەگرێ، زمانی ئاخێوەرانی خۆی لەو بازنەیەدا پاوان دەکا کە بازنەی ئەمنییەتیی ئەو داینا بێت. بەوتەیەکی تر کولتووری لەم چەشنە زمانێك بەرهەم دێنێ کە سنووری دین نەبەزێنێ، هەربۆیە ئەو گۆڕانکاری و تازەگەری و گەشە و نەشە هزری و کۆمەڵایەتی و...یانەی کە لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدابن، بەحەرام و تابوو لە قەڵەم دەدرێن و زمان لەم چەشنە کولتوورەدا مافی ئەوەی پێ نادرێ ئامێز بۆ ئەم دەڤەرە تازانە بکاتەوە. بۆ نموونە لە دەقە دینییە پیرۆزەکان و لە بەسەرهاتی نێوان ئادەم و حەوادا حەوا کە جنسی مێیە فریوکار و تاوانبارە و ئادەم کە نێرە فریوخواردە و تاوان لێ کراوە. ئەم ڕووداوە زمانییە، بەو پێیەی کە ئێمە ئەم بەسەرهاتە وەك دەق هەستی پێ دەکەین، نەك وەك ڕووداوێکی بەرهەستی مێژوویی، بەرهەمهێنی مێژوویەکی دوور و درێژ لەو کولتوورە بووە کە پیاو پێی وابێت لەم نموونە ئەزەلییە بەدواوە ئیتر فەسی شەیتان و هەناسەی هێزی وەسوەسەکەری شەیتانی بەبەرڕۆحی ژناندا کراوە و تەنانەت لە دەرکەوتە ئەفسانەیی و ئەدەبییەکانی ئەم کولتوورەدا، جادووبازان کە هەڵگری جۆرە هێزێکی شەیتانین زۆربەیان پیرێژنانی دزێو و ناشیرینن کە ڕقی کوڕە شازادەیەکی چەلەنگ و بێ تاوان لە دڵ ڕادەگرن و دەیرفێنن و بێ سەر و شوێنی دەکەن و ...یان بۆ وێنە بڕواننە وشەی«مەکر»ی عارەبی کە ئاوەڵناوی «ژن»ی کوردییە و لە ڕستەیەکی نێرینە کردی لە چەشنی «لە غەزەبی خودا و مەکری ژن بترسە»دا خویادەبێ کە ئەگەر لە ناخودئاگا و توێژی ژێرەوەی ئەم ڕستەیە وردبینەوە دەبینین غەزەب کە لە توانای نێرینەیی خودا دایە لە هەمبەر مەکر کە تایبەتمەندیی مێینەیی ژنە دانراوە.

خاڵی جێگای سەرنج لەوەدایە کە ئەو کولتوورەی مەند و نەگۆڕ بمێنێتەوە و تەنیا پشت بەمیراتی ڕابردووانی خۆی ببەستێ و هەوڵ بۆ نۆژەنکردنەوە و داهێنان نەدات، دواجار ناڕاستەوخۆ زمانی ئاخێورانی خۆیشی بەشکڵ و شێوەی خۆی دەهێڵێتەوە و ڕێگای

گۆڕانکـاریـی بـنـەڕەتـی و بـەکـەڵـکـی لـێ دەگـرێ. کـولـتـووری کـۆمـەڵگـای کـوردی کـە تـا ساتەوەختی ئێستاش کولتوورێکی فرەتر عەشیرەتی و ئایین پەروەر و گوندنشینانە بووە لە بەرامبەر داهێنانی زمانێکی نووژەن کە وێڕای ئەوەی خۆماڵی و ڕەسەن بێت، دەشێ شارستـانـی و هـاوسەردەمـانـە و مـۆدێرنـیش بـێت، دۆش دامـاوە. ئـەم دۆشدامـاوی و دەستەوەستانییەی زمانی کوردی کە نیشانەی بێ دەسەڵاتی و بێ دەرەتانی ئاخێوەرانێتی، وزەی داهێنانی چەمکە نوێیەکانی کولتووریشی شکاندووە، و هەربۆیە دەبینین کۆمەڵگای ئێمە لە دەست کۆمەڵێك قەیرانی کولتووری وە زاڵە هاتووە، کە ئەگەر گوتارێکی زمانیی نوێ لە ئارادابووایە ڕەنگە ئەم قەیرانانەش کەموزۆر چارەسەر کرابایەن و هێندە تەنگ پێ هەڵچن نەبووایەن. بۆ نموونە بڕواننە چەمکی «باوك» کە لە کولتووری کۆمەڵگای کوردیدا پیرۆز بوونی خۆی نەك هەر تەنیا لە سۆنگەی نێرینە بوونی وە دەست دێنێ، بەڵکو لەو سەرەشەوە دەستەبەری دەکات کە ئاماژەیەکی ئاینیی تێدایە و ئاخێزگە واتاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی «خودا» کە دەزانین لە دەقەدینییەکاندا ڕاناوی سێیەم کەسی تاکی نێری بۆ بەکاردەبرێ– لە عەرەبیدا «هو» لە ئینگلی زیدا He – لە کوردیشدا دەزانین هەرچی ناوەڵناوی خودایە دەبێتە ناوی پیاو وەك «کەریم»، «ڕەحمان»، «قادر» «جەمیل»– ، ئەم «باوك»ە لە کۆمەڵگای ئێمەدا و لە ژیانی ڕۆژانە و لە نێو هەڵسوکەوتی ئەندامانی تەنانەت بنەماڵەکانیشدا، تابوویەکی نەگۆڕە و ڕەخنەگرتن لە باوك، پێشێلکردنی ئەو یاسا نەنووسراوە دەروونییەیە کە پێمان دەڵێ بوونی ئێمە لە سایەسەری بوونی باوکەوەیە. تەنانەت حیزبی کوردی کە هێزێکی جیهانی مۆدێرنە، کە دەشێ کاروباری کۆمەڵگا لە ڕێگـەی دەسەڵاتـی سیـاسیـەوە بـەڕێوە بـبـات، زۆرجـار، ئـاگـادارانـە و نـائـاگـادارانـە، بـەبیـانووگـەلی وەك زیندووڕاگرتنی مێژووی نەتەوە، یـادی گـەورەی پیـاوانی نیشتمان، وریاکردنەوەی نەوەی نوێ و... پیرۆزیی باوکەکانمان بەچاودادەدەنەوە و لەم ڕێگایەوە کولتووری باوك سالاری دەبووژێننەوە و بەرد دەخەنە سەرڕێی نەوەی نوێ کە پرسیاری بنەڕەتی و باسی ڕەخنەگرانە ڕووبەڕووی چەمکی «باوك» بکەنەوە. دیارە ئەم گوتەیە هیچ کـات بـەمـانـای فـڕێدانـی ڕێزی بـاوك و لـە بیرکردنـەوەی مـاندوویـەتیـیـەکـانـی بـاوك و لـەبـەرچـاونـەگرتـنـی دۆخـی تـایبـەتـی ژیـانـی بـاوك نـییـە، بـەڵام ئـەو بـاوکـەش کـە ڕێگـای ڕەخنەگرتن و گومان کردن بەڕۆڵەکانی نەدات دیارە بەنیازە لە پیرۆزێتیی دەسکردی خۆی کـەڵـکـی نـابـەجـێ وەربـگـرێـت و «بـاوکـێتـی» بـکـات بـەئـامـرازی «دەسـەڵاتـێکـی ڕەهـا و بـێ دەروەست و نـابـەرپـرس». هـەر بـۆیـە ئـەگـەر گـوتـارێکـی زمـانـیـی نـوێ چـەمـکـی «بـاوك»

بەپێناسەیەکی تازە و ناپیرۆزەوە دابڕێژێتەوە و لە بابەتێکی نەگۆڕ و ڕەها و ئاسمانییەوە بیکاتە سووژەیەکی بگۆڕ و ڕێژەیی و زەمینی، ئەوا بێگومان کولتووری کۆمەڵگاش لە هەمبەر ئەم چەمکەدا وەرسووڕانی گەورە و پڕ دەسکەوت بەخۆوە دەبینێ. بۆ نموونە ئەگەر ئەم ڕاستییە قبووڵ بکەین کە خۆ سووتاندنی زۆربەی دایك و خوشك و ژنانی کورد لە سۆنگەی ئەو دەسەڵاتە باوکانەیەی باوك و برا و مێردی کوردە و ئەمەش وەك قەیرانێکی کولتووریی کۆمەڵگای کوردی لەبەرچاوبگرین، ناکرێ حاشا لەوەبکرێ کە هێنانەئارای گوتارێکی زمانیی دژەباوکانە بۆی هەیە لە چارەسەرکردنی کەموزۆری ئەم قەیرانەدا، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، شوێنی کاریگەر و بەکەڵکی هەبێت. وێدەچێ نموونەی دیاری گوتارسازییەکی لەم چەشنە لە هەندێ دەقی چیرۆك و ڕۆمانی کوردیدا ببنین، وەك کەسایەتی «دالیا سیراجەدین» لە ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان»ی بەختیار عەلی–دا کە ئەوەی ڕاستی بێت دژی هەر چەشنە بیرۆکەیەکی باوك سالارانە دەجوولێتەوە و هیچ هەڵسوکەوتێکی ڕەچاوکەری یاسا و ڕێساکانی باوکە کولتووری سیاسییەکانی کوردی نییە. بەڵام کارەساتی کۆمەڵگای کوردی لەمەدایە کە هەندێ هێزی گوتارچێکەری کۆنەپارێز لەسەردەستی زمانێکی پەتی و سفتۆسۆڵی ئەدیبانە دژی هەرچەشنە گۆڕانێکی ڕادیکاڵی کولتووری ڕادەپەڕن و بەرژەوەندی باوکانەی خۆیان بەهەقیقەتی ئینسانی کەس ناگۆڕنەوە. بۆ وێنە لە کتێبی بیرەوەریی ئاوێنەشکاوی مامۆستا خالید حیسامیدا، ئەوکاتەی نووسەر باسی ژنەکەی دەکات کە لە نەخۆشخانە کەوتووە، تەنانەت بەناوی (خێزان)یش باسی ژنەکەی ناکات، بەڵکو بەردەوام و پەیتا پەیتا ئاوەڵناوی «نەخۆشەکە»ی بۆ بەکاردێنێ، وەك بڵێی خوازەیەك بێت بۆ زاتی ژن، و بوونی نەك هەر ژنی نووسەری باسکراو بەڵکو بەگشتی ژنی کورد.

کولتوور و زمان لە پەیوەندییەکی دانوستان ئامێزی بەردەوام و بگۆڕدان. گەشەسەندنی هەر لایەنێك لەم پەیوەندییە بەواتای گەشەسەندنی ئەو کۆمەڵگایەی کە پێویستی هەمیشەیی بەم دوو دیاردە گرینگەی ژیانی مرۆڤ هەیە. وەکی هەر کۆمەڵگایەك کۆمەڵگای کوردیش پێویستی بەپێداچوونەوەی بەردەوام بەسەر کولتوور و زمانی خۆیدا هەیە. ئەگەر مێری ئان ئۆنز، ژنە ڕۆمان نووسی بەریتانیایی سەدەی نۆزدە، کە وای پێ باش بوو بۆ ئەوەی دەرفەتی چاپ بوون و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکانی لە کیس نەچێ لە ناوێکی نێرینە، جۆرج ئیلیۆت، کەڵك وەربگرێ، ئیمڕۆ لە سەدەی بیست و یەکەمدا و هەر لە وڵاتی خۆی بژیایە، بەشانازییەوە ناوی ئەسڵیی خۆی لەسەر کتێبەکانی دەنووسی، چونکە

لەم وڵاتەدا دوای تەنیا یەك سەدە زمان و کولتوور گۆڕاون و ژنی ڕۆمان نووس پێی وانییە کە سەرکەوتنی وەك نووسەر، لە گرەوی ئەوەدابێ کە حاشا لە شوناسی ژنانەی خۆی بکات و ملکەچی ڕێسای نێرینە سالاران بێت.

گەلاڕێزانی ٨٥

نوامبری ٢٠٠٦

# له سه‌مای ڕه‌نگه‌كانه‌وه‌ تا كۆتایی جه‌نگ

ڕوانینێك بۆ چوار كورته‌ فیلمی  ڕه‌حیم زه‌بیحی

**١- سه‌مای ڕه‌نگه‌كان**

سه‌مای ڕه‌نگه‌كان، فیلمێكه‌ بۆ ڕابواردن به‌چه‌مكی «شه‌ڕی گه‌وره‌كان»، ڕابواردن له‌سه‌ر ده‌ستی په‌ڕه‌مووچی ده‌ستی منالآنی دوای شه‌ڕ. ئه‌م فیلمه‌ له‌ ده‌نگی دنیای شه‌ڕه‌وه‌ ده‌س پێ ده‌كات و به‌ڕه‌نگی جیهانی ئاشتییه‌وه‌ كۆتایی پێ دێت. ئه‌و جیهانه‌ی منالّ به‌دوایدا ڕاده‌كات و به‌شه‌ پاره‌كه‌ی خۆی بۆ ته‌رخان ده‌كات و به‌تامه‌زرۆییه‌وه‌ تێكه‌ڵی ده‌بێت، جیهانی ڕه‌نگه‌كان و وێنه‌كان و كایه‌كانه‌، جیهانێك كه‌ تێیدا كوشنده‌ترین كه‌ره‌سه‌ی مرۆڤكوژی ده‌بێته‌ دیلانه‌ و هێلانه‌ی منالآن. لووله‌ی تۆپی تانك كه‌ تا ئێستا ڕووی له‌ نه‌یارانی ساخته‌ی ده‌ستی ئایدۆلۆژیاكان و ده‌سه‌لآته‌كان بووه‌، له‌ سه‌مای ڕه‌نگه‌كاندا ده‌بێته‌ هاوڕێی منالآن، و ڕۆحی ئاشتی و ته‌بایی به‌ردا ده‌كرێ. سه‌مای ڕه‌نگه‌كان»ی زه‌بیحی ده‌خوازێ منالآنی جیهان به‌گشتی و منالآنی كورد به‌تایبه‌تی نه‌ك هه‌ر ڕووی شه‌ڕ نه‌بینن و ده‌سته‌ملانی دێوه‌زمه‌ و مۆته‌كه‌ی جه‌نگ نه‌بن، به‌ڵكو ته‌نانه‌ت ده‌سبه‌رداری كۆكردنه‌وه‌ی قاپووره‌ گولله‌ی تانك و تفه‌نگ بن و بڕۆن ئه‌و جیهانه‌ خۆڵه‌مڕه‌یه‌ی شه‌ڕ به‌سه‌مای ڕه‌نگه‌كان بڕازێننه‌وه‌. جا چ باشتر كه‌ بۆ سڕینه‌وه‌ی ئاسه‌واری شه‌ڕ و ماڵوێرانی و ئاواره‌یی ئه‌و سه‌مایه‌ له‌سه‌ر دڵی ئامرازه‌كانی شه‌ڕ- واته‌ تانك- بكه‌ن و ڕه‌نگه‌كانیان له‌سه‌ر لاشه‌ی ئه‌وان بنه‌خشێنن. تێكفڕینی منالّ ته‌نانه‌ت ناخوازێ له‌شی تانك بریندار بێت، به‌ڵكو ده‌یه‌وێ تانك بكریته‌ دیلانه‌ و كایه‌ی پێ بكرێ، یاخود ببێته‌ تابلۆ و وێنه‌ی له‌سه‌ر بكێشرێته‌وه‌.

«سه‌مای ڕه‌نگه‌كان» ڕابواردنه‌ به‌چه‌مكی شه‌ڕ، وه‌ درۆخستنه‌وه‌ی ئه‌و پیرۆزییه‌یه‌ كه‌ گه‌وره‌كان به‌چه‌مكی شه‌ڕی ده‌به‌خشن، له‌ هه‌رادانی ئه‌و فرتوفێڵآنه‌یه‌ كه‌ به‌ناوی شه‌ڕه‌وه‌ ده‌كرێن، ئه‌وانه‌ش هه‌موو به‌زمانی ڕه‌نگ و گۆرانی و وێنه‌ی منالآنه‌وه‌ گوتراون و چ زمانێك گۆیاتر و ڕاستتر و  به‌برِشتتر له‌م زمانه‌؟

## ٢- ساتە مەزادکراوەکان

هەرچەند وێ دەچێ حەرەکەتی کامێرای ئەم کورتە فیلمە لە هەندێ شوێن چاوی لە دەستی کامێرانی فیلمی «ساتێك بۆ مەستیی ئەسپەکان»ی بەهمەنی قوبادی بووە، بەڵام دواجار ئەم فیلمە ڕێگای خۆی تەواو جیادەکاتەوە و ڕاستەوخۆ لەسەر کێشە و گێچەڵەکانی مرۆڤە سنوورنشین و سنوور بەزێنەکانی کوردستان لەنگەر دەگرێ و زەقیان دەکاتەوە. بەوتەیەکی تر «ساتە مەزاد کراوەکان» سنوور تەنیا بۆ نیشاندانی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو وڵات چاو لێ ناکات، بەڵکو وەك مەیدانی شەڕ و گۆڕەپانی پێکدادانی مرۆڤی قاچاغچی و چەکداری دەسەڵات لێی دەڕوانێ. کۆڵکێش لە ڕێگای سنوورەوە دەیەوێ بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات، کەچی چەکدار لەسەر سنوور دەخوازێ ئەرکی نیزامیی خۆی بەجێ بێنێ و گیانی دەسەڵاتەکەی بپارێزێ.

ڕاستە ناوی ئەم فیلمە لەسەر هەڕاج کردن و هەرزان فرۆشکردنی ساتەکانی ژیانی (سمایل)ەکان پێ دادەگرێ، بەڵام با لەبیرمان نەچێت «سمایل» کێشەی «شوێن»یشی هەیە. شەڕی «سمایلە شەل» شەڕی بەزاندنی سنوورە، نەك لەپێناوی پێشێلکردنی یاسا، بەڵکو لەبەر دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی. لێرەوە سمایل ناچارە دواجار لەبەرئەوەی چیتر ناتوانێ سنوور—واتە شوێن— ببەزێنێ ساتەکانی ژیانی خۆی هەڕاج و هەرزانفرۆش بکات. ئەو مرۆڤەی شوێنێکی نەبێ تێیدا کاربکات، کاتێکیشی نابێت تێیدا وەحەسێ.

سمایل شەش مانگی ژیانی خۆی بەپارە دەفرۆشێ و بۆ پارە دەفرۆشێ، بەڵام ئەم شەش مانگە تەنیا شەش مانگ کات و ساتی ژیانی سمایل نییە، بەڵکو هەڕاجکردنی شەش مانگیشە لە شەرەف و مرۆڤایەتی و ویژدانی ئینسانیی سمایل. دیارە سمایل بۆی هەیە دەیان شەش مانگی دیکەش لەمجۆرە لە ژیان و شەرافەتی ئینسانیی خۆی بفرۆشێ و لە هەمان کاتیشدا وەك تاوانبار ڕەوانەی بەندیخانە بکرێت. لێرەوە دەبینین بەندیخانە لەم فیلمەدا چیتر شوێنێك نییە بۆ گرتنی پیاوکوژان و جەردەکان، بەڵکو شوێنێکە بۆ فرۆشتنی ساتەکانی ژیانی مرۆڤێك کە ئیتر مانەوەی لە ژیانی ئاسایی بایی چارەسەرکردنی نەخۆشیی خێزانەکەی نابێت. زیندان بۆ سمایل شەریکەیەکە بۆ پەیداکردنی پارە، شوێنێکە بۆ بەردەوام بوون لەسەر ژیان. سمایل دەخوازێت بژی، بۆیە بەناچار ڕوو دەکاتە شوێنێك کە لەوێدا ژیان بێ بەهاترینی شتەکانە. لەم فیلمەدا کڕینەوەی ژیانێك بەقیمەتی دۆڕاندنی ژیانێکی تەواو دەبێت. بۆیە لەم فیلمەدا تەنانەت «فیداکاری»ش ماناکەی دەگۆڕێ،

فیداکاری یانی دەسهەڵگرتن لە ڕۆحی مرۆڤایەتی– کە ژیانێکی سەربەستانە و بەئازادی بێت– لەپێناوی ساغکردنەوەی لەشی مرۆڤێك. ئایا دواجار پێمان وابێت لەم فیلمەدا «ژیان»یش گۆڕاوە؟

**٣- هاوار**

حیکایەتی پیاو سالاری و چیرۆکی دەسەڵاتی نێرینە چ مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەم وڵاتەی ئێمەدا. بەدرێژاییی ئەم مێژوویەش چەوساندنەوەی ژن و ژن کوژی، چەند بەسەرهاتێکی تفت و تاڵە، لەم دەڤەرەی ئێمەدا. هەر کە تۆزێك لە زاراوەی «ژن بەژنێ» وردبینەوە، دەزانین پیاوی کورد چەند بەچاوی سووکەوە سەیری ژنی کردووە. ژن لەم زاراوەیەدا ڕێك حوکمی ئەو کاڵایەی هەیە کە لە بری کاڵایەکی تردا دەستا و دەستی پێ دەکرێ. ئەو کەسەش کە ئەم مامەڵەیە دەکات و سەوداکەی سەر دەگرێ پیاوە. پیاو لەو دیوی ئەم زاراوەیە بکەرێکی ئامادەیە، ئامادە بۆ هەڵبژاردن، خوازتن و گۆڕینەوە و لەم فیلمەدا، کوشتن.

لە کونی کامێرای زەبیحییەوە گۆشەیەك لە حیکایەتی ژن کوژیی پیاو سالارانی کورد دەبینین. «هاوار» تەنیا هاواری ئەو ژنە نییە کە لە ڕێگای نامەوە بەگوێی دادوەرانی ڕەسمیی دەگەیەنێ، تەنیا هاواری ئەو پیرێژنە نییە کە لەتاو ئازاری کچەکەی ڕادەکات هەتا فریای نامەرەسان (پۆستەچی)یەك بکەوێت، تەنیا هاواری ئەو خوشکە نییە کە عالەم لە بێدادی براکەی ئاگادار بکاتەوە، بەڵکو هاواری ئەو تێفکرینەشە کە دەڵێ، کوشتنی ژن کوشتنی ژیانیشە، وشك کردنی کانیاوی ژن، وشك کردنی کانیاوی ژیانیشە، هاواری ئەو ئەندێشەیەشە کە دەڵێ کۆمەڵگای بەختەوەر ئەو کۆمەڵگایەیە کە ژنی بەختەوەری تیایە، کۆمەڵگای سپی بەخت، ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەختی ژنانی سپی بێت.

فیلمی «هاوار» ئەم قسانەمان لە دووتوێی کورتە چیرۆکێکی ژیانی چوارگەنجی کوردا پێ دەڵێ. چوار گەنج کە لەسەر حسێبی «بەخت» و «نێوچاوان» بناغەی ژیان دادەمەزرێنن و لەسەر حسێبی «گومان» و «وەهم»یش بناغەی ژیانیان تێك دەتەپێ. کوشتنی ژن لە «هاوار»دا بەتاوانی خیانەتێك نییە کە کرابێت یاخود سەلمابێت، بەڵکو بەتاوانی وەهمی خیانەتە کە لە زەینی پیاوەکاندا چەکەرەی کردووە.

لەم فیلمەدا وەك چۆن لە دیمەنێکی کورتدا گیانی مریشکێك بەسانایی دەستێندرێت، ئاوا گیانی ژنێکیش تەنیا لە سۆنگەی وەهمێکی پڕ و پووچەوە دەکێشرێ. ژن لە فیلمی

«هاوار»دا نەك هەر دەبێتە هێمای مەزڵوومی و بێ تاوانی، بەڵكو دواجار خۆی دەبێتە هاوارێك كە دەشێت ببیسترێت، هاوارێك كە دەشێت بەهانایەوە بچین. ئەو تفەی كە ژنی «هاوار» لە نێوچاوانی پیاوی تەور بەدەستی دەكات تفێكە لە نێوچاوانی مێژووی پیاوسالاری و دەستەڵاتی نێرینە دەكرێ، هەرچەند تا ساتەوەختی هەنووكە پیاوی كورد بەتەوری دەستی جوابی ئەو تفەی داوەتەوە، بەڵام زەبیحی دەیەوێ پێمان بڵێ تا پیاو سالاری و ڕێگاكانی گەیشتن بەپیاو سالاری– لەم فیلمەدا ژن بەژنیێ– بەلەعنەت نەكرێن ژن كوژی هەروا بەشێكی نگریسی كولتووری كۆمەڵگای كوردییە.

«هاوار» ڕەخنەیەكی توند و بی ڕەحمانە و لە هەمان كاتدا پێویستە لە كولتووری پیاو سالاریی كۆمەڵگای كوردی. بەڵام خاڵێك كە سەرنجی بینەری ئەم فیلمە بۆ لای خۆی ڕادەكێشێ، هەوڵی زەبیحییە بۆ نیشاندانی هەندێك لەو هۆیانەی كە دەماری پیاوسالاری گرژتر دەكەن، وەك دۆخی ئابووریی ژیانی مرۆڤەكان، ئاستی زانیاری و تێگەیشتوویی تاكەكانی نێو كۆمەڵگا و... كە ئەم هۆكارانە دەبنە ئاگر خۆشكەری شەڕی پیاوسالاران. بۆ نموونە لە كاتی كوشتنی ژنی (هاوار)دا، جگە لەو وەهمەی كە پێشتر ئاماژەی پێ كرا، پیاوە ژن كوژەكە بەردەوام دووپاتی دەكاتەوە كە جگە لە خێزانەكەی كەسی تری پێ بەخێونەكردرێ. واتە لێرەدا دۆخی نالەبار و نەگونجاو و نائاسایی ئابووریش كار دەكاتەسەر ئەم كێشەیە. بۆیە هاوار لەم سەرەوە ڕەخنە لەو ناوەندی دەسەڵاتانەش دەگرێ كە مرۆڤەكان لە باری ئابوورییەوە داماو و دواكەوتوو ڕادەگرن. بەوتەیەكی تر «هاوار» دەربڕی ئەو ڕاستییەشە كە گرفتە ئابوورییەكان كێشەی كۆمەڵایەتی ساز دەكەن و «هاوار» نموونەیەكێتی. «هاوار» حیكایەتی پیاوسالاری دەگێڕێتەوە بەڵام دواجار بەتراژیدیای ژن كوژی كۆتایی پێدێت، یان باشترە بڵێین تراژیدیا ژیان كوژی.

**٤– كۆتاییی جەنگ**

كۆتاییی جەنگ كورتیلە فلیمێكە سەبارەت بەچەمكی «جەنگ» لە زەینی منالاندا. ئاشكرایە جەنگ لە جیهانی گەورەكاندا هەرگیز كۆتاییی پێ نایات، جەنگ بەشێكە لە جیهانی گەورەكان. بەڵام جەنگ لە جیهانی منالاندا بۆ یەكجاری كۆتاییی پێ دێت و ئاشتی جێگەی دەگرێتەوە. هەر بۆیە ئەگەر دەمانەوێ جەنگ كۆتایی پێ بێت دەشێت ببینەوە بەمنال. گۆرانی بڵێین و وێنە بكێشینەوە و بە لوولەی تۆپ و تانكەكان دیلانێ بكەین.

# کۆمەڵگا و کەڵکەڵەی کتێب

بەبۆنەی بەشداریی دەزگای ئاراس لە هەژدەمین پێشانگای نێونەتەوەیی تاران ٥/٣ تا ٢٠٠٥/٥/١٤

کتێب ئەو کاتەی دەگاتە دەستی خوێنەر دوو ڕێگای لەبەرە: یان فەرامۆش دەکرێت و تۆزیّ بیّ کەڵکی لە سەری دەنیشیّ، یان چێژ بەخش و هزر وروژێن و باس هەڵگر دەبیّ و دەکەوێتە سەر زاران. کتێب ئەو کاتەی وەلا بنریّ، بیّ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر مێشك و زەینی بەردەنگانی خۆی جیّ هێشتبێت، ئەوە جاڕی مەرگی خۆی داوە و بۆ هەمیشە بیّ دەنگ و کڕ و کپ دەبیّ، بەڵام ئەوکاتەی هەناوی خوێنەرەکەی دەهەژێنیّ و هزری نوێی پیّ دەبەخشیّ و لە چێژی تێگەیشتنی تازە بیّ بەشی ناکات ئەوە مژگێنیی مانەوەی هەرمانی خۆی دەدات و بۆ هەتاهەتایە دەنگ و داوای بەگوێی خەڵکان دەگات. کتێب ئەو کاتە هەرایەکی ناوەتەوە کە بابەتێکی شایانی بۆ گوتن و گۆڕان بەدەستەوە بێت، کە کتێب بیّ بەری بێت لە بابەتی نۆژەن و گوتە و گوتاری تازە. بیّ بەریش دەبێت لە تەواوی ئەو مەرجانەی کە دەستەبەری هەرمان بوونی دیاردەیەك دەکەن، لێرەدا دیاردەی داهێنانی جیهانی کتێب.

بەڵام داهێنانی کتێبی شایان، پرۆسەیەکە بەبیّ لە ئارادا بوونی کۆمەڵگایەکی وریا و تامەزرۆی خوێندنەوەی کتێب نیوەچڵ و ناتەواو دەمێنیّ. ئەگەر کۆمەڵگا کەڵکەڵەی پێشوازی کردن لە کتێبی نەبێت و خوێندنەوەی کتێب بەئەرك و عەشقێکی ژیانی ڕۆژانەی خۆی نەزانێت، ئەوە داهێنان و ئەفراندنی کتێبی شاز و نویّ دواجار بە بنبەستی بیّ کەڵك کەوتن و بەفیرۆدانی وزەی خوڵقاندن کۆتایی دێت. کۆمەڵگای بیّ کتێب هەر ئەو کۆمەڵگایە نییە کە ناتوانیّ کتێب بەرهەم بێنێت، جا چ لە برسان بێت و چ لە ترسان، بەڵکو ئەو کۆمەڵگایەشە کە دەرەتانی بەرهەمهێنانی کتێبی هەیە، بەڵام کتێب ئاوڕی لیّ نادرێتەوە و ناخوێندرێتەوە و کتێب دەکەوێتە پەراوێزی ژیانەوە و کتێب تەنیا بۆ

وەدەستهێنانی پلەی فێرکاری و لە کاتی تاقیکاریی قوتابخانە و زانکۆکاندا ڕوو دەنوێنێ. دیارە ئەو کۆمەڵگایەی کتێب توورِ هەڵدەدات و بەچاوی سووك دەڕوانێتە، خوێندنەوە دواجار مەعریفە و زانست و هزریش بەگاڵتە وەردەگرێ و ژیان لە چوارچێوەی کۆمەڵێك خورافات و تووڕەهاتی کۆنە پەرستانەی بێ کەڵکدا بەرتەسك دەکاتەوە. گەر کۆمەڵگا هاوڕێی کتێب نەبێت و دەستی کتێب نەگرێت و بۆ کتێب گڕوو نەگرێت و بێ کتێب شپرزە نەنوێنێت، ئەوە بێ گومان ناشتوانێ تۆوی هەست و سۆز و عەقڵانییەت ، هزرخوازی و عەدالەت پەرەستی و میهرەبانی و مرۆڤ ویستی لەنێو دڵ و دەروون و ناخ و نەستی ئەندامانی خۆیدا بوەشێنێت. کتێب ئەو کانیاوە سنگفراوان و دەوڵەمەندەیە کە لەگەڵ وشك کردن و کوێر کردنی سەرچاوەکەی و لەگەڵ پیس کردن و بۆگەن کردنی ئاوەڕۆکەی سەوزایی و تەڕایی و فێنکایی لە کزی دەدەن و ڕەشوڕووتی و وشك و برینگی و سارد و سڕی ڕوو لە وڵات دەکەن. کتێب ڕەنگە کلیلی جادوویی کردنەوەی دەروازەی بەختەوەری و ڕزگاریی هەتا هەتایی نەبێت، بەڵام لانیکەم کەڵکەڵەی تێگەیشتن لە مرۆڤ و پێگەیشتن وەك مرۆڤی تێدا بەدی دێنێ و پێمان دەڵێ، کە گەر عەودالی دۆزینەوەی ڕێگەی بەختەوەری و ڕزگارین دەشێت لە ناسینی خۆمانەوە دەست پێ کەین. ئەو کۆمەڵگایەی کەڵکەڵەی خوێندنەوەی کتێبی لە کەللەدا نەبێت، بەرەو ئاسۆی ڕوون و ترۆپکی ڕزگار بوون ناڕوات. کۆمەڵگای بێ کتێب دواجار تەنانەت داواکانیشی نەك لە ڕێگای ئاشتی و تەباییەوە، بەڵکو لە ڕێگای شەڕ و وێرانکارییەوە دەردەبڕێ. کۆمەڵگای بێ کتێب شارستانییەتێکی بێ کەڵك و مەترسیدار دەخاتەوە، بێ کەڵك بۆ ژیان و مەترسیدار بۆ جیهان. ئەوانەی بێ کتێب هەڵدەکەن دەتوانن بێ ئاوەدانیش هەڵبکەن، بێ خۆشەویستیش هەڵبکەن، بێ ئاشتیش هەڵبکەن. ئەو کۆمەڵگایەی لە کتێب دوور دەکەوێتەوە، لە دەمار گرژی و توندوتیژی نزیك دەبێتەوە. خوێندنەوەی کتێب ڕاهاتنە بەخووخدەی ئارامی و لەسەرەخۆیی، نوقمبوونە لە دەریای مەندی تێفکرین و تێڕامان. نەخوێندنەوە عەقڵ کول دەکات و هزر دەخەسێنێ و خوێندنەوە بیر تیژ دەکات و ڕۆح دەحەسێنێتەوە، ئەوانەی هۆگری کتێبی، خوازیاری ژیانن و ئەوانەی نەیاری کتێبن هاوبیری مەرگن. کتێب درێژە دانە بەڕەوتی ژیان و گەڕیان، کۆتاییهێنانە بەپەتای مەرگ و مەندی. دەشێ کتێب نەبێت و ژیان هەبێت؟!

***

ئیمساڵ و لە بەهاری ٢٠٠٥دا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بۆ یەکەمین جار لە پێشانگای نێو نەتەوەیی کتێبی تاران–دا قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵی و بەدەستێکی پڕ

و پاراو بارگەی هەزاران کتێبی بەنرخ و سەنگینی لە هەواری دڵانی تامەزرۆی جیهانی پڕ ئەفسوونی خوێندنەوە خستە سەر عەرز و کوردوستانی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە چاوەڕوانی کتێبی نایاب و شازی ورووژاند. پێشوازیی خوێنەران و خوێندەواران و خوێندکاران سنووری چاوەڕوانیی کار بەدەستانی ئاراس و بەرپرسانی پیشانگای بەزاند و ڕێك و ڕاست پێی سەلماندن «ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە» هێشتا پشووی درێژە و هێشتا ئەڤینداری وشەیە و هیشتا خوازیاری تێگەیشتن و پێگەیشتنە. ڕاستە لێرە، لە ڕۆژهەڵات، زۆر لە مێژە سەرچاوەکانی دارایی و توانایییەکانی ئینسانیی داهێنانی کتێب و خوێندنەوەی کتێب وشك کراون، بەڵام هێشتاش مەیلی خوێندنەوە و ویستی زانین بەتەواوی کوێر نەبووەتەوە و پەلەقاژەیەك، هەر چەندە کەم و بێ بڕشت، بەڵام پڕ هومێد و تژی لە خەون و خولیا، دەبینرێ. هاتنی ئاراس بەردێکی خستە نێو ئەم گۆمە مەندەی ڕۆژهەڵاتەوە و دەلاقەیەکی تازەی بەڕوودا کردەوە. ئاراس گەرچی درەنگ هات، یان باشترە بڵێین درەنگ ڕێگای پێ درا، بەڵام ناوەخت و نابەجێ نەهات، دەستی پڕی ئاراس و باوەشی تینووی ڕۆژهەڵات، لەسەر بەرگ و لە نێو لاپەڕەی کتێبەکاندا یەکیان گرتەوە و دەقیان گرت. ئاراس هات هەتا ئێمەش لە ڕۆژهەڵاتەوە شانازی بەکتێب و ئەدەبیات و مێژووی کوردەوە بکەین، شانازی بەخۆمان بکەین کە نەتواینەتەوە، نوشوستیمان نەهێناوە، ماندوو بووین، بەڵام پشوومان نەبڕاوە، جەستەمان بریندار بووە، بەڵام ورەمان بەرنەداوە. ئاراس هات تا لە هەمان کاتیشدا بەخۆماندا بچینەوە، ڕەخنە لە خۆمان بگرین، سەرکۆنەی کەمتەرخەمییەکانی خۆمان بکەین، بۆچی کەممان کارکردووە؟ بۆچی هەوڵی نووسینمان کەمە؟ بۆچی ئاوڕی بنەمایی لە پرسی ڕۆشنبیری نادەینەوە؟ و دەیان بۆچیی دیکە کە دەکرێ ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتیان بکەینەوە.

***

ئەگەر شەست ساڵ لەمەوبەر مەلا مستەفای بارزانی بۆ بەجێ هێنانی ئەرکێکی سیاسی و دوابەدوای زۆرە ملێ و زۆرداریی تاران و بەغدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە سنووری چەمی ئاراسی بەزاند، هەنووکە دەزگای ئاراس، بەشێك لە میراتی هزری مەلا مستەفا، بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی فەرهەنگی لە نیزیك بەغداوە ڕوو دەکاتە تاران و ڕۆژهەڵات پاراو دەکات. مێژوو، بەتایبەتی مێژووی گەلی چەوساوە و نەحەساوەی خۆمان، فێرمان دەکات، «سوارە» گوتەنی:

«نەسرەوتنە کوولەکەی ڕووحی ئاوە».

## هەفتەیەکی هەولێر و ڕاپۆرتاڕێکی ڕۆژانە

**شەممە، ٥ی بەفرانباری ١٣٨٣(٢٠٠٤)**

کەڕەی بەیانی، خۆمان گەیاندە پیرانشار. «حاجی ئۆمەران بەکەوشەوە.» ڕستەیەك بوو سەرنجی منی ڕاکێشا. ڕوخساری ئەو گەنجانەی قاچاغی مسافیر و باریان دەکرد، حیکایەتی چەند سەد ساڵەی سنوورنشینانی کوردی دەگێڕایەوە، حیکایەتی بەفر و بۆران و هەرەسهێنان و مانەوە و ڕاکردن و لە خوێندا گەوزان و سڕ بوون و کرێ بار و گۆڕینەوەی پوول و پارە و... بە لەندەوێرێك خۆمان خستە پاڵ حاجی ئۆمەران. برای عیلاقاتی پارتی لێی ڕاسپاردین بۆ ماوەیەك لە قاوەخانەیەکی (ئەو پێی دەگوت ڕێستۆرانت)، بازارچەکە پشوویەك بدەین تا ڕێگامان پێ دەدەن خۆمان ئاودیوی سنوور بکەین و سەرێك لە ویلایەتی هەولێر هەڵێنین. من و هاوڕێم کاك ڕەهبەر مەحموود زادە کە وێ ناچی لەو دونیایەی تر مشکلۆزمەی زگمان بین تاقەتمان نەهێنا و نانی نیوەڕۆمان بەدەم چاوەڕوانییەوە خوارد. هاوڕێیان وەڕەز بووبوون، بەڵام چار نەبوو، قەڵەم بەدەستی لە وڵاتی ئێمەدا ماسی گرتنە و قوون تەڕبوون. پاش نیزیکەی سێ سەعات چاوەڕوانی دواجار دەرگای سنوورمان بۆ خرایە سەر گازەرەی پشت و ڕێگامان پێ درا خاکی خۆمان جێ بهێڵین و سیمەکانی سنوور ببەزێنین و خۆمان ئەم دیو و ئەو دیو بکەین. دەستاو بەجێ سواری ماشێن بووین و ڕووەو هەولێر تێمان تەقاند. خەریك بوو کوێستانمان جێ دەهێشت و هەوای گەرمێنمان هەڵدەمشت. چۆمان و ڕەواندز و شەقڵاوە و هەولێر. کاك بۆتان، کارمەندی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، نیزیك هەولێر چاوەڕێمان بوو. یەکڕاست بەرەو هۆتێل شیراتۆن، و لەوێ گیرساینەوە. کە گەیشتینە هەولێر ئێوارە وەخت بوو. شەقامەکانی هەولێر بەنیوەی شەقامی شارەکانی خۆمان ڕووناك نەبوون، هەولێر هێشتاش تاریکایی و بێ دەرتانی و زوڵم و چەوسانەوەی زووی بەسەرەوە بوو. شیراتۆن هەتا بڵێی هۆتێلێکی ڕازاوە و ڕووناك بوو، بەڵام کۆڵانەکانی هەولێر یەك لە هەزاری ڕووناکی شیراتۆنیان پێ نەبڕابوو.

**یەکشەممە، ٦ی بەفرانبار**

وەك هەمیشە بەهۆی جێگۆڕکێ، شەو، خەو لە چاوم زڕا و هەتا سپێدەی بەیانی بەلای تەنیاییی خۆمەوە دانیشتم. بەیانی بەر لە دەسپێکردنی بەرنامەی دەزگای ئاراس، کە تەرخانی کردبوو بۆ خەڵات کردنی چەند نووسەرێکی ناسراو و نەناسراو، چاوم بەگەلێ لە نووسەران و شاعیران و قەڵەم بەدەستانی سلێمانی و هەولێر کەوت: شێرزاد حەسەن، ڕەئووف بێگەرد، ئازاد بەرزنجی، ڕێبوار سیوەیلی، فەرهاد پیربال، د. شێرکۆ بابان، زاهیر ڕۆژبەیانی، مەحموود زامدار، سەباح ڕەنجدەر، جەبار جەمال غەریب و بەتایبەت هاوڕێیانی دێرین و شیرینم مامۆستا محەمەد حەمە باقی و هاوسەری بەڕێزی نەجیبە خان. دیارە تازەکردنەوەی دیدار لەگەڵ ئەو کەسانەی کە جگە لە خۆیان وەك کەس، لەگەڵ بیر و هزر و هەست و قەڵەمیشیان ئاشنایت، هەتا بڵێی چێژ بەخش و خۆشە.

بەشی سەرەکیی بەرنامەی سەر لە بەیانی دەزگای ئاراس، خەڵات کردنی نووسەرانێکی وەك حەمە سەعید حەسەن و د. مارف خەزنەدار و ئەحلام مەنسوور... بوو کە دیارە لە نێو جەماوەردا دەنگدانەوەی هەمە جۆری لێ کەوتەوە. هەندێ کەس پێیان وابوو ئەم کەسانە شیاوی ئەم خەڵاتە بوون و هەندێکی تر دەیانگوت ئەم خەڵاتانە بۆندار بوون و بەپێی کۆمەڵێك بەرژەوەندیی تایبەت دابەش کراون.

هەر چۆنێك بێ بەرنامەی خەڵات و بەرات کۆتاییی پێ هات و جەماوەری ڕۆشنبیر، ڕازی و ناڕازی، خۆیان بۆ کۆڕی دوای نیوەڕۆ ئامادە کرد کە بڕیار وابوو کاك حەمە سەعید حەسەن باسی شیعری تێدا بکا، هەر چەند هەر دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە چەند ئەدیبێکی سلێمانی، بەنیشانەی دەنگ هەڵبڕین، هەولێریان جێهێشت و ملی ڕێگای شوێن وشاری خۆیان گرتەبەر.

کۆڕی کاك حەمە سەعید حەسەن لەسەر بابەتی شیعر بوو، کە تێیدا بەگشتی باسی شیعری نوێی کرد و تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شیعرەی بەبەراورد لەگەڵ شیعری کۆن (ئەمە زاراوەیەك بوو کە کاك حەمە سەعید لە بری شیعری کلاسیك بەکاری دەبرد و دواتر من ئەم خاڵەم وەبیر خۆی هێنایەوە.) شی کردەوە. دیارە دوای کۆڕەکە هەندێ کەس سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان دەربڕی، منیش بەنۆبەی خۆم چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانەم لەسەر وتەکانی کاك حەمە سەعید پێشکەش کرد، بۆ نموونە باسی ئەو گوتەیەی کاك حەمە سەعیدم کرد کە بەبڕوای ئەو وەرگێڕانی شیعری ڕەسەن خۆشی دواجار هەمیشە شیعرێکی

ڕەسەنی لێ بەرهەم دێت، کە من تەواو دژی ئەم بۆچوونە ڕەها و موتڵەقە بووم، چونکی پێم وایە بەپێچەوانە، شیعری داهێنەرانە و خولقێنەرانە بەشێوەکی ئەوەندە تۆکمە و تۆخ و چڕوپڕ لەنێو نانوپۆی زمانی ئەسڵیی خۆیدا، ڕەگ دادەکوتێ کە ئەستەمە هەر وا بەسانایی و لە ڕێگای وەرگێڕانەوە لە زمانی زگماکی خۆی جیای بکەیتەوەو پێت وابێ سەقەتیشی ناکەی. بۆ نموونە ئەم دێرە شیعرەی نالی ئەگەر بوێرین و بیکەینە فارسی یان ئینگلیسی دڵنیام پێکهاتە (ساختار)ی گشتیی شیعرەکە لە بنەماوە تێك دەتەپێ و چکۆڵەترین تایبەتمەندیی جوانیناسانەی پێوە نامێنێ:

هەر چەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو

حەددی چییە نالی کە بڵێ ماچە کەفارەت

من بەش بەحاڵی خۆم ئەم شیعرە ناکەمە فارسی و ئینگلیسی، نەك لەبەر ئەوەی ناتوانم، بەڵکو لەبەر ئەوەیکە ناوێرم و بەڕەوای نازانم ئەم هەموو گەوهەری دەنگ و مانا و جوانییە شازانە بەدەستی خۆم بخەمە نێو زبڵدانی وەرگێڕانەوە. (پێتان وانەبێ دەمەوێ وەرگێڕان وەك کارێکی سووك و چرووك چاو لێ بکەم، من خۆم بابایەکی وەرگێڕیشم، بەڵام ئەوە گەورەیی و گرانیی شیعری نالییە وام لێ دەکات ئەم قسە نا بەدڵە بەڵام حاشا هەڵنەگرە بکەم.) دە تۆ وەرە لەم شیعرەدا «دەمەکەت» بکە بە «دهانت» فارسی و Your Mouth یی ئینگلیسی، بزانە چەند دووری مانا و واتات لەکیس دەچێ! یان دەستەواژەی «حەددی چییە»، بەدوو کاربردی ژیانی شەرعی و ژیانی ڕۆژانە، وەربگێڕە، بزانە چ نهێنی و نەرمونیانییەکی ئەوتۆ لەم شیعرەدا دەمێنێتەوە! بۆیە من پێم وایە ئەگەر ئەم شیعرە داهێنەرانە و چەند ڕەهەندییەی نالی وەربگێڕین ئەوە دەقی وەرگێڕاو بەلانی زۆرەوە شیعرێکی ئاسایی و تاك ڕەهەندەی لێ دەردەچێت، وەکو هەموو ئەو شیعرە زۆر و بۆرانەی کە هەمیشە بەلێشاو هەن و هەرگیزیش تەمەن درێژ نابن، ئەگەر نەشڵێین هەر لە جێدا دەمرن.

خاڵێکی تری قسەکانی کاك حەمە سەعید، ڕەخنەیەك بوو کە ئاراستەی شیعری کلاسیکی کرد و پێی وابوو لە شیعری کلاسیکدا زۆر جار وشە هاوتاکان تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی لە خۆڕایی بەدوای یەکدا ڕیز دەبن و هەڵگری هیچ ئەرکێکی شیعریی ئەوتۆ نیین، کەچی لە شیعری نوێدا هەر وشەیەك لە جێی شایانی خۆیدا دێت و پڕکەرەوەی بۆشاییەکی پێویستی دەقی شیعرە. جارێ ئەم قسانە هیچ کە گشتی بێژییەکی دوور لە

ڕۆحی ڕەخنەگرانەن، پاڵیان بەهیچ نموونەیەکی شیعریشەوە نەداوە. واتە کاك حەمە سەعید لە بەڵگەمەند کردنی گوتەکانی خۆیدا دێرە شیعرێکی بە نموونە نەهێنایەوە. من لە هەمبەر ئەم بۆچوونەی کاك حەمە سەعید ڕێك نموونەی شیعرێکی مەحوی–م هێنایەوە و لەسەر دەستی ئەم نموونەیە بۆچوونەکەی ئەوم شی کردەوە:

دەبینم ئەهلی دڵ یا سەنگەسارە یا لەسەر دارە
دیاری عیشق، ئەگەر ساغت دەوێ، هەر دارە هەر بەردە

پرسیاری من ئەوەیە، ئایا «دار و بەرد» لە دێڕی دووهەمی ئەم شیعرە تەنیا دوو وشەی هاو واتای ڕووتن و بۆ پڕکردنەوەی بەتاڵییەکی ناپێویست هاتوونە، یان جگە لەوەی هەڵگری دەلالەتێکی قووڵی مەعریفین، بەشێوەیەکی ئۆرگانیك پێوەندییان بەدوو دەستەواژەی «سەنگە سار» و «لەسەر دار»ی دێڕی یەکەمیشەوە هەیە؟! نامەوێ بڵێم هەموو شیعرێکی کلاسیکی کوردی خاوەنی پێکهاتەیەکی لە جۆری ئەم شیعرەی مەحوی–ن، بەڵام دەمەوێ زۆر جیددی بڵێم کە ئەم بۆچوونەی کاك حەمە سەعید ناتوانێ ڕووی لە بەشێکی زۆری خەزێنەی شیعری کلاسیکی کوردی بێ، هەر بۆیە ئەم بۆچوونەی بۆی نییە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەی شایانی تێڕامان و پەسندکردن بێ.

بابەتێکی تری قسەکانی کاك حەمە سەعید حەسەن هێنانەوەی چەند بارەی کۆمەڵێك گوزارە بوو کە فریان بەسەر باسوخواسی ڕەخنەی ئەدەبییەوە نەبوو، وەك بۆ نموونە:

«شانۆنامەی هاملێت–ی شێکسپیر دەقێکی قووڵە.» من لە وتەکانمدا بەڕاشکاوی ئەم هەڵەیەم وەبیر کاك حەمە سەعید هێنایەوە و گوتم ئەگەر ئەم گوزارەیە گوزارەیەکی ڕاستی ڕەخنەی ئەدەبی بێ، کە واتە منیش بۆم هەیە لەسەر هەوای ئەم گوزارەیە بڵێم، «مەکبێس»ی شێکسپیر دەقێکی درێژە، یان «شالیر»ی شیکسپیر دەقێکی پانە و... دیارە بیرۆکەی وا لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەوەندەی بۆ پێکەنین و ڕابواردن دەشێ، ئەوەندەش شایانە بۆی بگریت و شیوەنی بۆ بگێڕیت. ڕەخنەی ئەدەبیی ئێمە تا ئێستاش بریندااری دەستی ئەمجۆرە بۆچوونانەیە لە هەمبەر هەڵسەنگاندنی ئەدەب و داهێنەرانی ئەدەب. هێندەمان گوتووە نالی ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی شیعری کوردی کە ئیتر ناپەرژێینە سەر خودی شیعرەکانی، لەوانەشە قۆشمە و قسەخۆشێك لێمان وە دەنگ بێ و بڵێ ئەرێ بابە بۆچی نەڵێین نالی خۆری بەتینی ئاسمانی ئەدەبی کوردی کە چیتر چاوەڕێ نەبین شەو بەسەر دابێ و ئەستێرە بکەونە جریوە جریو تا حەزرەتی نالی درەنگانێ وەدەرکەوێ و کە

وەدەریش کەوت، نیوەی زیاتری هۆگرانی لە شیرناییی خەودابن و بۆیان نەبیّ بە زیارەتی موشەرڕەف بن.

هەر لەوێدا گوتم، بەڵام سەیری ئەم ڕستەیەی تیّ.ئێس ئیلیۆت بکەن تا بزانین گوزارەی تیۆرێکی شیعر دەبیّ چۆن بێت. ئیلیۆت دەڵیّ: «شیعر نا شەخسی کردنی ئەزموونە شەخسیەکانی مرۆڤە»، واتە لە شیعردا تەجرەبەی تاکە کەسیی ئینسان لە بێژنگی تەجرەبەیەکی عامی ئینسانی دەدریّ و بەم شێوەیە یە کە شیعر دەبێتە بێژەری دەردی هاوبەشی مرۆڤەکان، و هەموو مرۆڤێکیش بۆی هەیە ببێتە بەردەنگ و خوێنەری شیعر.

دیارە نامەویّ لەم ڕاپۆرتارەدا ئاماژە بە هەموو تێبینییەکانی خۆم لەمەڕ وتارەکەی کاك حەمە سەعید بکەم، دوا خاڵی سەرنجراکێش لەم بارەیەوە ئەو سانسۆرە بوو کە کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تی. ڤی لەمەڕ قسەکانی من ڕەچاوی کرد و ڕێگای نەدا سەرنجەکانی من بەگوێی خەڵکان ڕابگات، دیار بوو بۆ پەز زەرەریان بوو ئەمەش نموونەیەکی زەق لە دیاردەی بەحیزبی کردنی ڕەنگ و دەنگ لە وڵاتێکدا کە دەیەویّ بکرێتە سەرمەشقی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. هەرچۆنێك بیّ دیموکراسی جاریّ لەم دەڤەرەدا هەر ساوایە و هەر ئاوایە.

**دووشەممە،٧ی بەفرانبار**

دانی بەیانی شاعیر و لێکۆڵەر مەهاباد قەرەداغی کۆڕێکی لەسەر بابەتی «ژن و زمانی کوردی» گێڕا کە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، مەهاباد باسی لەمەڕ چەوسانەوەی ژن کرد لە کۆمەڵگای کوردیدا و دەنگدانەوەی ئەم زەبرو زەنگە لە ئاستی زمانی ئەدەبیی کورد دا و دیارە بە هێنانەوەی نموونەش قسەکانی بەڵگەمەند کرد. ناوی شێرزاد حەسەنی چیرۆکنووسیشی وەك ئەدەبیێك برد کە هەنیّ لەم تابۆ و حەرامانەی وەلاناوە و تاڕادەیەك لە هەمبەرکێشەی ژنی کورد جیهانبینییەکی نوێی هێناوەتە ئاراوە. ڕەخنەیەك کە من لەم بابەتە بە پێزەی مەهاباد گرتم قۆناغبەندی نەکردنی مێژووی چەوساوەنەی ژنە لەسەر

دەستی بیرۆکەی پیاوسالاری کە دیارە ئەو شێوە چەوسانەوەیەی کە لە قۆناغی نەریتی لە ئارادا بووە گەلێ جیاواز لەو شێوازانەی بە کۆیلەکردنی ژن کە لە سەردەمی مۆدێرندا بەکار دەبرێن. مەهاباد بە ڕاشکاوی دانی بەم کەمایەسییەی وتارەکەیدا نا و پێی وا بوو ئەم قۆناغبەندییە شتێکی پێویستە بۆ ئەم باسەی. شتێکی خۆش لەم کۆڕەدا تێبینییەکانی برادەرێکی هەولێری بوو کە پێی وابوو ئەو خاتوونانەی کە هاتبوونە پشت تریبۆن ویستوویانە بە قیژەقیژەکردن داوای مافی خۆیان بکەن، کە دیارە لە نێو ئافرەتانی ئامادەبووی کۆڕەکە پەرچەکرداری توندی لێ کەوتەوە. هەڵبەت چاوگی «قیژەقیژەکردن» لە زمانی کوردیدا پتر بۆ حاڵەتی تووڕەیی ژن بەکار دەبرێ، بەڵام با ئەم شتە وەبیر ئەو برادەر و برادەرانی ئەو برادەرە بهێنینەوە کە ئایا داواکردنی مافی ئینسان لە ڕێگای قیژەقیژەکردنەوە ڕەواترە یا زەوتکردنی مافی مرۆڤان لە سۆنگەی ئارامیەکی درۆزنانە و پشت ئەستوور بە کۆمەڵێك ئەسڵی پیرۆزو زۆردارانە.ئەو برادەرە کە خۆی بە ئیسلامی ناو برد و لە دەروازەی حەدیسەوە هاتە نێو ژووری کۆڕەکەوە ئایا پێی وا نییە ئەو عەقڵەی باوەڕی بە ژن وەك مرۆڤێکی کامڵ نییە، لەوانەیە تەنیا دەبێ بەزەبری قیژەقیژکردن تەلی عاتیفەی مرۆڤانەی بلەرێنیتەوە؟! مرۆڤ کە دەروازەی عەقڵی داخرا دەشێ لە پەنجەرەی هەست و سۆزییەوە ڕێگای چوونە ژوورێی شك ببەی. ئایا هاوار و قیژەقیژی ژنی چەوساوەی کورد بۆی هەیە شووشەی ئەم پەنجەرەیە تێك بقرمێنێ و ئەو ژنە بەسەر وردە شووشەکاندا ڕێگا ببڕێ و باوەشێك بۆ سانەوەو ماڵێك بۆ مانەوە بدۆزێتەوە؟! چەند ناشیرینە ئەو کۆمەڵگایەی ژنانی بیانەوێ بە مافی خۆیان بگەن و پیاوانی پێیان وابێ خەریکە ئۆین دەردەێنن. گەرچی لە هەنووکەی کۆمەڵگای قەیرانـاویی ئێمەدا، کەمیش نین ئەو ژنە بەڕاستی ئۆینبازانەی کە بە ناوی ڕۆشنبیر و ئەدیب و ... خەریکە بازرگانی بە لەنجەو لار و ڕەنگ و ڕوویان دەکەن، بەڵام سەرباری تەواوی ئەم ڕاستییانە، حاشا لەم حەقیقەتە ناکرێ کە ژنی کود یەکەمین و گەورەترین قوربانیی دەستی چەپەڵی پیاو سالاریی کۆمەڵگای نەریتخوازی کوردی بووە. قوربانی لەو چرکەساتەی خەریکە بێ تاوان بە دەستی جەللاد دەکوژرێ دەشێ قیژەقیژ بکات تا لانیکەم وا نەبێ بێ هەوڵدانێك و پەلەقاژەیەك بۆ مانەوە و ژیانەوە بکوژرێ، کە هەوڵدان بۆ مانەو و پەلەقاژە بۆ ژیانەوە گەورەترین ڕێزدانانە بۆ زیندەگی و ئازایانەترین پشت تێکردنە لە مەرگ. من هەمیشە پێم وابووە بێ حورمەتی کردن بە ژیان لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە بێ حورمەتی کردن بە ژنەوە سەرچاوە دەکرێ. تا کۆیلەتی بەهەر شێوازێ، نەرێتی و مۆدێرنییەوە، چارەنووسی ژنی

کورد بێ، ژیانی ئێمەش هەر وا بێ بەرییە لە جوانی و حەز و خۆشەویستی. ئەوەندەی هەناسە کێشان بە بێ هەوا نامومکینە، ئەوەندەش ژیان بەبێ ژن.

هەر ئەو ڕۆژە بە دەعوەتی کاك ئاسۆ کەریم، بەرپرسی دەزگای چاپەمەنیی موکریانی و بە چاوساغیی مامۆستای زانکۆ موسلیح ئیروانی ڕاوێژکاری دەزگا، من و هاوڕێم کاك ڕەهبەر مەحموود زادە سەردانی ئەو دەزگایەمان کرد و لە چاوپێکەوتنێکی دۆستانە دا لەگەڵ کاك ئاسۆ باسی چاپ و بڵاوکردنەوەو بازاڕی کتێبمان کرد و گلەیییەکی خەستوخۆڵیشمان سەبارەت بە نازانستی بوونی زۆربەی کتێبە وەرگێڕاوەکانی کوردستانی عێراق کرد و ئاگادارمان کردەوە کە زۆربەی وەرگێران تەنیا بە یارمەتیی قاMووس و بە زەبری وشەدان کاری وەرگێڕان دەکەن کە ئەمە بە هیچ کلۆجێك دەستەبەری وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو ناکات. کاك ئاسۆیش باسی سیاسەتی دەزگای خۆی بۆ کردین و ئەوەیکە پێیان خۆشە پتر بایەخ بە زانستە ئینسانییەکان بدەن، پتریش لە بواری وەرگێڕاندا چیتر نایانەوێ تەنیا ڕوویان لە ئەدەب و شیعر و چیرۆکی ڕووت بێ. دیارە بەم کارە دەیانەوێ بە جۆرێك لە جۆرەکان بۆشاییی نەبوونی سەرچاوەی زانستیی زانکۆکان پڕبکەنەوە. ئێمەش پێمان وابوو ئەمە سیاسەتێکی تا ڕادەیەك ڕاست و دروستە(بۆیە تا ڕادەیەك چونکی شیعر و چیرۆکی شایانی چاپکردنیش هەن، هەر چەند بەداخەوە زۆرو بۆریشیان فرەیە.) بەڵام دەشێ ئەم سیاسەتە بە بەستێنی راست و دروستیشدا بڕوات تا بتوانێ بەرهەمی باشی لێ بکەوێتەوە، واتە سەرچاوەی زانستی و باش دەشێ وەرگێڕی پسپۆڕ و شارەزا بیکاتە کوردی تا هەم سەرچاوەکە وەك ئەمانەت باری زانستییەکەی بپارێزێ، هەمیش خوێنەرانی کورد لە دەقە کوردییەکە بگەن و چێژی لێ وەربگرن تەنانەت من چەند نموونەیەکی عەینی و بەردەستم بۆ هێنانەوە کە وەرگێڕەکان چ بەڵایەکیان بەسەر دەقە بیانییەکاندا هێناوە. هەڵبەت حاشا لەوە ناکرێ کە دەزگای موکریانی لەو بنکە دیارانەی بواری بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی بوو کە جێگەو پێگەیەکی شایانی هەبوو کە ماوەیی دوو ساڵ ڕاوەستا، بەڵام وێ دەچێ ئێستا بە نیازە بە گوڕتر لە جاران بێتەوە مەیدان کە دیارە جێگەی دڵخۆشییە.

**سێ شەممە، ٨ی بەفرانبار**

بەیانیی سێ شەممە ئێمەی ئەندامانی وەفدەکە خۆمان تەیار کرد، سەردانی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین بکەین. دکتۆر مەحمەد سدیق پیاوێکی ڕووخۆش و لەسەرەخۆ و بێ

غەلو غەشی دەنواند. زۆر خۆماڵیانە و بێ تەشریفات بەخێر هاتنی پێ گوتین و یەکڕاست چوینە سەر بابەتی ڕۆشنبیری و دۆخی لای ئێمەو بزوتنەوەی فەرهەنگی. لەم سەردانەدا هاوڕێی نووسەر و مامۆستای زانکۆ کاك ڕێبوار سیوەیلی ئێمەی بەسەرۆکی زانکۆ ناساند و هەر لەوێ پێشنیاری دا گرووپێکی هاوکاری بۆ کاروباری زانکۆیی و ڕۆشنبیری و دانوستانی کولتووری لە نێوان زانکۆی سەلاحەددین و تاقمێك لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی پێك بێنن و بەم شێوەیە جموجۆڵێك بخەینە نێو گۆمی مەندی هاتوچۆی ڕۆشنبیری کە زۆر جار ئەم سەفەرانە هەر بەچاکی و چۆنی و من خۆش و تۆخۆش و... کۆتاییان پێ هاتووە و ئیتر دوای سەفەر کەس ئاوڕی لە ئامانجە پێویستەکان نەداوەتەوە. سەرۆکی زانکۆ ئەم پێشنیارەی پەسەند کرد و داوای لێ کردین لە زووترین کاتدا لەسەر خاڵەکانی ڕێك کەوین و دەستبەکاربین. پاشان هەر سەرۆکی زانکۆ خۆی باسی کۆمەڵێك چالاکی و تەقالای زانکۆی کرد و دانی بەهەندێك کەموکورتی و لایەنی لاوازی زانستیدا نا. بۆ نموونە لە زانکۆکانی کوردستانی باشوور سەرچاوەی زانستیی باوەڕپێکراو بەزمانی کوردی زۆر بە دەگمەن دەست دەکەوێ و دیارە بۆ باربوکردنەوەی ئەم بۆشایی و بەتاڵییە گەورەیە دەشێت بزووتنەوەیەکی فراوانی وەرگێڕان بێتە ئاراوە بە جۆرێك کە لانیکەم بتوانرێ لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵێك ژێدەری پێویستی خوێندکارانی زانکۆ دەستەبەر بکرێت. هەڵبەت دوای ئەم دانیشتنە بوو کە هەندێ لە خوێنکارانی زانکۆ پێیان ڕاگەیاندم کە چەند کتێبێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئێستا وەك سەرچاوەیەکی زانستی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ کە یەکێك لەوان کتێبێکی وەرگێڕاوی منە بەناوی «ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی» بەرهەمی چارلز برێسلێر کە ساڵی ٢٠٠٢ دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردەوە. دیارە ئەم بابەتە ئەوەندەی جێگەی خۆشحاڵییە، ئەوەندەش دنەدەرمانە بۆ کاری زیاتر و باشتر تا ئەو کارانەی کە بەداخەوە لەوێندەرێ بۆیان هەیە بەسەقەتی بکرێن، لێرە بەڕاستی و دروستی ئەنجامیان بدەین. دیارە هەندێ کاریش کە لێرە ئیمکانی جێبەجێ کردنیان زۆر کەمە لەوێندەرێ بە ڕێکوپێکی دەکرێ وەك دەرکردنی، کۆواری باش و کتێبی پێویست و دامەزراندنی بنکە گەلی ڕۆشنبیری و هتد. لەم بوارەدا پێداگرتنی من لەسەر ئەم ڕاستییەیە کە ناشێت پێوەندی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری ئەم دوو بەشەی کوردستان وەك پێوەندی دوانەی باڵادەست –ژێرە دەست یان کۆنەکار– تازەکار چاوی لێ بکرێ، ئەم پێوەندییە دەشێ لەسەر بنەمای هاوکاریی دوو لایەنە و هاوسەنگیی عەقڵییەتەکان دابمەزرێ تا دواجار دەستکەوتی بەنرخ و بەرچاوی هەبێت. ڕاستە لای ئێمە زانکۆ و کۆڕی زانیاری و

وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەزگاکانی چاپەمەنی و کۆواری هەمەچەشن و هەمەبابەت لە ئارادا نییە، بەڵام سەرباری ئەمانە هەندێ قەڵەمی بەتوانا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەن کە دەکرێ وەك یارمەتیدەری کاروبارەکانی کوردستانی باشوور چاویان لێ بکەین و لە ڕاستیشدا ئەگەر چاوێکی خێرا بەکۆوار و کتێبە بڵاوکراوەکانی ئەو دیو دابخشێنین، دەبینین کەم نین ئەو قەڵەمە باشانەی گەنجانی لەمەڕ خۆمان کە هەنووکە کاری جیدی و بنەڕەتی و زانستی دەکەن، ئەوەندە هەیە لای ئێمە بێ دەرەتانیی نووسەر و بێ دەسەڵاتیی ڕۆشنبیر لە ئاستی بڵاوکردنەوە و چاپی کتێبدا لە دۆخێکی کوشندە و بارێکی کارەساتاویدا دەژیت. لەم وڵاتە پانوپۆڕەدا و لەنێو ئەو هەموو دەزگا فشوفۆلەدا یەك ناوەند نادۆزیتەوە پشتیوانیی ڕاستەقینەی نووسەری ماندووی کورد بێ کەچی دیسان و سەرباری هەموو ئەم خەمە تاقەت پڕووکێنانە و ژانە ناخ هەڵتەکێنانە کە دەبینی لەناکاو نووسەرێکی گەنج کتێبێکی زانستی و ناوازە چاپ و بڵاودەکاتەوە یان وەرگێڕێکی ماندوو دەقێکی پێویست بۆ کتێبخانەی کوردی بەشێوەیەکی هونەری وەردەگرێت ترووسکایی هۆمێدێکی هەرچەندە بچووك ژیانبەخش سەرێك بەدەلاقەی دڵتدا دەکات. هەناسەکێشان لە کەشوهەوای مەیدانێکی ڕۆشنبیریی لەم جۆرە، گەلێ ئەستەمە، بەڵام ئەو چەند کتێبە دەگمەن و کۆوارەکەمەی کە ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەن، حوکمی ئەو چەند درەختەی نێو شەقامێکی قەرەباڵغ و پڕ لە دووکەڵ و زەنازەنایان هەیە کە هێور و ون لە چاوان بە پێوە ڕاوەستاون، هەم سەوزایی بە دیمەنی خۆڵەمێشینی وڵات دەبەخشن، هەمیش ئۆکسیژن بۆ هەوا و هەناسەی مرۆڤان بەرهەم دێنن. ئەی خۆزگە ئەم چەند درەختەش بەتەوری کەمتەرخەمی و گوێ پێنەدان و خۆ لێ نەبانکردنی خودی ئەم خەڵکانە نەبڕدرێنەوە. کتێب درەختێکە ژیان ساز و سەوز دەکات.

**چوارشەممە، ٩ی بەفرانبار**

وەزیری ڕۆشنبیری، کاك سامی شۆڕش بەبێ هیچ تەشریفاتێکی ئەوتۆ، ڕێگەی پێ داین و هەر دەمودەست دەستمان کرد بە باسوخواس. هەڵبەت دەمەوێ تا لەبیرم نەچووە ئەوە بڵێم کە ئایا ئەم شێوە ڕێگەپێدانە بۆ سەردانی ئەم سەرۆك و وەزیر و بەرپرس و کاربەدەستە باڵایانە هەمیشە بەم جۆرە سانا و ساکارە، یان لەوانەیە چونکی ئێمە میوانین و دیارە کەمێك لەو کاتەدا چاومان لە چاوی خەڵکان ڕەشترە وا زوو دەچینە ژوورێ و دەمودەست وەردەگیرێین؟ چونکی تاقمێك لە کوڕەکانی خۆمان کە لەوێندەرێ دەژین و دەخوێنن

دەیانگوت هەندێ جار بۆ دیتنی بەرپرسی بۆ نموونە ناوەندێکی ڕۆشنبیری، دەشێ یەك دوو مانگ لە نۆبە دابن و چاوەڕێ بمێنەوە، کە هەڵبەت ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت، بۆ من جێگای داخ و بۆ ئەو بەرپرسانە جێگەی ڕەخنەیە.

وەزیری ڕۆشنبیری باسی لە کۆمەڵێك چالاکیی وەزارەتەکەی کرد و گوتی کە ڕۆژ نییە لە هەولێری پایتەخت لەلایەن وەزارەتەکەیەوە کۆڕێك یان ڤیستیڤاڵێك یاخود بەرنامەیەکی تایبەت بەڕێوە نەچێت. بۆ نموونە گوتی هەر ئیمڕۆ دوای نیوەڕۆ کۆڕێك لەسەر کەسایەتی و گۆرانییەکانی کاوێس ئاغا بەڕێوە دەچێ. دوایی هاتە سەر باسی ئەوەی گوایا بەنیازن ساڵی ٢٠٠٥ کۆنفرانسێکی گەورە لەمەڕ دیالۆگی فارسی، کوردی لە هەولێر ساز بکەن. دیارە ئەم نیازە بۆ ئێمەی ڕۆشنبیری کوردی ڕۆژهەڵاتی سەرنجڕاکێش و بەهەمان ڕێژەش مشتومڕ هەڵگربوو. بۆیە من پێشەکی دەستخۆشیی گەرمم ئاراستەی جەنابی وەزیر کرد و گوتم، لە ڕاستیدا ئەم بەرنامەیە کارێکی زۆر تازە و لەهەمان کاتدا گەلێ پێویستە، هەم بۆ ئێوە کە ئاتاجی خۆناساندن بە وڵاتانی دەر و دراوسێن، هەمیش بۆ ئێمە کە لە نێو وڵاتدا دەرفەت و دەرەتانی دیالۆگێکی ئەوتۆمان لەگەڵ فارسان نییە و لێرە– لەهەولێر– وەك پردێکی پێوەندی هەم ئێوە بەوان دەلکێنین، هەمیش خۆمان لە بەر و بوومەکانی ئەم دیالۆگە کەڵك وەردەگرین. دیارە ئەم سەرنجەی من زۆر بەدڵی جەنابی وەزیر نەبوو، چونکی لە وەڵامدا پێی گوتم، نا، کاکی کابرا، بوونی ئێوە لە وەها کۆڕێك و باسکردنی ئێوە لەمەڕ کێشەکانی خۆتان لە ڕاستیدا تەدەخول لەئومووری داخیلیی مەمالیکی سەربەخۆ دێتە ئەژمار و دیارە سیاسەتی ئێمەش ئەوەیە کە بەهیچ کلۆجێك دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان وەرنەدەین. من، وەك ڕوونکردنەوەی قسەکانم، عەرزی جەنابی وەزیرم کرد، بەڵام ئەو دانیشتنە وەك خۆتان ئاماژەتان پێ کرد دانیشتنێکی ڕۆشنبیری دەبێت و ئێمەش کە دەخوازین هاوڕێیەتیتان بکەین هەر ڕۆشنبیرین و هەر لە بنەڕەتەوە پێش گریمانەی قسەکەمان ئەوەبوو کە دیالۆگی ڕۆشنبیریی فارسی–کوردی بێ، نەك دیالۆگی سیاسی یان ئابووریی فارسی –کوردی، و جیا لەمانەش ڕاستە ئێمە و ئێوە وەك کەسی ڕۆشنبیری کوردی سەر بە دوو وڵاتی جیاوازین، بەڵام وەك کەسایەتیی ڕۆشنبیری کەڵکەڵەی هاوبەشمان هەیە و دیالۆگی ڕۆشنبیری لای ئێوە لە ئی ئێمە دانابڕدرێ. قسەکان جەنابی وەزیر هەمان حیکایەتی کۆنی ئەم دەڤەرەی خۆمانی وەبیر هێنامەوە؛ حیکایەتی ڕەنگڕێژ کردنی کاروباری ڕۆشنبیری بەپەڕەموچی دەسەڵاتی سیاسی، کایەی ڕۆشنبیری لەسەر دەستی یاساکانی سیاسەت و نووسینی دەقی کولتووری بەئەلفوبێی

سیاسەت. هەر چۆنێك بێت دیالۆگی فارسی-کوردی بابەتێکی هەرە پێویستە و من ڕێز بۆ وەها هەوڵێك دادەنێم و دەینرخێنم، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئێمەی کورد، بە تیۆری بێت و بە ئەزموون، هێشتا فێری ئەوە نەبووین لە پشت مێزی دیالۆگ بەشێوەیەك دابنیشین کە بەدەنگی سەربەخۆمان بزانن، بۆیە نابێ لە تەجرەبەکانی یەکتر خافڵ بین و پرسوڕا بەیەکتری نەکەین. دیالۆگی فارسی-کوردی بۆ ئێمە ئەوەندەی پێویستی بە تەکنیکی گفتوگۆ هەیە، دە هێندە ئاتاجی ستراتیژیی گفتوگۆیە.

دوانیوەڕۆ سەردانی کاك ئازاد عەبدولواحید، سەرنووسەری کۆواری ڕامانمان کرد. پیاوێکی ماندوویی نەناس کە ئەوەندەی من بزانم زۆرشتی شەخسیی خۆی لەپێناو ڕاماندا فیدا کردووە. ڕامان کۆوارێکە وەختی خۆی تەکانیکی باشی بەباری ڕۆشنبیریی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا و لەهەمان کاتدا بووە پەناگە و مەکۆی ئەو قەڵەم بەدەستە گەنجانەی لای خۆمان کە کۆوارە کوردییەکانی ئەو کاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان پێنەدەدان، بۆیە ژمارەیەکی ڕامان نابینی بەبێ بابەتی گەنجانی ڕۆژهەڵات. دیارە ڕامان دواجار دەوری ئەو پردە گرینگەی گێڕا کە نووسەرانی ئەو دوو پارچەیەی کوردستانی بەیەکدی دەگەیاند و دانوستانی کولتووریی لەنێوانیاندا ساز دەکرد. دوای ڕووخانی بەعس، ڕامان ماوەیەك وەستا، بەڵام هەنووکە سەر لە نوێ هاتووەتەوە مەیدان و پێ دەچێ کاك ئازاد کار و بەرنامەی تازەتری بەدەستەوە بێت. لەو دانیشتنەدا هەندێ لە برایانی وەفد ڕەخنەیان لە شکڵ و قەوارە و بیچم و ڕوخساری کۆوارەکە گرت و دیارە کاك ئازادیش چونکی بەرپرسی ئەو کارانە نەبوو ئەرکەکەی خستەسەر شانی ئەو برادەرانەی کە دەرهێنانی بەرگ و لاپەڕەی گۆوارەکەیان لە ئەستۆیە. بەڵام کاك ڕەهبەر مەحموود زادە، ڕەخنەی لە لاوازبوونی ناوەڕۆکی بەشێکی زۆری کۆوارەکە گرت و پێی وابوو پڕ کردنەوەی ئەم هەموو لاپەڕەیە بەبابەتی شاز و شایان کارێکی ئەستەمە. منیش پشتگیریی ئەم ڕایەم کرد و تەنانەت گوتم ئەوە ڕای زۆر یەك لە خوێنەرانی چالاکی ڕامانە لای ئێمە. ئەوەشم گوت بۆ نموونە کۆوارێکی وەك «گلستانە» لە ئێران دەردەچێت کە سیاسەت و بەرنامەڕێژیی تایبەتی خۆی هەیە. -کە بایەخدانە بە ئەدەبی بیانی- وتەنانەت کۆمەڵێك وەرگێڕی تایبەت و هەڵبژاردە کاری بۆ دەکەن و لە هەمان کاتدا لە نێو خوێنەراندا برەوی باشی هەیە. کاك ئازاد لە هەمبەر ئەم ڕەخنەیەی ئێمە کە ڕووی لە ناوەڕۆکی ڕامان بوو کۆمەڵێك هۆکاری دەستنیشان کرد کە پێوەندییان بەکەشوهەوای دەرەوەی کۆوارەکەوە بوو، وەك تەنیا باڵی و هاوکاری نەکردنی نووسەران

و لاوازیی باری گشتیی ڕۆشنبیری و ڕکەبەرایەتیی نێوان کۆوارەکان و... کەدیارە ئێمە زۆربەی ئەم هۆکارانەمان، وەك ڕاستییەك سەلماند، بەڵام دیسان سوور بووین لە سەر ئەو بۆچوونە کە ڕامان پێویستی بە تەتەڵە کردن و هەڵبژاردنێکی وردبینانە تری بابەتەکانی هەیە.

**پێنجشەممە، ١٠ی بەفرانبار**

بەیانی، گەلی برایان خۆیان کۆك و تەیار کرد، بچین سەردانی دەزگای ئاراس و بەرپرسی ئەو دەزگایە کاك بەدران ئەحمەد حەبیب بکەین وئاگاداری ڕەوت و ڕەوەندی کاروبارییان بین، کاك حسێن شێر بەگی، چیرۆك نووس، لە هەموومان دەوڵەمەندتر بوو لەم سەفەرەدا، چونکی پێنج کتێبی ئامادەی چاپی لە هەمبانە دابوو کە دوانیانی بۆ دەزگای ئاراس هێنابوو. کاك ئەحمەد بەحری/ش سەرنووسەری کۆواری مەهاباد، بیست سی بەرگ ژمارەی تازەی کۆوارەکەی هێنابوو و بەسەر نووسەرانی ئەودیو دا دەیبەشییەوە. پێویستە لێرە دەڵێم کە ئەم سەفەرە لە سەر داوا و بە داوەتی دەزگای ئاراس پێك هاتبوو، بێ ئەوەی هیچ لایەن و گرووپێکی تر دەستی تێدا بێت. واتە ئێمە ڕاستەوخۆ لەلایەن بەرپرسانی ئاراسەوە ئاودیوی سنور بووین و لەگەڕانەوەش هەر لەلایەن ئەوانەوە تەحویلی ئێران درایەنەوە، نە کەسمان سەرۆك وەفد بووین نەکەسیشمان بنۆك وەفد. هەموو خۆمانە و خۆماڵییانە چووین و هاتینەوە. نوێنەری هیچ دامودەزگایەکی حکوومی و ناحکوومی نەبووین، بەتایبەت من کە هەمیشە بە بیستنی ناوی «نوێنەر» وە بیر فرتوفێڵ و ڕەنگ وریا و درۆ و دەلەسە دەکەمەوە. بەقەولی شێرزاد حەسەن دەیگوت، «خەڵك پێیان وایە من چونکی چیرۆکنووسم پیاوێکی زۆر عاقڵیش بم و تەنانەت بۆم هەیە، ببمە نوێنەری خواست و ویستی ئەوان، بەڵام باوڕیتان بێ زۆر جار لەگەڵ منداڵەکانم دەچم بۆ میوانی، چەندین جار بەگوێمدا دەدەنەوە کە فلانە کار نەکەم و فیسارە ئۆین دەرنەهێنم و عاقڵ بم و خۆمکەرنەکەم». منیش کە هێشتا هەشتی ڕۆشنبیریم لە گرەوی نۆ دایە، حاشا لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵکان.

کاك بەدران، ماندوویی نەناس و هەڵسووڕ، بەپیرمانەوە هات و دیار بوو قسەشی بۆ گۆتن زۆر پێ بوو. هەر لە دامەزراندنی ئاراسەوە تا بیچم گرتنی و بەردی سارد و گەرم هاتنە سەر ڕێی و کار و باری چاپ و دۆخی فرۆشتن و نەفرۆشتنی بەرهەمەکان و... یەك قسەییم زۆر بە دڵەوە نووسا و پێم خۆشە خوێنەری خۆشمان بیبیستن. کاك بەدران

دەیگوت، لەماوەی ئەم چەند ساڵەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاراسدا هەرگیز نەم هێشتووە هیچ کام لە کارمەندەکانم لە بواری کاری تایپ و هەڵەهەڵگری و دەرهێنانی هونەری و کاری چاپ و... زیاتر لەمن بزانن و پتر لەمن ماندوو بن، نەك لەبەر ئەوەی پێم خۆش نییە ئەوان لە کاریاندا پێش من بکەون، بە پێچەوانە چکۆڵەترین هەڵە و کەمتەرخەمییان لێ قبوڵ ناکەم، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێیان وانەبێ بەڕێوەبەرێکیان هەیە کە بەزۆر جێی خۆی لەو دەزگایە دا کردووەتەوە و رای نازانستیی خۆی بە زەبری بەرپرس بوونی بە سەریاندا دادەسەپێنێ. دیارە ئەم قسانە رووبینیان پێوە دیار نەبوو، چونکی کتێبەکانی ئاراس شایەتحاڵی ئەم وردبینی و جوانکارییانەی کاك بەدران و کارمەندەکانی ئەون و هەموویان ئاگامان لێیە ئاراس بزوتنەوەیەکی تازەی لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی هێناوەتە ئاراوە. سەرباری هەموو ئەم لایەنە باشانە، دەزگای ئاراسیش وەك زۆرینەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی خاوەنی لێژنەیەکی پسپۆری تایبەت بە هەڵبژاردنی کتێبی پێویست و گرینگ بۆ هەنووکەی کتێبخانەی کوردی نییە و ئەمەش وای لێ کردووە هەندێ کتێبی بڵاوکردبێتەوە کە شایانی ئەم دەزگایە نییە. هەر چەند کاك بەدران زۆر ڕاشکاوانە دانی بە هەندێ گرفتی کاروباری دەزگاکەی دانا و تەنانەت بە نموونەش پێی گوتین کە هەندێ دەنگی نائەدەبی بە زەبری ڕفیق بازی و دەستەگەرایی باڵا دەستان، زرە خواستەکانی خۆیان بەسەر دەزگادا دادەسپێنین کە هەویرەکەی ئاو هەڵگرە. هەر چییەك بێ ئەم دەزگایە هەنووکە کە بێ برانەوە خەریکی چاپی کتێبە و لە پەنای ئەمەشدا لەم دوایانەدا کۆوارێکی ئەدەبیش بە ناوی «شین» دەردەکات کە وێ دەچێ بەنیازە خۆی لە کاروانی کۆوارە زۆر و بۆرەکانی ئەم بوارە جیاکاتەوە و ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانە بگرێتە بەر، کە دیارە ئەم هەواڵانە کاری پشووبریان پێویستە، بۆ ئەوەی بە ئاکامێکی ڕاست و دڵخواز بگەن.

کاك بەدران دواتر لێی گێڕاینەوە، سەردانی باڵەخانەی تازە بنیاتنراوی دەزگای ئاراس بکەین کە پێکهاتووە لە چوار نهۆمی زۆر گەورە و بەرفراوان کە وەك کاك بەدران دەیگوت، بەنیازن گەورەترین و مۆدێرنترین دەزگای چاپی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا دابین بکەن و بیکەنە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و مەکۆیەك بۆ نووسەران و هونەرمەندانیش. هۆڵی کۆنفرانس و پێشانگا و ناوەندی فرۆشی کتێبیش بەشێك بوون لەم پرۆژەیە. وە گەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە، مژدەی خۆشمان پێ دەبەخشێ و ئەویش ئەوەیە، کتێبی ئاوارەی کورد، ماڵێك بۆ حەوانەوە دەدۆزێتەوە.

دوانیوەڕۆ بە یارمەتی و هاوڕێیەتیی کاک ڕێبوار سیوەیلی، بۆ پێشکەشکردنی کۆڕێکی دوو سەعاتە ڕوومان کردە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، خوێندکارانی زانکۆ زۆر بەگەرموگوڕی و لە سەردەستی ئامادەبوونێکی بەرچاویان خێرهاتنیان پێ گۆتین و پاش ئەوەی کاک ڕێبوار جەماوەری ئێمەی بە خوێندکاران ناساند، کۆڕەکە بە وتەکانی کاک عەتا نەهایی دەستی پێ کرد کە پتر ناساندنی دووبارەی ئێمە بوو بە خوێندکاران، پاشان من نیزیکی نیو سەعات لەسەر دۆخی گشتیی ڕۆشنبیریی کوردستانی ئێران دوام، هەر لە سەرهەڵدانییەوە کە گرێم دابوو بە کۆماری ١٩٤٦–ی کوردوستانەوە تا قۆناغی دوای شۆڕشی ٧٩ ی ئێران. پێوەندی و کارلێکی نێوان سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی و دۆخی ڕۆشنبیریی کوردی و کاریگەرێتیی بزاقی ڕیفۆرمخوازیی سیاسی و شوێندانانی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی و کێشەی نێوان نەرێتخوازان و نوێ خوازان و بزاڤی داهێنانی ئەدەبیی هاوچەرخ و... پاشان کاک ڕەهبەر مەحموود زادە هەندێ سەرنجی خۆی لە مەڕ بارودۆخی ڕۆشنبیریی کوردستانی ئێران دەربڕی و پێداویستیی ئەو ڕۆشنبیرییەی بە تێفکرینی مۆدێرن و سەرچاوەکانی مەعریفەی ڕۆژاوایی ڕوون کردەوە. کاک کامبیز کەریمی قسەکانی خۆی بە خوێندنەوەی شیعرێك دەست پێ کرد و پاشان هەندێ لەسەر هەلومەرجی شیعری کوردستانی ئێران دوا. دواجار کاک خالید تەوەکوللی باسی فەزای کۆمەڵایەتیی کوردوستانی کرد و لەمەڕ جۆرەکانی دەسەڵات بە شێوەیەکی عام قسانی کرد. دوای کۆتایی لێدوانەکان مشتومڕێکی گەرم لە نێوان خوێندکاران و ئێمەدا سازبوو کە تێیدا چەندین پرسیارمان ئاراستە کرا و باسەکان زیاتر ورووژێندران.

خاڵێك کە دوای ئەم کۆڕە بۆ من ئاشکرا بوو تامەزرۆیی خوێندکاران بوو بۆ گفتوگۆ کردن و وروژاندنی باس و بابەتەکان کە ئەم تایبەتمەندییە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات یان زۆر کەم دەبینرێ یان ئەگەریش هەبێت زۆر جار گفتوگۆ بەرەو لایەنی شەخسی و غەرەز و مەرەزی تاکەکەسی پاڵ پێوە دەنرێت و دیالۆگ لە حاڵەتی داهێنانێکی هزرمەندانەوە بەرەو و دۆخی خۆ بەتاڵکردنەوەیەکی تۆڵە ئەستێنانە دەبات، و دیارە ئەوەی لەم نێوانەدا بەداخەوە سەردەکەوێ ڕۆحییەتی دەمارگرژی و لێك بێزاربوونە، نەك عەقڵییەتی دانوستان و لێك تێگەیشتن.

**هەینی، ١١ی بەفرانبار**

بەدرێژاییی ڕۆژی هەینی، تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە کە هەولێری ئاخر و ئۆخرەکانی ٢٠٠٤م وەك شاری نێران هاتووەتە بەرچاو. منارە و مزگەوتی زۆرن. قەڵا کە پاڵی داوەتەوە بە ناوەندی شار و دڵی هەولێری داگیر کردووە. لە شەقام و کۆڵانەکانیدا زۆر کەم کچ و ژن دەبینرێ.

گەڕەکی پڕ لەقوڕ و چڵپاوی زۆرن. سەوزایی و بلواری پڕ لە دار و درەختم کەم تێدا بینی. ساختومانەکانی خاوەن ڕووکار و ڕووخسارێکی ڕەق و تەق و توندوتیژن. پۆلیس و پێشمەرگە و چەك بە دەست لە سەر شەقامەکان دێن و دەچن. بەڵام وێ دەچێ هەولێر لەم ساتەوەختە قەیراناوی و تەموژاوی و گرینگەدا ناچارە لە نێرانە بوونی. پیاو کوژان و ناحەزانی کورد بۆسەیان بۆ ئارامیی وئازادیی هەولێر ناوەتەوە. دەڵێی قەدەری مێژووی کورد ئەوە بووە کە لەسۆنگەی ئەو هەموو زەبروزەنگەی لەسەری بووە وئەو هەموو مەینەتە ڕۆح پروکێنەی بەسەری داهاتووە، باری مێینەییی وجوودی خۆی بکاتە قۆچی قوربانیی باری نێرینەیییەکەی تا بۆی هەبێت پشتی لەژێر ئەم هەموو گوشارەدا نەچەمێتەوە. بەڵام هەنووکە دیارترین ڕوخساری ژنانە و سیمای مێینەیی هەولێر لە هەوا فێنك و ئازادەکەی دایە، لە نم نمی وردە بارانەکەی وەرزی زستانی دایە، لە زایەڵەی دەنگی حەیرانە هەرمانەکانی دەشتە پانوپۆڕەکەی دایە:

حەیران... حەیرانە ... حەیرانی لێ دێ... گەردنی زەرد و مەرجانی لێ دێ

نەخۆشەکی گەلە گرانم

کەتیمە نوێنێ

دەنگو جەوابەکی بنێرن بە شەوبای نیوە شەوێ ...

بەبایە شەماری

بەپلکە پێناوی ...

دەبا بەژنی باریك دەمەکم بێتە سەرینێ...

* ڕاپۆرتار: وشەیەکی داتاشراوە کە لە پێکەوە لکان و کورتکردنەوەی دوو وشەی "ڕاپۆرت + وتار" پێکم هێناوە. هەوڵم داوە ئەم نووسراوەیە تێکەڵاوێك بێت لە ڕاپۆرتی سەفەرەکە و شیکردنەوەیەکی وتار ئامێزی ئەو سەفەرە.

# کولتوور و کۆمەڵگای کوردی

پەیوەندیی نێوان کولتوور و کۆمەڵگا، چۆن پەیوەندییەکە؟ ئایا کولتوور دەسنیشانکەر و پێناسەکەری خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایە، یان کۆمەڵگا شێوە و ناوەڕۆکی کولتووری خۆی دابین و دیاری دەکات؟ ئایا کولتوور دیاردەیەکی یەکسەر و سەرتاسەر کۆمەڵگا کردە؟ ئایا کۆمەڵگا بێ کولتوور بوونی دەبێ؟ ئایا هەموو کۆمەڵگاکان کولتووری تایبەت بەخۆیان هەیە؟ ئایا کولتوور ڕەسەن و ناڕەسەنی هەیە؟ کولتوور بگۆڕ بێ باشترە یان نەگۆڕ؟ ئایا کۆمەڵگا دەتوانێ بۆ هەمیشە قەناعەت بەیەك کولتووری ڕەسەنی پەتی بێنێ؟..، ئەم زنجیرە پرسیارانە کە دەکرێ دەیان ئەڵقەی تری پێوە بلکێنین لە جیهانی پڕ کێشە و نائارامی ئیمڕۆدا گەلێ وەڵامی جۆراوجۆر و هەمەچەشن و فراوانیان بەدوای خۆدا ڕاکێشاوە کە زۆرجار ئەم وەڵامانە خۆیان دیاریکەری پێناسەی بیر و هزری مرۆڤەکان بوون. ئێمەی کورد کە لە ڕاستیدا وێ دەچێ زۆر زیاتر لە گەلانی تری سەر ئەم گۆی زەوییە، لافی ئەوە لێ دەدەین کە خاوەنی کولتوور و نەریت و داب و دەستووری خۆمانین، چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە؟! ئایا تەنیا دەم وەردان لەوەی نەتەوەیەکین خاوەن کیان و ڕابردوویەکی پڕشنگدار و مێژوویەکی دوور و درێژی کۆڵنەدان و ئازایی و زمانێکی بەبڕشت و بەتوانا و ئیمانێکی نەتواوە و لە دوانەهاتوو، بۆی هەیە دەستەبەری پێناسەیەکی وردی زانستمەندانەی کولتوور و کۆمەڵگاکەمان بکات؟!

ئایا ئەم قسەیە ناشێ بەڕەوا بزانرێ کە تا ساتەوەختی هەنووکە و بەتایبەت لە کوردستانی ئێران، باسکردن لە کولتوور و کۆمەڵگای کوردی و پەیوەندیی ئەم دوو دیاردەیە، باسکردنێکی خەیاڵئامێزی وەسفییانەی دوور لە واقیع و ڕاستییەکانی بارودۆخی مێژوویی و هەلومەرجی بەرهەستی ژیانمان بووە و پتر لە قاڵب و قەوارەی کۆمەڵێك گوزارەی ڕۆمانتیکی و ڕواڵەت بینیی ڕووتدا بووە؟ گەر نموونەتان لە من دەوێ، زۆر بەئاسانی باسی ئەو هەوڵانەتان بۆ دەکەم کە هەندێ بیر، جا چ بەرتەسك و چ بەرفراوان، بۆ گەڕاندنەوەی مێژووی سەروەریی نەتەوەی کوردی دەیدەن بۆ سەردەمی ئاگرپەرستیی زەرتوشتی، یان ناوبانگی گەلی کورد، گەر بەڕاستی ناو و ناوبانگێکی هەبێ

لە جیهاندا، دەخەمە پاڵ ناوبانگی میرێکی کوردی وڵاتی عارەبان کە وڵاتێکی بیانییان بۆ داگیردەکات، بەزەبری زۆر و شیر. ئەمجۆرە هەوڵانە ئەوەی ڕاستی بێ، پێناسەی کولتووریی گەلی کورد لە دوولاوە خەساربار دەکات:

١- واقیعی ئێستای کۆمەڵگا دەبەستێتەوە بەخەونێکی دوڕاوی ڕابردوو. ئەمەش واتە ڕاڤەکردنی گیروگرفتەکانی ئێستای ئێمە بەکەرەسە و میتۆدێکی وەهمی، نەك بەچاوێکی واقیعبینانەی ڕاستەقینە. دۆخێکی لەم دەستە، جگە لە بەپیرۆزکردنی ڕابردوویەکی دوڕاوی کۆتایی پێ هاتووی لە کەڵك کەوتوو، چی تر بەرهەم ناهێنێ. ئەم بیرە دەخوازێ پێمان بڵێ گەر ئێستا تۆ لە دۆخێکی کوشندەدا دەژیت، دەبێ لە هەوڵی بووژانەوەی ئەو ڕابردووە پڕشنگدارەبیت کە هەنووکە لە کیست چووە. یان دەنا دەڵێ گەر تۆ ئێستا لە هەلومەرجێکی باش و ڕێکوپێکدا بەسەردەبەی و خاوەن ئاینێکی ڕاست و ڕێگایەکی دروستی، ئەوە لە سایەی سەری ئەو مەردانەی ڕابردووی مێژووەکەتە کە ڕۆژی بەرێ هەوڵیان بۆ سەرکەوتن و سەربەرزیی تۆدا. ئەم خوێندنەوەیە دواوێستگەی هەموو ڕێگاچارەیەکی ئۆ تۆپیك و ئامانجخوازانەی خۆی لە جیهانی بەسەربراوی ڕابردوودا دەدۆزێتەوە، فڕی بەدنیای ئێستاوە نییە. ئەو بۆ لێدوان لە ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. واتە بڵێم ئەو لە ئێستا نادوێ بەڵکو لە زمان ڕابردووەوە بۆ ئێستا دەدوێ. ئەو لێرە دەژی، بەڵام خەڵکی ئێرە نییە، هۆگری بەئێستای ئێرەوە نییە. کاتی ئەو، ڕابردووی مێژووە و شوێنی ئەو مێژووی ڕابردووە. هەربۆیە دواجار، باسکردن لەم کاتەی کۆمەڵگای خۆی و لەم شوێنەی کۆمەڵگاکەی باسکردنێکی خەساوی بێ توانای نەزۆکە کە چ دەسکەوتێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە.

٢- ئەم خەسارەی یەکەم واتە بەستنەوەی واقیعی ئێستای کۆمەڵگا بەخەونێکی دوڕاوی ڕابردووەوە، دواجار ڕوخساری خودی واقیعی ئێستای کۆمەڵگاش دەرووشێنێ و لە ڕاستییەکانی چییەتی و چۆنێتیی کۆمەڵگاکەمان دووردەخاتەوە. بەوتەیەکی تر، تۆ کاتێك هەقیقەتی بوونێکی بەرهەستی هەنووکە، دەبەستیتەوە بەوەهمی بوونێکی دەرهەستی ڕابردوو، هەم خوێندنەوەکەت بۆ ئەم هەقیقەتەی ئێستا خوێندنەوەیەکی نا دروست و نا ڕاستە، هەمیش ئەم هەقیقەتە لە فۆرم و ناوەرۆکی دروست و ڕاستی خۆی دوور دەخەیتەوە. کەواتە ئەوەندەی تێگەیشتنی هەڵە لە دیاردەیەك جێی مەترسی بێت، دوورخستنەوەی ئەو دیاردەیە لە تێگەیشتنی دروستیش جێی مەترسییە. بۆ نموونە گەر

کەسێکی ئایین پەروەر بێت و بڵێ سەرلەبەری قەیرانەکانی ئیمڕۆی کۆمەڵەی گەنجانی کورد لە بێ ئیمانی و بێ باوەڕیی ئەوانەوە سەبارەت بەئایین سەرچاوە دەگرێ، ئەوە بێگومان بەمانای لەبەرچاونەگرتنی ئەو هەموو هۆکار و دەلیلە زۆر و هەمەجۆرانەی ئێستای قۆناغی ژیانی گەنجانی کوردە کە قەیرانی یەك لە دوایەکیان لێ کەوتووەتەوە، هەر لە هۆکاری پەیوەندیدار بەشوناسی کولتووریی کۆمەڵگای کوردی تا بارودۆخی ئابووری و هەلومەرجی جیهانی و... دەیان هۆکاری تر کە هەرکامیان و ئاوڕدانەوەی تایبەتی خۆی پێویستە. کەواتە بۆ باسکردن لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگای کوردی و پەیوەندیی ئەم دۆخە بەکولتوورە دەشێ چاومان لەو هۆکارە زیندووانە بێت کە دەستیان لە بەرهەمهێنانی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی کۆمەڵگا و کولتووردا هەیە. نابێ پێمان وابێ کولتوور و کۆمەڵگا دوو چەمکی باس هەڵنەگرن و پێویست بەڕوونکردنەوە ناکەن.

# زمان، باڵاپۆشی هزر

لەو سەردەمەوەی مرۆڤ بەو ڕاستییەی زانی کە وجوودی مرۆڤانەی خۆی شایانی ئەوەیە ببێتە بابەتی تێڕامانی فەلسەفی و تەنانەت لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەم هەقیقەتەشی بۆ ڕوون بووەوە کە بۆ تێڕامانێکی لەم چەشنە و لێکۆڵینەوەیەکی لەم دەستە، پێویستی بەکەرەستەیەکی گرینگ هەیە بەناوی زمان. زمان ئامرازی لەخۆ گەیشتنی مرۆڤ و تەنانەت بەخۆ گەیشتنی مرۆڤە. دوابەدوای دۆزینەوەی ئەم ڕاستییە ئاسایی، بەڵام گەلیٚ گرینگە و شانبەشانی پێشکەوتی هزر و بڕشتی داهێنەرانەی مرۆڤ، ئەم هەقیقەتە تازەیەش هاتە ئاراوە کە زمان نەك هەر کەرەسەیەکی گرینگە بۆ دەربڕینی هزری مرۆڤ، بەڵکو خۆیشی بابەتێکە بۆ تێفکرین و تێڕامان و پێویستە یاسا و ڕێسای کایەکانی هزر و مەعریفە لەسەر ئەم بابەتە نوێیەش دابەزێندرێن، لێرەوە بوو کە بۆ نموونە لە مێژووی هزرڤانیی ڕۆژاوادا، فەیلەسووفێکی ناوداری لە چەشنی ڤیتگنشتاین لە کتێبی «نامیلکەی مەنتقی- فەلسەفی»دا هەوڵ دەدات ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئێمە لەسەر چ شتگەلێك بۆمان هەیە بەشێوازێکی ماناداز قسان بکەین. ئەو هەوڵە ئەم پرسیارە گرینگ و مێژووییەی لیٚ کەوتەوە: «زمان چییە؟»

«زمان چییە؟» خاڵی وەرچەرخانی مێژووی تێڕوانینی مرۆڤە نەك هەر بۆ پرسی زمان خۆی، بەڵکو بۆ پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و زمانیش. مرۆڤ تا بەر لە ساتەوەختی ئەم پرسیارە لە دەرەوەی جیهانی زماندا دەژیا و تەنیا زمانی بەکاردەهێنا، بەڵام هەنووکە ئەم مرۆڤە بەبیٚ زمان بوونی نییە و زمان بۆی بووەتە دەسمایەی خۆ دەربڕین و خۆسەلماندن و خۆ بووژاندنەوە. وشیاریی مرۆڤی مۆدێرنی ئەم سەردەمە، ئەو کاتە دەستەبەر دەبیٚ کە بەزمانی خۆی ڕێگا و کەڵکەڵەی پاراستن و نووژەنکردنەوەی زمانەکەی هەبێت.

ئێمەی کورد، چەوساوەی دەستی زۆر خوازان و زێڕدارانی مێژوو، ناشیٚ لە تەقالا و تێکۆشان لە پێناویٚ ڕزگاریی نەتەوەیی خۆمان، پرسی زمان بەکەم بزانین و لە

هـەمـبـەریـدا کـەمـتـەرخـەم بـیـن. ئـەگـەر لـە سەدەی بیستـەمـدا کـورد بـەشەڕی چـەکدارانـە کوردایەتیی خۆی پاراست، لەم سەدەی بیست و یەکەمەدا پێویستە بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی خۆ تەرخان بکات.

## ساكاركردنەوەی دەق:
## هەوڵێكی بەڕواڵەت بێ مەترسی و لە ڕاستیدا ناعەقڵانی

سووكە لەنگەرێك لەسەر نووسراوەی
«دەرهەستكردنەوە، پڕۆژەیەكی ڕۆمانسیانە و ئایدۆلۆژیك»

لاپەڕە ١٥-ی دوو حەوتەنامەی «ڕۆژهەلات»ی سنە، وتارێكی لە خۆ گرتووە بەناوی «دەرهەستكردنەوە، پڕۆژەیەكی ڕۆمانسیانە و ئایدیۆلۆژیك» كە تێیدا مەنسوور تەیفووری هەوڵی داوە خوێندنەوەی من بۆ ڕۆمانی «باڵندەكانی دەم با»ی عەتا نەهایی بەخوێندنەوەیەك بزانێ كە خۆی گوتەنی هەوڵێكە: «بۆ ئەفسانەسازی دەربارەی خود و دابڕانی ئەو خودەش لە مێژوو و ئامێزان بوون و بەتاڵكردنەوەی خودی ئەدەب لە تایبەتمەندییەكانی خۆی و نەزۆك كردنی خودی ئەدەب و ڕەخنەی داهێنەرانەی ئەدەبیش».

دیارە لەو سۆنگەیەوە كە باوەڕێكی پتەوم بەبرەوپێدان بەدوو ئەسڵی «عەقلانییەتی پێوەندی» و «پێوەندیی عەقلانی»، لە كۆمەلگادا بەگشتی و لە نێو كۆمەڵەی نووسەران و قەڵەم بەدەستاندا بەتایبەتی هەیە، دەخوازم تێبینییەكانی خۆم لەمەڕ ئەم نووسراوەیە و بابەتەكانی بەم شێوەیە ئاڕاستە بكەم:

١- ئەم نووسراوەیە بەپێشەكییەك دەست پێ كراوە كە لەم پێشەكییەدا هەوڵ دەدرێ باس لە تایبەتمەندییەكی «هەر چەشنە سیستەمێكی ئایدیۆلۆژیك كە ڕەگێكی لەسەر ئەفسانە و میتافیزیك وەستا بێت... »، بكرێت، دواتر پێداگریش لەسەر نموونەی سیستەمە ئایدیۆلۆژیكەكەی هیتلێر دەكات. دیارە باسكردن لە سیستمێكی ئایدیۆلۆژیكیی سیاسی لە جۆری ئەوەی هیتلێر و دواجار باسكردن و بەراوردكردنی لەگەڵ ئەو سیستمە ئایدیۆلۆژیكە گریمانكراوەیەی ئەم نووسراوەیە كە لەسەر دەستی وتارەكەی مندا بەرجەستەی دەكاتەوە، دوو بابەتی تەواو لێك جیاواز و سەر بەدوو بواری تیۆریك و پراكتیكی دوور لە یەكن كە ناكرێت ئەم و نووسراوەیە بەئەنجامی دڵخوازی خۆی

بگەیەنێت. دیارە ئەگەر وای دابنێین کە وتارەکەی من «هەوڵێکی ڕۆمانسیانەی ئایدیۆلۆژیك بۆ بەرجەستە کردنەوەی نا ڕاستەوخۆی ڕۆمانەکەیە»، ئەو هەوڵە بەبەراورد لەگەڵ هەوڵی دەسەڵاتێکی ئایدیۆلۆژیکی سیاسی، کە تا سەر ئێسك لە باری کردەوەییەوە دەستی ئاواڵەیە بۆ داسەپاندنی بەزۆری ئەو دەسەڵاتە سیاسییە، جیاوازیی هێندە زۆرە کە هەڵسەنگاندنی ئەم دووجۆر ئایدیۆلۆژییە بەیەك سەنگی مەحەك دەبێتە هەڵەیەکی تیۆریك و لە هەمان کاتدا بەلا ڕێدا ڕۆیشتنێکی گەورە. هەر بۆیە لە گۆشە نیگای ڕەوشتناسی (میتۆدۆلۆژی)یەوە، ئەم وتارە تووشی پەتای ساکارکردنەوەی پێوەندیی ئاڵۆزی نێوان بابەتە جیاواز و دژوازەکان هاتووە و ئەم کارەش بووەتە هۆی ئەوەی لە ڕێگای عەقڵانی بوونی ڕەخنەیی لایدا بێت.

٢– لە هیچ شوێنێکی ئەم نووسراوەیەدا ئاماژە بەناوی وتارەکەی من و سەرچاوەکەی نەکراوە، و تەنانەت دوا بەدوای هەر نموونەیەك کە لەم وتارە هێناویەتەوە، ژمارەی لاپەڕەکەی نووسیوە، بێ ئەوەی بۆ خوێنەری ڕوون بکاتەوە، کە ئەم لاپەڕەیە، لاپەڕەی کۆوارە یان کتێبە یان ... نووسەر بێ ڕەچاوکردنی ساکارترین ڕێساکانی وتارنووسی، کە ئاماژە کردن بێت بەسەرچاوەکانی باسکراو، دەیەوێ «ئاوڕ لە ئاخێزگەکانی ئەو چەشنە ڕوانینە– واتە هەڵسوکەوتی نا مێژوویی لەگەڵ ئەدەبدا – بداتەوە»، گریمان ڕوانینی من ڕوانینێکی نا مێژوویی بێت– کە دواتر باسی ئەم خاڵەش دەکەین– نووسەر سەبارەت بەڕوانینی نازانستیی خۆی بەنووسینی وتار– کە دواجار بۆی هەیە ڕوانینی نامێژووییشی لێ بکەوێتەوە – چ پاساوێکی بۆ خوێنەر بەدەستەوەیە؟! ئایا ڕوونکردنەوەی ناوی ڕێك و دروستی ئەو بابەتەی لەسەری دەنووسین و ئاماژە نەکردن بەناوی سەرچاوەکەی خۆی دواجار دابڕاندنی خوێنەر نییە لەو واقیعە مێژووییەی کە باسوخواسەکانی لێ هەڵدەهێنجرێ؟! حاشا هەڵنەگرە پاراستنی ڕێزی خوێنەر، لە ڕێگای بەدەستەوەدانی ئەو کەرەسانەی یارمەتیی تێگەیشتنی زیاتری خوێنەر بۆ بابەتەکان دەدات، هێندەی شیکردنەوەیەکی زانستی و ڕەوشتێکی عەقڵانی گرینگ و پێویستە. دیارە ئەم نووسراوەیە، ئەوەندەی پەلە پڕووزێی سەپاندنی بیرۆکەکەی خۆیەتی نیو هێندە لە بیری ئەوەدا نییە کە خوێنەرەکە بخاتە نێو بەستێن و بوارێکی دروست و ڕاستی بابەتەکەیەوە، بۆیە لێرەدا من قەرەبووی ئەو هەڵەیە یاخود باشترە بڵێم ئەو گوێ پێ نەدانەی نووسەر دەکەمەوە، وەبیر خوێنەری دەخەمەوە کە ناوی وتاری بەرباسی ئەو نووسراوەیە «باڵندەکانی دەم با و دەرەتانەکانی

گێڕانەوەیەکی «پۆست مۆدێرنیستی»یە کە لە کۆواری سروەی ژمارە ٣٠٣، لاپەڕەی ١٣ هەتا ٢١، دا بڵاوبووەتەوە.

٣- ئەم نووسراوەیە لە شوێنێکدا دەڵێ: «ئەوەی کە زمان هیچ بنەبڕییەکی نییە... تایبەتمەندیی خودی زمان و ئاخافتنی مرۆڤە...» ، «ئەمە تەنیا زمانی ڕۆمانی پۆست مۆدێرن نییە کە هەڵگری نابنەبڕی و ناحەتمی بوونە و ئەم بابەتە لە خودی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت...»، گومانی تێدا نییە ئەم قسانە ڕاستن و منیش ئەم بۆچوونە دەسەلمێنم، بەڵام ئەو شتەی لێرەدا نووسەری ئەو بابەتە سەرنجی پێ نەداوە یان لەوانەیە هەر لە بنەڕەتەوە تێی نەگەیشتبێت، ئەوەیە کە ئەم تایبەتمەندییەی زمان خۆی بەزیادترین ڕێژە و تازەترین تەکنیك هەر لە ڕۆمانە مۆدێرن و پۆست مۆدێرنەکاندا خویا دەبێت، واتە ئەو خاسیەتەی کە لە خودی زمان و سریشتی زماندا هەیە، ئەوە لە ژانری داستان، لە ڕۆمانەکانی جۆیس و پرۆست و فاکنێر و هیدایەت و گوڵشیری دا بوونەتە دەق و لە دوو توێی گێڕانەوەدا زەق دەبنەوە. ئەمە ڕێك وەك ئەوە وایە کە بڵێین چەمکی «جیاوازی» چەمکێکە لە خودی سریشتی ژیان و مرۆڤ و جیهاندا هەیە، بەڵام ئەوە دواجار گوتاری پۆست مۆدێرنە کە دێت و گرینگیی پێ دەبەخشێ و وەك پێداویستیی عەقڵانیەتی و تێگەیشتنی خۆی بۆ جیهان باسی دەکات. کەوایە ئەو ڕاستییەی کە «جیاوازی» لە سریشتی جیهان و ژیان دایە، لەگەڵ ئەو هەقیقەتەی کە تێڕوانینی پۆست مۆدێرن ئەم چەمکەی کردووەتە گوتاری زاڵ دوو شتی لێك جیاواز و ناکۆك نین. هەر بۆیە ڕۆمانی پۆست مۆدێرن ناحەتمی بوونی زمانی - کە وەك ئەو نووسراوەیە بەدروستی ئاماژەی پێ دەکات کە خۆی لە خودی زمانەوە سەرچاوە دەگرێ - بەو مانایە کەشف کردووە کە توانایی ئەوەی هەبووە ئەم حاڵەتە بکاتە بەشێك لە پێکهاتەی گێڕانەوەی خۆی و دواجار لە هەناوی دەقی خۆیدا بیتوێنێتەوە. کەوایە ئەم بۆچوونەی من هەڵەیەك نییە کە بەقەوڵی ئەم نووسراوەیە تێی کەوتبێتم تا دواجار پێی وابێت من لەسەر دەستی هەوڵێکی ڕۆمانسیانە لە دەرەوەی ڕوانگەی مێژووییەوە لە ڕۆمان دەڕوانم، بەڵکو ئەوە نووسەری ئەم بابەتەیە کە بەجیاوازیی نێوان سریشتی زمان بەشێوەی زاتی و دەرکەوتی ئەو سریشتە لە قەوارەی دەقێکی بۆ نموونە پۆست مۆدێرنیزنیستیدا نازانێ. هەر لە دەوامەی ئەو تێڕوانینە ساکارکەرەوانەی نووسەری ئەم بابەتەدا، نووسەر بەهێنانەوەی زاراوەیەکی بەتاڵ لە مانا بەم جۆرە دەدوێ و دەڵێ: «... خوێندنەوەی باڵندەکانی دەم با، بەشێوەی «دابڕاو» و «دەرهەست» و لە دەرەوەی سوننەتی ڕۆمان و نەگەڕاندنەوەی سەرچاوەی زمانی

ڕۆمـان بـۆ زمـانـی خـودی مـرۆڤـی واقیعی...»، جـاریٚ بـا ئـەوە بـڵێین «خـوێندنـەوەی بـەشێوەی دابڕاو»، زاراوەیەکی بیٚ بەری لە مانایە، لە سۆنگەیەوە کە خوێندنەوە بۆی هـەیە «بـەوردی» یـا «بـەگشتی» بێت، فۆڕمێك یـان مـانـا تـەوەر بێت... نـەك دابڕاو یـان نـا دابڕاو. تەنانەت ئەگەر مەبەستی نووسەر دابڕاوی لە سوننەتی ڕۆمانە، دەشێت پێمان بڵیٚ مەبەست لەم چەمکە چییە، ئەگینا دەرکردنی حوکمێکی گشتی لەم دەستە بۆی هـەیە لە زمان هـەر کەسێکەوە بخرێتە پاڵ هـەر وتارێك.

لـەلایـەکـی دیکـەوە هـیـچ ڕۆمـانـنـووسێك بـەڵـێـنـی ئـەوەی بـەخـوێـنـەرەکـەی نـەداوە کـە سەرچاوەی زمانی ڕۆمانەکەی حەتمەن و دەقاودەق زمانی خودی مرۆڤی واقیعی بێت (وێدەچـیٚ نـووسـەر لـێرەدا جـۆرە مـرۆڤـێکـی نـا واقـیـعـیشی لـە زەیندا بـووبـێت کـە نـاشێت زمانەکەی ببێتە سەرچاوەی زمانی ڕۆمان!). ئەوەی ڕاستی بێت سەرچاوەی زمانی ڕۆمان تـوانـایـیـی داهـێـنـەرانـەی ڕۆمـانـنـووسە و بـەس. زمـانـی کـەسانـی کۆمـەڵـگـا دەشێت وەك سەرچـاوەیـەك لـە سەرچـاوەکـان لـێی بـڕوانـریٚ، بـەڵام هـیـچ کـات ڕۆمـان، کـە گۆڕەپـانـی تـازەکردنـەوەی هزر و ئـاخـافتنە، دەقاودەق پشت بەزمانی کەسانی کۆمەڵگا نابەستیٚ. ئـایـا بۆمان هـەیە بڵێین ئەو زمانەی گوڵشیری لە «شازدە ئحیتیجاب»دا بەکاری دینیٚ، زمـانـی ڕێك و ڕاست و دروسـتـی کـەسـانـی کـۆمـەڵـگـای سەردەمـی قـاجـاری یـاخـود پـەهـلـەوییـە؟! نووسەری ئەم بابەتە بۆچی پێی وایە «نەگەڕاندنەوەی سەرچاوەی زمانی ڕۆمان بۆ زمانی خودی مرۆڤی واقیعی (!) هەوڵێکی ڕۆمانسیانەی ئایدیۆلۆژیکە؟! بەپێچەوانە، هـەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی سەرچاوەی زمانی ڕۆمان بۆ زمانی کەسانی کۆمەڵگا دواجار هـەوڵێکە دەسەڵاتـە ئـایـدیـۆلـۆژیکـەکـان پـێـوەی خـەریکن. ئـەوە دەسەڵاتـی ئـایـدیـۆلـۆژیکە کە دەیـەویٚ هـونـەر و ئـەدەب لـە بـاری تـازەگـەری و جـیـاوازی، بـەتـاڵ بـکـاتـەوە و کـەشوهـەوایـەکـی دواکەوتووانەی عەوام پەسندی بەسەردا بسەپێنیٚ. ئەگەر بێت و ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی زمانی خۆی تا ئاستی زمانی ڕۆژانەی جەماوەر و خەڵکی ڕەشۆکی دابەزێنێت و لە ڕەهـەندی داهێنەرانە و دژە عەوام دای ماڵێت، ئەوە بێگومان هیچ کات ناتوانێت هـەڵگری ئەرکی ڕۆمانی بوونی خۆی بەمانا مۆدێرنەکەی بێت. کەوایە لێرەدا بۆچوونی نووسەری ئەو نووسراوەیە پووچەڵ دەبێتەوە کە پێی وایە زمانی ڕۆمان دەشێت لە زمانـی خـۆی گـوتـەنـی «مـرۆڤـی واقـیـعـی» پـاراو بێت، تـا ئـەوجـار بـۆی هـەبێت لـە ڕوانـگـەیـەکـی مێژووییەوە سەیری بکردرێت. ڕوانگەی مێژوویی بۆ ڕۆمان لەوەدا نییە کە پێمان وابێت زمانی ڕۆمان یانی زمانی کۆمەڵگا، بەڵکو ئەو ڕوانگەیە هەڵگری ئەو مانایەیە کە زمانی ڕۆمان، واتە زمانی داهێنراوی ڕۆماننووس، وەك پاژێك لە شێوازی ڕۆماننووسی، کە

هەڵبەت بۆی هەیە بەشێکی بچووکی ئەو زمانە ئەفرێندراوە هەمان زمانی بەقەولی نووسەر «زمانی مرۆڤی واقیعی» بێت. تەنانەت ئەم قسەیە نەك هەر لە ئاستی زمان، بەڵکو لە ئاستی زەینەتیشدا قسەیەکی ناڕاست نییە. واتە هەندێ جار ڕۆماننووس جۆرە زەینییەتێك بەکەسێتییەکانی دەدات کە لەوانەیە ئەو جۆرە کەسێتییانە وەك کەس لە کۆمەڵگادا، قەت هەڵگر و شایانی وەها زەینیەت و تێڕوانینێك نەبن، بەڵام ڕۆماننووس بۆ پێکانی مەبەستەکەی خۆی ئەم کارە دەکات. وەك ئەو نموونەیەی کە لە ڕۆمانی «بالزاك دا دەیبنین، لەو جێگایەی کە قەشەیەك دەگاتە بابایەکی جووتیاری ڕەشوڕووت و لێی دەپرسێ: «ئەرێ ڕۆڵە، تۆ منداڵەکانت وا بار دێنی لە خوا بترسن؟» جووتیاری پاپەتی لە وەڵامیدا دەڵێ: «نا، بۆچی لە خوا بترسن، ئەوان دەبێ لە مرۆڤ بترسن. من ئەوان وا بار دێنم کە لە مرۆڤ بترسن، ئەو مرۆڤەی کە بەناوی ئاین و خواوە ڕووتمان دەکاتەوە و دەمانچەوسێنێتەوە.» (گێڕانەوەکەی لە زمانی خۆمەوەیە) ئایا دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە زەینییەتە دەقاودەق زەینییەتی ئەو جووتیارە هەژارانە بێت کە لەبەر پەیداکردنی پارووپەك نان دەرفەتی تێفکرین و خوردبوونەوە لەم جۆرە بابەتە ئەبستراکت و سەڵتانەیان نییە؟! کەوایە سەرچاوەی زەین و زمانی کەسێتییەکانی ڕۆمان، ناتوانێ تەنیا زەین و زمانی ئەو مرۆڤانە بێت کە خۆیان زۆرجار دەبنە پاژێك لەو پێکهاتە ئایدیۆلۆژیکەی کە ڕۆمان دژی ڕادەوەستێت

٤- ئەم نووسراوەیە لەو جێگایەدا کە دەڵێ: «کاتێك تیۆر و تیۆر داڕێژی، بابەتی نەکرایەوە و لە ڕێگەی خوێندنەوەی نیشانە واقیعییەکانەوە هەوڵی دەرخستنی و کەشفی هەناوی بابەتەکان و پێوەندییە پێکهێنەرەکانی دیاردەکانی نەدا، بەناچاری لە زەمینەی واقیع دادەبڕێت و باڵا (موتەعالی) دەبێتەوە و دەکەوێتە سیکلێکی نەزۆکەوە کە توانای هیچ کەشفێکی لەلا ئامادە نابێت.» دیارە جیاوازییەك - لانیکەم لەم وتارەی مندا - لە نێوان خوێندنەوەی فۆڕم و خوێندنەوەی ماناداا قایل نییە، چونکە وتاری «باڵندەکانی دەم با و دەرەتانەکانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی» لە ڕاستیدا کەڵکەڵەی دۆزینەوەی پێکهاتە فۆرمییەکانی لایەنی گێڕانەوەی ڕۆمانی نابراوی هەیە و بە هیچ کلۆجێك و بەپێی مەنتقی ڕەوشتناسیی خۆی، خۆ لە قەرەی پێکهاتە ماناییەکان نادات. لەو وتارەدا من بەڕاشکاوی پرسیارێکی پێوەندار بەفۆرمی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دێنمە ئاراوە و لە میکانیزم و دەرتانەکانی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە دەکۆڵمەوە، بێ ئەوەی باسەکەم تێکەڵ بەلایەنی مانایی و جیهانڕەوانیی ڕۆمانەکە بکەم. دەیجا من مەبەستی خۆم بۆ خوێنەر ڕوون کردووەتەوە، بۆچی ئەو نووسراوەیە چاوەڕێیە من لە

مەنتقی میتۆدی وتارەکەم لابدەم و «هەوڵی کەشفی هەناوی بابەتەکان» بدەم، هەرچەند ئەم هەوڵە لە شوێنی خۆیدا شتێکی ڕەوایە و خۆی جۆرە خوێندنەوەیەکی پێویستە، بەڵام لە جێگایەکدا کە گەلاڵەیەك بۆ ئەم شێوە ڕوانین و خوێندنەوەیە لە دەستدا بێت. من خۆ باسی ئەوەم نەکردووە کە دەخوازم لە وتارەکەمدا کەشف و کەراماتێکی مانا ناسانە بنوێنم تا نەمکردبێت و ئینجا ئەم نووسراوەیە بێت و پێی وابێت کەوا کەوتوومەتە ناو سیکلێکی نەزۆکەوە و لە زەمینەی واقیع دابڕاوم. ئەوەی ڕاستی بێت، زەمینەی واقیعیی وتارەکەی من خوێندنەوەی لایەنێك لە فۆرمی ڕۆمانی «باڵندەکانی دەم با» – واتە گێڕانەوەکەی – بووە کە هەوڵی ئەو خوێندنەوەیەشم داوە، کەوایە من لە زەمینەی واقیعیی وتارەکەی خۆم دانەبڕاوم، بەڵکو ئەوە نووسەری ئەو بابەتەیە کە نەیتوانیوە هەر لە بنەڕەتەوە زەمینەی واقیعیی و دروستی وتارەکەی من بناسێ تا دواجار بێت و لەسەر بنەمای وەها ناسینێك باس لە دابڕان یان لە دانەبڕان لەو زەمینە واقیعە بکات. لێرەدایە نووسراوەی «دەرهەستکردنەوە، پرۆژەیەکی ڕۆمانسییانە و ئایدیۆلۆژیك» بەساکار کردنەوەی دەقی وتارەکەی من بەرێگایەکی بەرواڵەت بێ مەترسی و لە هەمان کاتیش لە ڕاستیدا ناعەقڵانی و بێ ئەنجامدا دەڕوات.

٥– نووسەری ئەو بابەتە لە شوێنێکی بابەتەکەیدا دەڵێ: «نامێژوویی دیتن ناچارە لە بەفانتازیاکردنی دیاردە واقیعیەکانیش. ئەگەر ڕۆمانەکە خۆی دەکرێتەوە بابەتێك بۆ سەلماندنی بێ بەش نەبوونی کورد و دوانەکەوتنی لە ئاژاوەی پۆست مۆدێرن بوون و کرایە بەڵگەنامەی ژیاری کورد...» سەرەتا با ئەوە بڵێم کاتێك وتارەکەی من هەوڵی شیکردنەوەیەکی فۆرمیك دەدات، نووسەر داخۆ دەبێت مەبەستی لە دیتنی نامێژوویی چێ بێت؟! کاتێك من باس لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەیی ڕۆمان دەکەم مێژوویی دیتن یان نەدیتن لێرەدا هەڵگری چ چەمك و واتایەکە؟! ئەم نووسراوەیە ئاماژە بەوە ناکات کە لە خوێندنەوەیەکی فۆرمالستانەدا کە باسی سەرەکیی «جوانی»یە نەك «مانا»، مێژوو چ دەورێك دەگێڕێ؟! بۆیە من ئەو زاراوە گشتگیر و گشتبینە – واتە زاراوەی «نامێژوویی دیتن» – وەك گۆپاڵێك بەدەستی نووسەرەوە دەبینم کە نازانێ چۆن چۆنی بەکاری بێنێ و لە کوێدا بیوەشێنێ. لەلایەکی ترەوە بەڕاستی مەبەستی ئەم نووسراوەیە لە دەستەواژەی «ئاژاوەی پۆست مۆدێرن» چییە؟! ئایا مەبەستی ئەوەیە کە بۆ نموونە جیهانی سوننەتی و ڕۆشنگەری و مۆدێرنیزم ئاژاوەیان نەنایەوە و تەنیا پۆست مۆدێرنیزم ئاژاوەی ناوەتەوە؟! یاخود ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت کە پۆست مۆدێرنیزم جگە لە ئاژاوە گێڕی خودان هیچ تایبەتمەندییەکی دیکە نەبێت، یان

هەرچی ئاژاوەیە لە جیهانی کولتوور و فیکر و ئەدەبدا لە ژێر سەری بیرۆکەی پۆست مۆدێرن دایە؟! باشە نووسەر کە ڕەخنە دەگرێ لەوەی «نامێژوویی دیتن ناچارە لە بەفانتازیاکردنی دیاردە واقیعییەکانیش»، لێرەدا پێی وانییە کە ئەویش هاوشان لەگەڵ باڵی ڕەسمیی دەسەڵاتی زاڵی فیکریی ئەم دەڤەرە، تێکەڵ بەو دیدە نامێژووییییە دەبێت کە پۆست مۆدێرنیزم، بەشێوەیەکی ڕەها و موتڵەق، بەئاژاوە ناودێر دەکەن و بەتاکە هۆکاری هەرچی چارەڕەشیی کولتووری، ئایینییە و... دەیزانن؟! ئایا نووسەر خۆی لێرەدا سەرقاڵی بەفانتازیاکردنی دیاردەی دەسکردی «ئاژاوەی پۆست مۆدێرن» نییە؟! جگە لەمانە تا ئێستا بەروبوومی گوتاری پۆست مۆدێرن، لە هەموو بوارەکانی و بەهەموو لقەکانییەوە، لە کوێی کۆمەڵگا و هونەر و ئەدەب و نووسین و فیکری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە تا دواجار نووسەری ئەم بابەتە هەستی بەئاژاوە نانەوەی ئەم دیاردەیە کردبێت و ئینجا بیکاتە ئاوەڵناوی بەشێك لە خەرمانی ئەدەبی گەلەکەی. ئایا نووسەر ئاژاوەی پۆست مۆدێرنی بەشێوەیەکی بەرهەست هەست پێ کردووە و تیێ گەیشتووە یان ئەوەتا ئەم زاراوەیەی – ئەویش لە گشتیترین و ڕووکەشترین و ڕەسمیترین مانای خۆیدا – هەروا وێڵەکی بیستووە و ڕەمەکی بەکاری هێناوە. ئایا خودی ئەم شێوە بەکارهێنان و ناو زڕاندنەی پۆست مۆدێرن بەشێك نییە لە هەمان پرۆژەی دەرهەستکردنێك کە نووسەر هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدات؟! ئایا نەوەی نوێ بۆی هەیە هەمان هەڵەی نەوەکانی پێشوو دووپات بکاتەوە و پێشی وابێت تا سەر ئێسك نەوەیەکی مێژوو گەرایە؟! ئایا گەورەترین نیشانەی واقعبینیی مێژوویی خوێندنەوەی بەروبوومی هونەر و ئەدەبی کۆن و نوێمان نییە؟! ئایا دەشێت لەسەر دەستی چەند زاراوەیەکی حازر بەدەستی گشتگیری باو و لە ڕێگای ساکارکردنەوەی بەزۆر بابەتێکی ڕەخنەیی، دواجار حوکمی نامێژوویی دیتن دەربکردرێ؟!

خوێندنەوەی ڕۆمان خوێندنەوەی پێوەندیی نێوان عەقڵ و هەستی مرۆڤەکانە، ڕۆمان پانتاییی بەرفراوانی گفتوگۆی نێوان مرۆڤەکانە، و «مرۆڤ بریتییە لە گفتوگۆ.» (هایدگێر) و گفتوگۆش سەرەتای بزوتنەوەی دژە دیکتاتۆرییەتی ئایدیۆلۆژییەکان و بەرهەمی عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانەیە.

ڕەشەمەی ١٣٨٢ (٢٠٠٣)

## دیسان وەرگێڕانی کوردی و دیسان کارەساتی هزری

### چەند ڕوونکردنەوەیەك لەسەر کتێبی

### «قوتابخانە ئەدەبییەکان» لە وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف

لەم دواییانەدا، کاك حەمە کەریم عارف، کتێبی «مکتبهای ادبی»ی ڕەزا سەید حسێنی، نووسەری فارسی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و لەسەر دەستی دەزگای موکریانی حەوالەی بازاری کتێبی کردووە. کاك حەمە کەریم، لەم وەرگێڕانەدا، زۆر هەوڵی داوە بە ئەو قسانەی، کە پشوو درێژانەش کردوونی و لە پێشەکیی کتێبەکەدا، ڕووبەڕووی بزاڤی وەرگێڕانی کوردیی کردووە تەوە و وەرگێڕانێکی پاکوخاوێن و ڕێکوپێك ئاراستە بکات، بەڵام لە بەراودێکی سەرپێیانەی دەقی سەرەکی و دەقی کوردیدا، بۆ خوێنەری وردبین دەردەکەوێ کە هەڵەی تێگەیشتن لە دەقە فارسییەکەی هێندە زۆرن، کە ئەمانەتی وەرگیرانی ڕەنج بەخەسار کردووە. دیارە لە کاتی وادا تەنیا ناچاری باسی چەند نموونەیەکی ئەو هەڵانە بکەیت و ئیتر ئەوی تری بهێڵێتەوە بۆ لێکدانەوەی خوێنەر خۆی. بۆ ئەو مەبەستە من دەقی فارسیی بەشێکی بچووك لەم کتێبە و دەقی وەرگێڕانەکەی کاك حەمە کەریم دەخەمە بەرچاوی خوێنەر و چەند تێبینی و ڕوونکردنەوەیەکی خۆشمی دەخەمە پاڵ. بەو هیوایەی ڕووناکاییەك کەوتبێتە سەر مەیدانی شێواو و تاریکی وەرگێڕانی کوردی.

**دەقی فارسی١**

نقش کلیسا

عامل مذهب و نقش کلیسا، این سرزمینهای روستایی شده را دوباره سر و سامان داد و روحانیان مسیحی عملا زمام اختیار حکومت ها و مردم را به دست گرفتند. فرمانروایان فاتح به تدریج دین مسیح را پذیرفتند و کلیساها بەصورت مراکز

تعلیم و تربیت و نسخه برداری و حفظ کتب درامدند.

اگر اطلاعات ناقص برخی فرهنگ نویسان و راویان را کنار بگذاریم، می توان گفت که اولین تماس با فرهنگ و ادب و فلسفه یونان قدیم در همین دوران صورت گرفت و رایحه ثمرهء آن زندان یکی از همین فرمانروایان به بیرون تراوید.

«بوئثیوس» که او را «آخرین رومی» می نامند، «تسلای فلسفی» را که رساله ای بود به‌نثر آمیخته با شعر در زندان نوشت. او که مشیر و مشار «تئودوريك»، پادشاه گت ها بود، به شرکت دريك توطئه متهم شده و پادشاه او را به اعدام محکوم کرده بود. در مدتی که پیش از اعدام در زندان بود، رساله ای در قالب گفت و گو با دلرباترین محبوبهء زند گی اش، یعنی فلسفه نوشت که بهتر از شعر، او را از تیره روزی هایش تسلی می دهد، زیرا «هماهنگی» جاودانهء «اندیشهء الهی» را در آثار متفکران بزرگ به اومی آموزد. این کتاب که به زبانی فصیح و روان نوشته شده، خلاصه ای است از اندیشه های قدیم نوافلاطونی، نوارسطویی، و نورواقی. قابل توجه این که دراین کتاب از سقراط و «سنکا» و دیگران سخن رفته، اما هیچ اشاره ای به انجیل نشده است.

بوئثیوس به خدا ایمان دارد واین ایمان خود را با زبانی شاعرانه بیان می کند، اما خدای او بیشتر خدای فلاسفه است تا خدای مسیحیت. کتاب، تاریخ ۵۲۳ – ۵۲٤ را دارد و حال آنکة به راحتی می توانست پنج قرن پیش از آن نوشته شده باشد. این اثر خلاصه ای است از ارزش های فلسفی و اخلاقی دوران بت پرستی که مستقیما می توانست در اندیشهء مسیحی مورد استفاده قرار گیرد و چنین نیز شد. «آنسلم قدیس» (قرن یازدهم)، «ابلار» (قرن دوازدهم) و «توماس آکوئیناس» (قرن سیزدهم) برای برداشت های فلسفی عظیم شان از آن استفاده کردند.

تماس دیگر با اندیشهء یونانی در قرون دوازدهم و سیزدهم (معروف به قرون وسطای علیا) از طریق ترجمه های عربی دانشمندان اسلامی انجام گرفت که از طریق اسپانیا به ایتالیا و فرانسه رسیدند و به زبان لاتینی ترجمه شدند.

کمی پیش از سال ۱۲۰۰ بود که دواثر «فیزيك» و «متافیزيك»، ارسطو از روی نوشته های عربی دانشمندان اسلامی که از اسپانیا آمده بودند به زبان لاتین

ترجمه شد. آشنایی با این دو اثر چنان حادثهء مهمی بود که محیط مدرسی مسیحی را دقیقا ناچار کرد که از نو دربارهء ترکیب الهیات کاتولیك و متافیزیك یونانی بیندیشد.

کاملترین و پرارزش ترین نتیجهء این اندیشه، summa Theogica (مدخل الهیات) «توماس آکوئیناس قدیس» بود که به اندیشهءقرون وسطی چیزی را ارزانی داشت که قرن ها پیش در انتظارش بود: نظامی واحد، ارزش حیاتی که هم الهی باشد وهم فلسفی.

تومیسم یا فلسفهء توماس قدیس که در واقع فلسفهء ارسطویی است در پیکرهء مدرسی مسیحی، اگرچه بارها از طرف پاپ رد شد، سرانجام به صورت فلسفهء رسمی کلیسای مسیحی درآمد و پس از سیری نزولی در دوران کلاسیك، بعدها در آغاز قرن بیستم تولدی دوباره یافت.

**دەقی کوردی**

دەوری کلێسا

فاکتەری مەزهەبی و ڕۆڵی کلێسا، دووبارە ئەم سەر زەمینە بە گوند بووانەی بووژانەوە و روحیانی مەسیحی بەکردەوە جڵەوی حکوومەتەکان و خەڵکەکانیان گرتە دەست.

فەرمانڕەوایانی داگیرکەر، بەرە بەرە ئاینی مەسیحیان قەبووڵ کرد و کلێسەکان بوون بە بنکە و مەڵبەندی فێرکردن و پەروەردە و نووسینەوە و لەبەرکردنی کتێبان.

ئەگەر زانیاری ناتەواوی هەندێك فەرهەنگ نووسان و گوتیاران وەلاوە بنەین ئەوە دەتوانرێ بگوترێ کە یەکەم تەماس دەگەڵ کەلتور و ئەدەب و فەلسەفەی یۆنانی کۆندا ئەو سەردەمەدا دەستی پێ کرد و بۆنی بەرهەمی ئەوەش لە زندانی یەکێك لە فەرمانڕەوایانی ئەو سەردەمە دزەی کردووەتە دەرێ.

(بویپیوس) کە (دوا ڕۆمی) پێ دەڵێن، کتێبی (تەلاری فەلسەفی) لە زینداندا نووسی کە نامەیەك بوو بەپەخشانی ئاوێتە بە شیعر.

بویپیوس کە ڕاوێژکاری (تیودوریك) پاشای گوتەکان بوو. بەوە تاوانبار کرا کە

گویا بەشداریی پیلانێکی کردووە دژی پاشا، و پاشان حوکمی ئیعدامی دەرکردبوو ماوەیەك لە زینداندا بوو، نامەیەکی لە قاڵبی گفتوگۆ دەگەڵ دڵڕفێنترین خۆشەویستی ژیاندا، یانی دەگەڵ فەلسەفەدا نووسی، کە لە شیعر چاتر تەسەلای ڕۆژە ڕەشەکانی دەدایەوە، چونکە (هاوئاهەنگی) جاویدانەی (ئەندێشەی ئیلاهی) لە بەرهەمێن هزرڤانانی گەورەدا فێری ئەو دەکات، ئەم کتێبە کە بەزمانێکی ڕەوان نووسراوە، پوختەیەکە لە ئەندێشەێن کۆنی نۆ ئەفلاتۆنی، نۆ ئەرستۆیی، نۆ ڕەواقی. ئەوەی مایەی سەرنجە لەم کتێبەدا باسی سوقرات و (سنکا) و کەسانی دی کراوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بۆ ئینجیل نەکراوە.

بویپیوس ئیمانی بەخوا هەیە و ئەم باوەڕەی خۆی بەزمانێکی شاعیرانە دەردەبڕێت، بەڵام خوای ئەو زیاتر خوای فەیلەسوفەکانە تا خوای مەسیحیەت، کتێبەکە مێژووی ٥٢٣ – ٥٢٤ی لەسەرەو لە حاڵێکا زۆر بەئاسانی دەتوانرا پێنج سەدە بەر لەوە بنووسرابووایە. ئەم بەرهەمە پوختەیە کە لە بەها فەلسەفی و ئەخلاقییەکانی سەردەمی بت پەرستی کە دەتوانرا ڕاستەوخۆ لە فیکری مەسیحیدا سوودی لێ وەربگیرێت و هەر واشی لێهات، (تۆماس ئاکویناس) (سەدەی سێزدەیەم) لە تەعامولی فەلسەفی گەورەی خۆیاندا سوودیان لێ وەرگرت.

تەماسێکی دیکە لەگەڵ بیری یۆنانیدا لە سەدەی سێزدەیەمدا (کە بەسەدەکانی ناڤینی باڵا ناسراوە) و لە ڕێگەی تەرجەمەێن عەرەبی هزرڤانان و زانایانی ئیسلامیەوە ڕوویدا کە لە ڕێگەی ئیسپانیاوە گەیینە ئیتالیا و فەڕەنسا و تەرجەمەی زمانی لاتینی کران.

هەندێك بەر لەساڵی ١٢٠٠ بوو، کە هەردوو بەرهەمی (فیزیك) و (میتا فیزیك)ی ئەرستۆ لە بەردەست نووسێن عەرەبی زانایانی ئیسلامیەوەکە لە ئیسپانیاوە هاتوون، تەرجەمەی لاتینی کران، ئاشنا بوون بەم دوو بەرهەمە ڕووداوێکی هێندە گرینگ بوو کە ناوەندی قوتابخانەیی مەسیحی ناچارکرد کە سەرلەنوێ بەپێکهاتەی ئیلاهییاتی کاسۆلیك و میتافیزیکی یۆنانیدا بچنەوە.

بەبایەخترین ئەنجامی ئەم پێداچوونەوەیە کتێبی (ئیندێکسی ئیلاهات)ەکەی (تۆماس ئاکوییناس قەدیس) بوو، کە شتێکی بەهزری سەدەکانی ناڤین بەخشی، کە چەندین سەدە لەوە پێش چاوەڕوانی بوو: یەکەم سیستەم، کە بایەخێکی

زیندووی ئەوتۆی هەبێ هەم ئیلاهی بێ و هەم فەلسەفی.

تۆمیزم یان فەلسەفەی تۆماس قەدیس کە لە ڕاستیدا فەلسەفەی ئەرستۆییە لە هەیکەلی زانستێن قوتابخانەیی مەسیحی، ئەگەرچی چەندین جار لەلایەن پاپاوە ڕەت کرایەوە، لە ئەنجامدا بوو بە فەلسەفەی ڕەسمی کڵێسای مەسیحی و پاش ئەوەی لە سەردەمی کلاسیکدا هەندێ لە تەنەزولیدا، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دووبارە لە دایك بووەوە و بووژایەوە.

سەرنجەکان:

١- دەقی فارسی: عامل مذهب

دەقی کوردی: فاکتەری مەزەبی

سەرنج: «مذهب» ناوە، بەڵام مەزەبی ئاوەڵناوە. نووسەر مەبەستی خودی مەزهەبە نەك ئەو شتەی مەزهەبی بێت.

تەرجەمەی دروست: هۆکاری مەزهەب

٢- دەقی فارسی: فەرمانروایان فاتح

دەقی کوردی: فەرمانڕەوایانی داگیرکەر

سەرنج: «فاتح» ناچارەکی داگیرکەر نییە، تۆ وڵاتی خۆت بپارێزی و سەرکەوی دەبیتە «فاتح» نەك داگیرکەر

تەرجەمەی دروست: فەرمانڕەوایانی سەرکەوتوو.

٣- دەقی فارسی: حفظ کتب

دەقی کوردی: لەبەرکردنی کتێبان

سەرنج لێرەدا «حفظ» بەمانای پاراستن و ڕاگرتنە نەك لەبەرکردن. کڵێسا شوێنی پاراستنی کتێبە نەك لەبەرکردنی کتێب

٤- دەقی فارسی: رایحە ثمرە... بەبیرون تراوید.

دەقی کوردی: بۆنی بەرهەمی... دزەی کردووەتە دەرێ.

سەرنج: «ثمره» واتا دەسکەوت. تراویدن واتە هاتنە دەرێ نەك دزەکردن کە هەر لە بنەڕەتەوە بۆ بۆن نابێ. «تراوید» کاری ڕابردووی ساکارە و نابێ زەمانەکەی لە خۆڕاوە بگۆڕدرێ.

تەرجەمەی دروست: بۆن و بەرامەی دەسکەوتی... هەستی پێ کرا.

٥- دەقی فارسی: «بوئثیوس»

دەقی کوردی «بوییوس»

سەرنج: ناوەکە بەهەڵە تۆمار کراوە.

تەرجەمەی دروست: بوئسیوس

٦- دەقی فارسی: «تسلای فلسفی»

سەرنج: تسلا واتە دڵدانەوە، دڵخۆشی دانەوە، ئارامی پێ بەخشین، بەڵام وەرگێڕ باسی لە تەلار کردووە کە هیچ فرێکی بەسەر مەبەستی نووسەرەوە نییە.

تەرجەمەی دروست: «دڵدانەوەی فەلسەفی»

٧- دەقی فارسی: رسالە

دەقی کوردی: نامە

سەرنج: ریسالە نامە نییە و نامیلکەیە. دیارە لێرەدا ئەو بابەتە فەلسەفییە لە دوو تۆێی نامیلکەیەکدا نووسراوە نەك نامەیەکدا.

تەرجەمەی دروست: نامیلکە.

٨- دەقی فارسی: مشیر و مشار

دەقی کوردی: ڕاوێژکار

سەرنج: «مشیر» ڕاوێژکەر یان ڕاوێژکارە و «مشار» ڕاوێژ پێ کراوە وەرگێڕ تەنیا ئاماژەی بەیەکیان کردووە.

تەرجەمەی دروست: ڕاوێژکار و ڕاوێژ پێ کراو.

٩- دەقی فارسی: برداشتهای فلسفی

دەقی کوردی: تەعامولی فەلسەفی

سەرنج: وەرگێڕ لە وشەی فارسی «بر داشت» لێرەدا بەواتای بۆچوون نەگەیشتووە و لە بری ئەمە لە وشەی عەرەبی تەعامول کەڵکی وەرگرتووە، کە هیچ پێوەندییەکی بەمەبەستی نووسەرەوە نییە.

تەرجەمەی دروست: بۆچوونە فەلسەفییەکان

١٠- دەقی فارسی: تماس... انجام گرفت

دەقی کوردی: تەماس... ڕووی دا

سەرنج: بەڕاستی چاوگی تێکەڵاوی «تەماس ڕوودان» لە کوردیدا چ مانایەکی هەیە؟!

مەبەستی نووسەر لێرەدا لە «تماس» پێك گەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەیە.

تەرجەمەی دروست: پێك گەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوە... هاتە ئاراوە

١١- دەقی فارسی: محیط

دەقی کوردی: ناوەند

سەرنج: محیط واتە دەوروبەر، ژینگە. وشەی هاوتای ناوەند لە فارسیدا «مرکز»ە نەك «محیط»

تەرجەمەی دروست: ژینگە

١٢- دەقی فارسی: نظامی واحد

دەقی کوردی: یەك سیستەم

سەرنج: «واحد» لێرەدا ڕێك بەواتای یەکە و تاکە نەك ژمارەی یەك. مانای «واحد» لێرە زیاتر ئاماژە بەیەك پارچەبوونی ئەو سیستەمە دەکات نەك ژمارەی سیستەم.

تەرجەمەی دروست: سیستمێکی یەکە و تاقانە

١٣- دەقی فارسی: ارزش حیاتی

دەقی کوردی: بایەخێکی زندووی

سەرنج: حیاتی لێرەدا ئاماژە بەژیان ناکات بەڵکو مەبەستی شتێکە وەك ژیان گرینگ. حیاتی لێرەدا واتە گرینگ و گران.

تەرجەمەی دروست: بایەخێکی گرینگ

دیارە ئەم بەشەی کتێبەکەی ڕەزا حسینی بەشی سەرەتایی و باسی گشتی کتێبەکەیە. نامانەوێ بچینە ناو بەشە سەرەکی و تایبەتییەکانی، کە بەدڵنیاییەوە هەڵەی زێتر و زەقتری تێ کەوتووە. هیوادارم وەرگێڕان و ئەم بزاڤەی وا بەڕێوەیە وامان لێ نەکات لەبری ئەوەی مەعریفە وەدەست بێنین لە دەستی بدەین.

کاك حەمە کەریم عارف، کە زۆر دڵسۆزانە لە پێشەکیدا باسی وەرگێڕانی کوردی دەکات، هەوڵی نەداوە بەکردەوەش ئەم دڵسۆزییەی بۆ کتێبخانەی کوردی بەروبوومی بەرچاوی هەبێت. ئەو جیا لەوەی کە وەرگێڕ زۆر بێ دەروەستانە و بەبێ هۆیەکی مەحکەمە پەسند و مەنتقی بەشێکی زۆری کتێبەکەی، وەکو نموونەی ئەو دەقانەی کە ڕەزا سەید حسینی بۆ وردتر تێگەیشتن لە قوتابخانە ئەدەبییەکان لە پاڵ باسوخواسەکانی هێناونی، وەرنەگێڕاوە و دوو بەرگی تۆکمە و پڕ پاراوی سەرەکی کردووەتە کتێبێکی لەڕ و لاوازی ٢٩٠ لاپەڕەیی. ئەوە لە کاتێکدایە تەنیا بەرگی یەکەمی «مکتبهای ادبی» سەید ڕەزا نزیکەی ٥٠٠ لاپەڕە دەبێت.

خاڵێکی تر، کە لەم جۆرە کتێبانەدا گەلێ گرینگە، چونکی لە باسی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبیدا زاراوەکان تاو و تەئسیری زۆریان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر هەیە، وەرگێڕانی ورد و ڕاستی ئەو زاراوانەیە و لە هەمان کاتیشدا ئاماژە کردنە بەئەسڵی زاراوەکە بەزمانی سەرەکی. کاك حەمە کەریم خۆی بەهیچ یەك لەم زاراوانەوە ماندوو نەکردووە و وەرگێڕانەکەی خاوەنی هیچ چەشنە پەراوێز و ڕوونکردنەوەیەکی بۆ خوێنەری کورد نییە.

بۆ نموونە لە لاپەڕەی ١٥٨دا «شاعران منحط»ی بە «شاعیرانی بێ بەها» تەرجەمە کردووەتەوە، بێ ئەوەی پێمان بڵێ هۆی ئەم وەرگێڕانە چییە. «منحط»، واتە «داڕماو، تیاچوو، داتەپیو، داڕووخاو، بەسەرچوو،...» کەچی کاك حەمە کەریم بێ دەروەستانە و نابەرپرسانە شاعیرانی لەم چەشنەی بێ بەها و بێ بایەخ کردووە.

دوا وتەم ئەوەیە تا سیاسەتی کەلتووری بۆ مەیدانی ڕۆشنبیری کوردی نەبێتە ئەسڵی سەرەکی و پسپۆڕایەتی نەبێتە مەرجی کارکردن لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتە

کولتوورییەدا کارەساتی لە چەشنی ئەم وەرگێڕانانە هەر بەردەوام دەبێت و خوێنەر و خوێندکاری کوردیش هەروا بێ سەرچاوە و دواکەوتە و بێ دەرەتان دەبن.

جا ئێستا بۆ ئەوەی خوێنەر سەرجەم نموونەیەکی باشی تەرجەمەی ئەم دەقە ببینێ دەقی وەرگێڕانی «کاك ڕەسووڵی سوڵتانی» لەم بابەتە کە لە کۆواری کاروانی ژمارە ٢١٤دا، ل١١٣ و ١١٤، بڵاوبووەتەوە دەخەینە بەرچاوی هەڵسەنگێنەری خوێنەر.

**دەقی کوردی**

ڕۆڵی کلێسا

ئاین و کلێسا سەرلەنوێ لە ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ئەم هەرێمە بچووك کراوانەدا (بەگوندکراو) ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا پیاوانی ئاینی مەسیحی بەکردەوەی هەوساری دەسەڵات و خەڵکیان بەدەستەوە گرت.

فەرمانڕەوا سەرکەوتووەکان وردە وردە بوونە مەسیحی و کلێساکان بوونە ناوەندی پەروەردە و لەبەرگرتنەوە پاراستنی کتێب. ئەگەر بێین کارمان بەسەر زانیارییە سەقەتەکان هێندێ لە فەرهەنگنووسان نەبێ و وەلایان نێین. دەکرێ بڵێین: یەکەمین پەیوەندییەکان بەکەلتوورو ئەدەب و فەلسەفەی یۆنانی کۆنەوە لەم سەردەمەدا گیرا و بۆن و بەرامە بەروبوومەکەش لە بەندیخانەی یەکێك لە لەم فەرمانڕەوایانەوە تەشەنەی کرد بۆ دەرەوە.

بۆسیۆس Boethius کە بە«دوایین ڕۆمی» بەناوبانگە، نامیلکەی «ئۆخژنی فەلسەفی» کە بەشێوەی پەخشانە شیعر بوو لە بەندیخانەدا نووسی. ئەو کە ڕاوێژکاری «تیۆدۆریك»ی شای گێتەکان بوو تاوانبار کرابوو بەبەشداری لە پیلانێکدا و لەلایەن شاوە ئیعدامی حوکمی درا.

لەو ماوەیەدا کە بەر لە ئیعدام دەست بەسەر بوو نامیلکەیەکی لە قالبی وتوویژ لەگەڵ دڵفرێنترین گراوییەکەی واتە «فەلسەفە»دا نووسی کە لە شیعر چاکتر ئۆخژنی پێ دەبەخشی لە هەمبەر چارە ڕەشییەکانیدا، چونکە ئەو فێری «هاوئاهەنگی» نەمری «ئەندێشەی یەزدانی» لە بەرهەمی بیرمەندە گەورەکاندا

دەكا. ئەم كتێبە كە بەزمانێكی ڕوون و ڕەوان نووسراوە كورتكراوەیەكە لە فیكر و بیرە كۆنەكانی نوێی ئەفلاتوون، نوێی ئەرستۆیی و نوێی ڕەواقی.

ئەوەی جێی سەرنجە لەم كتێبەدا باس لە سوكرات و «سێنكا» و كەسانی دیكە كراوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بەئینجیل نەكراوە.

بۆیسۆس باوەڕی بەخودا هەیە (ئیماندارە) و بە زمانێكی شاعیرانە ئەم باوەڕە دەردەبڕێ، بەڵام خوداكەی ئەو زیاتر خوای فەیلەسووفانە هەتاكو خوای مەسیحییەت، كتێبەكە ڕێكەوتی (٥٢٣ – ٥٢٤)ی بەسەرەوەیە و لە حاڵێكدا دەكرا پێنج سەدە پێشتریش نووسرابایە. ئەم بەرهەمە كورتەیەك لە بایەخە فەلسەفییەكان و ئەخلاقی سەردەمی «بتپەرستی»یە كە ڕاستەوخۆ دەیتوانی لە فیكری مەسیحیدا كەڵكی لێ وەرگیرێ، هەرواشی لێ هات.

پیرئانسیلی St Ansel (سەدەی یازدەهەم). ئابیلارد Abelard (سەدەی دوازدەهەم) و تۆماس ئاكۆیناس (سەدەی سێزدەهەم) بۆ تێگەیشتنەكانیان لە فەلسەفە كەڵكیان لێ وەرگرت.

پەیوەندییەكەی دیكە لەگەڵ ئەندێشەی یۆنانی لە سەدەی دوازدە و سێزدەهەمدا (ناسراو بەسەدەی ناوەڕاستی مەزن). لە ڕێی وەرگێڕدراوە عەرەبییەكانی بیرمەندانی ئیسلامییەوە بوو، كە لە ڕێگای ئیسپانیاوە گەیشتنە فەڕەنسا و ئیتاڵیا و وەرگێڕدرانە سەر زمانی لاتینی.

بڕێك بەر لەساڵی ١٢٠٠ بوو، كە دوو بەرهەمی «فیزیا» و «میتافیزیك»ی ئەرەستۆ لە ڕووی ئەو دەستنووسە عەرەبی ئیسلامییانەی كە لە ئیسپانیاوە هاتبوون وەرگێڕدرانە سەر زمانی لاتینی. ناسینی ئەو دوو بەرهەمە ڕووداوێكی ئەوەندە گرینگ بوو، كە ناوەندە پەروەردەییەكانی مەسیحی ناچاركرد سەرلەنوێ بیر لە پێكهاتەی «الهیات» كاسۆلیكی و میتافیزیكی بكەنەوە.

كامڵترین و پڕ بایەخترین بەرهەمی ئەم بیرۆكە acigoloehT ammuS (دەروازەی ئیلاهیات) بەرهەمی (پیر تۆماس ئاكۆیناس) بوو، كە وەها شتێكی بەخشی بەئەندێشەی سەدەكانی ناوەڕاست، كە چەند سەدە بوو چاوەڕوانی بوو، سیستەمێكی یەكە ئێجگار پڕ بایەخ، كە هەم یەزدانی بێت و هەم فەلسەفی. تۆمیسم

یا فەلسەفەی پیر تۆماس، کە لە ڕاستیدا فەلسەفەی ئەرەستۆییە لە پەیکەری زانستی وانەیی مەسیحیدا و چەندین کەڕەت لەلایەن پاپاوە ڕەدکرایەوە، ئاخیرییەکەی بووە فەلسەفەی فەرمیی کڵێسای مەسیحی و پاش داکشان لە سەردەمی کلاسیکیدا، دواجار لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دیسان گەشەی کردەوە.

## ئەدەبیات: لە بەرهەمهێنانەوە بۆ داهێنان

لەگەڵ چەند سەرنجێك لەسەر ستراتیژیی كۆواری شین

كافكا دەڵێ، ئەو ئەدەبیاتەی نەتوانێ ببێتە تەورێك و سەهۆڵبەندانی شەوەزەنگی بێدەنگی پارچە پارچە بكات هەر بابەتی سووتاندنە و هەر شایانی توورهەڵدانە. كافكا دەیەوێ ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێ، ئەدەبیات ناشێ لە هەمبەر ئەو جیهانەی تێیدا لە دایك دەبێ و تێیدا گەشە دەكات كەم تەرخەم و گوێ پێنەدەر و بێ سەرنج بێت. ئەو ئەدەبیاتەی بەردی دەنگ و هەڵوێستی خۆی نەخاتە نێو گۆمی مەندی جیهانەوە و باوەڕ و جیهانبینیی خۆی نەڕژێنێتە نێو دڵی مرۆڤانەوە دواجار هەر لە سنووری بەرتەسكی هەندێ واژە و دەنگی سووك و سانا و بێ دەلالەت و بێ مانا تێ ناپەڕێ. ئەدەبیات بەرهەمێكە ئینسان دەیخووڵقێنێ و ئینسانیش دەیخوێنێتەوە، كەواتە ناشێ ئەدەبیات، چ لە ئاستی داهێنان و چ لە ئاستی بەكارهێناندا، بێ بەری بێت لە كەڵكەڵەی ئینسانی و لە خەونی ئینسانی و لە واقیعی ئینسانی. گەر ئەم جیهانەی تێیدا دەژین بەمرۆڤەوە مانای هەیە و بوونی هەیە، ئەدەبیاتیش بەهەمان شێوە بەباسكردن لە خەمی مرۆڤەوە جوانە و بەلێدوان لەمەڕ ژیانی مرۆڤەوە شایانە.

بەڵام لەم نێوانەدا ئەو شتەی گەلێ گرینگ و خاڵی سەرنج پێ بەخشینە، شێوازی هەڵوێستگرتن و چۆنێتیی دەنگ هەڵبڕینی ئەدەبیاتە لە هەمبەر خواست و ویستی مرۆڤان. ئایا ئەو دەنگەی لە گەرووی شاعیرێكەوە دێتە دەرێ و باسی چارەنووس و بەخت و هات و نەهاتی ژیانی مرۆڤ دەكات، هەر هەمان دەنگە كە بۆ نموونە لەزاری پیاوێكی سیاسی یان پسپۆڕێكی كۆمەڵناسی یان پزیشكێكی دەروونشیكار دەیبیسین؟ ئایا فۆرم و فیكری ئەو گوتارەی ڕۆماننووسێك دەیهێنێتە نێو پانتاییی كۆمەڵگاوە هەر هەمان گوتارە كە مەلایەكی خوتبەخوێنی مزگەوت یان مامۆستایەكی وانەبێژی زانكۆ دەیهێننە گۆڕێ؟ ئایا ئەو شتەی شانۆ – وەك ڕووكارێكی ئەدەبیات– بەجیهانی زیاد دەكات هەمان شتە كە بازاڕ – وەك دەركەوتێكی ئابووری– دەیخاتە بەردەستی دنیا؟

لێرەوەیە هەست دەکەین ئەدەبیات ڕاستە خەمی مرۆڤی بەکۆڵ خۆی داداوە و لەپێناوی ناسینی مرۆڤ دێتە نووسین، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵوێستی لە هەمبەر مرۆڤ و باوەڕی لەمەڕ جیهان، بەشێوازێکی خۆبژێو و سەربەستانەیە و مەرج نییە پابەندی یاسا و ڕێساکانی دەرەوەی جیهانی خۆی بێت. ئەدەبیات بەگشتی پابەندی هەقیقەتە، بەڵام لە دەربڕینی ئەو هەقیقەتەدا تەنیا دەروەستی ڕێگا و ڕەوشتی خۆیەتی. بەوتەیەکی تر ئەدەبیات بە ئەلفوبێی زمانی خۆی دەدوێ و بۆ تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن لە ئەدەبیاتیش پێویستە بەردەنگ بەزمانی ئەدەبیات بزانێ. ئەوانەی دژی ئەدەبیاتن بەگشتی، یان دژی چەشنێکی تایبەتی ئەدەبیاتن– بۆنموونە ئەدەبیاتی مۆدێرن– ئەو کەسانەن لە هەقیقەتی زمانی ڕەسەنی ئەدەبیات و شوناسی سەرەکیی ئەدەبیات نەگەیشتوون.

بۆیە پێویستە ئەدەبیات بەرلەوەی خەمی دەربڕینی بێ، دەشێ بیری لە خۆناسین کردبێتەوە. ئەو ئەدەبیاتەی بەزمانی خۆی نەدوێت، بەشوناسی خۆیشییەوە ناژیت. ئەدەبیات و نەتەوە لەوەدا یەك دەگرنەوە کە شوناسەکەیان لە زمانەکەیاندا چڕ دەبێتەوە. ئەگەر ئەو نەتەوەیەی کە دواجار زمانی خۆی دەدۆڕێنێ لەسەر نەخشەی جوگرافیای جیهان و لەسەر نەخشی مێشکی مرۆڤان پاك دەبێتەوە و تۆزی فەرامۆشیی لەسەر دەنیشێ، ئەو ئەدەبیاتەش کە لەسەر پنجی زمانی خۆی نەڕوا بێ دواجار نشوستی دێنێ و لەنێو کتێبی کولتوور و داهێنانی جیهاندا لاپەڕەیەکی سپی و ئەنجامێکی ڕەشمان بۆ بەجێ دێڵێ.

کەواتە ئەدەبیات دەبێ شێلگیرانە بەدوای داهێناندا بێت و مانەوە و ژیانەوەی خۆی لە سایەسەری داهێناندا ببینێ. ئا لێرەوەیە کە ئەدەبیات بۆ ئەوەی سەربەخۆیی و شان و شکۆ و قەدر و قیمەتی ئەو سەربەخۆییە بپارێزێ دەبێ زمانی خۆی لە زمانی گوتارەکانی تری جیهان جیاکاتەوە.

شاعیر بۆی هەیە باسی سیایەت بکات بەڵام نابێ وەك سیاسەتمەدار بیر بکاتەوە و وەك سیاسەتمەدار بدوێت. چیرۆکنووس بۆی هەیە باس لە ململانێی چینایەتیی قوناغێك لە مێژووی گەلەکەی خۆی بکات، بەڵام ناشێ وەك ئابووریزانێك بئاخڤێ. کەواتە ئەدەبیات لە هەموو جیهان دەدوێت، بەڵام وەك هەموو جیهان نادوێت، ئەدەبیات قەقنەسێکە هەموو جارێ لە خۆڵەمێشی ئاگری زمان و جیهان و شوناس و شعووری خۆیە دەژێتەوە. بەڵام ئەم ژیانەوەیە دواجار لە پێناوی خەمی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دایە. نالی سەد و پەنجا ساڵ

لەمەوبەر ئەم هەقیقەتانەی لە دوو توێی ئەم دێرە شیعرەدا پێ گوتووین:

کەس بەئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

لەم شیعرەدا نالی دوو زمانی لێك جیا کردووەتەوە:

ئەلفاظی خۆ کوردییە = زمانی نووسین بە ئەلفوبێ کوردی

ئەلفاظی خۆ کردییە = زمانی نووسین بە ئەلفوبێی داهێنان

نالی پێمان دەڵێ ڕاستە من بەزمانی زگماکی خۆم شیعر دەنووسم، بەڵام بەر لە و شوناسە سەرەتاییە، من شوناسێکی سەرەکیم بەشیعرەکەم بەخشیوە و ئەویش خۆکردی بوون و داهێنەرانە بوونی زمانی شیعرەکەمە. کەواتە نالی لە شوناسی شاعیرێکی داهێنەر و خوولقێنەرەوە دەگاتە شوناسی شاعیرێکی کورد و کوردینووس. نالی پێی وایە کوردی نووسین بەبێ توانایی داهێنان هونەرێکی ئەوتۆ نییە ئەو شانازیی پێوە بکات، گەرچی لەو سەروبەندەدا نەك هەر کوردی نووسین، بەڵکو چکۆلەترین ئاوڕدانەوە لە زمانی کوردی مۆجزە بوو.

نالی باش زانیویەتی کە جوانیی شیعر لە داهێنانەکەی و داهێنانی شیعر لە جوانییەکەی دایە. ئەدەبیاتی بێ بەری لە داهێنان هیچ قسەیەکی بۆ گوتن پێ نییە، هەر چەند لەوانەیە بەزمانێکی پەتی و تژی لە واژەی ڕەسەنی خۆماڵیی خۆی بدوێت.

ئەم هەقیقەتانە کە پێداویستیی هێنانە گۆڕێی بزاڤێکی ئەدەبیی ڕووت و ڕەها ئاشکرا دەکەن، کە دەڵێین ئەدەبیاتی ڕووت و ڕەها واتە ئەدەبیاتێك کە بەرۆحی ڕووت و ڕەهای داهێنان بارگاوییە و سەندنەوەی داهێنان لێی بەواتای سەندنەوەی ئەو ڕۆحە بێت.

ئەدەبیاتی کوردی تا ئەم قۆناغەی ئێستاش گەلێ جاران وجوودی خۆی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی گوتارەکانی دەرەوەی گوتاری خۆی، تەرخان کردووە، هەر لە گوتاری ئاینییەوە بیگرە تا دەگاتە گوتاری نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری. ئەم خۆ تەرخانکردنەش لە زۆر جێدا بەقیمەتی دەست هەڵگرتن لە گوتاری ئەسڵیی ئەدەبیات کە گوتاری داهێنانی جوانی و مەعریفەیە کۆتاییی پێ هاتووە. ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی ئەدەبیاتێکە بەشێکی زۆری سەروەت و سامانی خۆی بۆ بەرگریکردن لە بارودۆخی تراژیکی خۆی سەرف

کردووه. ئەمە واقیعێکە و حاشا هەڵناگرێ، بەڵام واقیعێکیش نییە شایانی دەستێوەردان و ڕاستکردنەوە نەبێ. ئیمڕۆ کاتی ئەوەیە ئەدەبیات بگەڕێنینەوە بۆ ماڵی ڕاستەوقینەی خۆی کە ماڵی داهێنان و خوڵقانە لەبە پێمان وانەبێ نەتەوە هەر دەبێ لەسەر خاك هەبێ تا نیشتمان بێ، باقەناعەت بێنین کە ئەدەبیاتی کوردی ئیمڕۆ نیشتمانێکە لەسەر لاپەڕەی کتێبەکان، کە نە بۆحاشا لێ کردن دەبێ و نە بۆ سەر تیابردن. بەڵام بیرمان نەچێت گەورەیی و گرانیی ئەم نیشتمانەی نێو دەقی ئەدەبیات بەندە بەرێژەی داهێنان و ڕادەی خولقێنەرانە بوونی.

کۆواری «شین» وەك تاکە کۆوارێکی کوردی لە سەرەتاوە بەبانگەشەکردن بۆ داهێنانی ئەدەبیاتی نوێخوازی و هاوسەردەمانەی ڕووت، هاتە گۆڕەپانی بلاڤۆکی کوردییەوە و دەخوازێ لە پرۆسەی گەڕانەوەی شانوشکۆی داهێنەرانەی ئەدەبیات بۆ نێو هزری کۆمەڵگای خوێنەواری کورد شێلگیرانە هەڵسوکەوت بکات «شین» بەنیازە ئەو باوەڕە بەدی بێنێ کە دەکرێ ئەدەبیاتی کوردیش ببێت بەکانگایەك بۆ داهێنان و کۆگایەك بۆ چێژ و مەعریفە، بەڵام بەمەرجێك کە ئەدەبیات لە ڕاستەڕێی خۆی لانەدا، ئەو ئەدەبیاتەی کە دواجار نەك هەر دەبێتە شوناسی نەتەوەیی کورد، بەڵکو دواجار دەبێتە پاژێك لە کولتووری جیهانی. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ئاوڕ لە داهێنەرانی چالاك و بەئەزموون و تژی لە توانایی تێڕامان و نووسین بدرێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا ئەو پەتایەی کەوتە نێو مەیدانی بلاڤۆکی کوردییەکا نەوە و، دەیگوت تا زۆر بنووسی کەمە تا ڕادەیەکی زۆر لە قەدر و قیمەتی داهێنەرانی ڕاستەقینەی کەم کردەوەو خودی پرۆسەی داهێنانیشی لە ڕاستیدا تووشی گەلێ گرفت و گرێ کوێرە کرد کە زۆربەیان ئەنجامی ئەو سیاسەتە ناڕاستە بوون کە ڕەنگڕێژیی کاروباری کولتوورییان دکرد.«شین» ناخوازێ ئەم هەموو هەڵەیە دووپات بکاتەوە. ڕاستە ئارەزووی هەموو گەلێکە داهێنەری لە هەموو بوارێکدا زۆر بێ، بەڵام بەکردەوە سەلمێنراوە داهێنەرانی ماندوو نەناس و بەدەستوبرد هەمیشە کەمن. «شین» دەیەوێ لەسەر ئەو داهێنەرە دەگمەن و شەکەتانەی مەیدانی ئەدەبی کوردی لەنگەر بگرێ و ڕێیان پێ بدات تا دەتوانن بەخەمی داهێنانەوە بن و ئەدەبیاتی ڕووت و ڕەها پێشکێشی خەڵکی خۆیان بکەن.

ئەدەبیاتێك کە جوانپەرست و جوان خولقێن و جوان پەسندە، ئەدەبیاتێك کە پێمان بڵێ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە کۆتوبەندی ژێردەستی، بەبێ ئاوڕدانەوە لە چەمکی جوانی مومکین

نییە. «شین» باوەشی بۆ ئەو داهێنەرانە ئاواڵەیە کە ئەدەبیات وەك داهێنانی مەعریفی دەبینن. «شین» دەخوازێ زەینیتێکی تازە بۆ خوێنەری ئەدەبیات بێنێتە ئاراوە و ئەویش ئەوەیە، کە ئەگەر ژیان تژی لە جوانییە، ئەدەبیات زمانی ئەو جوانیییە، ئەدەبیات جوانی دەکات بەوشە و وێنە و گوێمانی پێ دەلاوێنێتەوە و چاومانی پێ بینا دەکات.

ستراتیژیی «شین» سەبارەت بەداهێنانی ئەدەبیات لە ئەدەبیاتی داهێناندا چڕ دەبێتەوە. «شین» دەخوازێ بیرۆکەی داهێنان تازە بکاتەوە. داهێنان بێنێتە ناوەندی باسوخواسە ئەدەبیەکانەوە. «بەرهەمهێنان» دیوی دیار و دەرەوەی هەر بزاڤێکی ئەدەبییە، بەڵام داهێنان ناوك و کاکڵی ئەو بزاڤەیە. بۆیە «شین» نایەوێ شانازی بەژمارەی لاپەڕە و ڕێژەی نووسەرەکانی بکات، بەڵکو شانازی بەو باس و بابەتانە دەکات کە وەك ئەدەبیاتی هاوسەردەمانەی پێویست بڵاویان دەکاتەوە. دیارە ئەم ئەزموونە لە زۆر جێدا تاقی کراوەتەوە و سەرکەوتووش بووە. بۆ نموونە لە ئێران کۆوارێك بەناوی «گوڵستانە» دەردەچێ کە تەنیا گرینگایەتی بەئەدەبیاتی داهێنەرانەی بیانی دەدات و هەموو مانگێك بەتیراژی ١٠٠٠٠ دانە دەفرۆشرێ. ئەوەی ڕاستیش بێ، بەلانی زۆرەوە تەنیا بیست تا سی کەس بەبەردەوامی بابەت بۆ ئەم کۆوارە وەردەگێڕن. بۆیە پێویستە «شین»یش وەك کۆوارێکی پسپۆڕانەی بواری ئەدەبیات چاوی لێ بکرێ و با ببێتە سەرەتایەك بۆ پرۆژەی نووژەنکردنەوەی دۆخی ئەدەبیاتی کوردی.

هەر گەلێك، ئەوەندەی ئاستی وشیاریی کولتووریی فراوانتر بێ، ئەوەندەش پێویستی بەکاری پسپۆڕانە و شاز هەیە. «شین» باوەڕی بەهزر و هۆشیاریی مرۆڤی کورد هەیە و پێی وایە کاتی ئەوە هاتووە کە خوێنەری کوردیش بۆی هەبێت هەموو مانگێك چەند لاپەڕەیەکی ئەدەبیاتی ڕووت و ڕەها بخوێنێتەوە.

## وەرگێڕان: دیپلۆماسیی ئەدەبی کوردی

ئیمڕۆ پێداویستیی ناسین و خوێندنەوەی ئەدەبی بیانی – یان بەزاراوە پەسەندترەکەی– ئەدەبی جیهانی لەگەڵ پەرەسەندنی کەرەسەکانی پێوەندی و باوبوونی تێکەڵاویی کولتووری و کەوتنە سەرزاری دەستەواژەی گوندی جیهانی و گفتوگۆی شارەستانییەتەکان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زێتر دەبێتە ئەسڵێکی حاشا هەڵنەگر و نیازێکی دەستاو بە جێی ئەدەبیاتی گەلان.

داهێنانی ئەدەبی خۆماڵی – جیا لە خەسڵەتی پێوەندیی نێوان دەقی ئەدەبیات– بەبێ شارەزا بوون لە ئەدەبی بیانی، ئەگەر کارێکی نامومکینیش نەبێت لانیکەم هەوڵێکی نەزۆك و ناسەرکەوتوو دەبێت و کەڵکی داهێنانی لەم دەستە – کە لە پاشەکەوت و دەسکەوتی ئەدەبی جیهانی بێ بەش و بێ بەری بێت – کەم مەودا و کورتخایەنە؛ بۆیە ئەدەبی کوردی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا و بەتایبەتی پاش ڕاپەڕینی کوردستانی باشوور، پشووی هاتەوە سەرخۆ و ڕێگای بۆ خۆش بوو کار بکات و سڵ نەکات دەشێ ئاگای لەم پێداویستییە گرنگە بێت و بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە ئەستەمە و پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بەرچاوە، لەسەر دەستی بزاڤی وەرگێڕان و خوێندنەوە و ناسین و پێداچوونەوەی بەرهەمگەلی ئەدەبی جیهانی ئەو خەونەی کە هەر ئەدەبێکی خەمخۆری مرۆڤ بەگشتی و خەڵکانی کۆمەڵگای خۆی بەتایبەت، دەیبینێ وەدی بێنێ: خەونی یەکگرتنەوەی مرۆڤانی گۆی زەوی، لەسەر دەستی ئازادی وبەرامبەری و خۆشەویستی و مرۆڤایەتی، ئەو خەونەی کە نالی سەدوپەنجا ساڵ لەمەوبەر بۆ مرۆڤی دەڤەری خۆی و سەرلەبەر جیهان دەیگێڕێتەوە:

بەعزە ئینسانێ هەیە خەم قووتییە

من خەمی خۆم و خەمی عالەم دەخۆم

گەرچی ئەم بزاڤی وەرگێڕانە – کە هەنووکە لە کوردستاندا هەیە – لە ئاست و ئەندازەی

دڵخوازدا نییە و مۆتەکەی زۆری و بۆری و نابەرپرسایەتی و جندۆکەی نەزانی و نەزۆکی، خۆیان لێ مات داوین، دەورەیان داوین و بۆسەیان بۆ ناوینەتەوە و ددانمان لێ چیڕ دەکەنەوە تا مەیدانی وەرگێڕانی کوردیمان لێ داگیر بکەن؛ بەڵام دیسان هەندێ قەڵەمی دڵسۆز و دەسپاك و مێشك پڕ و چاوکراوە لە ناوەندی مەیدانەکەدا ماون و دنەی نەوەی نوێ دەدەن کە ماندوونەناس بن و کاری پتر بکەن و هەوڵی ئازایانە بدەن و کۆڵ نەدەن و گۆڕەپانی خۆ تاقی کردنەوە چۆڵ نەکەن.

وەرگێڕان، ئیمڕۆ لە حوکمی کاری دیپلۆماسیی ئەدەبیاتی کوردیدایە و ئەگەر لەئەرکی بەدیهێنانی ئەم پێوەندییە کولتوورییەدا سەرنەکەوین، نە جیهان لە خەون و خولیای ئەدەبیی خۆمان دەگەینین، نە خۆمان لە ئاوات و ئارەزووی ئەدەبیی گەلانی دنیا تێ دەگەین. جەوهەری ئەدەب و سروشتی داهێنانی ئەدەبی بەچەشنێکە کە دەشێ دەستاودەست وڵاتانی جیهان بگەڕێ تا هەر دەڤەرێك، دەسکەوتی خۆی لێ هەڵێنجێنێ. با شەرمی وەڵامی ئەم پرسیارە نەمانکوژێ کە ئێمە – ڕۆشینبیرانی کورد– تا چەندە لەم جەوهەرەی ئەدەب گەیشتووین و بەم چاوەوە لە ئەدەب دەڕوانین. من بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە تا ئەو ڕۆژەی کولتووری کوردی چاوی بەدەقی شانۆیی و شیعرەکانی شێکسپیر بە زمانی کوردی هەڵنەیات دەبێهەمیشە گومانیش لەوە بکات کە نالی و خانی و گۆران و مەولەوی و شێرکۆشی باش خوێندووەتەوە و باشیان لێ تێ گەیشتووە. خوێندنەوەی نالی و شێکسپیر پێکەوە بەزمانی کوردی ئەو ساتە پیرۆزەیە کە بەئومێدی دڵ بەژیانی ئەدەبیم خۆش دەکەم و هەوڵی وەدەسهێنانی دەدەم.

کۆمەڵە چیرۆکی تەپڵی ئاور، کە بەقەڵەمی وەرگێڕی کارامە  و کوردیزان کاك ئەمین گەردیگلانی وەرگێڕردراوە، هەوڵێکە لە پێناوی ئەو باسوخواسانەی هێنامانە ئاراوە و هیوادارم کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پێ پڕ بێتەوە.

ئاماژە:

ئەم دەقە پێشەکییەکە بۆ کۆمەڵە چیرۆکی «تەپڵی ئاور» نووسراوە کە ساڵی ٢٠٠٦ لە لایەن دەزگای ئاراسەوە بڵاو بووەتەوە. ئەم کتێبە بەقەڵەمی «ئەمین گەردیگلانی» وەرگێڕدراوە تە سەر زمانی کوردی.

# "مارف"ی شاعیر لە ڕونگەی شیعری "مارف"ەوە

لە وتوێژێکدا لەگەڵ: عەبدولخالق یەعقووبی

ئامادەکردنی: هادی حەبیبی "هاوڕێ"

**پرسیار: بە بڕوای ئێوە مارف ئاغایی وەك شاعیرێکی نوێ خواز لە ڕۆژهەڵاتدا لەو شێوە نووسینەی تایبەت بە خۆی، بە پوختەگی گەیشت؛ یان نووسراوەکانی ئەزموونێك بوون بۆ گەیشتن بە نوێخوازی لە داهاتوودا؟**

وەڵام: کاك مارف لە ڕاستیدا بە پێی ئەو کۆمەڵە شیعرەی کە دەری کرد، شاعیرێك بوو کە لە ئەزموونێکی سەرەتاییەوە دەستی پێ کرد، هەرچەند ئەو ئەزموونە سەرەتاییەی کاك مارف، لەو سەروبەندەدا کە شیعری ئەنووسی، کە دەزانین سەرەتاکانی دەیەی حەفتا بوو (واتە دەیەی ۹۰ی زایینی، ئەزموون گەلێك بوون کە بە جۆرێك تازەگەری پێوە دیار بوو، لە هەمان کاتدا من کە کۆمەڵە شیعرەکەی دەخوێنمەوە، دەبینم ئەو تازەگەرییە، تازەگەرییەکی ئەگەر نەڵێین زۆر پوختە، بەڵام دەتوانین بڵێین زۆر ئازایانە بوو؛ بۆیە ئەو کۆمەڵە شیعرەی کاك مارف «زەوی سەخت و ئاسمان دوور»، کۆمەڵە شیعرێکە کە دەتوانین وەك سەرەتای ئەزموونێکی ئازایانەی شاعیرێك کە بەنیازە ڕێگای دوور و درێژی پوختە بوون لە شیعردا ببڕێ، ناودێری بکەین. بەڵام دیسان سەرەڕای ئەوانە ئەو قسەیە ناتوانێ وەك حوکمێکی گشتی بەسەر شیعری کاك مارفدا بسەپێندرێ، چونکە هەر لەو کۆمەڵە شیعرەشدا هەندێك شیعر دەبیندرێن کە لەوانەیە خوێندنەوەی ئەم جۆرە شیعرانە، تەنیا لە نێو شیعری شاعیرانی زۆر کارامە و خاوەن ئەزموونەدا ببینینەوە. بۆ نموونە ئاماژە بە کورتە شیعرێکی کاك مارف دەکەم کە پێم وایە لەو شیعرانەیە کە لەوانەیە بوونی ئەو شیعرە، ناوی کاك مارف لە مەیدانی شیعری کوردیدا بۆ هەمیشە بسەلمێنێ:

خاك

توانای کۆچی نییە

ئەوەیە ڕازی مانەوەی هەمیشەی من
لەم وڵاتەدا.

لەم کورتە شیعرەدا دەبینی زمان بە شێوەیەکی بە ڕواڵەت زۆر سادە و ساکار لە نێو تانوپۆی شیعرەکەدا خۆی نیشان دەدا، تەنانەت شیعرەکە لە دوو ڕستەی کورتی خەبەریدا چڕ دەبێتەوە، بەڵام ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان چەمك و مانای ئەو دوو ڕستەیەدا لە ئارادایە، یان بە وتەیەکی تر ئەو پێوەندییەی کە شاعیر لە نێوان ئەو دوو ڕستەیەدا بەدیی هێناوە، ئەوەندە دواجار هەڵگری مانا و دەلالەتێکی قووڵە و ئەوەندە پێشاندەری ئەزموونێکی چڕوپڕی ئینسانێکی عاشق بە نیشتمان و وڵاتەکەی خۆیەتی، کە دەتوانی زۆر بەسانایی بڵێی ئەو شیعرە، شیعرێکی زۆر سەرکەوتووە.

لەم شیعرەدا توانایی کۆچ نەکردنی خاك دەتوانین لە سەرێکەوە گرێ بدەینەوە بەوەی کە خاك بوونێکە کە لە جیهاندا ناتوانرێ ببزوێ، بۆیە ئەو مرۆڤەی کە شاعیری ئەم شیعرەیە، کە خۆی بە خاك دائەنێ، هەمان نەتوانین و هەمان ناگەڕۆك بوون نیسبەت دەدا بە وجوودی خۆی و لەو سەرەوەیە کە دەڵێ من ناتوانم وڵات بەجێ بێڵم، چونکە من خاکم و خاکیش توانای بزوتنی نییە. لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ لە ڕەهەندێکی ڕاڤەکارانەی دیکەوە بۆ شیعرەکە بچی و بڵێی شاعیر یان بگێڕەوە یان ڕاویی ئەو شیعرە، لە خاکەڕایی و خۆبەکەم زانین و لە خۆ بە بچوکتر زانین لە چاو نیشتمان، ئەوەندە زێدەڕۆیی کردووە کە دەڵێ ئەو کەسەی کە دەبێ وڵات بە جێ بێڵێ، دەبێ کەسێك بێ کە خۆی بە گەورەتر یا خۆی بە بەرزتر لە خاك بزانێ و لە بەیەکەوە گرێدانی ئەو دوو ڕاڤەیەی کە باسم کرد، دەتوانین بڵێین کە شاعیر وجوودی بەوجوودی خاکەوە گرێ دەدا و دەڵێ من ناتوانم وجوودی خۆم لە وجوودی ئەو خاکە جیا بکەمەوە و بە وتەیەکی دیکە، ئەم خاکە چۆڵ بکەم و جێی بێڵم. مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەم شیعرەدا ڕوخساری شاعیرێکی زۆر بەئەزموون دەبینیتەوە، شاعیرێ کە لە دوو دێڕی زۆر کورتی شیعرێدا، دنیایەك مانا و مەفهووممان دەداتە دەست، لە خۆشەویستیی خۆی بە نیسبەتی خاك و کۆچ نەکردن و جێ نەهێشتنی وڵاتەکەی، لە هەمان کاتدا هەر لە کۆمەڵە شیعرەکەی کاك مارفدا بەسەر هەندێك شیعریشدا دەکەوی کە لەوانەیە بە شیعری زۆر کرچوکاڵی شاعیرێکی بزانی کە لە سەرەتای ئەزموون کردنی شیعریی خۆی دایە و پێم وایە شتێکی سروشتییە کە هەموو شاعیرێك لە ئەزموونی سەرەتاییی خۆیدا، ئەو کاڵوکرچییە بەشیعرەکانییەوە دیاربێ، بۆیە من ئەوە بە شتێکی

نائاسایی لێك نادەمەوە، نموونەیەکی زۆر بەرچاو، شیعری ″مزگێنی″یە. بۆ نموونە لە شیعری مزگێنیدا، هەر چەند ڕەنگ و ڕوخساری شیعرەکە لەوە دەچێ کە شاعیر هەندێك ڕەگەزی تازەی لە سروشت دۆزیوەتەوە و شێوە شوبهاندنەکانی بە جۆرێك لە جۆرەکانی تازەگەری تێدایە، بەڵام کە لەسەر لەبەری شیعرێکە ورد دەبیتەوە و دواجار لێکدانەوەیەکت لەسەر سەرجەم پێکهاتەی شیعرەکە دەبێ، دەبینی شیعرەکە سادەیی شاعیرێکی زۆر تازەکاری پێوە دیارە:

کە″با″ی شوان

مێگەلی هەوری هەڵپێچا

دە بلوێری برووسکی تووڕاند

بێریی سروشت

سەتڵی زەویی

تەژی کرد لە شیری هەور

وە من قاسپەقاسپی کەوم

لە داوێنی هەوارم دڵم،

گوێ لێ بوو

پڕ بەگەرووم

هاوارم کرد:

بەخێر بێیەوە، ئەی بەهار.

لەم شیعرەدا دەبینی ئەگەر دۆزینەوەی مانایەکیش هەبێ، ئەو مانایە لە لێکدابڕاویی نێوان ڕەگەزەکانی شیعرییەوە خویا دەبێ و خۆی وەدەردەخات، بۆ نموونە ″بای شوان″ لە لایەکەوە مێگەلی هەور هەڵدەپێچێ، دوایی بێ ئەوەی کە لە ڕاستیدا هۆیەکی زیندوو بە پێی مەنتقی شیعرەکە هەبێ، لە بلوێری برووسکی خۆی دەتووڕێنێ،لەم لاشەوە بێری سروشت، سەتڵی زەوی تەژی دەکا لە شیری هەور و لە هەمان کاتیشدا قاسپەقاسپی کەو، لە لایەکی دیکەوە وەرگێڕ و ڕاوی ئەم شیعرە وەدەنگ دێنێ و کارێك دەکا کە هاوار بکا ئەی بەهار بەخێربێیتەوە. بە وتەیەکی دیکە ئەو دیمەنەی کە لە جوانیی بەهار لەو شیعرەدا خۆ دەردەخات، دیمەنێکە کە بە شێوەیەکی مکانیکی پاژ و ڕەگەزەکانی لە پەنا یەك دانراون و

دواجار گێڕەرەوەی ئەم شیعرە هاوار دەکا، ئەو شتەی کە پێویستی بەهاوار کردن نەدەکرد، چونکە خودی ڕەگەزەکانی شیعریی پیشاندەری هاتنەوەی بەهارن، ئەگەریش شاعیر بیهەوێ لەو ڕێگایەوە هەست و خوستی خۆی دەرببڕێ، بۆ هێنانەوەی بەهار، دیسان دەکرا لە شێوەی ئیماژێکی شاعیرانەدا ئەو بەخێر هێنانەوەیەی خۆی نیشان دابایە، نەك لە قالبی ڕستەیەکدا بەحاڵەتی سەرسوڕمان. لەم شیعرەدا ئەگەر کەشفی مەعنایەك یان ئاوڕدانەوە لە شوبهاندنێك هەبێ، هەموو دواجار لە شێوەیەکی ساکار و سادەدا، بێ ئەوەی کە پیشاندەری ئەزموونێکی قووڵی ئینسانی بێت، بێ ئەوەی نیشانەیەك لە چڕوپڕی ئەو ئەزموونە دیار بێ، شاعیر شیعرەکەی خۆی نووسیوە، مەبەست لە باسکردن لەو دوو نموونەیەی شیعری کاك مارف ئەوەیە کە بڵێم کۆمەڵە شیعری ″زەوی سەخت و ئاسمان دوور″ لە ڕاستیدا یەك ڕەنگ و یەکپارچە نییە، لەو کۆمەڵە شیعرەدا سیعری سەرکەوتوو دەبینی، شیعری کز و لاوازیش دەبینی، ئەگەرچی بە بڕوای من ئەوە حاڵەتێکی ئاساییە بۆ هەموو شاعیرێك و ئەوە خۆی نیشاندەری ئەوە بووە کە کاك مارف لەسەر ڕێگای دۆزینەوەی خۆی وەك شاعیرێك بەردەوام بوو. زۆریش ئاساییە ئەگەر هەندێك جار بە هەوراز و نشێودا تێ پەڕیبێ، بۆیە من پێم وایە ناتوانم مارف ئاغایی وەك شاعیرێکی پوختە ناوی بێنم، بەڵام دەتوانم بڵێم شاعیرێك بووە کە لەسەر ڕێگای پوختەیی دەڕۆیشتو لەهەمان کاتیشدا بێشك شاعیرێك بوو کە بۆ گەیشتن بەو پوختەییە، ئازایەتیی تێدا بەدی دەکرا و لە ڕاستیشدا ئەو ئازایەتییەی لە هەناوی خۆیدا بەرهەم هێنابوو.

**پرسیار: زۆربەی نووسراوەکانی کاك مارف بە شێوەی کورتە شیعرن؛ ئاخۆ وەك تایبەتمەندییەك دەکرێ بڵێین مارف لەو بەستێنەدا ڕچەشکێنیی کرد یان بەر لەویش ئەوە شێوە نووسینەمان هەیە؟**

وەڵام: لە ڕاستیدا ناتوانین بڵێین کاك مارف لە نووسینی کورتە شیعردا ڕچەشکێنیی کردبێ، چونکە پێش کاك مارفیش، شێرکۆ بێکەس لە پۆسترە شیعرەکانیدا ئەم شێوە نووسینە شیعری تاقی کردبووەوە. عەبدوڵڵا پەشێویش بۆ نموونە لە کۆمەڵە شیعری ″شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم″دا، زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی کورتن. لە هەمان کاتیشدا ناتوانین بڵێین کورتە شیعر تایبەتمەندی شیعریی کاك مارفە. من هەست دەکەم هۆی ئەوەی کە کاك مارف لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی ″زەوی سەخت و ئاسمان دوور″دا خۆی لە قەرەی فۆرمی کورتە شیعر داوە، ئەوە بێ کە کاك مارف هەوڵی داوە ئەزموونێکی

نویَ بێنێته نێو دنیای نووسینی شیعری کوردییەوە. وا هەست دەکەم قەناعەتی بەوە کردبێ کە ئەو ئەزموونە دەکرێ لە قاڵبی شیعری کورتدا باشتر بگونجێنێ. بە وتەیەکی دیکە بە پێی ئەو شیعرانەی لە "زەوی سەخت و ئاسمان دور"دا هەیە، کاك مارف زۆر مەیلی بەرەو ساختارمەند کردن یا پێکهاتەمەند کردنی شیعر هەبووە. ئەگەر سەرنج بدەی، زۆربەی ئەو کورتە شیعرانەی کە لە دیوانەکەی کاك مارفدا هەیە، خاوەنی پێکهاتەیەکی نیزام مەند و خاوەن سیستەمە. بۆ نموونە ئەم شیعرە:

بەڕواڵەت: گەنجی گەنج

بەدەروون: پیری پیر

دەترسێم زۆر زووتر ناچار بم

دەروونم

لەو دیوی ڕواڵەتم بنێژم

بەڕواڵەت: گەنجی گەنج

بەدەروون: پیری پیر

لەم شیعرەدا پێکهاتەیەك کە شیعرەکە پێك دێنێ، ئەوەیە کە لەسەرەتا و دوابەشی شیعرەکەدا، لەسەر دوو حاڵەتی مرۆڤ پێ دابگیرێ و لە ناوەڕاستی ئەم ساختار و پێکهاتەیەدا بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕوونکردنەوەیەك یا شیکردنەوەیەك لەسەر ئەو حاڵەتە پاڕادۆکس و دژوازەی وجوودی شاعیر هەبێت. کە ڕواڵەتی گەنجە و دەروونی پیرە، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر دەترسێ لە سۆنگەی ئەو بە ڕواڵەت گەنجی و بە دەروون پیرییە، زۆر زووتر ناچار بێ کە دەروونی خۆی کە دەروونێکی پیرە، لەو دیوی ڕواڵەتی کە ڕواڵەتێکی گەنجە، بنێژێ. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە کاك مارف خوازیاری ئەوە بووە کە لە کورتە شیعرێکانیدا ساختمان و پێکهاتەیەکی ڕێکوپێك هەبێ و شیعرەکەی بتوانێ دەستی خوێنەر بگرێ کە بە ڕەهەندەکانی نێو ساختمانی خۆیدا بیگەڕێنێ و ئەو شتانەی کە شاعیر پێویستە خوێنەر بووروژێنێ، نیشانی خوێنەر بدا، یان بۆ نموونە لە شیعرێکی دیکەیدا تەکنیکێك یا فرتوفێڵێکی شاعیرانەی بەکار بردووە، لە شیعری "تەنیایی"دا دەڵێ:

چەند ڕۆژێکە کوڵی گریانێکی خەستم هەڵگرتووە و

هیچ دڵپڕێك

چەند مانگێکە گەرووم پڕە لە ئاواز و
هیچ بیسەرێك
چەند ساڵێکە دیوانم پڕە لە شیعر و
هیچ خوێنەرێك نادۆزمەوە
کە فرمێسك و ئاواز و شیعرم جێ بێڵم.

لەم شیعرەدا ئەگەر سەرنج بدەی، دەبینی کە کورتە شیعرێکە لە سێ بەشی سەرەتایی کە شانبەشانی یەك دەچنە پێشێ، پێکدێ و بە یەك بەشی دوایی کە وەکوو ئەوەیە بڵێین دوازەبری شیعرەکەیە، کۆتاییی پێ دێت. لە سێ پێکهاتەی سەرەتای شیعرەکەدا یەك شکڵ و فۆرم دەبینی، تەنیا گۆڕانێك کە دێتە گۆڕێ، لە مەودای زەمانی و هەروەها لەو کەسانەدایە کە شاعیر بە دوایاندا دەگەڕێ. چەند ڕۆژ – هیچ دڵپڕێك ، چەند مانگ – هیچ بیسەرێك، چەند ساڵ. – هیچ خوێنەرێك، دیسان گریانی خەست و گەرووی پڕ لە ئازار و دیوانی پڕ لە شیعر. بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم پێکهاتەیە کە دەکرێ لە خۆمان بپرسین ئەم پێکهاتەمەند کردنی شیعرە چ کاریگەریەتییەکی لەسەر بە جوانترکردنی شیعرەکە هەیە، ئەم پێکهاتەیەی کە لێرەدا کاك مارف هێناویەتی و بە شێوەکیش لە زۆربەی هەرە زۆری کورتە شیعرەکانیدا زەقی کردووەتەوە، بۆ نموونە لەم شیعرەدا حاڵەتی چاوەڕوانییەك بۆ خوێنەر بەدی دێنێ کە ئەم شاعیرە هیچ دڵپڕێك یا هیچ بیسەرێك یا هیچ خوێنەرێکی بۆ نییە؟ دەبینی کە لە دوابەشی شیعرەکەدا، شاعیر هۆی گەڕانی خۆی بە دوای دڵپڕ و بیسەر و خوێنەردا دەدرکێنێ کە دەیهەوێ لە لای دڵپڕ، فرمێسکی بەجێ بێڵێ؛ لە لای بیسەر، ئاواز و لە لای خوێنەر شیعرەکەی بەجێ بێڵێ. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە کورتە شیعر لای مارف ئاغایی لە ڕاستیدا بۆ ئامانجی ئەزموونێکی تازە لە بواری زمان، لە بواری کایە کردن بە تەکنیکە شیعرییەکاندا بووە و وەك دەزانین کاك مارف لە دوابەشی دیوانە شیعرییەکەیدا، ئەزموونی شیعری درێژیشی بووە، کە من لە چاو کورتە شیعرەکانی، بە ئەزموونێکی سەرکەوتووی نازانم، ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوە بێ کە وەك بە پێی ڕێکەوت و مێژووی شیعرە درێژەکانیدا دیارە، ئەمانە تازەترین ئەزموونەکانی بوون لە بواری شیعریدا و دیارە فریای ئەوە نەکەوت کە پەرە بەو ئەزموونانەی بدا و کاری زیاتریان لەسەر بکا، بەڵام من هەست دەکەم ئەوەی کە مارف بۆچی ئەوەندە لەسەر نووسینی کورتە شیعر پێداگریی دەکرد هەر ئەوە بێ کە ئەو ویستوویەتی لە کورتە شیعردا جۆرێك لە شیعری

کوردیمان پێ نیشان بدا کە خاوەنی پێکهاتە بێ، کە کەشف و دۆزینەوەی مانا لە ڕووی فۆرمێکی ڕێکوپێکەوە بێ، بۆ نموونە لەم کورتە شیعرەدا:

ئاو شایەرە و

ئاوازێکی شاد دەخوێنێ.

"با" بۆ شاباش

دەست دەباتە نێو بسکی دار

لەم نێوەدا گەڵایەك قوربانی دەبێ!

لەم شیعرەدا و لە چەند شیعرێکی دیکەشیدا، کاك مارف ئەوەمان نیشان دەدا کە زۆر تامەزرۆی ئەوەیە کە بە ڕەگەزەکانی ئامادە لەنێو جیهانی سروشتدا کایە بکا و بەجۆرێك لە جۆرەکان بیانکا بە سەمبول و نیشانە بۆ ئەو پێوەندیانەی کە لە نێوان ئینسانەکاندا هەیە، یانی ئەگەر ئێمە لەو شیعرە ورد بینەوە دەبینین هیچ هۆکارێکی ئینسانی، بەرواڵەت وجوودی نییە، ڕەگەزی "ئاو"مان هەیە، ڕەگەزی "با"مان هەیە، ڕەگەزی "دار و گەڵا"مان هەیە، بەڵام ئەمە دیوی ئاشکرای ئەم کورتە شیعرەیە، یان دەتوانین بڵێین، ڕووکەش و ئاستی دەرەوەی پێکهاتەی ئەو شیعرەیە. بەدڵنیاییەوە ئەگەر بە چاوێکی وردبینانە و ڕەخنەگرانەوە ڕاڤەیەك لەو شیعرە بە دەستەوە بدەی، دەبینی کە لەو شیعرەدا مەبەست، پێوەندی ئینسانەکانە، بە تایبەت بە ناوی شیعرەکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، چونکە ناوی شیعرەکە "قوربانی"یە و دەزانین کە قوربانی دەکرێ لە بەرانبەر جەللادێکدا دای بنێین کە دیارە پێوەندیی نێوان دوو ئینسان دەگرێتەوە و لە هەمان کاتیشدا خودی قوربانییش دیسان ناوی دابونەریتێکی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و بە تایبەت کۆمەڵگای ئیسلامییە. کە واتە لەم شیعرەدا دەبینیین کاك مارف لە پێکهاتەی شیعرەکەدا ناوی کۆمەڵێك ڕەگەزی سروشتیی هێناوە، بەڵام بە مەبەستی ئەوەی کە پێوەندییەکی ئینسانی، لەپشت ئەم ڕەگەزانەوە خۆ دەربخات و مانایەکی تازە لە پێوەندیی نێوان ئەو ڕەگەزە سروشتییانە بۆ ڕەگەزە ئینسانییەکان خۆی نیشان بدات. بە بڕوای من ئەوەیە هۆی سەرەکیی ئەو ڕووکردەی کە کاك مارف بۆ شیعری کورت هەیبووە و لە ڕاستیشدا وەك من لە وتارێکدا پێشتر بە شێوەی نووسین، باسم کردووە، کاك مارف لە کورتە شیعردا لەوانەیە وجوودی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەقینەتر دۆزیبێتەوە، بۆیە ئەوەندەی دەستی بردووە بۆ تاقیکردنەوەی توانایی داهێنانی خۆی. لە بواری کورتە شیعردا.

**پرسیار: وەك دوو دیاردەی جیاواز، سروشت گەرایی و فەلسەفە لە شیعری مارفدا چۆن هەڵدەسەنگێنن، ئاخۆ بە ڕای ئێوە سروشت گەرایی یان عیشق بە سروشت لە شیعری کاك مارفدا ناگەڕێتەوە بۆ عەشق بە نیشتمان؟**

وەڵام: بێگومان ئەوە بەشێکە لەو ڕاستییەی کە بۆچی مارف ئەوەندەی ڕوو لە سروشت کردووە. بەشێکی دیکەشی لە ڕاستیدا ئەو ناچارییەیە کە شاعیری کورد زۆر جار وا لێ دەکا بۆ شاردنەوەی مەبەستە دیار و نادیارەکانی خۆی پەنا بۆ ڕەگەزەکانی سروشت ببا، بۆ نموونە دەبێ بزانین سوارە ئیلخانیزادە لە شیعری هەرمانی "خەوبەردینە"دا، بۆچی خوازەی گەڕیانی ئاو دێنێتە گۆڕێ و باس لە زۆنگ و باس لەو بەردانە دەکا کە ڕێگا بە ئاو دەگرن، کەواتە من پێم وایە ئەو سروشت گەراییەی کە لە شیعری مارفدا هەیە و لە پرسیارەکانی پێشووشدا بە نموونەشەوە باسمان کرد، بەشێکی، لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆشەویستییەی کە شاعیر بەنیسبەتی سروشتی وڵاتی خۆی و بە نیسبەتی خودی وڵاتی خۆی هەیەتی و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو سەمبولیزمەی کە شاعیر ناچارە ڕووی تێ بکا، بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەو خواست و پەیامەی کە لەپشت ئیماژ و خەیاڵە شعیرییەکەی هەیەتی، بە خوێنەرەکەی خۆی ڕابگەیەنێ؛ بۆ نموونە ئەگەر لە شیعری "بۆ" ورد بیتەوە، دەبینی ئەو شیعرە لە هەمان کاتدا کە باس لە ئێمە دەکا –ئێمەیەك کە لەناخی شیعرەکەدا وجوودی هەیە– ڕوو دەکاتە ڕەگەزە سرووشتییەکان و دەنگی ئێمە لە دەلاقەی دیمەنی سروشتەوە دەردەبڕێ:

دار نیم

لە هەر شوێنێك ڕوابام

نەیانتوانیبا ڕامگوێزن؟

بانیم

بۆ هەر شوێنێك ڕۆیشتبام

نەیانتوانیبا ڕامگرن؟

ئەو شتەی کە تۆ لە پرسیارەکەتدا زەقت کردەوە، یانی سروشت گەرایی و ئاوڕدانەوە لە ڕەگەزەکانی سروشت لە کورتە شیعرەکانی کاك مارفدا، لەهەمان کاتدا ئەو شتەی کە ئاماژەت پێ کرد، یانی بوونی جۆرێك لە فەلسەفە لە شیعری کاك مارفدا، لەم نموونە

شیعرەدا تەواو دەردەکەوێ. سەرەتا با بڵێم کە بەهیچ جۆرێك پێویست ناکا ئەو شتەی کە ئێمە لە جیهانی ئاساییدا بەنێوی هزر و فەلسەفە ناوی دێنین و دیارە لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و مەنتقی دادەمەزرێ، دەقاودەق بگوازرێتەوە بۆ نێو جیهانی شیعر، یانی شیعر بەهۆی شیعر بوونی خۆی هیچ کات ناتوانێ فەلسەفە بەشێوەیەکی ڕووت وەربگرێ و یان بەشێوەیەکی ڕووت لە نێو دنیای خۆی بینوێنێ.فەلسەفە ئەوەی ڕاستی بێ لە قاڵب و بۆتەی شیعردا دەتوێتەوە و ئەگەریش فەلسەفەیەك هەبێت، ئەو فەلسەفەیە ڕەنگ و ڕووی ئەو واژە و ئیماژ و ڕەگەزانە دەگرێ کە لەنێو شیعردا هەن و تەنانەت بەر چاوی خوێنەر دەکەون. ئەگەر سەرنج بدەی، لەو شیعرەدا هیچ واژەیەك نابینی کە مەدلوولەکەی، مەدلوولێکی فەلسەفی یا هزرمەندانەی زۆر قووڵ بێ؛ دار – لەهەر شوێنێك ڕوان – ڕاگواستن – با – بۆ هەر شوێنێك ڕۆیشتن – ڕاگرتن. بەڵام لە پشت ئەو شیعرەوە دنیایەك لە مانای فەلسەفی و لە مانای زوڵم وزۆر و چەوسانەوە و بەزۆر کۆچ پێ کردن و لە مانای بەزۆر ڕاگوێزان و ئەنفال و کۆڕەو و لە تەواوی ئەو کارەساتانەی کە بە سەر نەتەوەیەك وەکوو نەتەوەی کورددا دێن دەبیندرێ. شاعیر سەرەتا گەورەترین فەلسەفەی لە شیعرەکەدا ئەوە بووە کە ناوێکی بۆ هەڵبژاردووە کە پرسیارێکی زۆر ساکارە، بۆ؟ دواجار بێ ئەوەی کە ئەو "بۆ"یە لە ڕوخسار و ڕواڵەتی شیعرەکەدا خۆی نیشان بدا، ئەو "بۆ"یە لە نێو ناخی شیعرەکەشدا دیسان دەنگ دەداتەوە، کە شاعیر دەڵێ: دار نیم؛ مەبەستی ئەوەیە بڵێ من مرۆڤم، کە واتە ئەگەر دار لە هەموو شوێنێك بڕوێت، ناتوانن ڕای بگوێزن، مرۆڤ لە هەر شوێنێك لە دایك بێ، دەتوانن ئەو شوێنەی پێ چۆڵ بکەن. ئەمە ناڕاستەوخۆ دەمانگەڕێنێتەوە سەر مەدلوولی بە زۆر ڕاونان و بەزۆر کۆچ پێ کردن بەو مرۆڤەی کە لەو شیعرەدا باس لەوە دەکا کە دار نیم. یا لە پاژی دووەمی شیعرەکەدا، شانبەشانی پاژی یەکەم باس لە ڕەگەزێکی دیکەی سروشت دەکا و دەڵێ: با نیم– دیسان مرۆڤم– کە بۆ هەر شوێنێك ڕۆیشتبام، نەیانتوانیبا ڕام بگرن. مەبەستم ئەوەیە بڵێم سروشت گەرایی بۆ نموونە لەو شیعرەدا لەگەڵ مانا و فەلسەفەی شیعرەکە تەواو لێك گرێ دراون و شاعیر لە هەمان کاتدا کە نەیویستووە پشت لە ڕەگەزی سروشت بکا، نەشیویستووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە دووتوێی کۆمەڵێك دروشم و زلبێژیی زەقدا باس لە مانای شیعرەکەی بکا؛ لەم شیعرەدا ناچارەکی مانا دەبێ هەڵبکرێنرێ، چونکە تۆ لە ڕواڵەتی ئەو شیعرەدا شتێکی ئەو تۆ نابینی، ئەو شتەی کە شاعیر مەبەستییەتی بیڵێ، بە هیچ جۆرێك لە توێژی سەرەوەی شیعرەکەدا لە ئارادا نییە. ئەوەی لەو شیعرەدا مەبەستی شاعیر و مەبەستی خودی دەقە

شیعرییەکەیە، تەنیا لە ژێرخان و لە توێژە دەروونییەکانی ئەو شیعرەدا شاردراوەتەوە. بەبڕوای من، کاریگەریەتیی شیعرێك بۆ سەر خوێنەر، ئەو کاتە زۆر دەبێ کە خوێنەر خۆی هەوڵ بدات ناخی دەقەکە بپشکنێ بۆ ئەو مانایانەی کە پێویستە بیدۆزێتەوە و دیارە ئەو مانایە هەرمانترە تا ئەو مانایەی کە شاعیر دوودەستی پێشکەش بە خوێنەری بکا. لەم شیعرەدا ئەم حاڵەتە هەیە. دیسان نموونەیەکی دیکە لە سروشت گەرایی:

لە نێو هەوردا خۆت وەشێری، دەیبارێنم

لە گەردەلوولدا لوول بخۆی، دەیوەستێنم

لە ژێر باڵای شەپۆڵێکدا، ماسی ئاسا پەنا بگری

دەیڕووخێنم

تەنیا ئەگەر لە ئاوێنەی دڵێکی تردا بتبینم

ناتوانم نا، بیشکێنم

لەم شیعرەدا پێوەندیی خۆشەویستیی نێوان دوو مرۆڤ کاتێك دەکەوێتە مەترسییەوە، شاعیر ئەو ترسانە قەبووڵ دەکا؛ کاتێك لە نێو دڵی ڕەگەزە سروشتییەکاندا ئەو ترسە بدۆزێتەوە. بۆنموونە، ئەگەر هەور ببێتە حەشارگە، دەیبارێنێ، بۆوەی کە لە حەشارگە بێتە دەرێ؛ ئەگەر گەردەلوول ببێتە پەناگا، دەیوەستێنێ، بۆ ئەوەی کە دیسان بەگراوی خۆی بگا؛ ئەگەر شەپۆڵ ببێ بە مەکۆی دڵدار، دیسان دەیڕووخێنێ، بۆ ئەوەی کە پێی بگات. لێرەدا شاعیر لەگەڵ سروشت بە شێوەیەکی ئاسایی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام شاعیر جیاوازیی خۆی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە لەو شوێنە دەردەخات کە بڵێ ئەگەر لە ئاوێنەی دڵێکی تردا بتبینم، ناتوانم بیشکێنم. ئیتر لێرەدا چونکە پێوەندیی نێوان ئینسانەکان دێتە گۆڕێ، شاعیر ناتوانێ دڵی ئینسانێك لە خۆی بڕەنجێنێ. دەبینی لێرەدا تا سروشت بە سروشتی دەمێنێتەوە، شاعیر ئەو هەڵوێستە ئاساییەی خۆی هەیە کە دەکرێ لە هەموو مرۆڤێکی ئاسایی چاوەڕوان بکردرێ، بەڵام کە دێتە سەر پێوەندیی نێوان ئینسان و ئینسان، شاعیر ئینسانییەتی خۆی و تێڕوانینی قووڵی ئینسانیی خۆی بۆ ئینسانی بەرانبەری کە دەکرێ وەك ئەو دڵی هەبێ و عاشق بێ، نیشان دەدا و ئیتر لێرەدا سروشت دەورێکی نامێنێ و عەقڵ و دڵ و عاتیفەی ئینسانی دێتە گۆڕێ. کەواتا کاك مارف لە ڕاستیدا لە شیعرەکانیدا وەك تۆ باست کرد و ئەمنیش دەیسەلمێنم، زۆر سروشت گەرا بووە، بەڵام ئەو سروشت گەراییە لە پێناوی ئاوڕدانەوە لە سروشتی ڕووت نییە، بەو شێوەی کە

لە شیعری "مزگێنی"دا دەبیندرا و بە لەڕ و لاوازییەکم زانی، گوتم کە لەو شیعرەدا شوبهاندنەکان جوان و تەنانەت هەستی شاعیر کە پڕ بە دڵی هاوار دەکا– کاتێ قاسپە قاسپی کەو دەبیستێ– بەخێر بێیەوە ئەی بەهار، ئەمەش دیسان هەر جوانە، بەڵام لە پشت ئەو هاوار کردنە بۆ بەخێر هێنانی بەهار و قاسپەقاسپی کەو و ئەو تەشبیهە جوانانەی "با"ی شوان و مێگەلی هەور، دەبینی ئەزموونێکی ئینسانیی زۆر قووڵ خۆی حەشار نەداوە، بۆیە هیچ سروشت گەرایییەك لە شیعردا ناتوانێ بچێتە ناو قووڵاییەکانی دەروون و بیر و باوەڕی خوێنەر، مەگەر ئەوەی کە ئەو سروشت گەرایییە لە خزمەت تازە کردنەوەی ئەزموونەکانی ئینساندا بێ بۆ جیهانی ژیانی.

**پرسیار: وەك دەزانین کاك مارف لە ئاخری دیوانە شیعرەکەیدا ڕووی هێنایە قەسیدە نووسین، ئاخۆ بەبڕوای ئێوە ئەمە ڕووکردێکی تازە لە کورت نووسین بەرەو جیهانی قەسیدە و بڵیند نووسین نییە؟**

وەڵام: ئەوەی من لەو دوو قەسیدەیەی ئاخری دیوانەکەی کاك مارف هەڵم کڕاند، ئەوە بوو کە کاك مارف لەو دوو شیعرە درێژەدا باسی لە جۆرێك لە بابەت و مەوزووع کردووە کە وای هەڵدەگرت بە ڕاستی بە شیعری درێژ دەری بڕێت. بۆ نموونە لە شیعری "سەفەری مەرگ و ژین"دا باس لە جۆرێك شکست لە جیهانی ئینسانی کورددا دەکا یا لە شیعری "پەیام"دا، باس لە مەسەلەی شەڕی برا کوژی و ئەو ناکۆکییانە دەکا کە لە نێوان گەلی کورددا هەیە؛ بۆیە جۆری مەوزوعەکان من وا هەست دەکەم شاعیری هان داوە شیعری درێژ بنووسێ، بەڵام لە ڕاستیدا لەو شیعرە درێژانەدا من وای بۆ دەچم، کە کاك مارف ڕێگای تایبەتی خۆی، وێڕای هەموو کەند و کۆسپ و هەوراز و نشێوە و بەهێزی و لەڕ و لاوازییەکان، تەی نەکردووە، ئەو ڕێگایەی کە لەو شیعرە درێژانەدا هەیە، زیاتر ئەو ڕێگایەیە کە شاعیرانی پێش کاك مارف بڕی بوویان؛ بۆ نموونە لە شێوە گێڕانەوەی شیعری "سەفەری مەرگ و ژین"دا ئەمن تارماییەکی قورسی شیعری شێرکۆ بێکەسم بە سەر ئەو شیعرەوە بینی، بەتایبەت دیوانی "دەربەندی پەپوولە" کە ئەو شێوە ڕەوایەتەی کە کاك مارف بۆ ئەو شیعرەی هەڵبژاردووە زۆر لە دەربەندی پەپوولەدا بەرهەست بووە. لە هەمان کاتیشدا ئەگەر سەرنج بدەی لەو دوو قەسیدەیەی کاك مارفدا زمان ئەو دەورە سەرەکی و بەهێزەی خۆی کە لە کورتە شیعرەکانیدا دەیگێڕا، نایگێڕێ. لە هەندێك ڕستەدا تەنانەت کاك مارف لە ڕاستیدا شیعری کردووە بەقوربانیی ئەو پەیامەی کە ویستوویەتی بەشێوەی

هاوار کردن دەربببڕێ. بۆ نموونە لە شیعری "پەیام"دا سەرنج بدە بەم کۆپلەیە، ئایا زمانی شیعری – ئەو شتەی کە کۆڵەکەی کورتە شیعرەکانی کاك مارفی پێك دێنا– بەڕاستی دەورێکی ئەوتۆ دەگێڕێ کە ئێمە وەکو لایەنێکی خەستوخۆڵی جوانیناسی شیعری کاك مارف باسی بکەین:

لای خەڵك هیچ
لەلای خۆشمان ئابڕوومان چوو
کاتێك خۆمان پێشانی یەکەمین ئاوێنە دا
لای ئەمڕۆ هیچ
لای سبەینێش ئابڕوومان چوو
کاتێك نیشانمان دا شەهید
قەدری ژیانی نەزانی و
خۆی بە کوشت دا

لەم شیعرەدا لە ڕاستیدا پەیامێکی زەق دەبینی، ئەو پەیامە زەقە هەرچەند پەیامێکی جوانیش بێ و نیشاندەری ڕاستەقینەیەکی زۆر دیاری نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئاخۆ بە ڕاستی ئەم بیرۆکە جوان و دروست و باشە، توانیویەتی دەستەبەری شیعرێکی جوان و باشیش بکات؟ من پێم وایە وا نییە هەمیشە بیری دروست، شیعرێکی سەرکەوتوو بخولقێنێ. ئەم قسەیە بۆ ئەم شیعرە درێژەی کاك مارف زۆر وە ڕاست دەگەڕێ. تۆ لەم شیعرەدا هیچ ئیماژێکی شیعری نابینی، هیچ خەیاڵێکی بەهێزی شاعیرانە نابینی، بەڵام لە هەمان کاتدا هەست دەکەی کە شاعیر شتێکی بۆ گۆتن پێیە و ئەو شتە لە دڵی شاعیردا هێندە هاوارێکە ویستوویە زوو بیدرکێنێ کە لە ڕاستیدا دەرفەتی بۆ بە شیعر کردنی ئەو هاوارە نەهێشتووەتەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لەو قەسیدە شیعرانەدا، کاك مارف لە ڕوانگەی بابەتی فیکری و ناوەرۆکەوە دەتوانم بڵێم ئاوڕێکی جیددیتری لە بارودۆخی ئیسانیی کۆمەڵگای خۆی داوەتەوە. بۆ نموونە ئەو شتەی کە لە شیعری "پەیام"دا دەبینرێ، ئاوڕدانەوەیەکە لە کارەساتی هەڵەبجە:

بمبوورە ئەمشەو برینت دەکولێنمەوە هەڵەبجە گیان
ئەرێ زامی پێنج هەزار شەهیدی شازدەی ئازار

پڕئێشتر بوو
یا یەك کەسی براکوژی؟
ئەریٚ دووکەڵی کیمیایی هەڵمژین ناخۆشتر بوو
یا هەوای ئێستای شارەزوور؟
هەڵوەرینی هەموو چرۆی "باغی میر"و دار هەناری
ئەو سەردەمی ناخۆشتر بوو
یا ژاکانی تاقە یەك گوڵی ئێستاکە؟

ئەگەر سەرنج بدەین، لە گۆشەنیگای ناوەرۆکەوە ئەو ئاوڕدانەوەی کە لێرە لە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردی دراوەتەوە، ئاوڕدانەوەیەکی عەینی ترویەرهەست ترە بۆ کۆمەڵگای کوردی، بە نیسبەت کورتە شیعرەکانی. بەڵام دەبینی لە باری شیعرییەوە ئەم ئاوڕدانەوەیە بە ڕاستی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەنجام نەدراوە، یانی باری شیعری و توانایی شاعیرانەی کاك مارف لە کورتە شیعریەکانیدا تەنانەت بۆ هەڵسەنگاندیش لە گەڵ ئەم دێڕە شیعرەی "پەیام" نابێت. بۆیە من دەتوانم بڵێم کە ئەم شیعرە درێژانەی کاك مارف وەك دەسپێکی ئەزموون کردنی شیعری درێژ بوون و تەنانەت دەتوانم بڵێم دەسپێکێکی سەرکەووتوش نەبووە، بەڵام ئەوەندەی هەیە کە بە ڕاستی کاك مارف ئەو جەسارەتەی بووە کە دوای ماوەیەك تاقیکردنەوەی لەبواری شیعرییدا کورتدا، خۆ لە قەرەی شیعری درێژیش بدا، من وا هەست دەکەم ئەگەر دەرفەت و دەرەتانی ئەوەی بووبوایە کە پتر خۆی بە شیعری درێژەوە ماندوو کردبایە، لەوانەیە بیتوانیبایە لەو مەیدانەشدا هەندێك تازەگەری بێنێتە ئاراوە.

**پرسیار: مارف زۆربەی شیعرەکانی بە پرسیار دەست پیٚ دەکا، یان لانیکەم چەشنێك پرسیار لە زەینی خوێنەردا دروست دەکا؛ ئاخۆ لەم ڕێگایەوە دەیەویٚ شتێك بە خوێنەر بڵیٚ؛ یان وەك تایبەتمەیدییەکی شیعری دەبیٚ باس لەم پرسیارانە بکەین؟**

وەڵام: لە ڕاستیدا نەك هەر ئەم کورتە شیعرانەی کاك مارف کە تۆ لە ڕوانگەی خۆتەوە بە جۆرێك لە سازدانی پرسیار باسی لیٚ دەکەی، بەڵکوو سەرجەم جیهانی ئەدەب، جیهانێکە کە پرسیار سازە، یانی ئەوەی ناکریٚ تۆ بە دوای خوێندنەوەی شیعرێکی سەرکەوتوودا بیت، سەبارەت بەو شتەی کە شیعرەکە گوتوویەتی یا ئەو هەستەی کە شیعرە

ڕای گواستووە و پرسیارێك لە لای خوێنەر بەجێ نەهێڵێ. کەواتە ئەو شتەی کە باست کرد، دیارە بەپێی لێکدانەوەی خۆت لە شیعرەکانی کاك مارف، شتێکی ناڕاست نییە، بەو هۆیەی کە کاك مارفیش لە هەندێك لە شیعرەکانیدا بە ڕاستی نموونەی سەرکوتووی ئەدەبیی بە دەستەوە داوە. بەڵام من با ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بکەم، ئەگەر پێوەندییەك لە نێوان پرسیارەکەی تۆ و ڕادەی سەرکەوتوویی و بە دەسەڵات بوونی شیعردا بدۆزینەوە، ″لارێنس پێرین″ کە ڕەخنەگرێکی شیعرە دەڵێ: «کاتێك ئێمە دەمانەوێ شیعرێك هەڵبسەنگێنین، دەشێ سێ پرسیاری سەرەکی لە خۆمان بکەین، بۆ ئەوەی کە بتوانین بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ئەو شیعرە تاوتوێ بکەین.» پرسیاری هەوەڵ ئەوەیە کە بڵێین ئامانجی سەرەکیی ئەو شیعرە چییە؟ تۆ لەڕێگای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە ڕاستیدا خەریکی ڕەوتی تێگەیشتنی ئەو شیعرە دێنیتە ئاراوە. یانی کاتێك من لە خۆم دەپرسم ئامانجی ئەم کورتە شیعرەی کاك مارف چییە؟:

خاك
توانای کۆچی نییە
ئەوەیە ڕازی مانەوەی هەمیشەی من
لەم وڵاتەدا.

ئەمن پرسیار لەوە دەکەم کە ئەو شیعرە، دەیەوێ بڵێ چی؟ لەم کورتە شیعرەدا ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە بڵێ: شاعیر مرۆڤێکە کە توانای جێهێشتنی وڵاتی نییە.شاعیر مرۆڤێکە کە خۆشەویستیی نیشتمان هێندە لە دەروونیدا پەنگی خواردووەتەوە کە ناتوانێ دەستبەرداری بێ.

پرسیاری دووەم بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر لە ڕوانگەی پێرینەوە ئەوەیە کە تا چ ئاستێك شیعرەکە توانیویەتی دەستی بەم ئامانجەی خۆی ڕابگا؟ ئەگەر ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین، وەکو ئەوەیە بڵێی کە ئەم شیعرە تا چەند خاوەنی کەماڵی شیعرییە؟ و پرسیاری سێیەم ئەوەیە کە ئەم ئامانجە کە لە شیعرەکەدا باسی لێ دەکرێ تا چ ڕادەیەك گرنگە؟ لێرەدایە کە ئێمە باس لە گرنگایەتیی مەبەست و مانای شیعرەکە دەکەین. بۆ نموونە لەم شیعرەی کە باسمان کرد، بە ڕای من –وەك هەڵسەنگاندنی ئەم شیعرە– ئەم شیعرە توانیویەتی زۆر سەرکەوتووانە بە ئامانجی خۆی کە تێگەیاندنی چەمکی خۆشەویستیی وڵاتە بگات. لە هەمان کاتدا لە ڕاستیدا ئەم ئامانجە ئامانجێکی زۆر گرنگە، چونکە باس

کردنە لە ئەزموونی ئینسانێك کە خۆشەویستیی وڵاتەکەی، چۆکی پێ شل دەکا و ڕێگای پێ نادا کە ئەو وڵاتە جێ بهێڵێ. کەواتە بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر، هێنانە ئارای ئەم سێ پرسیارە زۆر گرنگە و دەسنیشان کردنی شیعرێکی سەرکەوتوو و شیعرێکی ناسەرکەوتووش لە ڕێگای ئەم سێ پرسیارەوە بە شێوەیەکی هەڵبەت ڕێژەیی دەگونجێنێت و ئیمکانی هەیە. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر پرسیارەکەی تۆ و بۆ نموونە شیعرێك بێنینەوە لە دیوانەکەی کاك مارف کە تۆ دەڵێی لە زۆربەی شیعرەکانیدا پرسیار دێتە گۆڕێ، بزانین زاتی هێنانە ئارای پرسیار لە شیعری کاك مارف خۆی دەبێتە ئیمتیاز و گەورەیییەك بۆ ئەو شیعرە، یان گرنگ ئەوەیە کە ئەو پرسیارە یەکەم بەشێك بێت لە ئامانجی سەرەکیی ئەو شیعرە، دووەم لە گەیشتن بەو ئامانجە، ئەو پرسیارە یارمەتیدەر بێ و سییەم ئەو پرسیارە لە زاتی خۆشیدا خاوەنی گرنگایەتی بێ. لە شیعری "هیوا"دا ، شاعیر دەڵێ:

چرایەك کوا
کە "با" نەتوانێ فووی لێ بکا؟
شکۆفەیەك
خەزان هەرگیز نەیژاکێنێ؟
وە مرۆڤێك
کە چارەنووسی نەتوانێ بیتوێنێتەوە؟

لەم شیعرەدا پرسیارێك دەبینی، کە باس لە قەزا و قەدەری سێ شت دەکا؛ با و شکۆفە و مرۆڤ. ئەگەر سەرنج بدەی، لەم شیعرەدا با دەتوانێ چرا بکوژێنێتەوە، خەزان دەتوانێ شکۆفە بژاکێنێ و چارەنووس دەتوانێ مرۆڤ بتوێنێتەوە. سەرەتا با پرسیاری یەکەم لە خۆمان بکەین: ئامانجی سەرەکیی ئەم شیعرە چییە؟ بەخوێندنەوەی من، ئامانجی سەرەکیی ئەم شیعرە ئەوەیە کە بڵێ بوونەوەرەکان لە جیهاندا هەر کام بە دەستی دیاردەیەکی دژ بە خۆیان تیادەچن. پرسیاری دووەم ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەم شیعرە توانیویەتی ئەو ئامانجەی خۆی بپێکێ؟ لە ڕێگای ئەم پرسیارە کە شاعیر کردوویەتی ئێمە تا ڕادەیەك تێ دەگەین کە شاعیر بەم ئامانجە گەیشتووە. بەڵام لە پرسیاری سێیەمدا کە ئەم ئامانجە تا چ ڕادەیەك گرنگە، یانی تا چ ڕادەیەك گرنگە ئێمە وەك خوێنەر قەناعەت بەوە بێنین کە چارەنووس و قەزا و قەدەر، دەتوانێ مرۆڤ بتوێنێتەوە؟ وەك چۆن خەزانێك

دەتوانێ شکۆفەیەك بژاکێنێ یا "با"یەك کە دەتوانێ چرایەك بکوژێنێتەوە، لێرەدا من هەست دەکەم شیعرەکە تووشی شکستێك دێت، یانی ئەو ئامانجە، بە بڕوای من ئامانجێك نییە کە دەستەبەری گرنگایەتیی ئەو شیعرە بکات. چونکە لەم شیعرە ئەو گرنگایەتییەی کە بە شکۆفە دراوە لە بەرانبەر خەزاندا، ئەو گرنگاتییەی کە بەچرا دراوە لە بەرانبەر بادا، کە دەزانین گرنگایەتییەکی زۆر کەمە، چونکە خەزان شکۆفە دەژاکێنێ، چونکە با چرا دەکوژێنێتەوە، هەمان گرنگایەتیش بە مرۆڤ دراوە لە بەرانبەر چارەنووس گرنگایەتییەکی زۆر کەمە. بە وتەیەکی دیکە، ئەگەر لە پێکهاتەی شیعرەکە ورد بیتەوە، دەبینی چارەنووس و خەزان و با لە یەك ستوون و، مرۆڤ و شکۆفە و چرایش لە یەك ستوون دان. کەچی بە ڕای من هیچ کات من ناتوانم بوونەوەرێکی وەکوو شکۆفە و چرا لە بەرانبەر مرۆڤ دابنێم و قەناعەت بەوە بێنم کە وەك چۆن با دەتوانێ چرا بکوژێنێتەوە، وەك چۆن خەزان دەتوانێ شکۆفە بژاکێنێ، چارەنووسیش بتوانێ مرۆڤ بتوێنێتەوە. من باوەڕم بەوەیە کە ئەو پرسیارەی کە لەم شیعرەدا کراوە، لە زاتی خۆیدا – هەرچەند پرسیارە– بەڵام پرسیارێکە کە لەگەڵ لانیکەم باوەڕی منی خوێنەر ناگونجێ، چونکە من پێم وایە مرۆڤ بە هۆی عەقڵانییەت و هەست و بیر و باوەڕی، بەهۆی ورە و ئیرادەی دەتوانێ زۆر جار لە نێو قاڵب و بۆتەی چارەنووسدا نەتوێتەوە. ئەگەر گەورەیییەکیش بۆ مرۆڤ هەبێ هەر لەوەدایە کە چارەنووس زۆر جار نەیتوانیوە پشتی مرۆڤ بچەمێنێت. شاعیر لە جیهانی شیعرەکانیدا پرسیارێکی زەق کردووەتەوە و ئەو پرسیارە گومانێکی دروست کردووە لە لای خوێنەرەکانی، بەڵام ئەگەر ئەمە وەکوو زاتی هەموو شیعرێك یان وەکوو زاتی شیعری کاك مارف هەڵی سەنگێنین و پێمان وا بێ هەمیشە سەرکەوتوو بووە، بەم شێوەیە نەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دیومانە شیعری کاك مارف کە پرسیار بووە و لەڕاستیدا پرسیارەکەی توانیویەتی قورساییەك بە شیعرەکەی ببەخشێ. وەکوو ئەم نموونەیە:

ئەوە کێ بوو بەردی گرتە ئاوێنەی نێوچاوانی من

چرژی تێ خست؟

ئەوە کەنگێ وەرز گۆڕا

تووکی سەرم

لە داری بەژنم هەڵوەری، گەڵا گەڵا؟

ئەوە لە کوێ

زەریا دڵی وە کوڵ هات و

لێرە هەور

بەسەر باڵای منا گریا؟

ئەم شیعرە سەرلەبەر پرسیارە و پرسیارەکانی لە ڕاستیدا ئەو پرسیارانەن کە مرۆڤ و خوێنەر دەخاتە بیری ئەوەی کە بەدوای سەرەداوی وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێ و لەهەمان کاتدا ئەو پرسیارانە جۆرێك لە هاودڵی و هاوسۆزی بۆ خوێنەر لەگەڵ پرسیارەکانی ئەو شیعرە کە شاعیر یا ڕاویی شیعرەکە بێ، دروست دەکا. بە وتەیەکی دیکە شاعیر لەم شیعرەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە ئەزموونی ئینسان دەکا، کاتێك یەکەم لە دەرگا دانی پیری دەبیستێ، لەبەردەم دەروازەی تەمەنیدا و ئەوەش بە ڕاستی دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ ڕابمێنێ لەوەی کە لەبەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەی ژیاندا وەستاوە و شایانی ئەوەیە کە بۆ نموونە هەور – ئەو ڕەگەزەی لە سروشتدا هەیە– بەسەر باڵایدا بگری، کەواتە لەم شیعرەدا پرسیار ئەو دەورە سەرەکییە دەگێڕێ کە تۆ وەکوو لایەنێکی بەهێز لە شیعری کاك مارفدا باسی دەکەی.

**پرسیار: چ هەڵسەنگاندنێکتان لە نێوان کورتە شیعرەکانی کاك مارف و شیعری هایکۆدا هەیە؟ ئاخۆ وێکچوونێك لە کورتە شیعرەکانی مارف ئاغایی و ئەزموونی شیعری هایکۆدا دەبینن؟**

وەڵام: لە ڕاستیدا شیعری هایکۆ وەك دەزانین شیعرێکی تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی دوور و شاعیرانی ژاپۆنی و چینی، کە ئەم جۆرە شیعرە ڕۆچوونێکی زۆر ڕووت و ڕەهایە بە نێو جیهانی سروشتدا. بەڵام خاڵی گرنگ لەوەدایە کە هەرچەند لەنێو ئەزموونی شیعریی هایکۆییدا ئامادە بوون و حوزووری بەرهەست و بەچاوی مرۆڤ نابینی، بەڵام ئەو ئامادە بوونە لە ڕەهەندێکی ناڕاستەوخۆی شیعرەکەدا و لە ڕاڤەیەکی دووردەستی شیعرەکەدا خۆ دەنوێنێ. لە شیعری کاك مارفدا، ڕەگەزی ئینسانی هەمیشە وجوودی هەیە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووکاری شیعرەکەدا ئەو ڕەگەزە دیار نەبێ؛ بەڵام لە توێژەکانی ناوەوە زۆر بە خەستوخوڵی هەست پێ دەکرێ. شتێکی تر کە لە شیعری هایکۆدا زۆر بەر چاوە، جیهانێکی دەستکردی خەیاڵی ڕووتی شاعیرانەیە. ئێمە جیهانێکمان هەیە کە دەستکردی عەقڵی مرۆڤە واتە جیهانی هۆکار و هۆکردەکان «علت و معلول ها»و جیهانێکمان هەیە کە تەنیا گیانی شاعیرانە دەتوانێ بیبینێ و بیدۆزێتەوە و ئەو جیهانە جیهانێکی دەستکردی خەیاڵە.

لە شیعری هـایکۆییدا گیانی شاعیرانە لەڕاستیدا ئەو گیانەیە کە بەرهەم هێنی شیعری هـایکۆییشە. لە شیعری هـایکۆییدا ڕەگەزی عەقڵ و عەقڵانییەت بە هیچ کلۆجی لە ئارادا نییە. بۆ نموونە:

شێت و شەیدای دەنگی دوورەدەستی بولبول

هەتاو هەڵدێت

دەبینی ئەگەر ئێمە بە چاوی عەقڵی مەنتقییەوە لەم شیعرە بڕوانین، هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان دەنگی دووردەستی بولبولێك لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا نابینین، بەڵام لە جیهانی شاعیرانەدا و بەگیانی شاعیرانە، هەست دەکەی پێوەندییەکی زۆر تۆکمە هەبێ لە نێوان ئەو خۆرەی کە بەیانان هەڵدێ و ئەو دەنگەی کە لە دەرەوە لە بولبولێك دەبیسترێ. چونکە لەوانەیە خۆر بەخۆشیی بیستنی دەنگی بولبول هەڵبێت.

لە نموونەیەکی تری شیعری هـایکۆییدا، بزانین ئەو جیهانە خەیاڵییە چۆن خویا دەبێ:

لە مەودای نێوان ڕەشەبا و باراندا

یەکەم شکۆفەکانی گێلاس

ئەم شیعرە وێ دەچێ ئەو جۆرەی کە شاملوو و پاشایی لێکیان داوەتەوە، دوو لایەنی هەبێ، کە لایەنێکیان هاودەردی و هاوسۆزی شاعیرە بۆ گوڵ و شکۆفەی گێلاس کە لە مەودای نێوان بایەکی توندو باراندا لەوانەیە هەڵوەرێن کە لێرەدا شاعیر هاوسۆزیان بۆ دەکا؛ لایەنێکی دیکەش ئەو تامەزرۆیی و ئیشتیاقەیە کە شتەکان بۆ ژیان هەیانە، تەنانەت ئەو تامەزرۆییەی کە شکۆفەی تورت و تازەی گێلاس هەیانە کە هەرچەند لەوانەیە بە ڕەشەبایەك یان بارانێك هەڵوەرێن، بەڵام دیسان لە خودی زەقکردنەوەی ئیماژی هەڵوەرینی شکۆفەی گێلاسدا هەست بە تامەزرۆییی سەرهەڵدان و ژیان دەکەین. ئەمانە تایبەتمەندی – تا ڕادەیەك – شیعری هـایکۆیی بوون؛ بەڵام لە پشت ئەو ڕەگەزە ڕووت و ڕەهایانەی سروشت، مرۆڤێك هەیە کە باس لە تامەزرۆیی خۆر دەکا بۆ هەڵاتن، کاتێ دەنگی بولبول دەبیستێ؛ یان باس لە مەیلی شکۆفەی گێلاس دەکا بۆ سەرهەڵدان و ژیان. ئەمە ئەم ڕەگەزە مرۆڤانەیەیە کە لە پشت ئەو تەبیعەتە ڕووتەوە بەدی دەکرێ. بەڵام لە شیعری کاك مارفدا من هەست بە هیچ نزیکایەتییەك لەگەڵ شیعرەکانی هـایکۆیی ناکەم؛ بۆ نموونە بڕوانە شیعری ″پۆلا″:

پۆلایە پۆلا
– بەرز و یەکپارچە–
ئەم دارە ناسك و كورت و ڕاڕایە
لەپێش چاوانی بێ گوناهی تۆ:
مەلی نێو قەفەس.

لەم شیعرەدا عەقڵێك حوزووری هەیە كە باس لەوە دەكات كە ئەو شتەی لەبەر چاوی مرۆڤ دارێكی ناسك و كورت و ڕاڕایە، لە پێش چاوانی مەلی نێو قەفەس، بە شێوەی پۆلا خۆ دەنوێنێ، كە لە واقیعدا دەنگی ئەو مەلەیە. ئەو نەرم و نیانییەی كە لە نێو ڕەگەزەكانی شیعری هایكۆییدا دەبینرێ و بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ وێنەیەك دەخولقێنێ كە پیشاندەری چركەساتێك لە كەشف وشهوودی نێو جیهانی سروشت بێ، لەم شیعرەدا بەدی ناكرێ. لەم شیعرەی كاك مارفدا كەشف و شهودێكی ئەقڵانی لەگۆڕێ دایە، ئەوەی كە دارێكی ناسك بۆ مەلی نێو قەفەس دەبێتە پۆلا، لە هەمان كاتیشدا دەبینی ئەو ڕاڤە و تەفسیرەی كە لە شیعری كاك مارف لێی دەكردرێ لە لێكدابڕانی یان لێك جیا كردنەوەی ڕەگەزە شیعرەكاندا وە دەست دێ، یانی تۆ دارێكی ناسك دەبینی، مەلێك دەبینی و لە پێوەندیی نێوان ئەو دارە ناسكە بەجیا و ئەو مەلە بەجیا هەست بەوە دەكەی كە ئەو دارە لەبەر چاوی ئەو مەلە دەبێتە پۆلا. بەڵام لە شیعری هایكۆییدا كەشف و دۆزینەوەی مانا لە پێوەندی زۆر تەنگاتەنگی نێو ڕەگەزە شیعرییەكاندا بەدی دەكرێ و بۆ نموونە لەو شیعرەی كە باسمان كرد، ئەگەر خۆر هەڵدێ لە نێو جیهانی تەبیعەتدا، ئەوە بە هۆی ئەوەیە كە شەیدای دەنگی بولبولە، یا ئەگەر ڕەشەبایەك دێ ئەوە دەبێتە هۆی هەڵوەرینی شكۆفەی گێلاس، لە ڕاستیدا ناكرێ ئەم شێعرانە یا ڕەگەزەكانی لە یەك دابڕییەوە و بەجیا باسیان بكەی و بە مانایەك بگەی، دەبێ حەتمەن ئەو ڕەگەزانە یەكپارچە و بە شێوەیەكی لێكدانەبڕاو باسیان لێ بكەی تا بتوانی بە مانایەك بگەی. كەواتە ئەزموونی شیعری هایكۆیی لەگەڵ ئەو ئەزموونەی كە كاك مارف تاقیی كردووەتەوە، دوو ئەزموونی تەواو لێك جیاوازن و ئەوەش شتێكی ئاساییە، چونكە جیهانێ كە شاعیری هایكۆیی تێیدا ژیاوە و تێیدا لە دنیا دەڕوانی، لەگەڵ ئەو جیهانەی كە كاك مارف تێیدا ژیاوە، دوو جیهانی تەواو جیاوازن.

**پرسیار: وەك ئاخرین پرسیار، ئێوە لە وتارێكدا گوتووتانە: «زمان، گەورەترین دەسەڵاتی**

**کورتە شیعری کاک مارفە» لەم بابەتەوە زیاتر بدوێن؟**

وەڵام: با سەرەتا ڕستەیەکی پۆل ڕێکۆر بڵێمەوە کە بتوانین لە دەروازەی ئەو ڕستەیەوە بچینە ژووریٚ و پتر باسی دەوری زمان لە کورتە شیعری کاک مارفدا بکەین. پۆل ڕیکۆر دەڵیٚ: «شیعر زمانێکی چەند دەنگییە کە لە بەرانبەر تاك دەنگیی زمانی زانست و سیاسەتدا ڕادەوەستی، چونکە ئەرکی شیعری ئەوەیە کە وشەکان زۆرترین مانا بە دەستەوە بدەن، نەك کەمترین.» کاتیٚ کە من باسی ئەوە دەکەم کە زمان لە شیعری کاك مارفدا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، ڕاست ئاماژە بۆ ئەم گوتەیەی پۆل ڕیکۆر دەکەم، چونکە زمانی شیعریی کاك مارف ئەو دەرەتانەی بە کورتە شیعرەکانی بەخشیوە کە هەندێك جار هەڵگری چەندین ڕاڤە و لێکدانەوە بن. نالی، لە شیعرێکیدا دەڵیٚ:

نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا

مەعنایی زۆر و گەورە، بە لەفزی کەم وبچووك

لەم شیعرەی نالیشدا هەر ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەویٚ کە حیکمەت و گەورەییی شیعر، لەوەدایە کە شاعیر بتوانیٚ بە لەفزی کەم و بچووك، مەعنای زۆر و گەورە بڵیٚ: دەزانین لەم دێڕە شیعرەی نالیدا کەم و بچووك لە بەرانبەر زۆر و گەورە بە هیچ کلۆجێك لە باری بارستایی و بایەخ دانانەوە نییە، بەڵکوو لەفز لەم دێڕە شیعرەدا ئەگەر کەم و بچووك بیٚ، ئەو کەم و بچووکییە دەبێتە لایەنێکی بەهێز بۆ لەفزەکە و زۆر و گەورەییەکەش دەبێتە لایەنێکی بەهێز بۆ ماناکە. ئەوەی کە ئەرزش و بەهایەکی جوانیناسی بەشیعر دەبەخشیٚ لە ڕاستیدا لەو دەسەڵاتی ڕاگوێزانەی ئەزموونی شاعیردایە کە شاعیر دەیهەویٚ لە دووتوێی دەقە شیعرییەکەی خۆیدا، بە خوێنەری شیعرەکەی ببەخشیٚ. ئەوەی کە زۆر جار هەندێك کەس دەیهەویٚ لە تێڕوانینێکی ئایدیالۆژیکەوە ڕەسەنایەتی بە شیعر بدات و ئەو ڕەسەنایەتییەش دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر ناوەڕۆکی نێو شیعرەکە، لە ڕاستیدا لە سۆنگەی ئەوەیە کە دەیانهەویٚ شیعر بکریٚ بە کەرەسە و ئامرازی دەربڕینی پەیامێك یان بیر و باوەڕێکی تایبەت. بۆ نموونە ئێمە زۆر جار لە شیعری شاعیرانی گەورەشدا بەسەر ئەو جۆرە بیر و باوەڕانەدا کەوتووین، دێرە شیعرێك لە "هێمن"، دێنینەوە. ئەگەر سەرنج بدەی، دەبینی ئەو مانایەی کە لەم دێرە شیعرەدا هەیە، هەر چەندە مانایەکە کە ئێمە وەك مرۆڤێك بە گشتی تەوافوقمان لە سەریەتی و پێمان دروستە، بەڵام ئەو شێوە دەربڕینە و ئەو شێوە ڕووکردەی کە بۆ پەیام، هێمن لەم دێرە شیعرەیدا بوویەتی، بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕادەی

هونەری بوونی شیعرەکەی و ڕادەی سەرکەوتوو بوونی شیعرەکەی تەواو دابەزێتە خوارێ، هێمن لە ناڵەی جودابییدا دەڵێ:

چڵکی دەستە ماڵی دنیا، وەك دەڵێن
ماڵ پەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن

دەبینی لێرەدا ئەو شیعرە بەرزە دابەزیوەتە سەر دوو گوزارەی خەبەری بە شێوەی شیعری پەروەردەیی و بارهێنانی و پەندە و چەند ئاستی ئەو شیعرەی دابەزاندووە. ئەم جۆرە شیعرەمان لە ئەدەبیاتی بیانیشدا هەیە، بۆ نموونە لە شیعرێکی ئینگلیزیدا

Early to bed and early to rise
Makes a men healthy, wealthy, and wise

بە زمانێکی سادە دەڵێ:

ئەوەی شەوان زوو بخەوێ و بەیانیان زوو هەستێ، دەبێتە پیاوێکی دەوڵەمەند و ساخ و سەلیم و عاقڵ.

بە بڕوای من ئەو شتەی کە شیعر دادەبەزێنێتە سەر ئاستێکی نزم، ئەو جۆرە ڕووکردانەیە کە ئێمە زۆر جار پێمان وایە هەڵگری پەیامێکی ئینسانین، لەبیرمان نەچێ هەموو شاعیرێك دواجار ئامانجی گەورەی لە بەرهەمهێنانی شیعر و ئەدەبیات، ئەوەیە کە سەرمایەیەك بە سەرمایەکانی مانا و مەبەستەکانی ئینسانی زیاد بکات، بەڵام ئەگەر بمانهەوێ ئەمە لە ڕێگای شیعرەوە بکەین، دەبێ بە بەستێن و بواری تایبەتی خۆیدا بڕۆین، ناکرێ لە جیهانی شیعردا ئەو قسەیە بکەینەوە کە خوتبەخوێنێکی مزگەوت یا مامۆستایەکی زانکۆ یا سیاسەتمەدارێکیش دەتوانێ بە شێوەی تایبەتی خۆی بیڵێ، لە شیعردا ئێمە ڕێگای ئەوەمان نییە کە لە ڕاستییدا ئەو هەقیقەتانەی کە لە جیهاندا هەن لە دەروازەی گوتارەکانی دەرەوەی جیهانی شیعر دەریان ببڕین. کە واتە چۆنیەتیی یەك شیعر یا بەرفراوانی و قوڵایی و خەستوخۆڵیی ئەو ئەزموونەی کە ئەو شیعرە بەئێمەی دەبەخشێ، پەیوەندییەکی زۆر تۆکمەی هەیە بەو شێوەی کە ئەو مەبەستانە لە شیعردا دەردەبڕدرێن، بۆ نموونە ئەو قووڵاییەی کە لە غەزەلەکانی شێکسپیردا هەیە لە ڕاستیدا ئەوەندەی ئەزموونی تازەی ئینسانی تێدایە کە بەش بەحاڵی خۆم، لە خوێندنەوەیان قەت تێر نەبوومە و قەت بە دوامانا نەگەیشتوومە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر دێم ئەو ئەزموونانەی نێو غەزەلەکانی شێکسپیر لەگەڵ ئەزموونی جیهانی شانۆکانی شێکسپیر

هەڵدەسەنگێنم، دەبینم بە ڕاستی دوو دنیای تەواو جیاوازن، چونکە بۆ نموونە لە تراژێدییەکانی شێکسپیردا، چونکە مەیدانەکە بەرفراوانە و دەستی شێکسپیر ئاواڵەیە بۆ ئەوەی کە ئەزموونە چڕ و پڕ و قووڵترەکانی ئینسانی بە دەستەوە بدا، دەبینی ناتوانێ هەمان کار لە غەزەلێکی چوارده دێڕیدا بکا. کەواتە شیعر، ئێمە دەبێ لەو ڕاستییە بگەین، کە دەتوانێ لە چوارچێوەی گوتاری خۆیدا ئەزموونی تازەمان پێ ببەخشێ. لە کورتە شیعردا بە هۆی ئەوەی کە ئەو ئەزموونانە زیاتر لە سەر دەستی زمان هەڵدەسووڕێن، مەیدان بۆ ئەوەی کە زمان شاعیرانەتر و هونەریتر وە گەڕ بکەوێ، خۆشترە، دیسان لە شیعری هاوچەرخی کوردی، دەکرێ نموونەی بەرهەست بەدەستەوە بدەین، سەرنج بدەنە شیعری ″دوو″ی یۆنس ڕەزایی لە دیوانی ″شین ترین بەتاڵ″دا:

شەو شەپۆل ئەداتەوە

لە ژیانتدا

بەلەمی نیگامت بۆ دادەگیرسێنم

زستان لە مەمکەکانتدا

هێلانەی کردووە

شەمی ئەنگوستەکانمت بۆ ئاور دەدەم

دوو تەنیاین لە دوورگەی بێکەسیدا

سەوڵی هەنگاوەکانمان پێکەوە دەبزێوین

بەرەو کەنار

ئەگەر سەرنج بدەی، دەبینی لەم شیعرەدا زمان بەشێوەیەك کەوتووەتە گەڕ کە شاعیر دەرفەتی ئەوەی هەبێ ئەو مەبەست و مانایانەی کە لە تەنیایی و لە بێکەسی و ئاوارەیی نێوان دوو عاشقدا هەیە، زۆر بە شێوەیەکی شاعیرانە بە دەستەوە بدات. شەپۆڵدانەوەی شەو لە ژیاندا– داگیرسانی بەلەمی نیگا– هێلانە کردنی زستان لە مەمکدا– ئاگری شەمی ئەنگوست– هەموو ئەوانە ئەو کایانەن لە سەر دەستی زمانی ئەو شیعرە هاتوونەتە ئاراوە و توانیویانە ئیماژەکانی ئەو شیعرە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر لە نێو زەینی خوێنەر دا جێگیر بکەن، کەواتە لەم کورتە شیعرەی یۆنس ڕەزاییدا، ئەوە زمانە کە دەتوانێ دەسەڵاتی شیعرەکە بنوێنێ و بەهایەکی جوانیناسانە بە شیعر ببەخشێ. شتێکی تر کە بە لای منەوە

زۆر گرنگه، ئەوەیە کە باس کردن لە زمانی یەك شیعر لە ڕاستیدا باس کردن لە ڕەگەزێکی سارد و سڕ کە پێك هاتبێ لە کۆمەڵێك دەنگ و واژە و ڕستە نییە؛ ئێمە کاتێ باس لە زمانی شیعرێك دەکەین، لەهەمان کاتدا باس لەوە دەکەین کە ئەزموونێکی جوانیناسانە لە شیعردا وجوودی هەیە. مەبەستم لایەنی زماننناسانەی ڕووت نییە، بەڵکوو مەبەستم لەو لایەنە لە زمانی کاك مارفە کە هەڵگری ڕەهەندەکانی جوانیناسیی شیعری کاك مارفە، بۆ نموونە لە شیعری ″بەڵێن″دا:

ئەگەر ڕووبار

گەڵای تەرمم هەتاکوو نێو دەریا ببا،

من ئامادەی هەڵوەرینم

ئەگەر ئاسمان،

مەلی ڕۆحم تا ئەوپەڕی بێ کۆتایی ڕێگا بدا؛

من ئامادەی هەڵفڕینم.

من ئامادەی توانەوەم

هەڵمی لەشم دە باوشیدا ڕاگوێزێ:

ئەگەر هەور.

کە سەرنج دەدەی، دەبینی لەو شیعرەدا لە دووبەشی سەرەتای شیعرەکە، ڕستەی شەرتی لە سەرەتاوە هاتووە: ئەگەر ڕووبار، ئەگەر ئاسمان؛ و ڕستەی وەڵامی شەرت، دوای ڕستەی شەرت هاتووە: من ئامادەی هەڵوەرینم– من ئامادەی هەڵفڕینم؛ بەڵام لە دواپاژی ئەو شیعرەدا لە باری زمانییەوە وەچەرخانێك ڕوو دەدا و ئەویش ئەوەیە کە وەڵامی شەرت دەکەوێتە پێشەوە و دەبێتە پێش زەمینەی پاژی دوایی شیعرەکە و خودی شەرتەکە بەتایبەت کەرەسەی شەرت واتە وشەی «ئەگەر» ڕاست دەکەوێتە دوابەشی شیعرەکە: من ئامادەی توانەوەم هەڵمی لەشم دە باوەشیدا ڕاگوێزێ ئەگەر هەور. دەبینی ئەم وەرچەرخانە کە لە زمانی ئەو شیعرەدا هاتۆتە ئاراوە، پێدا گرتنە لەسەر ئەو ئامادەییەی منی شیعرییەکە بۆ توانەوە. واتە لێرەدا زەق کردنەوە و چڕتر نیشاندانی ئامادەیی منە شیعرییەکەیە بۆ توانەوە، لە بەشەکانی تردا «ئامادەی هەڵوەرین و ئامادەیی هەڵفڕین» وەك دووشتی ئاسایی دوای شەرتێك هاتووە، بەڵام لە دوابەشی شیعرەکەدا »ئامادەی

توانەوە» بووەتە پێش شەرت، کەواتە زمان ئەو دەورە گرنگ و سەرەکییە دەگێڕێ کە تەنانەت دەتوانێ پاش و پێش بە ماناکان بکا و گرنگایەتی بەماناکان ببەخشێ. لە هەمان کاتیشدا دەبێ بڵێین هەندێك جار، شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی شاعیر لە گەڵ مانا لە ڕاستیدا پیشاندەری شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی شاعیرە لەگەڵ جیهانی ماناکان. یانی پێمان وا نەبێ کە زمان تەنیا دەتوانێ گرنگایەتیی ماناکان نیشان بدات، بەڵکوو جاری وایە دەتوانێ ئاڵوگۆڕیش بەسەر جیهانی ماناکاندا بێنێ. لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەو شاعیرانەی کە بتوانن لەم ڕاز و ڕەمزانەی زمان بگەن و لەو زەرفییەتە زمانییانە کەڵك وەربگرن بۆ بەهێز کردنی شیعری خۆیان، من کەم شاعیر دەبینم کە توانیبێتیان لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووبێتن، بە تایبەت لە بواری شیعری کورتدا، کە دەزانین چەندە مەیدانێکی بەرتەسك و مەترسیدارە بۆ کارکردنی زمانی. سەرنج بدەین بە شیعرێکی ویلیام بلێیك کە لە ڕێگای ئەو شێوە ڕووبەڕوو بوونەوەی کە لەگەڵ زمان هەیبووە، توانیویەتی تا چ ڕادەیەك گۆڕانێك لە مانایەکی باوی نێو جیهانی شیعر کە ڕووبەڕوو بوونەوەی عاشق و مەعشووقە، بەدی بێنێ:

I walked abroad in a snowy day
I asked the soft snow with me to play
She played and she melted in all her prime
And the winter called it a dreadful crime

William Blake (1757 - 1827)

لە ئێوارە بەفرییەکی ڕێبەندانا
بۆ کایە و شەڕەتۆپەڵە وەدەرکەوتم
کە کیژی بەفرم دی، وتم:
ئەرێ بۆچ نایە کایەوە؟
بەفری نازدار بە گەرمای کایە و هەڵاتن توایەوە
زستان وتی:
ئەوەتانێ جینایەتی مەترسیدار.

ئەگەر لەم شیعرە ورد بیتەوە، دەبینی چەمکی ترس لە توانەوەی بەفری نازداردا خۆ دەنوێنێ، یان شاعیر لێرەدا خوازەیەکی بەکار بردووە بۆ دڵدار کە ئەویش بەفر بێ. لە دەقە شیعرە ئینگلیسییەکەدا snow دواتر she بۆ هاتووە، واتە لێرەدا snow کچە و ئەمنیش لە

وەرگێڕانەکەدا هەوڵم داوە she بە هێنانەوەی وشەی کیژ نیشان بدەم: کیژی بەفر.

ئەو شتەی کە لێرەدا لە ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەی ویلیام بلێیك بۆ ئێمە دەردەکەوێ لەگەڵ مەسەلەی زمانی شیعرەکە، ئەوەیە کە شاعیر هاتووە لە قالبی کۆمەڵێك ئیماژ و خوازە و مەجازدا بۆ ئێمە ڕژدیی عاشقی لەگەڵ نەرمونیانیی مەعشووق هەڵسەنگاندووە و لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو دوو حاڵەتە پارادۆکسە، توانەوەی بەفری بە ئێمە نیشان داوە. دەمەوێ بڵێم ئەگەر ئەو حاڵەتە جوانیناسانەیەی کە ئێمە دەتوانین لە توانەوەی بەفر کاتێ کە لەگەڵ کەسێك بۆ دڵداری دێتە ئاراوە ببینین، لە ڕستەیەکی خەبەریدا بۆ ئێمە پێش نەدەهات، یا ئەگەریش هاتبایەتە نێو زەینەوە، دیارە بە هۆی سادەیی و بێ پێچوپەنایی و ناشاعیرانە بوونی زوو لە زەین دەچووە دەرێ، بەڵام چاو لێ بکە نموونەی ڕووبەڕوو بوونەوەی شاعیرێکی گەورەی لە چەشنی عەبدوڵڵا پەشێو بۆ هێنانی حاڵەتێکی تا ڕادەیەك لەم چەشنە بۆ خوێنەری کورد. لەشیعرێکیدا پەشێو دەڵێ:

جووتێك پێڵاوی ڕەشم لە پێیە
پینەدار، هەرزان، گەمار، سووك، گڵاو
هەزار جار ئەم پێ و ئەو پێ کراو
چەند جار کەوا سەرنجیان دەدەم
بە دەست خۆم نییە
لمۆزی پێڵاو
قەپۆزی هەندێ سەرکردەی کوردم
دێنێتە بەر چاو.

دەبینی لەم شیعرەدا هیچ وێنە و ئیماژێکی تازە و نوێ کە خوێنەر تووشی ڕاچڵەکان و تێڕامان بکا، لە ئارادا نییە، بە شێوەیەکی زۆر ساکار پێڵاوێك وەسف دەکرێ کە هەزار جار لە پێ کراوە، پینەدار، هەرزانە، گڵاوە و ئەم پێڵاوە قەپۆزی هەندێ سەرکردەی کورد دێنێتە بەر چاوی شاعیر. لە ڕاستیدا ئەم شیعرە لە هەمان کاتدا کە خاوەنی ڕوحێکی شاعیرانە نییە، هیچ ئەزموونێکی تازەش بۆ خوێنەر لە زەمینەی کەشفی مەعنایەکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان دیاردەیەك یا شتێك لە جیهانی شتەکاندا لەگەڵ مرۆڤێك کە لێرەدا سەرکردەی کورد بێ، ناهێنێتە ئاراوە، بۆیە دەبینی شیعرەکە لە بەدەستەوەدانی

ئەزموونێکی شاعیرانەدا بۆ خوێنەر بە ڕاستی دۆش داماوە. بەڵام ئەگەر سەرنجی ئەم نموونە شیعرییەی ویلیام بلێیك بدەیتەوە كە باسم كرد، دەبینی لەوێدا توانەوەی بەفر لە نێو دەستی عاشقدا چەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەزموونی نێوان ڕووبەڕوو بوونەوەی عاشقێك كە دەیهەوێ عیشقی خۆی دەرببڕێ و ئاشكرایە لە دەربڕینی ئەو عیشقەدا توانەوەیەك دێتە ئاراوە و بە ئێمە نیشان دەدرێ. كەواتا شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی شاعیر لەگەڵ زمان، پیشاندەری دەسەڵاتی شاعیرانەی ئەو شاعیرەیە.

لە شیعرێکی دیکەدا کاك مارف لایەنێکی زۆر ناسکی زمانی هێناوەتە ئاراوە کە بەجۆرێك لە جۆرەكان شیعرەكەی سەركەوتوو كردووە، ئەویش لایەنی لەحن یان tone ـە بە كوردی ڕەنگە بتوانین بڵێین ڕاوێژ؛ لەشیعری ″ئاویلە″دا، شاعیر دەڵێ:

گۆڕستانی وڵاتی من
سەدان گۆڕی
چاوەڕوانی تەرمی لێیە.
زیندوو بوونتان بسەلمێنن
دەنا لێرە
وەنەوزیش هەر
ئاویلكەیە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم شیعرە، ئەوەیە کە بەبیسەرەکانی بڵێ کۆڵنەدان لە ژیاندا زۆر گرنگە. چونكە زەمینەی ئەو ژیانەی كە مرۆڤەكانی دەوروبەری شاعیر تێیدا دەژی، زۆر خۆشە بۆ ئەوەی كە مەرگ هەمیشە لە ئارادا بێ، بۆیە پێی وایە بۆ ئەوەی كە بەردەنگانی ئەو شیعرە زیندوو بوونیان بسەلمێنن، دەبێ لە ڕاستیدا وەنەوز نەدەن، چونكە وەنەوزیش هەر ئاویلكەیە و سەرەتای مەرگە. ئەو پرسیارەی كە تا چەندە توانیویەتی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سەركەوتوو بێ، بە بڕوای من تا ڕادەیەك توانیویەتی، چونكە ئەگەر سەرنج بدەی، دەبینی جۆرە تەوسێك لە ڕاوێژ و لەحنی ئەو شیعرەدا بەدی دەكرێ، چونكە شاعیر دەڵێ: زیندوو بوونتان بسەلمێنن؛ سەلماندنی زیندووبوون لەڕێگای وەنەوز نەدانەوە خۆی جۆرێكە لە تەوس لێدان لە بەردەنگ بۆ ئەوەی كە بۆچی دەبێ لەم بارودۆخەدا بژین یا بۆچی دەبێ زیندووبوونی خۆیان تەنیا لە ڕێگای ئەوەوە بسەلمێنن كە وەنەوز نەدەن. بەڵام

ئەگەر پرسیار لە خۆمان بکەین ئەو ئامانجە تا ڕادەیەك گرنگە؟ بە بڕوای من گرنگایەتیی زۆری هەیە، چونکە ئەوەتانێ زیندوو بوونی مرۆڤ لێرە لە ڕاستیدا گرێ دەدرێ بە چارەنووسی وڵات و نیشتمانێکەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ زیندووبوونی خۆی لێرەدا نەسەلمێنێ، ئەو گۆڕستانە هەمیشە گۆڕستانێکە کە چاوەڕێی تەرمە، وڵاتێکیش کە گۆڕستانەکەی ئاوەدان بێ، دیارە خۆی ناتوانێ ئاوەدان بێ. دەبینین لەم شیعرەدا کاك مارف لەحنێکی تەوساوی بۆ شیعرەکەی هەڵبژاردووە و ئەوە لە ڕێگای هەڵبژردنی واژەکان و بەشێوەی بەکارهێنانی زمانی شیعرەکەیەتی و لێرەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بەڕاستی کاك مارف توانیویەتی دەسەڵاتی زمانی خۆی وەگەڕ بخات و شیعرەکەی پێ سەرکەتوو بکا.

بەهاری ٨٥ – ٢٠٠٥

ئامازە:

ئەم وتووێژە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە سەر شریت تۆمار کراوە و بێ دەستکاری دابەزێندراوەتە سەر قاقەز.

# سوارە و سێ سەرنج

ئەم یادداشتە پێشکەشە بەبیرەوەریی ٦٦ ساڵەی لە دایکبوونی سوارە

١- سوارە و ئەخلاقی پێشڕەوایەتی

سوارە ئێلخانیزادە، لەو شاعیرە بەدەگمەن هەڵکەوتووانەی شیعری ڕۆژهەڵاتی جیهانە کە لە هەمبەر ئەرکی شاعیرانەی خۆی، هەڵوێستی ڕەخنەگرانە و تێڕوانینی فەلسەفی و خوێندنەوەی فیکریی هەبووە و لە بەرامبەر هەر هەنگاوێك کە بۆ پەرەپێدانی سنووری شیعر هەڵی هێناوەتەوە لاپەڕەیەکیشی لەسەر بۆچوونی جوانیناسانەی خۆی لەمەڕ شیعر ڕەش کردووەتەوە. بەوتەیەکی تر سوارە بۆ هەر هەڵوێستێکی مۆدێرنی خۆی لە بابەت تازەکردنەوەی چ شیعر و چ پەخشانی کوردی لێکدانەوەیەکی مۆدێرنیشی لەگەڵ خستووە و تەنیا بەهەڵوێستگرتنی ڕووت ڕازی نەبووە. بۆ نموونە سوارە وەك هەڵوێستی تاکەکەسیی خۆی زۆری باوەڕ بەتێکەڵیی شاعیر و کۆمەڵگاکەی بووە و تەنانەت ئەرکی ڕێپێشاندەری جەماوەر دەخاتە ئەستۆی شاعیر یان هونەرمەند. من لێرەدا نامەوێ لەسەر باری ئەرزیشی ئەم هەڵوێستە داوەری بکەم، چونکە مەبەستی ئەم یاداشتە بەدەر لەم باسەیە، ئەوەی لێرە لام گرینگە ئەوەیە کە سوارە لەپای ئەم هەڵوێستەی ڕادەوەستێ و بەشیکردنەوەیەکی فیکری - فەلسەفی، گریمان زۆریش بەپێز یان بێ هێز، پشتی ئەم بۆچوونەی دەگرێ و ڕێگانادات خوێنەرەکەی ئەم قسەیە وەك قسەیەك کە هەر بەقسێتی دەمێنێتەوە وەربگرێت بەڵکو بەچەندین شێوە، پاساوی ڕەخنەگرانەی خۆی بۆ دێنێتەوە، بۆ نموونە دەڵێ: «شاعیر نابێتە شاعیر تا لەپێش هەموو شتێکا نەبێتە کۆمەڵناس، نەبێتە نوێنگەی ئاواتی سبەینێی کۆمەڵ و مەکۆی زانیاری دوێنێی کۆمەڵ»،[١] «هونەرمەند ئەندازیاری کۆشکی ئاواتی بەیانی کۆمەڵە، ڕچەشکێن و هاندەر و ڕێ پیشاندەرە.»،[٢] «شاعیر نییە ئەو کەسە وا وشە لیزگە دەکا. ئەو کەسە هەڵبەستەچییە نەك شاعیر، شاعیر تا دەردێکی نەبێ، تا بڕوایەك لە دەروونیا نەبێ... شیعر ناڵێ»[٣] تەنانەت سوارە بۆ پاڵپشتی ئەم هەڵوێستەی خۆی هێرشێکی ڕەخنەگرانە دەکاتە سەر شیعری عەرووز و دەڵێ: «لە

ڕاستییا داخواز و نیازی کۆمەڵ نەبوو کە ئەو ویژەیەی (واتە ویژەی پەیوەندیدار بەشیعری عەرووز) کرد بەباو، بەڵکو پێداویستی و کەمایەتییەکی ئەشراف و ئاریستیوکرات وەك دەرەبەگی زل و چینەکانی تری حەساوە و تێر و تەسەل بوو کە نیازی بەوێژەیەکی دوور لە تێگەیشتنی چەوساوەکان بوو بۆ خەڵەتاندنیان و گێژکردنیان)(٤) لەم لێکدانەوەشیدا ئەوەندە زێدەرەوی دەکات و توند دەڕوات کە بەمجۆرە دەدوێت: «بەلای منەوە شاعیری عەرووزی شاعیر نییە، چونکە جگە لەوە کە کەوتووەتە شوێن شێوەی شاعیرێکی تر، شاعیرەکەی پێشووش کورد نەبووە»(٥) (دیسان لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە لەم یاداشتەدا مەبەستی داوەریکردن و بەهادانانم بۆ ئەم دید و تێبینییانەی سوارە نییە، هەرچەند جیاوازییەکی زۆر دەبینم لە نێوان دیدی سوارە و دیدی خۆم بۆ ئەم باسە!) بەکورتی و لەسەردەستی ئەم نموونانەوە دەمەوێ بڵێم سوارە لەو ماوە کورتەی کە تەمەنی نووسینی ڕێگای پێ دا، وەك شاعیر و نووسەرێکی پێشڕەو، هیچ کات هەوڵی ئەوەی نەدا هەڵوێستە ئەدەبی و فیکرییەکانی بەبێ پاڵپشتی تەحلیلێکی ڕەخنەگرانە بمێننەوە. سوارە سەرەڕای ئەوەی دەیزانی لە مەیدانێکدا گۆی فیکر و قەڵەم دەخاتەکایەوە کە ڕێژەی تەماشاکەران چەندین قاتی گەمەچیانن و بۆی هەبوو بێ ئەو لێکدانەوەش قسەکانی بڕبکەن و جێ بگرن، بەڵام ئەو وشیارتر لەو بۆچوونە ڕەمەکییانەبوو، دەیزانی چاو و گوێی کراوە، کەمیش بن تیژن و پیاوی وریا هەمیشە هەن. جیالەمە سوارە وانەبوو هەر بۆ نەوەی خۆی بدوێت، ئەو دەیزانی نەوەی نوێ بەڕێوەیە و بەگوڕتر دێتە مەیدان، ئەو نەوەیەی کە لە شیعری هەرمانی خەوەبەردینەدا ئاوا باسی دەکات:

لە ناو ئەو هەموو ئاوە هەر چاوەیەك

باوی هەنگاوی خۆشە

بەتەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ و کەندالّی ڕێیە

هەوەڵ مەنزڵی زێیە، ئاواتی بەرزی زرێیە

سوارە لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا، بەگشتی و لە پانتاییی شیعری نوێی کوردستانی ڕۆژهەلاتدا، بەتایبەتی یەکێك بوو، لە پێشڕەوانی خاوەن دەسەلاّتی فیکری و مەعریفی، جگە لەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە سوارە پێشڕەوێك بووە کە نەك هەر ئەخلاقی پێشڕەوایەتیی ناسیوە، بەڵکو بەکردەوەش لە هەڵوێست و ڕاڤە و ڕەفتاری خۆیدا ڕەچاوی کردووە و ڕێزی بۆ داناوە. لە «تاپۆ و بوومەلێڵ»دا سوارە شەش وتاری، ڕاستەوخۆ و

ناڕاستەخۆ، لەسەر گۆران نووسیوە، کەچی تەنانەت دێڕێك باسی شیعری خۆی ناکات، هەرچەند گومانی تێدا نییە کە دەیتوانی و مافی خۆیشی بوو- باسی شیعر و پەخشانەکانی خۆی بکات، بەڵام وێ دەچێ سوارە هێند سەرسەختانە پابەندی ئەخلاقی پێشڕەوایەتی بووە کە ڕێگای ئەم کارەی بەخۆی نەداوە. سوارە نەك هەر حەزی نەکردووە تەنیا باسی خۆی بکات، بەڵکو هەوڵی داوە، لەو دەرفەتەی بۆی هەڵکەوتووە- واتە بەرنامەی ڕادیۆیی تاپۆ و بوومەلێڵ- باسی شانۆ و شیعری کلاسیکی کوردی و بەیت و باویش بکات، تەنانەت کۆمەڵێك باسی تیۆری ئەدەبی هێناوەتەگۆڕێ، وەك ئەو تارانەی کە لەسەر پێناسە و کارکردی شیعر نووسینی یان ئەو باسانەی کەتێیدا لە بەهرەی شاعیری دەدوێت، یان باسێك کە لەسەر «حەقیقەتی شاعیرانە و حەقیقەتی عیلمی» وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

پێشڕەوایەتی بۆ سوارە شیرنایی گەمەی خۆنواندنێکی ڕۆشنبیر ئاسایانە نەبوو، بەڵکو قورسایی ئەرکی خۆبەختکردنێکی ئازایانە بوو، خۆبەختکردن لەپێناوی فیکر و جوانی و نیشتماندا.

٢- سوارە و خۆزیای «خەوەبەردینە»

«خەوە بەردینە» نەك هەر باشترین شیعری سوارەی ئیلخانیزادەیە، بەڵکو سەرچڵترین شیعری کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشە تا ساتەوەختی نووسینی ئەم دێڕانە.

بەڕای من شیعری «قوربانی تۆزی ڕێگەتم»ی نالی چەندە پیشاندەری کاکڵی هزر و ئەندێشەی نالییە لەمەڕ نیشتمان، شیعری «خەوەبەردینە»ش ئەوەندە نوێنەری ڕاستەقینەی بیروبۆچوونی سوارەیە لە هەمبەر کێشەی نەتەوەیی کورد. سوارە لە «خەوەبەردینە»دا باوەڕی بەو ڕاستییەیە کە کورد «ئاوێکە وا لەگەڵ گاشەبەردا سەر ئەسوێ»، پێش گریمانەی سوارە ئەوە نییە کە میللەتەکەی هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی «ئاوبوون»، سوارە پێی وایە گەلەکەی نەك هەر ئاوە بەڵکو ئاوێکە «لە چەشنی گەرووی کەو پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باڕی». سوارە دۆگماتیك و دەمار گرژانە و ڕەشبینانە بیر ناکاتەوە، بەجۆرێك پێی وابێت نیشتمانەکەی شیاوی گەیشتن بەدەریا نەبێ، هەرچەند دەزانێ کەوی ئەم خاکە: «کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری»یە، بەڵام دەشێت کەوی نێو ڕکە بیت و گەرووشت سەر ڕێژی بەستە.

سوارە تەنانەت لەو ئاوەدا ڕواڵەت و سیمای «کچی نوور» دەبینێت و دیارە بزووتنی نوور

تەنیا بزووتن نییە لە ژێر دەسەڵاتی گاشەبەردەوە بەرەوشاری دەریا، بەڵکو جێهێشتنی تاریکاییی ژێر گاشەبەرد و لە ئامێزگرتنی ڕووناکاییی شاری دەریاشە.

سوارە لە هێنانی دەستەواژەکانی «خەوەبەردینە»دا ئەوپەڕی زانایی و زیرەکیی شاعیرێتیی خۆی بەکارهێناوە، بۆ نموونە «کچی نوور» دەستەواژەیەکە قسە هەڵگر و باسهێن: «سکچی نوور»، چونکە بەرەو شاری دەریا بەڕێوەیە، دەکرێ بڵێین هەمان ئاوە، بەڵام ئەم ئاوە لە سەرێکەوە چونکە کچە، دیارە دەبێت دواڕۆژ ببێتە کانگای پیت و پێزیی مرۆڤ، هەم مرۆڤی لەگەڵ دەژیت وەك شوو، هەمیش مرۆڤی لێ بەرهەم دێت وەکو ڕۆڵە، هەم مایەی ئارامیی ژیانە، هەمیش هەوێنی دەوامی ژیانە، هەم ڕاگری ئینسانە، هەمیش هەڵگری ئینسان. لە سەرێکی دیکەوە چونکە نوورە، مانەوەی ڕووناکییە، و نەمانی تاریکایی، بوونی گەرمای جیهانە و نەبوونی سەهۆڵبەندان. نوور بەحوکمی ئەوەی گەوهەری ڕۆشناییە ڕێ نیشاندەرە و لە سۆنگەی ئەوەی سەرچاوەی ڕۆشناییە خودی ڕێیە. کەوایە کچی نوور ڕاستە «قەتیسی دەسی دێوی کێوە» بەڵام هەر دەشێت ڕێگای شاری دەریا بگرێتەبەر چونکی «نەسرەوتنە کوولەکەی ڕۆحی ئاوە.»

سوارە لە «خەوەبەردینە»دا چارەنووسی مرۆڤی کورد بەچارەنووسی ئەو ئاوەوە گرێ دەدات کە ڕێگای شاری دەریای لە بەرەوبۆی هەیە لە نیوەڕێدا هەرەسی شەکەتی بەسەریدا بڕووخێت و ببێتە گۆل و گڕاو و بۆن بگرێت و چەمۆڵەی کلۆڵی بەڕوویا بوەرێ:

گەلێ گۆلە لەو چۆلە یەخسیری خاکن
بەڕوویا گەڵا وەك چەمۆڵەی کلۆڵی وەریون

لە لایەکی دیکەوە بۆیشی هەیە ببێتە ئەو چاوەیەی کە باوی هەنگاوی خۆشە:

ئەزانێ لە هەڵدێرە هانی بەهێزی
لە ئەسکوند و چاڵایە هەڵدان و گێژی
پەڕۆی شینی سەرشانی دریایە ژینی کەرێزی

ئەو چاوەیەی کە ناچارە لە بەدەریاگەیشتن و دیتنی ئەو دیمەنەی کە:

لەبەرخۆرەتاوا دەڵێی سینگی ژینە ئەهاژێ

لە «خەوەبەردینە»دا وێ دەچێ شاعیر بیهەوێ حەرەکەتی ئاو لە ژێر دەسەڵاتی «ڕکەی دۆڵ و شیو» بەرەو «مەنزڵی زێ» یاخود بەرەو «ئاواتی بەرزی زرێ» بگێڕێتەوە، واتە

ڕەوایەتیی کۆچ و کۆچباری ئاو لە بەستێنی بەرتەسکی گۆلێتی و گڕاوێتی بەرەو پانتاییی بەرفراوانی شاری دەریا لە کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەشدا سەرەتای ئەم «هەولّی هەلّدان»ە یاخود «چارانی چار»ە وەسف دەکرێ، لەو شوێنەی کە شیوەکە دەڵێ:

بەخورِ خۆ بەدیواری کێوا ئەدا ئاو

لەگەڵ گاشەبەردا سەرئەسوێ سەرئەسوێ

بەڵام دواجار و لە نیوەی شیعرەکەدا خوێنەر هەست بەوە دەکات کە شاعیر چیتر شوێن پێی ئەم کۆچ و کۆچبارە هەڵناگرێ و تەنیا بەوێنەکردنی ئەو حاڵەتانە قەناعەت دەکات کە ئەگەر ئاو نەگاتە شاری دەریا چی بەسەردێ و ئەگەر بگاتێ چۆن دەبێ. واتە سوارە لێرەدا بەقەولی خۆی حەقیقەت لە واقیع جیادەکاتەوە و ئەوەی لێرەبەدوا باسی دەکات، حەقیقەتێکە کە لەوانەیە خۆی ببێت بەواقیع و لەوانەشە نەبێت. بەوتەیەکی تر «خەوەبەردینە» لە واقیعێکەوە دەس پێ دەکا و لە قەوارەی حەقیقەتێکدا دەوامی دەبێت. سوارە ئەم گێڕانەوە سەمبولێکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکاتە زمان حاڵی بەسەرهاتی میللەت و مرۆڤی کورد.

لە خوێنەریشی ناشارێتەوە کە ئەم بەسەرهاتەی بەلاوە زۆر تاڵە:

هەتا بیری تاڵی گڕاوێ

بەدڵما گەڕاوە

هەتا یاد ئەکەم ئاوە بەو ورمە بەردینە کاری کراوە

ئەڵێم سەد مخابن

وەجاخێ کە ڕووگەی هەزاران نزای شینە هۆی بەتاسەن

وە بووژێنەوەی هەست و هان و هەناسەن

چلۆنە کە بیژووی گڕاوان ئەبینن

لە نێو چاوی ئەو خانەدانە

لەهی چۆنە پیتی بڕاوە؟

خۆزیای «خەوەبەردینە»، خۆزیای گەیشتن بەشاری دەریایە، چونکە کانی لە ژێر گاشەبەرداندا دەبنە گۆلی دوارۆژ و گڕاوی داهاتوو، بەڵام بەگەیشتنە دەریا ئاوی ڕاوەستاوی کانی دەبێتە «سینگی ژین» و ئەهاژێ:

ئەڵێن تاجی زمرووتی دوڕگەی لەسەر ناوە دەریا

هەتا چاو هەتەرکا، شەپۆلە، شەپۆلە

لەبوونا، لە چوونا

٣- سوارە و دەنگی تاپۆ و بوومەلێڵ

زۆرکەس پێی وایە «تاپۆ و بوومەلێڵ» هەرتەنیا کۆمەڵێك پەخشانی ئەدەبیی سوارەی ئیلیخانیزادەن کە لە ڕێگای بەرنامەی ڕادیۆوە، پێشکەشی کردوون. ڕاستە ئەم زنجیرە بەرنامەیە پەخشانی تێدابووە

بەڵام لە «تاپۆ و بوومەلێڵ»دا وتاری ڕەخنەیی و وتاری لێکۆڵینەوەیی و وەرگێڕانی بابەتی تیۆری ئەدەبی و تەنانەت تەنزیشی تیدا بەدی دەکرێ، ئەویش نەك هەر لە بەستێنی شیعردا، بەڵکو لە بواری فەلسەفی و فیکری و لە بابەت ژانری لە گوێن شانۆیشەوە و تەنانەت هەندێ جار کورتە چیرۆکیشی، باوەکو زۆریش بەمانای وردی وشە، هونەری نەبن، نووسیوە. کەوایە «تاپۆ و بوومەلێڵ» تەنیا پەخشانی ڕووت نییە و کۆمەڵێکی هەمەڕەنگ و هەمەچەشنە لە بوار و بەستێنەکانی جیاجیای ئەدەب و تەنانەت فەلسەفەدا. ئێستا پرسیاری من ئەوەیە سوارە بۆچی تاپۆ و بوومەلێڵی نووسی؟ هەمووومان دەزانین ئەو بارودۆخ و فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسییەی «تاپۆ و بوومەلێڵی» تێدا نووسراوە تەواو دژی چالاکیی فیکری و ئەدەبی بەزمانی کوردی بووە و تەنانەت لەو سەر و بەندەدا کۆوارێکی کوردی لە ئارادا نەبووە تا بەرهەمی قەڵەمی شاعیران و نووسەرانی لە جۆری سوارە بڵاو بکاتەوە. ئەی چی و کێ دنەی سوارەیان دا، دەس بداتە خوڵقاندنی کۆمەڵێك وتاری ڕۆشنبیرانەی بەزمان پاراو و بەناوەرۆك بەپێز و هاوچەرخانە؟ مەبەستی سوارە لە هێنانە بەرباسی بابەتی وەکو «شیعر زیاتر لە فەلسەفە نزیکە، هەتا مێژوو» چی بوو لە کاتێکدا بەردەنگی ئەو سەردەمی وێژە و نووسراوەی کوردی بەژمارە کەم و لە عەقڵی ئەدەبیدا پلە نزم بوون؟ ئایا سوارە تەنیا ویستوویەتی ئەرکی ئیداری خۆی جێبەجێ بکات، یان نا، مەبەستێکی گەورەتر و ئاواتێکی بەرزتری لە مێشك و دڵدا بووە؟

خوێندنەوەی وردی «تاپۆ و بوومەلێڵ» ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە سوارە ئامانجی لە نووسینی «تاپۆ و بوومەلێڵ» ئەگەر نەڵێین شۆڕش، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و زمانی بووە لە خانەی عەقڵ و فیکری کوردیدا. سوارە هەلی بەرنامەی ڕادیۆی قۆزتووەتەوە و لەم

ڕێگایەوە زنجیرە باسێکی هەمەلایەنەی بەزمانێکی پاراوی کوردی کە لە هەمان کات هەڵگری کۆمەڵێك باسی تازە بابەتی ئەدەبی و فیکری بن هێناوەتە ئاراوە کە هەم زمانی کوردی لە مەرگەساتی نەنووسین خەلەساندبێت، هەمیش ئەدەبی کوردیی لە باسوخواسی هاوچەرخانە و هاوسەردەمانەی جیهان بێبەش نەکردبێت. سوارە «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی کردووەتە مەکۆی ئەو ئەدەبەی کە مافی ڕەوای خۆی بووە لە دەیان گۆڤار و کتێبدا بوونی دەنگ بداتەوە، بەڵام کە ئەو بوونە ڕێگای لێ بگیرێ، سوارە ناچارە لە تەختی شاعیرێتی دابەزێ و بپەرژێتە سەر ئەرکی ڕەخنەگرتن و وەرگێڕان و پەخشان و وتار نووسین. بەڕای من بەرنامەی «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی سوارە دەوری ئەو گۆڤارانە دەگێڕێت کە دەبووایە ئەو سەردەم بڵاو بووبوونایە و ڕێگا نەدەدرا بڵاوببنەوە. سوارە «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی بۆیە کردە بەرنامەی ئیداری خۆی چونکە هەستی بەو غیابە بڕست بڕەی نووسینی کوردی و عەقڵی کوردی کردبوو.

«تاپۆ و بوومەلێڵ» بۆ من بەڵگەی بەڵگەنەویستی ڕووناکبیرێکە کە کۆڵنەدانی تەنیا لە سۆنگەی سووربوونێتی لەسەر نووسین. سوارە «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی بۆیە نووسی کە بەرلەوەی بەکوردی بمرێت بەکوردی ژیابێت، لەسەردەمێکدا کە بەکوردی مردن کاری هەموو «پاراوی ئاو»ێك و «خێڵی درۆ»یەك بوو بەڵام بەکوردی ژیان تەنیا لە دەسەڵاتی ئەو کەسانەدا بوو کە دەیانزانی:

نەوەستان ئەوەستێ بەدەستێ
کە خاراوی ئێش و سواوی سوێ بێ
لە هەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە
ئەزانێ ئەبێ هەر بژێ و باژوێ، تا بژی تا بمێنێ
هەناوی بەهەنگاوە، نەسرەوتنە کوولەکەی ڕووحی ئاوە

پەراوێزەکان:

١- تاپۆ و بوومەلێڵ، سوارە ئیلخانیزادە، ١٣٧٩، نشر پانیذ، ل٨٣
٢- هـ.س، ل٨٤.
٣- هـ.س، ل ٨٤
٤- هـ.س، ل٢٤٤
٥- هـ. س، ل٢٥١

# ڕۆژی شیعر و مەرگی شاعیر

به بۆنەی دووهەمین ساڵوەگەڕی کۆچی شاعیری گەنجی
کوردستانی ڕۆژهەڵات: ڕەحمان تەرەغە

تۆ کە دەرکەوتی مەپرسە چی بەسەر دێ گیان و دڵ

حاڵەتی شەونم تەماشاکە بە وەقتی ڕۆژهەڵات

مەحوی

مەحوی ڕووی لە خوایە و خۆشەویستەکەی، من چاوم لە شاعیرە و کێشەی داهێنانی شیعری. مەبەستمی مەحوی ڕۆژهەڵاتی ئەوینی ئاسمانییە و تیاچوونی لەشی خاکی، من مەبەستم چرکە ساتی دوان و ژیانی شیعرە و ئاوابوونی خۆری نهێنی و نیەتی شاعیر. مەحوی دەڵێ: ″تۆ (خۆشەویستەکەم) هاتی و ژیای، ئەوە من ڕۆیشتم و مردم.″ من دەڵێم: ″شاعیر ڕۆیشت و مرد، شیعر (خۆشەویستەکەمان) هات و ژیا.″

فلۆبێر دەڵێ: ″ژیانی من ئەوەندە ساکار و سادە و ئارام و بێدەنگە کە ڕستەکان تێیدا ڕووداوێکی گەورەن.″ هەر وایە، من هەموو کات ئاوەڵناوی ″گەورە″م لە دەستەواژەی ″شاعیری گەورە″دا هەروا لێك داوەتەوە، ئەو شاعیرەی ڕستە دەبێ بە ڕووداوی دەگمەنی ژیانی.

ئەوەیە ڕازی ڕەنگدانەوەی ڕاستی لە ژیانی شاعیردا، مۆری مەزنایەتی و مانەوەی هەتا هەتاییی دەنگ و داوای شاعیر: لە بێدەنگیدا ژیان و بە بێدەنگی نووسین و لە ئاکامدا بێدەنگ سەر نانەوەی ئەبەدی. شاعیر دنیای بیروبۆچوون، زەین و زمان و واژە وێنەی خۆی دەخولقێنێ و سروشتییە بۆ ئەم کارەشی پێویستی بە جاڕلێدان و نەڕاندن نییە. شاعیر هەنگاو بە هەنگاو لە مەرگی خۆی نزیك دەبێتەوە تا بست بە بست بازنەی داهێنانی دنیای شیعری بەر بڵاوتر و بەر فراوانتر بکا. دنیایەك کە بەرە بەرە سنووەرەکانی پەرەدەستێنن و بوون و نەبوون دەگرێتە خۆی. شیعر زیاد کردنی دەسەڵاتێکە بە

دەسەڵاتەکانی پێشووی بوون، چڕوپڕکردنی خەزێنەی خەیاڵەکانی ژیانی مرۆڤە. وەبیر هێنانەوەی سەرچڵی و سەرشێتیی مرۆڤە ئەوکاتەی باری ئەمانەتی ژیانی بە کۆڵدا دەدا. شاعیر دەزانێ ئەرکێکی پشووبڕ و تاقەت پڕووکێنی وەئەستۆ گرتووە لەهەمان کاتدا، لەم حەقیقەتە حاشا هەڵنەگرەش ئاگادارە کە ئەگەر بێت و نەنووسێ، ژیان و فەلسەفەی ژیان ئەوەندە سانا و سەرەڕێی و بێ گرێوگۆڵ و پڕ و پووچ و یەکڕەنگ و یەك هەوا دەبێ کە ئیتر لە دایکبوون ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە مەرگ و مەرگیش دەبێتە ڕووداوێکی هیچ و بێ هۆ، ژیان دەبێ بە هێڵێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێك خاڵی "خواردن" و "خەوتن" و جیهان دەبێتە ئەو پانتاییەی کە پرۆسەی پووکانەوە بەردەوام تێیدا دووپات دەبێتەوە و ئیتر هیچ پەنجەرەیەك بۆ پێشوازیی پەپووولەی پرشنگ ناکرێتەوە. لەوەها دنیایەکدا – دنیای بێ شیعر– نوتفەی مۆتەکە لە منداڵدانی خەونەکانماندا بیچم دەگرێ و دەبێتە کارگێکی ژەهراوی و لە هەناوی هیوا و هومێدەکانماندا هەڵدەتۆقێ و مرۆڤ دەبێتە ئەو دێوەزمەیەی کە هەر دەشکێنێ و دەڕوخێنێ و دەکوژێ، ژیانی بێ شیعر، ژیانێکی مەند و بێ بزاڤە، بێ هەڵکشان و داکشان، بێ ڕاسان و ڕۆچوون. شیعر بەیداخی باوەڕی مرۆڤە، ئەگەر ئەو بەیداخە نەشەکێتەوە، مرۆڤ لەناو جوگرافیای جیهانی "بوون"دا جێیەکی بۆ مەزنایەتی نابێ. شیعر دەژی تا بدوێ، دەدوێ تا بدرکێنێ و دەدرکێنێ تا بژی. شیعر ئەو خەونەیە مرۆڤ بە ژیان و جیهانەوە متوربە دەکا. بەڵام شیعر– ئەم خەڵاتە خوداییە– کێ دەیخولقێنێ جگە لە شاعیر؟! دەی ئەگەر شیعر لە هەناوی خۆیدا بوون و نەبوون هەڵدەگرێ، شاعیر هەڵگری چی نییە؟! زۆر جار وتوومە بە ڕاستی بڵێی لەشی خاکینە و خوڵینەی شاعیر لە بەرامبەر ڕوحی شیعریدا چەند بچووك و بێ دەسەڵات بێ؟! باشە ئەگەر شاعیر مرد چی لە کیس داوە؟ داخی کام ئاخ لەسەر دڵی دەمێنێتەوە؟! ئەگەر شیعر ئاوێتەیەکە لە عیشق وحەقیقەت، شاعیر بە چی نەگەیشتووە و لە چی نەگەیشتووە؟! ئەو شاعیرەی بە چاوی عیشق بینایی دەکا:

دڵ لە ئیدارکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق

"مەحویا" دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا

نا، ڕوحی شاعیر خووی بە هەژان و هەستان و هەدانەدان گرتووە. سڵ کردن و ساتمە بردن لە وجوودیدا نامێنێ. بیری شاعیر هەمووکات لە قۆناغی قەیرانێکەوە بەرەو قۆناغی قەیرانێکی تر باز دەدا وئەم قەیرانە دوانەبڕاوانەیە کە کێشەکانی جیهانی لا زەق دەکەنەوە.

ئەو کێشانەی لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری هەوێنی گەلێ پرسیارن. شك و گومان دەبێتە دەسمایەی بە ناخی جیهاندا ڕۆچوون و لە بوون کۆڵێنەوە.گیانی تێبینی و ڕوانینی لە دیدی یەك لایەنە و لاپ "موتڵەق"دا دەماڵدرێ. دنیای ڕاستەقینە و هەست پێکراوی بەردەست، دێنێتە نێو سیستەمی ڕەهەندەکانی زمان و دەربڕینەوە. بە چاوی واژە و وێنە لە جیهان دەڕوانێ، بەڵام ئەو جیهانەی خۆی دەیخولقێنێ یەکسەر جیاوازە. جیهانێکی تایبەتە و زەینی خۆی، تایبەت بە فام و فیکری خۆی شیعر دەکا بە دیاردەیەکی نوێ لە سەر لاپەڕەی دیاردەکانی تری مێژووی بوون. دەقی داهێنانی خۆی دەکاتە ئەو مەیدانەی ئەسپەشێی ڕۆحی ڕاستیخواز بکەوێتە ژێر ڕکێفی شۆرەسواری خەیاڵ. خەیاڵ دەکاتە بەردەبازی ڕووباری ئەندێشە. ئەندێشە دەبێتە بەردی بناغەی کۆشکی حەقیقەت، چێژی حەقیقەت وحەقیقەتی چێژ. شاعیر دەزانێ باختین وتەنی: "هیچ شتێك بۆ مرۆڤ ترسێنەرتر لە نەبوونی وەڵام نییە"، هەر بۆیە لە ناو دنیای وشە و ڕستە دا بە دوای وەڵامەکاندا دەگەڕێ، بەڵام وەك ڕۆژ لێشی ڕوونە ترس و دڵە خورپەی ئەم نەبوونییە هیچ کات لە کۆڵی نابێتەوە، چونکی دەزانێ وەڵامی هەر پرسیارێ خۆی هەمیشە سەرەتا و سەرمایەی پرسیارێکی ترە، گەورەتر و گرانتر و گرینگتر لەوەی پێشوو. بەڵام شاعیر دەزانێ، وەڵام لە ناخی خۆیدا خولقێنەری ڕۆحی پرسیارە. وەڵام شتێك نییە بۆ دڵنیا کردنی ڕۆحی ئاڵۆزی پەیجووری ڕاستی، شاعیر لە وەڵامدا دەگا بە وشیاری، بەڵام بە دڵنیایی ناگا، بە قەوڵی جبران خەلیل بۆ حەقیقەت ناگەڕێ، بەڵکوو هەر دەیەوێ حەقیقەتێك بدۆزیتەوە. بەشێکی بچووك لە گشت حەقیقەت، دڵۆپێك لە دەریایەك، بارتەقای چرکە ساتێك کەوتنە ژێر گوشاری خەونی خولقاندن. داهێنانی شیعری، وڵاتێکی بێ کەوشەن و کۆتاییە، لە هەموو لایەکەوە لە بێ سەرەتاوە تا بێ کۆتایی درێژەی هەیە. شاعیر، ئەگەر دێت و بە پەڕەمووچی واژە وێنەیەك دەخوڵقێنێ بۆ پرکردنەوەی بۆشاییی نەبوونی ئەو وێنەیە لە جیهانی بەرچاو نییە، بەڵکوو بۆ بەسەر کردنەوەی ئەو – چۆن – و – چی – یانەیە کە دوابەدوای پرسیارەکانی ئەو وێنەیە لە جیهانی بوون، لە ڕوحی مرۆڤدا پەنگ دەخواتەوە.

بەم جۆرە ڕۆلان بارت گوتەنی: "داهێنانی شیعری پرۆسەی سازدان و تێکدانەوەی بەردەوامی چییەتی و چۆنییەتیی شێواز و ماناکانە." شیعر دەپرسێ تا بە وەڵام بگا و وەڵام دەداتەوە تا پرسیارێکی تری بەرهەم هێنابێ. شاعیر بە بێدەنگی دەنووسێ تا جیهان وەدەنگ بێنێ، لە ڕێگای پۆلێك پیت و خاڵ و نیشانە و وێنەوە داوی دوان بۆ دنیا دەنێتەوە.

دنیا خۆی دەداتە دەست شاعیر تا باشتری بناسێ و وردتری بپشکنێ. لە ڕواڵەت و ناوئاوخنی دنیا دەڕوانێ و ئەوەی بە دڵ دەیبینێ بە وشە دەیدرکێنێ. ئەمە ویست و تواناییەکە شیاوی شاعیر. شاعیر ژیانی بە عیشقەوە دەوێ، بۆیە ئاشقانە دەنووسێ، عیشقیشی بە ژیانەوە پێ خۆشە، بۆیە ئاشقانە دەژی.

***

رەحمان تەرەغە زۆر کەم لە نێوماندا ژیا و زۆر زوو بە جێی هێشتین. کۆچێکی ئەوەندە لە کتوپڕ، فریانەکەوت بە تەواوی ماڵ ئاوایی لە ژیان بکا. بەڵام چ باك! ئەوا لەگەڵ دنیای ڕازاوە و ڕەنگینی شیعرەکانیدا– ئەو شیعرە کەمانەی بۆنی بوون دەدەن – دەژین. هەر ئەوەندەی پێ کرا، بەڵام زۆرتری پێ بوو. ئەم شیعرانە بەرهەمی توانایی بوو، نەك بارتەقای ویستی. هەوڵی بێ وچان و هەدانەدانی بەردەوامی تەرەغە، جۆرێك ڕۆحی بووژانەوەگەریی لە هەناوی خۆی و شیعرەکانیدا خولقاندبوو. هەمیشە باسی تەقالا تازەکانی دەکرد و بۆ داهاتووی بەرنامەی دادەڕشت. دەستی دابوو کاری وەرگێڕانیش بەڵام بە تازە کردنەوەی تاقیکردنەوەکانی شیعری، خۆی پتر ماندوو دەکرد. ماندوویی نەناسیی تەرەغە هەمیشە وەبیر ئەم شیعرە هەرمانەی ڕابیرت فراستی دەخستمەوە:

دارستان جوانە،
تاریك و تنۆك و
قووڵ و بێ بن.
بەڵام بەڵێنێکم داوە دەبێ بە جێی بێنم
ڕێیەکی دوور و درێژم لە بەرە بەر لە خەوتن
ڕێیەکی دوور و درێژ لەبەرە بەر لە خەوتن

رەحمان تەرەغە– شاعیری شوکرانە بژێری ڕاستی– زەمان دەرفەتی ئەوەندەی پێ نەدا تا سەدان جار سترانی ئاوا سەر ڕێژ لە ڕاستی و جوانی بە گوێماندا بچرپێنێ:

بەرەو نەبوون هەنگاو نانێم
چونکا ئەمن
لەژوانی ئاواتە لە مێژینەکانی
مێژوودا بە زارۆکی فرچکم گرتووە،

گەلێ شوکرانە بژێرم
پاکی و ڕاستی لە دەروونما جێی گەرتووە

***

تۆ کە دەرکەوتی مەپرسە چی بەسەر دێ گیان و دڵ
حاڵەتی شەونم تەماشاکە بە وەقتی ڕۆژهەڵات

٤ی گەلاوێژی ١٣٧٨ (١٩٩٨)

## ڕۆمانی «باڵندەکانی دەم با» و

## دەرەتانەکانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی

١- ڕۆمان لەو ساتە وەختەوە کە دەستی خوێنەرەکەی دەگرێت و دەیباتە نێو جەرگەی جیهانی بەسەرهات و ڕووداوەکانیەوە و دنیای زەین و هەناوی کەسایەتییەکانی بۆ شی دەکاتەوە و بە گشتی دەرگای خەون و خولیاکانی خۆی بۆ دەخاتە سەر گازەرەی پشت، تا ئەوکاتەی ڕەوتی بەسەر داهاتنی ڕووداوەکانی کۆتاییان پێ دێت و کەسایەتییەکان دەوری سەرەکی و لاوەکیی خۆیان دەگێڕن، و بە وتەیەك ڕۆمان دوایی پێ دێت و خوێنەر دەستی لە دەستی ڕۆمانەکە دەبێتەوە، خەریکی گێڕانەوەیە؛ گێڕانەوەی ئەو بابەتانەی دەشێت بگێڕدرێنەوە یا خود ببن بەگێڕانەوە. کەوایە بەردی بناغەی پێکهاتەی ڕۆمان گێڕانەوەیە، بۆیە ئەگەر ڕۆمانێك خودان گێڕانەوەیەکی داستانیی سەرکەوتوو نەبێت، ئەوە خۆیشی نابێتە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو. دیارە زیاترین کێشەی گێڕانەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو جۆرە پێوەندییەی کە ڕۆماننووس لەگەڵ بەرهەمەکەیدا پێکی دێنێ. ئایا ئەو پێوەندییە، پێوەندییەکە لە سووژەیەکی باڵادەستەوە بۆ ئۆبژەیەکی ژێر دەست، یا خود بە پێچەوانە لە ئۆبژەیەکی خاوەن دەسەڵاتەوەیە بۆ سووژەیەکی بێ دەسەڵات، یان هەر هیچ کام لەوانە، بەڵکوو لە سووژەیەکی داهێنەر و خاوەن دەسەڵاتێکی ڕێژەیی بۆ ئۆبژەیەکی خۆ بژێوی خاوەن دەسەڵاتێکی دەقیی تایبەت.

ئاشکرایە جۆری ئەم پێوەندییە گەلێ کار دەکاتە سەر جۆری گێڕانەوەی ڕۆمان بەوتەیەکی تر جۆری گێڕانەوەی ڕۆمان دەگێڕێتەوە بۆ سەر زەینییەتی ڕۆماننووس لە هەمبەر کێشەی پێوەندیی خۆی لەگەڵ بەرهەمەکەی. ئایا ڕۆماننووس بەرهەمەکەی بە دەسکردێکی ڕەهای عەقڵی شەخسیی خۆی دەزانێت؟ یا خۆد پێی وایە جگە لەو چەشنە عەقڵە عەقڵێکیش هەیە بە ناوی عەقڵی ڕۆمان کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی عەقڵی ئەو، دەوری خۆی دەگێڕێ و بەشێکی گرینگ لە چارەنووسی ڕۆمان دیاری دەکات؟ ئایا ڕۆماننووس

پێی وایە پاش نووسینی ڕۆمان هەر چی بیڵێت ئی ڕۆمانەکە خۆیەتی یان هێشتاش بەشی ئەو – واتە ڕۆماننووسی – بەبەرەوەیە؟ با بۆ زیاتر تیشك خستنەسەر ئەم باسە لەم نموونانەی خوارەوە وردبینەوە:

نموونەی A– «... مانگی ڕەزبەرە. کا لە کادێن، گەنم لە چاڵ و سووتەمەنی لەتایە دراوە، سەربان و گوێ بان سواخ کراونەتەوە،... قەرزی کۆن دراوەتەوە، ئازووقەی زستان خراوە، پایزە، ڕەنگی زەوی بزرکاوە، ڕۆژ کورت و فێنك، شەو سارد و درێژە... ژنان پەلەپڕووزەی ئازووقە و دانە وێڵەیانە. کەشك، دوێنە، شەلەم وشك کراونەتەوە... نۆك لە خووس کراوە، وشك بووەتەوە، دەستاڕ وەکار کەوتووە...».

هەزار ئەشکەوت،

عومەر مەولوودی،لل ٧–١٨٦

نموونەی B– «... ظهر یا عصر که فخر النساء از مدرسه برمی گشته... فخر النساء ارمك می پوشیده کیف به دست، در را باز می کرده و خانم جان را دیده که روی پلەها نشسته، پشت فواره، گلدان کنارش بوده؟ می دویده، تمام طول خیابان رامی دویده باد می افتاد توی موها و توی دامن لباس ارمکش. کیفش را تکان می داده. خانم جان، حتما، دو دستش راباز می کرده و نوەاش را می دیده که چطور با آن پاهای کوچکش دارد می دود. موهایش را می دیده باد... بعد بغلش میکرده، روی خالش را می بوسیده و با انگشت پیر و لرزانش چند طره مو را، که روی پیشانی نوەاش بوده، عقب میزده همین جورها بوده، شاید...»

شازاده احتجاب

هوشنگ گلشیری ص٩١

نموونەی A شێوەیەکە لەو جۆرە گێڕانەوەیەی کە لە سەر هێڵێکی ئینتیزاعی و ئارمانیدا دەچێتە پێشێ، شێوە گێڕانەوەیەك کە هەوڵ دەدات ئەو کۆمەڵە ڕووداوەی کە پێی وایە لە زەمانێکی ڕابردوو دا ڕوویان داوە و کۆتاییان پێ هاتووە، وەسف بکات و سەر لە نوێ بیانخولقێنێتەوە، بگێڕەوە لە گۆشە نیگای سووژەیەکی بالادەستەوە دەڕوانێتە ئەو بابەتانەی کە دەشێت بیانگێڕێتەوە، بێ ئەوەی چکۆڵەترین گومان لەو بالادەستییەی خۆی بکات.

بەڵام نموونەی B گێڕانەوەیەکە لەسەر بنەمای دۆخی سەرهەڵدان و کاملبوونی

ڕووداوەکان دامەزراوە. بە وتەیەکی تر، لەم نموونەیەدا، ڕووداو ئەو شتە نییە سەردەمانێك ڕووی دابێت و ئێستا تەنیا وەك بینەرێك لێی بڕوانین، بەڵکو شتێکە لە ساتەوەختی ئێستای دەقەکەدا خەریکە ڕوودەدات. کەوایە لەم نموونەیەدا گێڕانەوە سیستەمێکی نمایشی و خویاکردنی کۆمەڵێك دیمەن نییە، بەڵکوو هەواڵێکە بۆ وێنا کردنی ئەو ژیانەی کە دەشێت لە ساتەوەختی هەنووکەی دەقەکەدا بێتە ئاراوە. گۆڵشیری، بۆ ئەوەی گێڕانەوەی «شازدە ئیحتیجاب» لە گێڕانەوەیەکی گشتی بینی ئارمانخوازانە، دوور بخاتەوە، هەر لەم پاژەدا بۆ نموونە، کۆمەڵێك تیکنیکی بە کارهێناوە کە هیچ کامیان لەو شێوە گێڕانەوە هەمەکی بین و ئینتیزاعییەی نموونەی A دا نابینرێ، بۆ وێنە بە گومانەوە پرسیار لەوە دەکات، تۆ بڵێی گوڵدانێك لەکەنار «خانم جان» بوو بێت یان لەسەرەتا دا دەڵێت: «خانم جان، حتما، دو دستش راباز میکرد...» کە چی دواجار لەم «حتما»ە پاشگەز دەبێتەوە و دەڵێت: «همین جورها بوده، شاید...» جگە لەمە، ئەگەر لە نموونەی A ورد بینەوە دەبینین زەمان لەم پاژەی ڕۆمان دا مردووە، واتە زەمان ساتە وەختێکی دڵخوازی ڕۆماننووسەکە ڕاگیراوە بۆ ئەوەی ڕۆماننووس وەسفی ئەو دیمەنانە بکات کە پێویستە بێنە سەر شاشەی گێڕانەوە، هەر بۆیە من بە ئەنقەست چەند دێڕێکم لە نێوان ئەم پاژەی ڕۆماندا قرتاندووە، کەچی خوێندنەوەی ڕۆمان هیچ کەند و کۆسپێکی مانایی یا خود چەمکی یان تەنانەت زمانی نایەتە سەر ڕێی، کەچی ئەگەر ئەم کارەم بۆ نموونەی B کردبا، بێگومان دەقەکە ئەرکی جوانیناسانەی خۆی دەدۆڕاند، چونکی لێرەدا زەمان لە گەڕ دایە و کەسایەتییەکان جوولەیان هەیە و بە وتەیەکی تر ژیان لە ئارادایە، بۆیە ئەگەر دێڕێك لەم پاژە بقرتێنین لە حوکمی ئەوە دایە زەمانمان لەم ژیانە ئەستاندووەتەوە، کە ئەوەش بێ شك دەبێتە هۆی مەرگی کەسایەتییەکان.

٢- «باڵنەدەکانی دەم با» دووەم بەرهەمی عەتا نەهایی لە بواری نووسینی ڕۆمان دایە. بێگومان عەتا نەهایی هەوڵی داوە ببێتە دەنگێکی جیاواز لە نێو پانتاییی نووسینی ڕۆمانی کوردیدا. نووسەر لە دوو توێی ئەم ڕۆمانەدا، لەسەر بناغەی گێڕانەوەیەك کە خۆی لە قەرەی پێوەرەکانی گێڕانەوەکی پۆست مۆدێرنیستی دەدات، جیهانی مرۆڤی قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخمان پێ دەناسێنێ. هەڵبەت دەشێت بڵێم لەم ڕۆمانەدا سەرباری ئەوەی هەوڵێکی چڕ و پڕ بۆ دەستەبەرکردن و بەدەستەوەدانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی دەبینرێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەك غیابی مانا، ئەو شتەی وەك تاوانێکی نەکراو دەخرێتە پاڵ بەرهەمی پۆست مۆدێرنیستی، لە ئارا دانییە،

چونکی هەر لە بنەڕەتدا ئەوەی لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرندا بوونی نییە و هەڵگری چەمکی غیابە مانای دەستە بەر کراوی چوارچێوەداری ڕەها و شك هەڵنەگرە، نەك مانا بە واتای نارەها و ڕێژەییی خۆی. ئەو مانایەی لە پانتاییی دەقی پۆست مۆدێرندا بەدەستەوە دەدرێت مانایەکە مەرجدار و ڕەخنەگرانە و جێگای گومان. ئەمە یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی ڕۆمانی پۆست مۆدێرنە، کە ئەم چەشنە ڕۆمانە دەخاتە خانەی ڕۆمانێکی داهێنەرانەوە، هەر چەند بە قەولی دەیوید لاج «کاریگەرێتیی نووسراوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی لەسەر خوێنەر، گەلێ جار هەر ئەوەندە سەرکەوتووە کە لەوانەیە ناسەرکەوتووبێت».[1] بەڵام بۆ ئەوەی وا بنوێنێ هەقیقەتی ئینسانی بۆ هەتا هەتایە خاوەن بەهایە و جێی باوەڕە، ڕۆمانی داهێنەرانە بەوەندە ڕازی دەبێت کۆمەڵگا لە قۆناغێکی تایبەتی گۆڕانکاریی خۆیدا لێکبداتەوە، کەسایەتییەکانیشی تا ئەو جێیە ڕاستەقینەن کە نوێنەری ئەو کۆمەڵگا تایبەتە بن. ئەم جۆرە ڕۆمانە هەموو شتێك لە گۆشەنیگایەکی تایبەت و ڕێژەیی ومێژووییییەوە چاو لێ دەکات. بە چاوێکی گشتبین و جیهانگر کە بابەتێك بەسەر هەموو بابەتەکانی جیهاندا ساغ دەکاتەوە لە ژیان ناڕوانێت، بەڵکو بە چاوێکی ورد بین تماشای دەکات و بە عەقڵێکی تیۆری داڕێژ لێکی دەداتەوە.[2]

٣- باشە بە ڕاستی تۆ بڵێی خوێندنەوەی ڕۆمانێك کە خۆی لە هەمبەر ڕەچاوکردنی مەرجەکانی ڕۆمانی پۆست مۆدێرنیسیتی دەروەست دەبینێ چ کەڵکێکی بۆ خوێنەری کورد هەبێت؟ تەنیا وەڵامێکی ڕاستەوخۆ و بێ پەراوێز کە دەتوانم و دەکرێت بیڵێم ئەمەیە کە خوێنەری کورد ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرنیستی دەخوێنێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت نەك هەر بۆ خوێنەری کورد، بەڵکو بۆ هەموو خوێنەرێك بە گشتی، گرفتی سەرەکی، تەمومژی دەقێکی پۆست مۆدێرن نییە، چونکی بە قەولی دەیوید لاج تەمومژ شتێکە دەکرێت دواجار بڕەوێتەوە، گرفتی هەرە گرینگ ناقەتعی و ناحەتمی بوونێکە کەسەر لە بەری تانوپۆی دەق دەگرێتەوە و زیاترین ڕێژەی ئەو ناقەتعی و ناحەتمی بوونەش لە ڕووبەری گێڕانەوە دا خویا دەبێت.[3] کەوایە ئەگەر خوێنەر دەیەوێ لە ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرنیستی بگات، بەو مانایەی کە خۆی بە ناو ڕەهەندەکانی جیهانی ئەو جۆرە ڕۆمانە دا بکات و لە ناو چەمی بە خوڕو کەف چڕینی ماناکانیدا مەلە بکات، ئەوە ناچارە لە تەکنیك و فرتوفێڵەکانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ورد بێتەوە و شییان بکاتەوە و بەگشتی شێوازی خوێندنەوەیەکی پۆست مۆدێنیستی بگرێتەبەر. بۆ نموونە لە

خـوێندنـەوەی ڕۆمـانـێکـی پـۆست مـۆدێرنـدا خـوێنـەر نـاشێت چـاوەڕوانـی ئـەوە بێت ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی هێلی و بێ پێچ و پەنا بگێڕدرێنەوە، ناشێت وا بزانێت دواجار مەتەڵەکان هەموو هەڵدێن و چارەنووسەکان سەر لەبەر، دیاری دەکرێن و ئاکامەکان بێ سێ و دوو دەخرێنەڕوو. ڕێسای ڕۆمانی پۆست مۆدێرن، بێ ڕێساییە بۆ تەواوی ئەو شتانەی تا ئێستا پێمان وابوو خاوەن ڕێسایەکی نەگۆڕن. دژوازی «تناقض» و نەبوونی تەکووزی و ڕێکوپێکییەکی ئەوتۆ لە نێوان پاژە جۆراوجۆرەکانی و نەبوونی ڕێسا و ئامادەبوونی داستانی کراوی نووسەر لە نێو دەقدا و تەنز و تەمومژ «ابهام» و ڕوانینی ڕێژەیی لە دیارەکان، گرینگترین و دیارترین تایبەتمەندیەکانی ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرنن.

٤– «باڵندەکانی دەم با»ی عەتا نەهایی تا چەند توانیویەتی لە دەرەتانەکانی گێڕانەوە بۆ بەپۆست مۆدێرن کردنی ڕۆمانەکەی یارمەتی بخوازێت؟ بە وتەیەکی دیکە ڕۆماننووس چی کردووە بۆ ئەوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی لە گێڕانەویەکی سوننەتی بپارێزرێت و سیمای گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنی پێ بدات؟ لێرەوە پێویستە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی «باڵندەکانی دەم با» بکەم و لەم ڕێگایەوە ڕێژەی توانستی بەکارهێنانی دەرەتانەکانی ئەم ڕەگەزە سەرەکییەی ڕۆمان – واتە گێڕانەوە– لە پێناوی بە پۆست مۆدێرن کردنی ئەم دەقە، بۆ خوێنەر ڕوون بکەمەوە:

**٤–١. گێڕانەوەی تێکەڵ بە گومان:** وەك دەزانین بگێڕەوەی هەموو شت زان «ڕاوی دانای کل» لە ئەدەبی داستانی کلاسیکدا لە حوکمی بگێڕەوەیەکی باڵادەست دایە کە بۆی هەیە بە هەموو ڕاز و ڕەمزەکانی دەروون و دەرەوەی کەسایەتییەکانی بزانیت و بێ ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆی و لە ڕەهابوون و توانایی بێ سنووری گێڕانەوەی خۆیدا شك بکات، ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، کەچی لە «باڵندەکانی دەم با»دا تەنانەت بگێڕەوەی هەموو شت زان لە زۆر جێدا گومان لە قەتعیەتی قسەکانی خۆی دەکات و بەردەوام نیشانەی ڕاڕایی و دڕدۆنگ بوون دەخاتە بەردەم ئەو شتانەی دەگێڕدرێنەوە یان خۆی دەیانگێڕێتەوە:

a- «... بیرەوەری پیاوانی نەوەیەك کە سەردەمێك ویستبوویان دنیا بگۆڕن. بە تێکۆشانیان، بە دابڕانیان لە ماڵ و بنەماڵەو، بەزیندان و ئەشکەنجەو.. نەیانتوانیبوو. دنیا گۆڕابوو نەگۆڕابوو؟...»

B–«... زرەی تەلەفۆنەکە چاوی پێ هەڵێنا... بەڵام بارام بوو. باسی بانی ماڵەکە و یادداشتەکەی ئیمڕۆی کرد... دیسان زرەی تەلەفۆنەکەی بیست. دا چڵکی. بە خۆشییەوە بەرەو پیری چوو. بەخۆشیەوە؟»

دیارە ئەم شێوە گومانکردنە لە هەقیقەتی شتەکان دوا جار کۆمەڵێك پرسیار لای خوێنەر کەڵەکە دەکات کە بۆیان هەیە خوێنەر بە شێوەیەکی چالاکانەتر لە ناوەندی پڕۆسەی خوێندنەوەدا جێگیر بکەن. بۆ وێنە، خوێنەر بۆی هەیە لە نموونەی b، ئەم پرسیارانە لە خۆی و دەقەکە بکات: بڵێی بەڕاستی بەخۆشییەوە بەرەو پیری چووبێت؟ باشە بۆچی بە خۆشییەوە بەرەو پیری چوو؟ نەکا بە ناخۆشییەوە بەرەو پیری چوو بێت؟ بە خۆشییەوە چۆن حاڵەتێکە–لانیکەم لەم ساتەوەختەی ژیانی بارامدا–کە بە خۆشییەوە بەرەو پیر چوو؟ وەك دیارە سەرلەبەری ئەم کۆمەڵە پرسیارە و دواجار هەوڵی خوێنەر بۆ دۆزینەوەی سەرە داوی وەڵامەکانیان شێوە خوێندنەوەیەك دەخوازێت کە خۆی لە هەر چەشنە بیر و بۆچوونێکی دۆگم خوازانە و دەمارگرژانە بپارێزێت تەنیا لە سۆنگەی ئەوەی لە دەقی پۆست مۆدێرندا گومان لە قەتعیەتی دیاردەکان دەکرێت و سێبەری شك بەسەر باوەڕەکاندا دەکێشێت.

c- «گوتم: «فەرهاد لە ماڵ نایەتە دەر ساڵەهایە لە ماڵ نەهاتووەتە دەر.» ساڵەهایە لە ماڵ نەهاتۆتە دەر؟

بەسەر سوڕمانەوە پرسی. بە بیریدا هات، بڵێی ئەوەندە پیر بێ خانەنشین بوو بێت؟ بە بیریدا نەهات، لەم وڵاتە بۆ ئەوەی کەسێك خانەنشین ببێ، پێویست ناکات حەتمەن پیر بوو بێ...»

لە نموونەی c دا؛ وەك دەزانین، بگێڕەوەی هەموو شت زان (واتە «من») هەر تەنیا ئەو شتە ناگێڕێتەوە کەڕووی دابێت، بەڵکوو باسی ئەو شتانەش دەکا کە دەگونجا ڕوو بدەن، بەڵام ڕوویان نەداوە. دوا ڕستەی نموونەی c ئەو شتەیە کە بەزەینی میهرەبان(واتە چیرۆکنووسی نێو دەقی ڕۆمانەکە) نەگەیشتووە، بەڵام بگێڕەوەی هەمووشت زان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گومان لە زەینیەتی نووسەر دەکات و مەزەندەی ئەوەش دەکات کە وا دەیتوانی ئەم شتەشی بە بیر دابێت کە لەم وڵاتەدا بۆ ئەوەی کەسێك خانەنشین ببێ، پێویست ناکات حەتمەن پیر بوو بێ.

**٤-٢. گێڕانەوەی دوو توێژی:** زۆر جار ئەوشتەی کە بە سەر زمانی کەسایەتیدا دێت هەر ئەو شتە نییە کە لە نێو زەینی دایە. یەکێك لە پێش مەرجە هەڵەکانی ڕۆمانی سوننەتی لەوە دایە کەلە نێوان گوتەو زەینیەتی کەسایەتیدا جۆرە یەکێتییەکی چەمکی (وحدت مفهومی) دەبینرێ، واتە گوتەی کەسایەتی دەکرێت پیشاندەر و نوێنەری زەینیەتی بێت، یان بە پێچەوانە ئەوەی لەزەینی کەسایەتی دایە، ڕێك بەسەر زمانی دا دێت. بەڵام لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرن ژێرخانی ئەم یەکێتییە چەمکییەی نێوان زەین و زمان تێك دەڕووخێت و گێڕانەوە هەوڵ دەدات لە ڕێگای کۆمەڵێك تەکنیك و تەمهید و فرتوفێڵی گێڕانەوەییەوە جیاوازی و تەنانەت هەندێ جار دژوازی نێوان بیرو گوتەی کەسایەتی دەربخات. ئەوە جگە لەوەی کە خودی ئەم شێوە گێڕانەوەیە بە جۆرێك گومانکردنە لە هەقیقەتی ڕەهای هەر چەشنە گوتە و تەعبیرێك:

d«... گوتی: «پێویستە بیبینم ئەو دەبێ...» ویستی بڵێ: ئەو دەبێ پێم بڵێ ئەو قیژە تیژ و ترسناکەی بیستووە یان نا؟ بەڵام نەیگوت. گوتی: «ئەو دەبێ بۆ هەڵبژاردنی یەکەم ڕستەی چیرۆکەکەی یارمەتیم بدا. تۆ بەڵێنت پێ داوم بەیەکترمان بناسێنی.»

١. توێژی زەینی: ویستی بڵێ: ئەوە دەبێ پێم بڵێ...

٢. توێژی زمانی: گوتی: ئەو دەبێ بۆ هەڵبژاردنی...

e- «تۆ لێرە چی دەکەی؟.» نەیپرسی گوتی: «ئەگەر هەر بۆ بینینی جەلالیش گەڕابێتمەوە کاری چاکم کردووە...»

f- «... بارام گوتی: «تۆ هێشتا دوو حەفتەنییە گەڕاویتەوە.»

گوتی: «تۆ نابێ...» نەیگوت تۆ نابێ وەك ساڵەها لە مەوبەر، وەك تافی گەنجیت بجوولێیتەوەو، لەگەڵ هاوڕێیانتدا بۆ ئەملا و ئەولا بڕۆی گوتی «تۆ نابێ لەبیرت بچێتەوە کەسوکارت هەیە، و بۆ سەردانی ئەوان گەڕایتەوە پیاوی عاقڵ...»

ئەوەی دەکرێت لەم شێوەیە گێڕانەوەیە، وەك کۆمەڵێك دەسکەوت بۆ پرۆسەی خوێندنەوە و تێگەیشتنی ڕۆمان لێی بڕوانین، لەوانەیە لەم چەند خاڵەدا چڕ بێتەوە:

١. وانییە هەمیشە ئەو شتەی لەزەین دایە بەسەر زمانیش دابێت.

٢. هەمیشە ئەو شتەی بە زمان دادێت و دەربڕی ئەوڕاستییە نییە کە لەزەین دا بووە.

٣. زۆر جار زمان هەقیقەتەکانی زەین بە لاڕێدا دەبات، یان بەراوەژوویان دەنوێنێ، یان کوێریان دەکاتەوە.

٤. ئەم شێوە گێڕانەوەیە ڕێگەیەکە بۆ پەیبردن بەململانێ و کێشمەکێشمی نێوان زەین و زمانی کەسایەتی.

٥. دواجار ئەم پرسیارەشمان لا جێ دەهێلێ ئایا ئەو شتەی کە کەسایەتی (لە نموونەی e دا بارام نەیگوت (واتە توێژی زەین). چاوەڕوانیی بگێڕەوە بوو کە وەدی نەهات، یان ئی کەسایەتی بەرامبەری «واتە میهرەبان، چیرۆکنووسی نێو دەقی ڕۆمانەکە» یان ئی خودی خۆی (واتە بارام)یان ڕەنگەش هەرسێکیان؟!

٤-٣. **گێڕانەوەی فرە کاربردی:** لە دەقێکی پۆست مۆدێرندا هەندێ جار وشە و تەنانەت ڕستەش پێویست ناکات حەتمەن و تەنیا بۆ تاقە یەك ژێدەر بگەڕێنەوە و یان هەر دەلالەت بە یەك شت بکەن. پێکهاتەی گێڕانەوەی «باڵندەکانی دەم با» لە هەندێ شوێن، بە، هەندەسەیەکی وەها داڕێژراوە کە خوینەر بۆی هەیە پەی بە زیاتر لە یەك کاربردی دەلالەتیی ڕستەکان ببات. دیارە ئەم تایبەتمەندییە جگە لە پرسی فرەمانایی و فرە ڕوانین کە ڕۆمانی پێ دەوڵەمەند دەکات لایەنێکی دیکەشی لێ بەرهەم دێت کە هەمان «نەبوونی قەتعیەت» بێت لە ڕەگەزی مانا و چەمکی ڕۆماندا. ئاشکرایە خەسڵەتی «نەبوونی قەتعیەت»یش لە ڕۆماندا ئەو کاتە دەستەبەر دەبێت کە دەقی ڕۆمانەکە لە پشت بەستن بە تاقە یەك سەرچاوەی مەعریفی و مانایی خۆ بپارێزێت، یان لانیکەم لە ڕێگای کۆمەڵێك تەمهیدی گێڕانەوەییەوە ڕێگا بۆ ئەم خۆ پاراستنە خۆش بکات، کارێك کە لەم نموونەیەی «باڵندەکانی دەم با» دا دەبینرێ:

g- «... چەند مانگ بوو بیری لە نووسینی چیرۆکێکی تازە دەکردەوە، تەنانەت بەر لەوە بگەڕێتەوە. بەر لەوەش لە بیری نووسینی چیرۆکێکی تر دابوو، چیرۆکی فەرهاد؟ هێشتا دڵنیا نەبوو نە لە من، و نە لە فەرهاد، و نە لە کەسانی تری چیرۆکەکەی [بەشی ١] نووسینی چیرۆکی ئەو کەسانە کە لە ناویاندای و، لەناویاندا دەژی کارێکی دژوارە. هەمیشە دژوار بووە بە تایبەت ئەو کەسانە کەدەترسن و، لەترسا لە ماڵەوە، لە ژوورەکەیان دەخزێن و دەرکە لەکەس ناکەنەوە... [بەشی ٢]»

لە بەشی ١ ڕستەی «هێشتا دڵنیا نەبوو» دوو کاربردنی دەبێت: ١-هێشتا دڵنیا نەبوو

ئایا بەر لەوە بیری لە نووسینی چیرۆکی فەرهاد کردووە یان کەسێکی تر؟ ٢– هێشتا دڵنیا و ئەرخەیان نەبوو نە لەمن و، نە لە فەرهاد، و نە لەکەسانی تری چیرۆکەکە. بەشی ٢ی نموونەی g دیسان هەڵگری دوو کاربردە:١– نووسینی چیرۆکی ئەو کەسانە کە دەترسن و... دەرکە لە کەس ناکەنەوە هەمیشە دژوار بووە ٢– نووسینی چیرۆکی ئەو کەسانەی کە لە ناویاندای... هەمیشە دژوار بووە. بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کەدەترسن و... دەرکە لەکەس ناکەنەوە.

ئەم کاربردەی دووهەم بەتایبەت ئەو کاتە ڕێی تێ دەچێ ڕاست بێ کە پاشماوەی ڕستەکانی سەرەوە بخوێنینەوە:

«من گوتم: «تەنانەت لە خۆشیان» کەی ئەوەم گوتبوو کە ئەو تووڕە بووبوو هەڵچووبوو؟ گوتبووی: «بەڵێ منیش دەترسم منیش ترسنۆکم. هەموومان ترسنۆکین «ئەوسا من پێکەنیبووم؟»

دیارە لێرەدا «ئەو»– واتە چیرۆکنووسی دەقی ڕۆمانەکە– باسی ترسی خۆی دەکات، ئەو کەسەی دەیەوێ چیرۆکی فەرهاد بنووسێت.

h–«گوتبووی: «ئەگەر بمزانیایە فەرهاد وەها پیاوێکە هەرگیز بڕیاری نووسینی چیرۆکەکەیم نەدەدا.» بە ڕق و تووڕەییەوە گوتبووی. گوتبووی: «تۆ دەبوو بەمنت بگوتایە ئەو بیرەوەرییە پچڕپچڕ و پارچەپارچانە کە لە زەینی مندا کەڵەکەبوون، بەشێك لە ڕابردووی پیاوێکن کە خۆی فەرامۆش کردووە. دەبوو لەیەکەم ڕۆژ بە منت بگوتایە «... ڕۆماننووس ڕستەی «بە ڕق و تووڕەییەوە گوتبووی» وەها گێڕاوەتەوە کە خوێنەر ناتوانێ لێرەدا بە شێوەیەکی قەتعی بڕیاری ئەوە بدات کە ئایا قورسایی ڕق و تووڕەیی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەر بڕیاری نووسینی چیرۆکی فەرهاد یان بۆ سەر ئەو ڕاستییە کە هەقیقەتی ڕابوردووی فەرهادیان بۆ ڕوون نەکردووەتەوە، یان بۆ سەر هەر دوو بابەتەکە. کاربردی سێ لایەنەی ئەم ڕستەیە ڕێگا بۆ سێ جۆر خوێندنەوەی ئەم پاژە لە ڕۆمانەکە خۆش دەکات.

**٤–٤. گێڕانەوەی هەڵە هەڵگر:** گێڕانەوەی سوننەتی ئەوەندەی گێڕانەوەیە لەسەر هێڵێکی ڕاستەوخۆی بێ پێچوپەنا، ئەوەندەش گێڕانەوەیەکە لەسەر هەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگری بێ هەڵە و پەڵە. لە گێڕانەوەی سوننەتیدا نە هەڵەیەکی گێڕانەوەیی دەبینرێت،

نـە گـێڕانـەوەیـەکـی بـە هـەڵـە سـاغ دەکرێتـەوە. کـەچـی گـێڕانـەوەی پـۆست مـۆدێرنـیستـی گێڕانەوەیەکی هەڵە هەڵگرە، بەو مانایەی هەم هەندێ جار هەڵگری هەڵەیە، هەمیش ئـەگـەر هـەڵـەیـەك ڕووی دابـێت ئـەوە هـەوڵ دەدرێت هـەڵـەکـە هـەڵـگـیـرێت و سـاغ بکرێتەوە.ئەگەر دەقی پۆست مۆدێرن باوەڕی بە هەقیقەتی تاك ڕەهەندی و تاك ڕەهەند بوونی هەقیقەت نییە، کەوایە ناشتوانێت باوەڕی بە ئەگەری هەڵە هەڵگر بوونی گێڕانەوە، نەبێت. وەك چۆن لە جیهانی زانست و فەلسەفە دا، سەردەمی کەڵەتیۆری بەسەر هاتووە، لە جیهانی ڕۆمانیشدا چیتر کەڵە گێڕانەوە و گێڕانەوەی بێ هەڵە باوی نەماوە. لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرنیستیدا تەنانەت بگێڕەوەی هەمووشت زانیش بۆی نییە لە گۆشەنیگای خوایەکی باڵا دەستەوە قسان بکات. گەورەترین گەمەیەك کە دەقی پۆست مۆدێرن بە دەسەڵاتی دەکات ئەوەیەی کە دەسەڵات لە مانا و چەمکی پیرۆزی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، لەو گەوهەرە بەناو پیرۆز و پاکەی دادەماڵێت کە پێشتر وەك دارە دەستێك بۆ داسەپاندنی دەنگی خۆی و تەنیا دەنگی بەکاری دێنا. گێڕانەوەی «باڵندەکانی دەم با»، گێڕانەوەیەکە دان بە هەڵەی کەسایەتییەکانی دادەنێ و تەنانەت حاشا لە هەڵەکانی خۆیشی ناکات و لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدات بە هەڵەکانیدا بچێتەوە و ساغیان بکاتەوە. لە «باڵندەکانی دەم با» دا گێڕانەوە ناتوانێت و پێویست ناکات دروست و کامڵ بێت، تەنیا لە سۆنگەی ئەوەی دەقێکی پۆست مۆدێرنیستیی لەم چەشنە، پێی وانییە دیاردەی دروست و کامڵ بە مانای ڕەها و موتڵەقی خۆی بوونی هەبێت، کەوایە وردەگێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانە زۆر ئاسایی هەڵە دەکەن، و ڕاستیشی دەکەنەوە، هەر چەند دیسان ڕاست بوونی ئەم ڕاستکردنەوەیەش خۆی دەستە بەر ناکرێت.

i- «گوتبووی: «پێمواب‌ێ تۆ نەڕۆیشتبووی کە دیوەخانەکەمان تێك دا، و هۆڵ و ئاشپەز خانەو حەمامـمان لـێ ساز کرد.» بارام بە هەڵە چوو بوو. دوا ڕۆشتنی ئەو دیوەخانەکەیان تێك دابوو تێکیان نەدابوو، لایەکیان بۆ ئاشپەزخانە و حەمام لێ بڕ دابوو...»

لە نموونەی i دا دوو جۆرە هەڵەی گێڕانەوەیی دەبینرێت، هەڵەی کەسایەتی، واتە بارام کە بگێڕەوە بەشێکی بۆ ڕاست دەکاتەوە و لە بەشێکیشدا خودی بگێڕەوەش تووشی هەڵە دەبێت کە هەمیسان هەر خۆی ئەم هەڵەیە ساغ دەکاتەوە. گێڕانەوەی هەڵەهەڵگردیسان شێوەیەك لە شێوەکا ئەسڵی نەبوونی قەتعیەتی هەقیقەتی گێڕانەوەکانمان بۆ دەسەلمێنێ.

**٤-٥. گێڕانەوە لە نێو گێڕانەوەدا:** لە «باڵندەکانی دەم با» دا دەسەڵاتی بگێڕەوەی سەرەکی – واتە یەکەم کەسی تاک– بەسەر دوو جۆر وردەگێڕانەوەدا دابەش کراوە تا خوێنەر بۆی هەبێت گوێی لە دوو دەنگی ڕۆمانەکە بێت:

گێڕانەوەی یەکەم بگێڕەوە «من» پاڵەوان «میهرەبان» جۆری گێڕانەوە: نقیساری. خاڵی سەرنجڕاکێش لەم شێوە دابەشکرنەدا لەوە دایە کە ڕۆماننووس لەڕێگای تەمهیدی داستانیی گێڕانەوە لە نێو گێڕانەوە دا کارێکی کردووە ئەم دوو شێوە گێڕانەوەیە نەچنە خانەی دوانە لێکدژی کەڵە گێڕانەوە وردە گێڕانەوە دا، و خوێنەر ڕووبەڕووی جۆرە خوێندنەوەیەکی بەهادانەرانە بکەن. بۆ نموونە «میهرەبان» بەشێك لە زانیارییەکانی ژیانی فەرهاد لە زمان بگێڕەوەی سەرەکی – واتە «من» وەردەگرێت و وانییە بڵێین وەك بگێڕەوەیەکی هەموو شت زان چیرۆکی فەرهاد دەگێڕێتەوە:

j- « گوتی: «تابلۆکە چی بە سەر هات؟» ئەو کاتە من لەسەر یەکێك لە مۆبلەکان دانیشتبووم گوتم : «هەرگیز پێی تەواو نەکرا. تا نیسکە هۆشێکی مابوو سەر ئێشە و سەرە گێژە نەیانهێشت...»

لە هەمان کاتدا «من»یش هیچ کات وەك بگێڕەوەیەکی هەمووشت زانی ڕەها چیرۆکی «میهرەبان» ناگێڕێتەوە و زۆر جار ڕێگای ئەوەی پێ دەدا سەربەخۆیی کەسایەتیی خۆی بپارێزێت:

k- «... من پێم نەدەکرا ئەو بۆ هەر کوێ دەچوو شوێنی کەوم. بەپێویستیشم نەدەزانی ئەویش پێی خۆش نەبوو. کەسی هیچ چیرۆکێك پێی خۆش نییە، بۆ هەر کوێ دەچێ، نووسەرەکەی شوێنی کەوێ، تەنانەت ڕەنگە فەرهادیش کە کەسی چیرۆکەکەی ئەو بوو. بەڵام ئەو هێشتا فەرهادی نەدیبوو. من هێشتا فەرهادم پێ نەناساندبوو...»

لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرنیستیدا گێڕانەوە کەرەسەیەك نییە بۆ زاڵکردنی دەنگی بگێڕەوە بە سەر دەنگەکانی دەرەوەی خۆیدا، گێڕانەوە پیرۆزی و سەرەوەری نادات بە تاقە دەنگێك و تاقە بیرۆکەیەك. لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرندا گێڕانەوەش تەنانەت لە پێناوەی تێکشکاندنی دەسەڵاتی باوە، دەسەڵاتی تاك دەنگی بگێڕەوەی هەموو شت زان. لە «باڵندەکانی دەم با» دا وەك چۆن خوێنەر ناتوانێت بەسانایی دوابڕیاری ئەوە بدات کە ئایا «من» و «میهرەبان» و «فەرهاد» سێ کەسی جیاوازن یان سێ ڕووبەری کەسایەتیی تاقە یەك کەسن، ناشتوانێ

بە دڵنیاییيەوە بڵێیت دەنگی کام بگێڕەوە دەنگی زاڵە لە نێو دەقی تانوپۆی ئەم کۆمەڵە گێڕانەوە لە نێو گێڕانەوەیەدا:

l- «... بەر لەوەش لە بیری نووسینی چیرۆکێکی تر دابوو، چیرۆکی فەرهاد؟ هێشتا دڵنیا نەبوو. نە لە من و، لە فەرهاد و، نە لە کەسەکانی تری چیرۆکەکەی...»

باشە ئایا بە شاهێدی نموونەی بۆمان نییە بڵێین «من» بۆ خۆیشی یەکێك لە کەسەکانی چیرۆکەکەی «میهرەبان»ە؟! بەوتەیەکی دیکە لەم ڕۆمانەدا هیچ کەسێك هەتا سەر پاڵەوانی تاقە یەك بگێڕەوە، نییە، و هیچ بگێڕەوەیەکیش هەتا سەر ژیانی تاقە پاڵەوانێکی دەستنیشانکراو ناگێڕێتەوە:

m- «... فەرهاد دەستە باریك و ئێسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی ئاڵاندو سەری بە ملیەوە بۆسەر شانی شۆڕ بووەوە... دەتگوت تەرمی مۆمیایی پیاوێکە دوا هەزار ساڵ لەژێر خاك دەرهاتبێ و لە بەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەیەکی بچووکدا،...»

n- «... ئەوسا سەرم بەرز کردەوە. ئەو لە ژوورەکەدا نەمابوو. من تەنیا بووم. تەنیا لە بەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکە دانیشتبووم و، دەستە باریك و ئێسکنەکانم لە دەوری ئەژنۆم ئاڵاندبوو.»

ئایا، بە پێی نموونەیnm و فەرهاد کە کەسێ چیرۆکی «میهرەبان»ە دواجار هەمان «من» نییە کە خۆی بگێڕەوەی چیرۆکی «میهرەبان»ە؟ لە «باڵندەی دەم با» دا تەمهیدی گێڕانەوە لە نێو گێڕانەوە دا تەنیا بۆ ئەوە بەکار نەهاتووە کە بە شێوەیەکی کلێشەیی یەکێك لە مەرجەکانی ڕۆمانی پۆست مۆدێرنیستی ڕەچاو بکرێت، بەڵکوو لەو سۆنگەیەوە لە نێو تانوپۆی ڕۆمانەکەدا تواوەتەوە کە سروشتی کەسایەتی و فەزا و گرێچنی ڕۆمانەکە ئەم تەمهیدە دەخوازێت. لێرە دایە کە دەکرێت بڵێین ڕۆمان ئەوەندەی کە بۆی نییە بە بێ کەسایەتی ببێتە ڕۆمان، ئەوەندەش بەبێ تەمهید و تەکنیکی داستانی ناشێت ببێت بە ڕۆمان.

پەراوێزەکان:

١. نظریەی رمان، رمان پست مدرنیستی، دیوید لاج، ترجمەی حسین پاینده، نشر نظر، ١٣٧٤، ص ٢٠٠

٢. نقل قول از رامون فرناندز، مجموعە مقالات «پیامها» از کتاب: ساخت رمان، ادوین میور، ترجمەی فریدون بدرەای، انتشارات علمی و فرهنگی ١٣٧٣، ص ٨-٨٧

٣. سەرچاوەی یەکەم، ل ١٥٤

# زەقكردنەوەی زمانی لە زمانی شیعری نالیدا

١

بەحرەی غەزەلم پڕ لەدوور و گەوهەرە، ئەمما
غەوواسی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە
«نالی»

٢

كە باسی شیعری كلاسیكی كوردی دەكرێ، بێ سێ و دوو، ناوی نالی بە زەیندا تێ دەپەڕێ و شێعری نالی لە بەرچاودا خۆ دەنوێنێ. هۆی ئەم ڕاستییە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو تایبەتمەندییە دەگمەنانەی كە لە شیعری كلاسیكی كوردیدا نالی خاوەنیانە و لە هەمان كاتدا بە جوانكارانەترین شێوەی گونجاو لە دەقە شیعرییەكانیدا ڕەنگ دەداتەوە. نالی ئەوەندە وردەكارانە لە تەكنیك و ئامرازە كلاسیكییەكانی هۆنینەی شیعری سەردەمی خۆی – واتە شیعری عەروزیی سەروا دار– كەڵكی وەرگرتووە كە زۆرجار خوێنەر پێی سەیر دەبێ ئەگەر هەر بەوە قەناعەت بكا كە ئەم شیعرانە بە تەنیا بەرهەمی ئیلهام و خەون و خەیاڵی شاعیرانە بن، بەڵكو دوای ورد بوونەوەی، بە ڕاشكاوی دان بەم ڕاستییەدا دەنێ كە شارەزایی و كارامەیی و وەستایەتییەكی بێ وێنەی وشە ناسی و زمانزانی و جوانكاریی ئەدەبی لە پشت ئەم دەقانەوە خۆیان حەشار داوە. بەڵام خاڵی سەرنجڕاكێش، ئەگەر بە زێدەڕۆیی دەمارگرانەی ڕەخنەگرێكی شیعر دۆستی دانەنێن، و سەیر هێنەر لەوەدایە كە دواجار سەرومڕی ئەو خەیاڵ و جوانكارییانە وەها لە قەوارە و چوارچێوەی بەیتەكان و سەرلەبەری شیعرەكە دا پڕ بە پێست دەنوێنن كەگۆڕینی واژەیەك بەواژەیەكی هاومانای خۆی یان لابردنی دەستەواژەیەك دانانی دەستەواژەیەكی تر لەجێی، ئەنجامی مەرگ و تیاچوونی سەرتاپای شیعرەكەی لێ دەكەوێتەوە. بێشك ڕازی مانەوە و بووژانەوەی بەردەوامی شیعری نالی لەوەدایە كە دەقە شیعرییەكانی، خاوەنی شیعرییەتی شیعرن، ئەو شتەی كە جاری وایە وەك گەوهەری شیعری ناو دێنن و جاروباریش بە ڕۆحی شێعر.

٣

خوێندنەوەی شیعری نالی بەبێ تیشك خستنە سەر گۆشە تاریك و نووتەکەکانی زمانی نالی بێشك هەوڵێکی نیوەچڵ و ناتەواوە. ناوەندی قورساییی دەقی شیعری نالی ئەو گەمە زمانییانەن کە زۆرجار بە واژە و ڕستەی دەکرێن و خوێنەر دەخەنە نێو بازنەی هەنێ فریوکاریی زمانی هونەری و ئەدەبییەوە. زمانی مەجازی (دژی زمانی هەقیقی) ئەوەندە بە خەستی و چڕوپڕی لە شیعری نالیدا ڕەنگ دەداتەوە کە زۆرجار مانا کردنەوەی بەیتەکان بە زمانێکی ئاسایی و بە زەینییەتێکی ئاسایی، ئەستەم و تەنانەت نامومکینە. نالی لە گەمەکردن بە زمانی شیعری و فریودانی زەینی ئەو خوێنەرە ڕەشۆکییەی کە هەر بە زمانی باو دەدوێ و دەخوێنێتەوە، شەیتانێکی تەواوە، سەیر نییە ئەگەر ئۆمبێرتۆئێکۆ نیشانەناس و زماننناسی هەڵکەوتەی سەردەم پێوەندیی نێوان شەیتان و زمان دەکا بە سەردێڕی یەکێك لە وتارە بە نرخەکانی خۆی. نالی ئەو شەیتانە پیرۆزەی مەیدانی شیعری کلاسیکی کوردییە کە لە ڕێگای داوی زمانەوە، خوێنەر هەڵدەفریوێنێ و دواجار دەیباتە ناو دنیایەکی دەسکرد و مەجازیی خۆی، دنیایەکی زمانیی ئەوەندە ڕەنگاوڕەنگ و سەرڕێژ لە چێژی دۆزینەوەی «مانای گەورە و لەفزی بچووك» کە خوێنەر هەست دەکا ئەم وتەیەی ژۆرژ باتای، وەدی هاتووە: «زمان تاقانە بەختی ئێمەیە لە جیهان دا»، بۆیە بە بڕوای من ئاوڕدانەوە لە زمانی شیعری نالی دەتوانێ ببێتە بەشێکی گەورە لە پرۆژەی خوێندنەوەی لایەنە جوانیناسییەکان و بە گشتی بوتیقای شیعری نالی. ئەم وتارە هەوڵێکی بچووکە لەم پێناوەدا.

٤

فۆرمالیستەکان باسی دوو پرۆسەی زمانییان هێنایە ئاراوە: پرۆسەی زمانیی «خودکاری» (automatisation) و پرۆسەی زمانیی «زەقکردنەوە» (برجستە سازی) fore gnidnuorg. هاورانێك، زماننناسی چێك پێی وابوو پرۆسەی خودکاری زمان بەکاربردنی ڕەگەزەکانی زمانە بۆ باسکردن لە بابەتێك بەبێ ئەوەی شێوەی دەربڕینەکەی سەرنجێکی ئەو تۆ ڕابکێشێ، بەڵام زەقکردنەوە، بە کاربردنی ڕەگەزەکانی زمانە بە جۆرێك کە شێوەی دەربڕین بکەوێتە ناوەندی سەرنجەوە و لە هەمان کاتدا نا ئاسایی بنوێنێ و لە هەمبەر

پرۆسەی خودکاری زماندا، خودکاری بێ. مۆکارۆفسکی-یش، زمانناسێکی تری چیك، پێی وایە زمانی شیعر، خاوەن ئەوپەڕی تایبەتمەندیی زەقکردنەوەیە. بە بڕوای موکارۆفسکی «زەقکردنەوە، واتە لادان لە پێوەرە باو و ئاساییەکانی زمان، لادان لەو یاسا و ڕێسا زمانییانەی کە تۆزی عادەتیان لەسەر نیشتووە وبەکاربردن و نەبردنیان سەرنجێکی ئەوتۆ ڕاناکێشێ. زەقکردنەوە، بەرجەستەکردن و خستنە ڕووی ئەو لایەنانەی زمانە کە تا ئێستا هەلی خۆ نواندنیان بۆ نەڕەخساوە و بە نەزانراوی و نەدیتراوی ماونەتەوە. بە وتەیەکی تر زەقکردنەوە ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ زمان بە شێوەیەکی داهێنەرانەی ناباو، شێوەیەك کەدواجار خوێنەر ڕووبەڕووی دنیایەکی تازەی دەنگ و دەلالەت دەکاتەوە کە جیایە لەو دەنگ و دەلالەتە سواوانەی کە لە سەردەستی زمانی باو لە شیعری کزی ناخولقێنەرانە و وتوێژی ڕۆژانەی خەڵکدا بە لێشاو دەبیسرێ و دەبینرێ.

شیعر بەهۆی تایبەتمەندیی زاتیی خۆی، و بەهۆی پێناسەیەك لە پێناسەکانی کە ئەویش شێوە دەربڕین و تەعبیرێکی تازەیە لە بوون، هەڵدەگرێ، بە گەلێ لایەنەوە، لە دەلاقەی باسی زەقکردنەوەوە لێی بڕوانین. شاعیر لە ڕێگای زەقکردنەوەی گۆشە تاریکەکانی زمانەوە دواجار هەوڵی ئەوە دەدا تیشك بخاتە سەر سووچە نادیارەکانی جیهان و ژیان. پرۆسەی زمانیی زەقکردنەوە، واتە لە ڕێگای زمانەوە باسی جیهان کردن. بەلام لە پرۆسەی زمانیی خودکاریدا لە ڕێگای جیهانەوە باسی زمان دەکرێ. ئەگەر شاعیر هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بێ سەرنجی خوێنەر بۆ لای دەقی خۆی ڕابکێشێ، ئەوە بێ شك زیاترین گرینگی دەدا بە گوتاری زەقکردنەوەی زمانی.

نالی سەرەڕای ڕەچاو کردنی یاساو ڕێسا گشتییەکانی زەقکردنەوەی زمانیی شیعری کلاسیکی بەئازایانەترین شێوە خۆی لە قەرەی زەقکردنەوەی زمانیی شیعری کلاسیکی کوردی داوە و لەم بوارەدا ئەوەندە سەرکەوتووانە ئەو ئەرکەی بەجێ هێناوە کە دەکرێ خۆێنەر زۆر بابەتی تازە لە زمان و جیهانی شیعری نالی هەڵکڕێنێ. بۆ نموونە لە شیعری ناڵیدا، واژە لەجیاتی ئەوەی بەشێکی بچووك و پاژێکی بێ بایەخی نێو ڕستە بێ، زۆر جار، بەشی سەرەکیی ناوەندی قورساییی سەر لەبەری ڕستە شیعرییەکەیە، بە زمانی تر، لە شیعری نالیدا واژە، وەك هەرواژەیەکی تر، جیا لەوەی مانایەکی تایبەتی هەیە، ئەرکێکی تایبەتیشی پێ ئەسپێردراوە، ئەرکی گەمە کردن بە مانا، ئەرکی وەرگەڕ خستنی گەمەیەکی زمانیی و مانایی، گەمەیەك کە دواجار، نەك هەر خودی واژەکە بەڵکو سەرتاپای ڕستە شیعرییەکەش لە تاك مانایی و تاك ڕەهەندی دادەماڵێ:



عەبدولخالق یەعقووبی (١٠)

هەر چەندە گوناهی دەمەکەت بارە لە سەرلێو

حەددی چییە نالی کە بڵێ ماچە کەفارەت

ئەگەر بە دیدێکی یاکوبسنی و لە گۆشەنیگای دوو تەوەرەی هاونشینی و جێنشینی لەم بەیتە بڕوانین، دەبینین واژەی «دەم» ودستەواژەی «حەددی چییە»، ڕاست ئەو ئەرکە وەئەستۆ دەگرن کە ئێمە ناومان نا «ئەرکی وەگەڕخستنی گەمەی زمانی و مانایی». بەئاڵوگۆڕ پێکردن و بە مانا جیاجیاکانی واژەی «دەم» مانای سەرلەبەری بەیتەکەش دەگۆڕێ، تەنانەت ئەگەر «دەمەکە» بەرستەیەکی تەواو «جملە نهی» بزانین ئەم گۆڕینی ماناییە هەر لە ئارادایە. یان واژەی «حەدد» ئەگەر بەمانا شەرعییەکەی بیگرین، یان نا بە مانا عەوامانەکەی بیخوێنینەوە، ئەوە دیسان لە گەمەی زمانییەوە دەپەڕینەوە بۆ نێو گەمەی مانایی. لێرەدایە دەکرێ پرسیارێکی بە ڕواڵەت ساکار، بەڵام بەڕاستی گرینگ، لە خۆمان بکەین باشە چ دەبوو ئەگەر نالی لەجیاتی «دەمەکەت» «دەهەنت» و لەبڕی «حەددی چییە»، »حەددی نیە«ی دانابا؟! خۆ بە پێی شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی ڕەنگبێ بە کار هێنانی واژەی «دەهەنت» زۆر باوتر بێ لە بەکارهێنانی «دەمەکەت» یان ئەوە تا خۆ «نییە» «چییە» هەر لە یەك کێش و هەوان و چ ریتم و ئاهەنگی شیعرەکە ناگۆڕن وەڵامێکی ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە ئەگەر ناڵی ئەو کارەی کردبا شیعرێکی هەرمانی نەدەنووسی بەڵکو هۆنراوەیەکی جوانی دەهۆنییەوە. ئەگەر لەسەرتەوەرەی جێنشینیی ڕستەی یەکەم «دەهەنت» لەبری «دەمەکەت» بەکار برابا، ئەم شیعرە گەمەی زمانییەکەی هیچ، چوار مانای خۆشی دەدۆڕاند، لەولاوە ئەگەر لەباتی «چییە»ش «نییە» بەکاربرابا مانایەکی ناحەزی بە سە رتاپای بەیتەکە دەدا کە لەگەڵ جوانیناسی زمان و مانای ئەو بەیتەی نەدەخوێندەوە. واتە ئەگەر نالی وتبایەی «حەددی نییە» ئێمە مانا شەرعییەکەی واژەی «حەدد»مان لەبەر نەزە ر با، ئەوا بەو واتایە دەبوو کە: «هەرچەند تاوانی ئەو دەمەی کە حاشای لە من کردووە بارێکە بەسەر لێوتەوە، ئەگەر نالی هات و وتی کەفارەی ئەم گوناهە ماچێکەئەوە هەقی خۆیەتی و حەددی نییە تا لێی بدرێ. لێرەدا نامەوێ شیعری نالی بۆ خوێنەر مانا بکەمەوە، تەنیا دەمەوێ ئەوە بسەلمێنم کە شیعری نالی لە گەمەی زمانییەوە دەس پێ دەکاو بەگەمە مانایی درێژە بەژیانی خۆی دەدا.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد فۆرمالیستەکان لە نێوان دوو پڕۆسەی خودکاری و زەقکردنەوە دا، پڕۆسەی دووهەمیان بەهۆکاری خولقاندنی زمانی شیعر دەزانی بە باوەڕی لیچ G.N Leech زەقکردنەوە دوو جۆرە: یەکەم؛ لادان لە یاسا باوەکانی زمان،

دووهەم؛ زیادکردنی هەندێ یاسای نوێ بەیاسا باوەکانی زمان، بەوتەیەکی تر، زەقکردنەوە لە ڕێگای دوو شێوازی لادان (انحراف) و یاسا زیادکردنەوە «قاعده افزایی» خۆدەنوێنێ. شەفیعیی کەدکەنی پێی وایە زەقکردنەوە بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێ: زەقکردنەوەی مۆسیقایی و زەقکردنەوەی زمانی.

بەبڕوای کەدکەنی، دەستەی مۆسیقایی ئەو کۆمەڵە هۆکارەن کە لە ڕێگای کەڵك وەرگرتن لە وەزن و ئاهەنگەوە خۆیان لە زمانی باو جیادەکەنەوە. ئەم کۆمەڵە هۆکارە زۆرجار کێش و سەروا و ڕەدیف و هاوئاهەنگییە دەنگییەکانن. لەولاوە دەستەی زەقکردنەوەی زمانی ئەو هۆکارانەن کە بەهۆی جیاوازیی زاتیی واژەکان، لە سیستمی ڕستەکاندا، دەبنە هۆی زەقکردنەوە(٣). ئەم هۆکارانە بریتین لە: خوازە و مەجاز و ئیجاز و شوبهاندن و هتد. کە وایە ئەگەر بمانەوێ باسی زەقکردنەوەی زمانی لە زمانی شیعری نالیدا بکەین، دەبێ باسی ئەو لادانانە بکەین کە لە شیعری نالیدا بەدی دەکرێن و دواجار دەبنە هۆی زەقکردنەوەی. پاشان ئاوڕێکی کورتیش لە شێوازی دووەمی زەقکردنەوە، واتە یاسا زیادکردنی شیعری نالی بدەینەوە. ئەو لادانانە کە لێرەدا باسیان دەکەین بەپێی ئەو پۆلێن کردنەیە، کە لیچ ڕەچاوی کردووە و ئێمەش بۆ خوێندنەوەی شیعری نالی بەکاری دێنین:

١– لادانی واژەیی: نالی لە زۆر بەیتدا لە ڕێی خولقاندنی واژە یان دەستەواژەیەکی تازەیان لە ڕێی بەکارهێنانی واژەیەك بەشێوەیەکی تازە و جیا لە شێوەی باو، خۆی لەو یاسا عادەتییانەی سازکردن و بەکارهێنانی واژەکان دەرباز کردووە و لەم ڕێگایەوە زمانی شیعری خۆی زەق کردووەتەوە. بۆ نموونە:

٣

سوروشکم ئاب و دانەی ئاە، کێ دی:

بەگەرمی داوەرێ بەم (تەرزە) تەرزە

(دەستەواژەی «تەرزە داوەرین»)

٤

چاوەکەت ئاگر لە سینەی عاشقی میسکین دەکا

مەستە، مەیلی چەن کە بابێکی دڵی خوێنین دەکا

(دەستەواژەی «ئاگر لە سینە کردن»)

٥

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا، هەتا کەی حیرسی وێرانە:
لەگەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆ بازانە، ئازانە

(دوو واژەی «بازانە» و «ئازانە»)

٦

وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کە واگرتومییەناو
تار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوویيە داو

(دەستەواژەی «کون تێیە...»)

٧

یا توربەتێ، یا غوربەتێ، با رێ بشکێنن
هەرمونتەزیرە «نالی» ئەگەر مرد و ئەگەر ما

(چاوگی «ڕێ شکاندن»)

٨

جێگایێ نەزەرگایێ، شەش جانبی دەریایێ
ئەی مەردومی سەیرانی، لەم خیتتەیە هەر چاوە

(واژەی سەیرانی)

٢- لادانی نەحوی: نالی زۆرجار لە ڕێگای جێگۆڕکێ کردن بەرەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستەوە لە یاسا ئاساییەکانی نەحو (سینتاکس)ی زمان خۆ دەبوێرێ و بەم شێوەیە زمانی خۆی لە زمانی باو جیادەکاتەوە:

٩

بۆ چی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی
بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە

لەم بەیتەدا بەپێی یاسا باوەکانی نەحوی زمان، دەبووایە پاشگری «م» لەبری «کەرەت» بە «دڵ»ەوە نووسابا. دیارە لێرەدا نالی هەم بۆ کێشی شیعرەکەی، هەمیش بۆ پێداگری و زەقکردنەوەی ژمارەی سەد ئەم لادانەی ئەنجام داوە.

١٠

ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە «نالی»ی دەدزن خەڵق

ئـــاویـــی نـــیـــیـــە، وەك ئـــاگـــری بـــێ شەوقـــی دزانـــە

لەم بەیتە دا جێی ناو و ئاوەڵناو لە دەستەواژەی «گەوهەرە نوکتە»دا گۆڕاوە.

٣- لادانی دەنگی: لەم جۆرە لادانە دا، شاعیر تێ دەکۆشێ لە ڕێگای خۆ ڕزگارکردن لە کۆتوبەندی یاسا دەنگییە باوەکانی زمانەوە، جۆرە دەنگێك لە واژەی شیعرەکەیدا بنوێنێ، کە لە ڕوانگەی دەنگناسییەوە لەگەڵ دەنگی زمانی باو یەك نەگرێتەوە. ئەوەیش بڵێین کە ئەم جۆرە لادانە زۆرجار بەپێی پێداویستیی هاوڕێکی کێشی شیعرییەوە دێتە گۆڕێ، وەك:

١١

ئاو لە چاوانم بەخوڕ دێ، ئاگری دڵ ناکوژێتەوە

وەك جـەهـەنـنـەم ئـەم تـەنـوورە ئـاوی تۆفـانـی دەوێ

١٢

بێ فائیدەیە مەنعی من ئێستا کە لە گریان

بــۆ عـــاشقـــی بـــێچـــارە زووەم ئـــاوە ڕژاوە

١٣

گوتم: ئەی ماهـ، دڵی من بەدڵی خۆت بکرە

گوتی من بەردی بەقیمەت بەکەبابی نادەم

١٤

تا نەشئە نەچێژن لە لەبی کەوسەری ساقی

بێچارە چوو زانن کە هەموو مەستی زەقوومن

٤- لادانی مانایی: بواری مانا وەك یەكێك لە بەتواناترین ئاستەكانی زمانی شیعری نالی بۆ زەقكردنەوەی ئەركی ئەدەبیی زمان لە قەڵەم دەدرێ. زمانی نالی ئەو ناوەندەیە كە جەغزێكی گەورەی لە مانا بەدەوردا كێشراوە:

١٥

نالی عەجەب بەقووەتی حیكمەت ئەدا دەكا

مەعنایی زۆر و گەورە بەلەفزی كەم و بچووك

لە لادانی مانابیدا، شیعر زیاترین نیزیكایەتیی لەگەڵ تایبەتمەندی [+گەمەی ناوەكی]ی زماندا هەیە. بەوتەیەكی تر: بەرفراوانترین مەیدانێك كە شیعر لەوێدا دەتوانێ گەوهەری ڕاستەقینەی بوون و چییەتیی خۆی بنوێنێ، مەیدانی لادانی ماناییە. شیعر ئەو كاتە دەتوانێ خوێنەر بەرێتە نێو جیهانی تایبەتی خۆیەوە، كە ئەو جیهانە تایبەتەی، جیهانێك بێجگە لە جیهانی باوی خوێنەر، جیهانێك بەمانای تازەوە، لادانی مانایی لە شیعری نالی چەند لقی لێ دەبێتەوە:

ئەلف - شوبهاندن «تشبیه»

١٦

سەیلی هیجرت بەردی بنچینەی لە ڕەگ هێنامە دەر

باری فیكرت قەدی ڕاستی تێشكاندم وەك فەنەر

١٧

تۆ كە حۆری وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەكەی

لەم دڵەی پڕشەرەر و سینەیی سووزانمدا

١٨

دەورانییە، وەك هێلەگی سەودا، سەری گێژم

بۆیە بەدەقیقی مەسەلە، هەرچی دەبێژم

ب– کەسایەتیی پێدان «تشخیص»

١٩

کانی دەزێن بە ئاو و، درەخت ئاوسن بە با
شایی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بووک

٢٠

غەم دەڵێ «نالی» کە غەم خواریم نەکا
ناعیلاجم من بەنی ئادەم دەخۆم

٢١

دەفەرموێ: چاوەکەت زنجیرکە «نالی»
کە موتڵەق چانییە ئینسانی هەرزە

ج– خوازە «استعارە»: خوازە ڕەگەزێکی گرینگ و بەرچاوی زەقکردنەوەی زمانی لە شیعری نالی دایە. وەك دەڵێن یەکەم کەسێك کە پێناسەیەکی پڕ بەپێستی خوازەی پێشکەش کردبێ، ئەرەستووە. لە دیدی ئەرەستوو–وە خوازە «بریتییە لەوەی کە ناوی شتێك لەسەر شتێکی تر دادەنێن»٥ یا کوبسن خوازە بەشێوە دەربڕینێك لە قەڵەم دەدا کە لە پێوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی سەر تەوەرەی جێنشینی زمان و لەسەر بنەمای وێکچوونیان پێك دێ. یا کوبسن لە بەرامبەر خوازەدا، مەجاز دادەنێ کە بەهۆی پێوەندیی هاوسێتیی نێوان ڕەگەزەکانی سەر تەوەرەی هاونشینی بەدی دێ. بەگشتی لە بەیانی خوازەییدا واژەکان مانایەك دەدەنە دەس، غەیری ئەو مانایەی کە بەشێوەی سەرزارەکی دەلالەتی پێ دەکەن. یەکێك لەو هۆیانە کە شیعری نالیی کردووەتە شیعرێکی پۆلی فۆنی و فرە دەنگییەکی سەرسووڕهێنەر بەکارهێنانی زیرەکانەی خوازەیە، ئەویش بەڕادەیەکی زۆر و بەرچاو. نالی لە هەر شوێنێك ویستبێتی خوێنەر لە جیهانی واقیع هەڵکەنێ و بیبا بۆ جیهانی خەیاڵ، خوازەی کردووە بەپردی ئەم سەفەرە ئەفسووناوییە. ئەم پردە – پردی خوازە – لە شیعری نالیدا ئەوەندە قایم و پتەو و لە هەمان کاتدا دیمەن ڕازاوە و جوانە کە خوێنەر بەبێ ئەوەی هەست بەدژوار بوونی سەفەرەکە بکا پاش ڕێ بڕینی تێفکرنێکی شیرین دەگاتە مەنزڵی کەشف و شهوودی واتای شیعرەکەی. با لە هێندێك لەم نموونانە وردبینەوە:

٢٢

بەو گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگریەم

گەوهەر بـڕژێنـم بـە بـڵـنـدیـی قـەد و بـاڵات

(«گەوهـەر» خوازەیە بۆ «فرمێسك»)

٢٣

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بەمۆر

مـات و حـەیـرانـم کـە عەرعەر کـەی هەناری گرتووە

(گۆ خوازیـە بۆ مەمکی یار، عەرعـەر خوازیە بۆ باڵای یار، هەنار خوازەیە بۆ مەمکی یار)

٢٤

هـەنـاسەم زوڵـفـەکـەی لادا و مـەیلـێکـی نـەکرد چـاوی

نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد نەرگیس هەر لە خەودایە

(نەسیم خوازەیە بۆ هەناسە، شەو خوازەیە بۆ زوڵف، نەرگیس خوازەیە بۆ چاو)

٢٥

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان

بـەیـانـی دا سفـیـدەی بـاغـی سێوان

(ئـەگـەر «بـەیـان» بـەمـانـای «بـەرەبـەیـان» لـە بـەرچـاو نـەگرین خوازەیـە بۆ مـەمك، واتـە بەهێکان، «باغی سێوان»یش دەبنە خوازە بۆ سینگ و مەمك)

٢٦

ئـەو سیلسیلە وا مـیشکـی خـەتـا نـێوی بـراوە

پـرپـێچ و شکـەن، خـەم بـەخـەم و حـەڵـقـە کراوە

لـــەولاوێکـــە لـــەولاوە بـــەئـــەم لاوە کشاوە،

یـا یاسەمەنی خـــاوە بـــەڕووی ڕۆژ دا ڕژاوە

یا دووکەڵی جەستەی منە بەو شەمعە سووتاوە

یـا هەوری   سیـاتـاوە کـە مـانـیـع لـە هەتاوە

(لەو لاوە، یاسەمەن، دووکەڵ، هەور، خوازەن بۆ زوڵف، ڕۆژ، شەمع و هەتاو خوازەن بۆ ڕوخساری یار)

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەتایبەتمەندییەکی هەرە گرینگی شیعری نالی بکەم، کە پەیوەندیی بەم سەرە باسەمانەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە بونیادی شیعری نالی بەشێوەیەك داڕێژراوە، کـە تـێکڕای گـەمـە دەرەکـیـیـەکـانی زمـان دواجـار وەك هـۆکـارێکی گرینگ بۆ ئەفراندنی سەرلەبەری گەمە ناوەکییەکانی زمان دەور دەگێڕن. بەوتەیەکی تر، ئەگەر لە شیعری نالیدا، گەمە بەڕووبەری زمان دەکریٚ، ئەوە تەنیا لە پێناوی ڕازاندنەوەی ئەو ڕووبـەرە زمـانـیـیـەدا نـیـیـە، بـەڵکو هـەر ئـەم گـەمـە دەرەکـیـیـانـە، لـە ئـاکـامدا دەبنە ڕەگەزی تەواوکەری گەمە ناوەکییەکانی زمانی شیعری. ڕاستە شیعری نالی لە ڕێگای ئەفسوونی فـۆڕم و ڕواڵـەتـیـیـەوە دەتـکـێشێتـە نێو جـیـهـانـی خـۆیـەوە، بـەڵام سەرەڕای ئـەو ئـەفسوونـە ڕووبەرییەی زمان، ئەفسوونێکی زۆر سەیرتری دیکە لە شیعری نالیدا سەرسووڕماوت دەکا، کە ئەویش ئەفسوونی ئەو گەمە ماناییانەیە کە پێکهێنەر و گەوهەری ڕاستەقینەی ئەو جیهانەن کە پێشتر لە ڕێگای زمانی نالییەوە کەوتبوویە ناوییەوەی. شیعری نالی تا سەر ئێسك شیعرێکی زمان باز و مانا خوڵقێنە. شیعرێك کە لەودیو هەر فێڵێکی زمانییەوە، هەقیقەتێکی مانایی لە خۆیدا حەشارداوە. وتەی یاکوبسن–مان لە بیر نەچیٚ: «زمانی بیٚ مانا مانای نییە.»٦ ویٚ دەچی نالی خۆی لە هەموو کەس زۆرتر و زیاتر بەم ڕاستییەی زانیبیٚ:

٢٧

نووکی خامەی من کە بێتە مەعنی ئارایی کەماڵ

خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی سورەتی مانی دەکا

٥– لادانی شێوازی: نالی لە هەندیٚ شیعریدا لە شێوازی سەرەکیی شیعر نووسینی خۆی کـە پـتـر لـەسەر بـنـەمـای ڕەگـەزەکـانی زمـانی نووسینـەوە دامـەزراوە و کـەمـتر ئـاوڕی لـە ڕەگـەزەکـانـی زمـانـی ئـاخـاوتـن داوەتـەوە، لا دەدا و لـە واژە و دەستـەواژە و پـێکـهـاتـە نەحوییەکانی زمانی ئاخاوتن کەڵك وەردەگریٚ، بۆ نموونە ویٚ دەچیٚ لە غەزەلی «نەمردم

من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ»دا لە شێوازی باوی شیعری نووسینی خۆی لای داوە و زیاتر ڕووی لە زمانێك کردووە کە واژە و ڕستەکانی پتر لە زمانی ئاخاوتندا بەکار دەبرێن. نالی خۆی چەشنە زەقکردنەوەیەکی شێوازیی لە شیعری خۆیدا بەدی هێناوە:

٢٨

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ

٢٩

بینابیم کوێرە، هەڵنایێ بەڕووی کەس
موژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بێ تۆ

٣٠

هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ

٣١

گلە ناکەم ئەوندەی دەنکە جۆیێ
ئەگەر کەللەی سەریشم پڕ لە کاکەی

ئاشکرایە دەستەواژەی «بینابیم کوێرە، هەتا ئەو خوارە، دەڵێی بزمارە، لە تاو، گلە ناکەم و...» زیاتر دەستەواژەی زمانی ئاخاوتن و ڕۆژانەن کە نالی لە زمانی خەڵکی ڕەشۆکی قۆستوونیەتەوە و، لەم شیعرانەدا وەك لادانێك لە زمانی باوی شیعری خۆی بەکاری بردوون، ئەوە لە حاڵێکدایە کە شیعری نالی بەشیعرێکی پڕ پێچوپەنا نوخبە گەرا ناسراوە و لەم جۆرە بەیتانەشی زۆرە:

٣٢

بروت بالی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو
خەتت هات و وتی: من ناسیخی توغرایی خونکارم

٦- لادانی زاراوەیی: نالی لە زۆر جێدا بۆ زەقکردنەوەی زمانی شیعریی خۆی «واژە، یان

دەستەواژەی زاراوەیەکی تری جیا لە زمان و زاراوەی باو دێنێتە نێو شیعرەکەیەوە، هەر ئەو کارەی کە هەژار و شوکور موستەفا لە پەخشانی کوردیدا کردوویانە و هەڵبەت بەم جیاوازییەوە کە ئەمانە زیاتر مەبەستیان نیزیکتر کردنەوەی زاراوەکان لە یەکتری و هەروەتر کەڵك وەرگرتنی تەواو لە سەرلەبەری توانایی زمانی کوردی بووە بەهەموو زاراوەکانییەوە، هەرچەند ناکرێ حاشا لەوەش بکەین ڕەنگە نالیش ئەم مەبەستەی نا ڕاستەوخۆ بووبێ: نموونەکان:

٣٣

خاو وبێ خاوی دوو زوڵفی خاوم ئەز
چاوەی چاوی یەك غەزالە چاوم ئەز

٣٤

غەیری زوڵفی تۆ کە ڕشتەی عومرمە
دەس لە (مافیها) زەمان بڕیاوم ئەز

٣٥

یاخود وەکو خۆی شاهیدە، با وەسفی وەهابێ
سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵیدابێ

٣٦

مەهـ بەشەو هەڵدێ، پەنا دەگرێت و دەنوێتن بە شەو
دابگاتە سیڕڕی پەچچەی پەرچەم و وەسفی بڕۆی

٣٧

دائیم لە دووتە مێگەلی ژن، نێر گەلی پیاو
بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بووگی بەسەر گەلە

٣٨

ئەو شەربەتە، ئەو جامە شەراوە لەبی ناوە
بۆ «نالی»یە ئاخر کە خودا بۆ ئەوی داوە

٦- پرۆسەی یاسا زیادکردنی زمانی، جۆری دووەمی زەقکردنەوەی زمانی شیعری لە قەڵەم دەدریٚ. دیارە ئەم جۆرە زەقکردنەوەیە بەلادان لە یاسا باوەکانی زمان دانانریٚ و لەگەڵ لادانیش جیاوازیی هەیە. بۆ نموونە نالی دەڵیٚ:

٣٩

گەر بازی نەزەر بازی، لەم دەست و نیگارەت چی

بۆ یاری و دەسبازی، لەم ڕاوو دیارەت چی

لەم بەیتەدا لادانی زمانی دەوریٚکی ئەوتۆ ناگیٚڕیٚ و زەقکردنەوە تەنیا لە ڕیٚگای زیادکردنی یاسای زمانییەوە هاتووەتە ئاراوە. نالی جیا لە دووپاتکردنەوەی برگەیی، بۆ بەرهەمهیٚنانی کیٚشی شیعرەکەی، لە ڕیٚگای بەکارهیٚنانی جووت واژەی [نەزەر بازی/ دەسبازی] و [نیگارەت/ دیارەت]ەوە، جۆرە هاوڕیٚکییەکی بەدی هیٚناوە، کە لە لیٚکۆڵینەوەی کلاسیکیدا بە «تەرسیع» ناوی دیٚنن، هاوڕیٚکیی سیٚیەم لە ڕیٚگای دووپاتبوونەوەی واژەی «چی»یەوە وەدەست دیٚ، کە «ڕەدیف»ی پیٚ دەڵیٚن. کەوایە لە نموونەی (٤٠)دا، سیٚ جۆر یاسا زیادکردن دەبینریٚ کە بریتین لە: کیٚش و تەرسیع و ڕەدیف٧.

٤٠

شەبنەم کە نەزم و نەسرە لە ئەوراقی غونچەدا

گۆیا بووە بەزار و زوبان و ددان و پووک

«نالی» عەجەب بەقووەتی حیکمەت ئەدا دەکا

مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووک

***


سەرچاوە:

١- مراد فرهادپور، عقل افسرده، تهران، انتشارات طرح نو، ١٣٧٩،ص١٦١

٢- عەبدولخالق یەعقووبی، ئەرکی ئەدەبی زمان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کۆواری ڕامان، ژمارە ٥٧، ل٣٣-١٣

٣- هـ. س. پ.

٤- هـ. س. پ.

٥- مهران مهاجر، محمد نبوی، بەسوی زبانشناسی شعر، تهران، نشر مرکز، ١٣٧٦، ص١١٣

عەبدولخالق یەعقووبی، ئەرکی...

* ئەم وتارە لە کۆنگرەی نالی، لە شاری سەقز کە هاوینی ١٣٨٠– ٢٠٠٢ بەڕێوە چوو خوێندرایەوە. ع.ی

* زاهیر و باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز

نەما ئاشنای سیڕی قەڵەم بێ، غەیری نالی کەس.

** لە بیرمان نەچێ لە زمانی کوردیدا شەیتان جارجار بۆ منالّی بزۆز و هەدا نەدراویش بەکاردێت.

## سێ ڕەخنە لەسەر شیعری «دوو»

**دوو**

**شەو شەپۆل ئەداتەوە لە ژیانتدا**

**(بەلەمی نیگامت بۆ دادەگیرسێنم)**

**زستان لە مەمکەکانتا هێلانەی کردووە**

**(شەمی ئەنگوستەکانمت بۆ ئاور دەدەم)**

**دوو تەنیاین لە دوورگەی بێکەسیدا**

**(سەوڵی هەنگاوەکانمان پێکەوە دەبزێوین**

**بەرەو کەنار)**

"یوونس ڕەزایی"

١

شیعری «دوو»، دوو جیهانی دژواز لەسەر دەستی دوو شێوە تێڕوانینی جیاواز زەقدەکاتەوە. جیهانی یەکەم کە دەکرێ بە«جیهانی هەنووکە» یاخود «جیهانی واقیع» ناودێر بکرێ لە ڕێگای ئەم چەند موتیفەوە خویا دەبێ: شەو، زستان، بێکەسی، بەڵام ئەم موتیفانە کاتێك کاریگەرێتییەکی جوانیناسانەیان بۆ وێناکردنی جیهانی تایبەتی خۆیان دەبێ کە لە بازنەی کاربردی ئاسایی و باوی خۆیان بترازێن و بچنە خانەی کاربردێکی نوێ و نائاساییەوە. بۆیە دەبینین، بۆ نموونە، لە دێری یەکەمی شیعرەکەدا موتیفی «شەو» لە قەوارەی ئیماژی «شەپۆل دانەوە لە ژیاندا» خویا دەبێ و لە دێری دووهەمدا موتیفی «زستان» بەشێوەی «لە مەمکدا هێلانە کردن» دەردەکەوێ. کەواتە لێرەدا خوێنەر ڕێگای پێ دەدرێ موتیفی «شەو» یان «زستان» لە جەغزی چەمکێکی تازەدا هەڵسووڕێنێ و لە گۆشە نیگایەکی نوێیەوە لێیان بڕوانێ، و بەم جۆرە سنووری واتاکانی ئەم واژانەی بەرفراوانتر دەبێ و پتر هەڵگری ئەگەری تەئویل دەبن، کە دیارە لە شیعردا ئەوەندەی ڕێژەی ئەگەری

تەئویل بەرز بێتەوە، ئەوەندە خەسڵەتی جوانیناسانەی شیعر پتر و پاراوتر دەبێ.

پرسیارێك كە لێرەدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە كە ئەگەر شاعیر «شەو» لە قاوغی واقیعیی خۆی دادەماڵێ و دەیكات بەشەوێك كە لە ژیاندا شەپۆڵ دەداتەوە، یان «زستان» لە فۆڕمی ئاساییی خۆی دوور دەخاتەوە و نیشتەجێی هێلانەی مەمكی دەكات، بۆچی ئێمە ئەم دێرانەمان وەك جیهانی واقیع ناودێر كرد؟ ئایا واقیعی بوونی ئەم جیهانە دەستنیشانكەری واقیعی بوونی كایەكانی شاعیریشە بەدید و تێڕوانینی خۆی لە هەمبەر جیهان؟! ئایا شاعیر بۆی هەیە بەئامرازی خەیاڵی خۆی باس لە واقیعی جیهانی دەورووبەری بكات؟ دیارە ناودێركردنی ئەم دێڕانە وەك جیهانی واقیعی لە سۆنگەی بەراودكردن و هەڵسەنگاندنی ئەم دێرانەیە لەگەڵ ئەو دێرانەی كە لە نێو كەوانە خراون و درشتتر نووسراون (كە پێكهێنەری جیهانی دووەمن)، چونكی كاتێك دەسبەجێ دوای «شەو شەپۆڵ ئەداتەوە لە ژیانتدا» دێڕی ″بەلەمی نیگارت بۆ دادەگیرسێنم″ دێت، خوێنەر هەست بەجیاوازی و تەنانەت دژوازی جیهانی دێری یەكەم لەگەڵ جیهانی دێڕی دووهەم دەكات. دێڕی یەكەم باس لە واقیعێكی هەنووكەی بەردەست دەكات كە لە ژیانی «تۆ»یە شیعرییەكەدا ئامادەیە، كەچی دێڕی دووەم باسی خەیاڵێكی دوا ڕۆژی دوورەدەست دەكات كە «من»ە شیعرییەكە هەوڵی وەدیهێنانی دەدات. لێرەوەیە كە دەكرێ بڵێین جیهانی دێڕە تاكەكانی ئەم شیعرە كە جیهانی «تۆ»یە، شیعرییەكە بن، جیهانێكە تاریك و سارد و تژی لە ناهومێدی كە لە هەمان كاتدا واقیعییە و لە ساتەوەختی هەنووكەدا بوونی هەیە، كەچی جیهانی دێڕە جووتەكان كە جیهانی «من»ە شیعرییەكەیە جیهانێكە ڕووناك و گەرموگوڕ و لێوانلێوە لە هیوای جوان كە لە ڕاستیدا هەڵگری ڕەهەندێكی یۆتۆپییاییە و لە دوا ڕۆژێكی دوور یان نزیك دێتە دی. پێكهاتەی هەندەسیی شیعرەكەش بەشێوەیەك داڕێژراوە كە خوێنەر بۆی هەبێت ئەم دوو جیهانە بەوردی لێكالا بكاتەوە، بێ ئەوەی دەق لەم سۆنگەیەوە گرانایی خۆی بدۆڕێنێ و واتاكانی خۆی بەسانایی بخاتە بەردەستی خوێنەر.

٢

دەكرێ ئەم شیعرە بەدوو شێوەی گریمانەیی (ئیحتیمالی) بخوێنینەوە، بۆ نموونە جووت دێڕی یەكەم:

خوێندنەوەی ١–[ئەگەر] شەو شەپۆڵ ئەداتەوە لە ژیانتدا

[که وایە] بەلەمی نیگامت بۆ دادەگیرسێنم

خوێندنەوەی ٢–[تۆ دەڵێی] شەو شەپۆڵ ئەداتەوە لە ژیانتدا

[که وایە] بەلەمی نیگامت بۆ دادەگرسێنم

لە خوێندنەوەی یەکەمدا، جیهانی یەکەم بەرهەمی تەعبیری «من»ە شیعرییەکەیە و لە هەمبەر ئەو تەعبیرەشدا، هەمدیسان «من» جیهانە خەیاڵکردەکەی خۆشی – واتە جیهانی دووەم – دێنێتە ئاراوە. کەواتە بەم شێوە خوێندنەوەیە بێت، «تۆ»یە شیعرییەکە ئامادە بوونێکی زیندووی لەم شیعرەدا نییە و تەنیا «ئۆبژە–شت»ێکە لێی دەڕوانرێ و قەزاوەتی لەسەر دەکرێ.

لە خوێندنەوەی دووەمدا، جیهانی یەکەم بەرهەمی تێگەیشتن و بۆچوونی ڕاستەوخۆی «تۆ»یە شیعرییەکەیە کە «من»ە شیعرییەکە لە زمان خۆیەوە دەیگێڕێتەوە و دوا بەدوای ئەم گێڕانەوەیە جیهانی دووەمی بۆ زەقدەکاتەوە. کەواتە لێرەدا «تۆ»یە شیعرییەکە «سووژە–بکەر»ێکە کە خۆی قسەی خۆی دەکات و خاوەن تێفکرینی خۆیەتی و ڕاستەوخۆ لەم شیعرەدا ئامادەیە. «تۆ» لە خوێندنەوەی یەکەمدا ناکارا و بزر و ئۆبژەیە، کەچی بەپێی خوێندنەوەی دووەم کارا و حازر و سووژەیە، بەڵام لە دوو خوێندنەوەدا جیهانی دووەم، خاوەن «من»ێکی کارا و ئامادەیە کە هەوڵ دەدات تەمی تاریکی و ساردی و بێ کەسیی جیهانی یەکەم بڕەوێنێتەوە.

ئەو شتە کە لێرەدا سەبارەت بەپیوەندیی نێوان «من» و «تۆ» شیاوی لەنگەر لەسەر گرتنێکی زیاترە، ئەو شێوە بەدەنگەوە هاتنەی «من»ە، لە هەمبەر «تۆ» کە بەدەنگەوە هاتنێکی تەواو مرۆڤانەیە، بۆیە مرۆڤانەیە چونکی لەم بەدەنگەوە هاتنەدا، هیچ هێمایەکی ئەوتۆ کە هەڵگری ڕەگەزێکی نا ئینسانی– نا سەر زەمینی بێت نابیندرێت، ئامیان و ئامازەکان هەموو «ئینسانی – سەرزەمینی»ین: «بەلەمی نیگا»، «داگیرسان»، «شەمی ئەنگوست»، «ئاوردان»، «سەوڵی هەنگاو»، «بزاوتن»، بۆیەش تەواو مرۆڤانەیە؛ چونکی وەك چارەنووسی گشتیی مرۆڤ دەربڕی هەر دوو جەمسەری نوشوستی و سەرفرازی و شکست و سەربەرزییە، ئەوەندەی «زستان لە مەمکدا هێلانە کردن»، هێمای ناهومێدی و نوشوستییە، ئەوندەش «شەمی ئەنگوست ئاوردان» نیشانەی هیوا نەبڕاوی و دڵ بەداهاتوو خۆشبوونە. بازنەی پێوەندی و کارلێکی نێوان «من» و «تۆ» لە شیعری «دوو»دا بازنەیەکە

مـرۆڤ تـیـدا خـول دەخـواتـەوە، خـوولـی ئـاشق بـوون، خـولـی خـەمـخـواردن، خـولـی بەختەوەربوون، خوولی هیوا بڕاوبوون، خولی هەرەس هێنان، خوولی هەستانەوە، خولی بێکەسی، خولی پێکەوەبوون و... «من» لە شیعری «دوو»دا بۆ ڕەواندنەوەی تاریکاییی ئەو شەوەی لە ژیانی تۆدا شەپۆلان دەدات، خۆرێك شك نابات لە دەرەوەی ئەو بازنە ئینسانییە، تەنانەت باوەڕی بەبوونی خۆرێکی ئەوتۆ نییە، هەر بۆیە نیگای خۆی دەکا بەخۆرێك لە شێوازی بەلەمێکدا بۆ شەوی «تۆ»ی دادەگیریسێنێ و هەوڵی ڕەواندنەوەی دەدات. ئەو «کەنار»ەی لە دوایین دێری شیعرەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێ، ئەو کەنارەیە کە «دوو تەنیا» کە بەلەمی نیگای «من» و لە سۆنگەی تیشکی شەمی ئەنگۆستی «من»، پێی دەگەن و تێیدا ئارام دەگرن، ئارام و ئۆقرەگرتنێکی ئینسانی – سەرزەمینی. «دوورگەی بێکەسی» چ تەعبیرێکی جوان و ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو بازنە داخراوەی کە خێوان تەنیا تماشاکەری خولانەوەی مرۆڤن تێیدا.

٣

لە دواین دوودێری ئەم شیعرەدا، هەندەسەی ڕێکوپێك و تەکووزی شیعرەکە، تووشی جۆرە شڵەژانێکی فۆڕمیٚ دێت و دیواری نێوان سنووری «من» و «تۆ» دادەڕووخیٚ و خوێنەر لە دوو جیهانی جیاوازی «من» و «تۆ» بەرەو جیهانی تاقانە و یەکگرتووی «ئێمە» دەبات. لە دێڕی تاکی ئەم دوو دێڕەدا «تۆ» بەتەنیٚ نامێنێتەوە، وەك چۆن لە دێڕە جووتەکەشیدا– واتە دوایین دێری شیعرەکە– «من»یش، بەتەنیٚ بەرچاو ناکەویٚ، هەرچەند جۆری ئەو دوو جیهانەی سەرەتا باسمان کرد لێرەشدا وەك خۆی دەمێنێتەوە، واتە جیهانی واقیع لە دێڕی تاکدا و جیهانی یۆتۆپیا لە دێری جووتدا. کە وایە ئەگەر گۆڕانکارییەك لە هەندەسەی شیعرەکەدا هاتبێتە ئاراوە لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی «من» و «تۆ»یە شیعرییەکە دایە نەك لە پێکهاتەی جیهانەکاندا. لەم دوو دێرەی کۆتاییی شیعرەکەدا «تۆ» لە حاڵەتی «ئۆبژە–شت» بوون – بەپێی خوێندنەوەی گریمانەیی یەکەم–، یان «سووژە–بکەر»ێکی جیا لە «من» – بەپێی خوێندنەوەی گریمانەیی دووەم – دێتە دەریٚ و دەبێتە سووژەیەکی تێکەڵ بە «من» ، وبەم جۆرە لە دوایین دێڕی شیعرەکەدا «من و تۆ» وەك دوو سووژە یەك دەگرن و دەبنە «ئێمە» و ئەو «ئێمە»یەی خۆیان لە بۆنەی جیهانی یۆتۆپیایی و خەیاڵکرد دا دەتـوێنـنـەوە. لـەم دوو دێرەدا، دوا بـەدوای تـێکـەڵـبـوونـی ئـاسۆکـانـی «مـن» و «تـۆ» دەنگەکانیش لە دۆخی جیاوازی دێنە دەریٚ و دەبنە یەکدەنگ، بەجۆرێك بۆ خوێنەر ڕوون

نییه که ئایا دوو دێری دواییی دەنگی «من»ە لە زمان «تۆ»وە بەناوی «ئێمە» قسان دەکات، یان دەنگی «تۆ»یە لە زاری «من»ەوە لەبری «ئێمە» دەپەیڤێ، یان هەر لە بنەڕەتەوە ئەوە دەنگێکی تاك نییە و کۆدەنگی «من» و «تۆ»یە.

بەهای جوانیناسانەی هەر دەقێکی شیعری، ڕاستەوخۆ پابەندی ئەو ڕێژەیە لە تەئویل و شرۆڤەیە کە لە دوو توێ پێکهاتەکانی خۆیدا بەدەستەوەی دەدات. لەم وتارەدا سووکە هەوڵێکم دا تا چەند توێژێك لەو تەئویل و تەعبیرانەی کە شیعری «دوو» بەرهەمیان دێنێ بەخوێنەری بنوێنم و لەم ڕێگەیەوە پێی بڵێم شیعری داهێنەرانە ئەو شیعرەیە کە خوێنەر دەدوێنێ و دەیهێنێتە دوان. سەرەتا و کۆتاییی هەموو چێژێکی هونەرییش لە دامەزراندنی گفتوگۆ و مشتومڕ لە نێوان دەق و بەردەنگی دەقدا چڕ دەبێتەوە. هەر بۆیە دەڵێم «دوو»، شیعرێکی گفتوگۆ ورووژێن و مشتومڕ هەڵگر و چێژ بەخشە، وەکو هەر شیعرێکی ڕەسەن.

خەرمانانی ١٣٨٣

سێپتامبری٢٠٠٤

## «جەستە»ی مەستوورە لە «ڕۆح»ی شیعری نالی-دا

هەر شاعیرێکی داهێنەر خاوەن گوتار (discourse) – یکی فیکری – جوانی ناسیی تایبەت بەخۆیەتی. شاعیری داهێنەری خاوەن گوتار لە نێو تانوپۆی سیستمی جیهان بینی و ژیان بینیی دەسکردی زەین و ڕۆحی خۆیدا کار دەکات و شیکردنەوەی شیعری شاعیرێکی لەم چەشنە لە دەرەوەی ئەم سیستمە، دواجار خوێندنەوەیەکی نەزۆك و گەلێ جارا نارِستی لێ بەرهەم دێت کە ناتوانێ ببێتە ئاوێنەیەکی دروست نوێنی زەین و ڕۆحی شاعیرانەی شاعیر. پۆل ڕیکۆر، فەیلەسووفی ئەدەب ناس، لەم بارەیەوە گوتوویەتی: «بەرهەمی ئەدەبی نەك هەر ئاوێنەی بالاّ نوێنی سات و سەردەمی خۆیەتی، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەلاقەیەکە ڕووەو ئەو جیهانەی کە لە هەناوی خۆیدا هەڵی گرتووە.»

شیکردنەوەی شیعری «مەستوورە»ی نالی لە دەرەوەی سیستمی هزرڤانی و جوانی ناسیی شیعری نالی تا ئێستاش ئەو ڕێسا بالاّ دەست و نەریتە زاڵە بووە کە ئەم شیعرەی پێ خوێندراوەتەوە و زۆربەی جارانیش ئەنجامی بەتاوانبار لە قەڵەم دانی نالی، لە هەمبەر کێشەی ژن بەگشتی و پرسی کەسایەتیی مەستوورە بەتایبەتی، لێ کەوتووەتەوە، وەك بڵێی نالی لەم قەسیدەیەدا لە ڕاستەڕێی جیهانی شیعریی خۆی، واتە نیشتمان پەروەری و مرۆڤ باوەڕی و جوانی پەرەستی لای دابێت و دژی یاسا و ڕێساکانی سیستمی شیعریی خۆی ڕاسابێت و نۆرمی گوتاری جوانی ناسانەی خۆی پێشێل کردبێت. بێگومان شیعری نالی و ئەو گوتارگەلەی کە لەسەر دەستی جیهان بینیی شیعری نالی هاتوونەتە ئاراوە یەکێك لە گرینگترین وەرچەخانەکانی شێوە تێڕوانینی کلتووری مرۆڤی کوردە بۆ چەمکگەلێکی لە چەشنی ژیان و جیهان و سروشت و مرۆڤ. شیعری نالی نیشانەی زەق و زۆپی دوورکەوتنەوەی مرۆڤێکە لە زەینییەتی تاك ڕەهەندی و ڕەها کە سەرلەبەری دیاردەکانی جیهان تەنیا لە یەك دەلاقەی بچووکی ئایدیۆلۆژیکەوە ببینێ. نالی لە شاعیرانی پێشەنگی کوردە کە دژی سیستمی بەهادانەری

باوی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی دەنگی هەڵبڕیوە و گەر نەشیتوانیبێت ئەم سیستمانەی لە بناغەوە هەڵتەکاند بێ، لانی کەم ڕەنگ و ڕواڵەتی دزێوی ئەم سیستمە نەریتگەرایانەی خوویا کردووە و بەرهەڵستیان بووەتەوە. شاهیدی ئەم قسانە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی نالییە، و دەست بۆ هەر دێڕە شیعرێکی ببەی تروسکەیەك لەو هزرە تازانەت بەر دەکەوێ.

نالی لە شیعری «مەستوورە» لە دوو توێی تەکنیکی گێڕانەوەی «خەون»ێکدا و لە ڕێگای هەڤپەیڤینی نێوان خۆی و مەستوورە لە هەمبەر جەستەی مەستوورە و خۆی بەگشتی و ئەندامی نێرمایی (جنسی) مەستوورە و خۆی بەتایبەتی، هەڵوێستی شیعری خۆی دەربڕیوە.

ئەم هەڵوێستە دەشێ لە نێو زەمینەی سێ سیستمی بەرودوادا لێی بڕوانرێ.

(١) سیستمی شیعری بەگشتی.

(٢) سیستمی شیعری نالی بەتایبەتی.

(٣) سیستمی تەکنیکی (واتە گێڕانەوەی خەونی) نێو شیعری مەستوورە. دیارە ئەم هەڵوێستەی نالی سەرەتا هەڵوێستێکی شیعرییە، کەواتە دەشێ بەپێی پێوانەکانی جیهانی دەقی شیعری تاوتوێ بکرێ، پاشان ئەم هەڵوێستە شیعرییە پاژێکە لە سیستمی جیهان بینی - جوانی ناسی شیعری نالی و دەشێ بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم شیعرە تایبەتمەندی و سەنگی محەکی سیستمی جیهان بینیی شیعری نالیشی تێدا ڕەچاو بکرێ و دواجار ئەم هەڵوێستە شیعرییەی نالی لە دوو توێی گێڕانەوەیەکی خەون ئامێزدا بەدەستەوە دراوە و دەشێ خەسڵەتەکانی خەونیش وەك ئەسڵێکی گرینگ لە کاتی شرۆڤەکردنی ئەم شیعرەدا بەهەند وەرگیرێن و جێگە و پێگەی شایانیان پێ بدرێت.

ئەو خوێنەر و توێژەر و ڕەخنەگرانەی کە ڕستە پڕ پێچوپەنا شیعرییەکانی قەسیدەی «مەستوورە» بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەم سێ سیستمە گرینگە دادەبەزێننەوە سەر کۆمەڵێك گوزارەی سادەی سەر زارەکی و دروشم ئامێز، و لەوێوە نالیی پێ دەخوێننەوە و نالیشی پێ تاوانبار دەکەن، ئەوەی ڕاستی بێت هێشتا لە ئەلفوبێی پرۆسەی خوێندنەوە و شیکردنەوە و تێگەیشتنی شیعر نەگەیشتوون و پتر لەوەی کەڵکەڵەی کەشفی جیهانی دەقی شیعرییان هەبێت، خوازیاری داسەپانی وەهمەکانی زەینی خۆیانن بەسەر دەقدا.

بەوتەیەکی تر، ئەم چەشنە خوێنەر و بەردەنگانە لەبری کارکردن بەمەنتقی دەق بۆ دۆزینەوەی مانای دەق، بەمەنتقی زەینی خۆیان بۆ داسەپاندنی مانای خۆیان بەسەر دەقدا هەوڵ دەدەن.

لە پرۆسەی خولْقاندنی شیعردا شاعیر ئەو واقیع – بابەتەی کە لە جیهانی دەوروبەری خۆیدا دەیدۆزێتەوە دەیکاتە هەوێنی شیعر و ئەو هەوێنە لە بۆتەی زمانی شاعیرانەی خۆیدا قاڵ دەکاتەوە و شیعری لێ بەرهەم دێنێ. دیارە لەم نێوانەدا شاعیر بۆی هەیە بۆ تەیارکردنی زەینی بەردەنگی خۆی لە بۆ تێگەیشتن لەو مانا دڵخوازەی لە تەکنیکی وەسف کردنیش کەڵك وەربگرێ. بەڵام بەکارهێنانی وەسف لە شیعردا دوا ئامانجی شیعر نییە، بەڵکو زەمینەیەکە بۆ گەیاندنی مانا. تەنانەت گەر وا هەڵبکەوێت کە لە شیعرێکدا تەنیا وەسفی ڕووت بەدەستەوە درابێت ئەم وەسفە دواجار دەشێ پیشاندەری حاڵەتێکی دەروونیی شاعیر یان واتایەکی نهێنیی ناخی دەقە شیعرییەکە بێ. کەواتە دەستەواژەی وەسفی ڕووت لە شیعردا بەو مەرجە پاساو هەڵدەگرێ کە دواجار نوێنەری واتایەکی دیار یان نادیاری شیعر بێت. کەواتە وەسف لە شیعردا ڕێگایەکە بۆ تێگەیاندنی خوێنەر لە ئەزموونێکی هەستکرد یان خەیاڵکردی شاعیر و لەم سۆنگەیەوە ئەزموونێکی نوێ بەئەزموونە مانایی و فۆرمییەکانی خوێنەرەوە زیاد دەبێت. بۆیە گەر بێت و لە ڕستە وەسفییەکانی شیعرێك دوا مەبەست و دوا ئاکامی مەبەستی شاعیرەکەی هەڵێنجین لە ڕاستیدا ئەنجامی ئەم کردەیە بەهەڵە تێگەیشتنە هەم لە تەکنیکی وەسفی شیعری، هەمیش لە واتا گریمانەییەکانی دەق. بۆ وێنە سەرنجێك بدەینە ئەم شیعرەی ئالفرێد لۆرد تێنیسۆن (Alfred Lord Tennyson) کە وەسفی هەڵۆیەکمان بۆ دەکات:

**The Eagle**

He claps the crag with crooked hands;
Close to the sun in lonely lands,
Ringed with the azur world, he stands.

The wrinkled sea beneath him crawls;
He watches from his mountain walls,
And like a thunder bolt he falls.

Alfred Lord Tennyson (1809 - 1892)

***

**هەڵۆ**

بە چنگە چەمیوەکانی
نێچیری توند توند گرتووە،
لە پەنا خۆر،
لە وڵاتانێکی تەریك
لە ئامێزی ئاسمانی شین و ساماڵ باڵ لێك ئەدا،
لە ژێر پەنجەی
دەریای خروشان دەهەژێ،
لە بانەوە، لە لووتکەی کێوەکانەوە دەڕوانێت و
وەك تیری هەورە تریشقە
بەرەو زەوی دادەگەڕێ

دیارە جگە لەم شێوە وەسفەی کە «تێنیسۆن» لەم شیعرەدا بەدەستەوەی داوە دەکرێ بۆ جۆرە وەسفێکی زانستیی وردی دیکەش لەمەڕ گیاندارێکی لە چەشنی «هەڵۆ» ئینسایکلۆپیدیا یان کتێبێکی سەبارەت بەمێژووی سروشتی گیانداران و پەلەوەران یارمەتیمان بدەن و بۆ وێنە پێمان بڵێن: «هێلکەی هەڵۆ خاڵداران و لە سێ تێ ناپەڕن. هێلانەی هەڵۆ زۆرجار لە دۆڵ و دەرەیەکی دوورە دەست چێ دەکرێ و دەستی کەسی پێ ڕاناگا. قاچی نە زۆردرێژە و نە زۆرکورت، و چنگیشی چەمیو و خڕ و تیژن[1].»

دیارە مەبەستی ئەم شێوە وەسفە، بەدەستەوەدانی کۆمەڵێك زانیارییە لەمەڕ باڵندەیەك بەناوی هەڵۆ، بەڵام ئەم زانیارییانە لە ئاستی پەڕوباڵ و هێلکە و هێلانەی هەڵۆ تێ ناپەڕن. بەڵام گەر بمانەوێ جگە لەم جۆرە وێناکردنەی هەڵۆ کە پتر لە هەڵۆیەکی لە کارەبا دراوی ویشك کراوی پشت جامی دووکانە شتە زریقە و بریقەدار فرۆشەکانی شار دەچێ، بەشێوەیەکی تر هەڵۆمان پێ نیشان بدرێت کە تێیدا شکۆی تەنیایی و وزەی وردبینی و گەوهەری سروشتی کێوی بوونی هەڵۆ ڕۆحی بەبەردا بکرێ، ئایا دەشێ ئاوڕ لە شیعری تێنیسۆن نەدەینەوە و وشە بەوشەی بەسەر نەکەینەوە و چێژ لەو ئەزموونە بەزمان کراوەی ئەو لەمەڕ باڵندەیەکی وەك هەڵۆ وەرنەگرین؟! لەم شیعرەدا تێنیسۆن

(1) Literature, poetry, The Elements of poetry, Laurence perrine, pp554-5.

دەربارەی بەهەڵۆ قسەمان بۆ ناکات، بەڵکو ڕێگامان پێ دەدات هێزی خەیاڵی خۆمان بخەینە گەڕ و لە ئەزموونی هەست کردن بەهەڵۆدا، بەو شێوەیەی ئەو هەستی پێ کردووە، شەریك و برابەش بین. لەسەر دەستی ئەم شیعرە هەم سنووری ئەزموونی جوانی ناسیی ئێمە لەمەڕ «هەڵۆ» بەرفراوانتر دەبێ، هەمیش ئەم ئەزموونە زێتر بەناخی هەست و بیری ئێمەدا ڕەگاژۆ دەکات و بڕشتی تێڕوانینمان بۆ جیهانی زیندووی باڵندەکان پتر دەکات.

شیعری مەستوورەش شیعرێکی تەواو وەسف ئامێزە و نالی گوتەنی «تەحریری خەیاڵ و خەو»ی ئەم شیعرە لە قەوارەی کۆمەڵێك وەسفی بەرودوای ئەندامی مێینە و ئەندامی نێرینەدا کراوە. ئەم وەسفانە لە دوو توێی کۆمەڵێك خوازە و شوبهاندن و وێنەسازی و گیان بەخشی (personification) دا هاتووە کە پتر لەوەی ڕوویان لە دیوی دیار و زەق و زۆپ و ئاشکرا و بێ پەردەی ئەم ئەندامانە بێت ڕوویان لەو دیوە نائاشکرا و ناڕاستەوخۆ و نا دیار و تەمومژاوییانەیە کە دواجار ڕێژەی جوانی ناسانەی فۆڕم و ناوەڕۆکی ئەم شیعرە زیاد دەکەن. دیارە ئەم وەسفانە لەم سۆنگەیەوە لە چوارچێوەی ئەم شیعرەدا جێگە و پێگەیەکی مەنتقی بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن کە هەر لە دەسپێکی شیعرەکەدا، پێداویستی هێنانە ئارای ئەم وەسفانە ڕوون دەبێتەوە، چونکە شیعرەکە لە هەبوونی «عوقدە»یەك لای مەستوورە و ویستی «حەل کردنی» ئەم «مەسەلە»یە بە «جەوابێ» لەلایەن «دێوانە»وە دەست پێ دەکات:

«دێوانە کە زانی کە دەبێ عوقدە گوشا بێ<br>
هەستا و گوتی ئەشکی ڕەوانم بەفیدا بێ»

بۆیە ئەم «مەسەلە»یە «نوکتێکی زەریفە» و مەستوورە دەبێ «تەعریفی بکات»، واتە بیناسێنێ و ئەم ناساندنەش لەسەر دەستی کۆمەڵێك دێڕە شیعری وەسفییە کە بەگشتی وەك «سیرڕ» لە قەڵەم دەدرێت. کەواتە وەسفی ئەندامی مێینەی مەستوورە کە لە دێڕە شیعری:

«ئەم سیرڕە چییە میثلی سوهابێ، نەسوا بێ؟!<br>
دووڕێ کە وەکوو دوڕڕی سەمابێ، نەسما بێ؟!»

دەسپێدەکات، لە ڕاستیدا بەپێی مەنتقی گێڕانەوەیی ئەم شیعرە، دوا بەدوای ئەو خواستە خەیاڵییەی مەستوورە دێتە ئاراوە کە دەیەوێ «عوقدە»کەی «وا» بێ و «مەسەلە» – کەی بە«جەوابێ» «حەل بکرێ». جگە لەم هۆیە«مەستوورە»ی نێو دەقی ئەم قەسیدەیە باوەڕی بەدەسەڵاتی نالی لە بواری «شەرح کردن»ی «مەسەلەی بیکر» هەیە و بۆیە ئەم

هۆیەش مەنتقی هێنانە گۆڕێی «نوکتەی زەریف» و «تەعریف کردن»ی ئەم نوکتەیە و باسکردن لەم «سیڕڕە» لە دوو توێی کۆمەڵێك دێڕە شیعری وەسفیی ئەندامی مێینەی خۆیدا پاساو هەڵگر دەنوێنی. ئەم پاساو هەڵگرییە بۆ ئەو پاژەی شیعرەکەش کە تێیدا دێوانە (ئەندامی نێرینە) وەسفی خۆی دەکات وە ڕاست دەگەڕێ، چونکی پاش وەسفەکانی مەستوورە لە ئەندامی مێینەی خۆی ئەویش بەو ڕاستییە دەزانێ کە پێوستە «عوقدە گوشا» بێ و هەر بۆیە لە هەمبەر وەسفەکانی مەستوورە وەسفی خۆی دادەنێ و لە ڕێوشوێنی مەنتقی گێڕانەوەیی شیعرەکە لانادات.

تا ئێرە باسی ئەوەمان کرد کە لە شیعری مەستوورە دا وەسف پانتاییەکی بەرفراوانی بۆ خۆی تەرخان کردووە و ئەم وەسفانەش وەسفی دوو ئەندامی مێینە و نێرینەن و نالی–یش وەك خولقێنەری ئەم دەقە بەپێی پێداویستیی مەنتقێکی شیعری ئەم وەسفانەی لە قاڵبی ئەم شیعرەدا جێ کردووەتەوە.

ئالێرەدا لە وێستگەی پرسیارێکی خۆماندا ڕادەوەستین و دەڵێین، ئایا نیشانەی جوانیی شیعر لە وەسفی جوانی دایە یان لە جوانیی وەسف دایە؟ ئایا هێمای خۆشیی شیعر لە وەسفی خۆشی دایە یان لە خۆشیی وەسف دایە؟ ئایا ئەگەر شاعیرێك زیاترین وەسفی گوڵ و گوڵزار و کێو و کوێستان و ڕەنگ و ڕووخساری هێنایە نێو شیعرەکانییەوە، جوانی و چێژ بەخشی ئەو شیعرانە دەستەبەر دەکات؟! ئایا دەکرێ شاعیرێك لە شیعرەکەیدا باس لە خەمی تاقەت پڕووکێنی خۆی بکات و ئێمە وەك خوێنەرەوە لە خۆشیی خوێندنەوەی ئەو شیعرە شاگەشکە بین؟! ئایا دەشێ دوای خوێندنەوەی ئەم شیعرەی شاعیری گەورەی فارس، خاتوو «فرووغ فەڕوخزاد»، خەمێکی خۆش یان چێژێکی تێکەڵ بەئازار ناخمان داگیر بکات؟!

من عریانم، عریانم ، عریانم
مثل سکوت های میان کلامهای محبت عریانم
و زخمەهای من همه از عشق است
از عشق، عشق، عشق
من این جزیرهء سرگردان را
از انقلاب اقیانوس

وانفجار کوه گذر داده ام

وتکه تکه شدن:راز آن وجود متحدی بود

که از حقیرترین ذره‌هایش آفتاب به دنیا آمد

***

من ڕووتم، ڕووتم، ڕووتم

وەك بێدەنگیی نێوان قسەوباسی مەحەببەت ڕووتم

برینی من هەمووی لە سۆنگەی ئەڤینە

لە سۆنگەی ئەڤین، ئەڤین، ئەڤین

من ئەم دوورگە سەرگەردانەم

لە شۆڕشی ئۆقیانووس و

تەقینەوەی کێو پەڕاندووەتەوە و

لەت لەت بوون، ڕازی ئەو وجوودە یەکگرتوویە بوو

کە لە سووکو چرووکترین زەڕڕەکانییەوە هەتاو لە دایکبوو.

ئەم چەند دێرە شیعرە پاژێکە لە شیعری هەرمانی «باوەڕ بێنین بەسەرەتای وەرزێکی سارد» کە پیشاندەری ئەوپەڕی خەم و دڵساریی شاعیرە لە هەڵوەشانەوەی ئەوینی نێوان خۆی و دڵدارەکەی و هەپروون بە هەپروون بوونی وجوودی دوورگە ئاسای شاعیر و کولانەوەی برینی خۆشەویستی و ئاشقێنی. خەم و هیوابڕاوی پانتایی شیعرەکەی داگیر کردووە، کەچی چێژی ئەم پاژەی شیعری فرووغ هەر لەم شێوە دەربڕینە خەماوییەی دایە. بەوتەیەکی تر ئەم شیعرە وەسفی خۆشی ناکات، بەڵام هەست بەخۆشیی وەسفەکەی دەکرێ. بۆ نموونە کاتێك لە ڕێگای چەند پاتکردنەوەی واژەی «ڕووت»ەوە مانای ڕاستۆکی و پاکی و بێ غەلوغەشی خۆیمان بۆ زەق دەکاتەوە:

من ڕووتم، ڕووتم، ڕووتم

وەك بێدەنگیی نێوان قسەوباسی مەحەببەت ڕووتم

دوایی لە سۆنگەی چەند پاتکردنەوەی وشەی «ئەوین» لەم دێرە شیعرەدا:

برینی من هەموو لە سۆنگەی ئەڤینە

له سۆنگەی ئەڤین، ئەڤین، ئەڤین

دەخوازێ پێمان بڵێ کە ئەڤین شایەنی ئەوەیە بۆی ڕووت بیتەوە وەك بێدەنگیی نێوان قسەوباسی مەحەببەت، تەنانەت گەر بە قیمەتی بریندار بوون کۆتایی پێ بێت. ئەم هاوئاهەنگی و تەباییەی نێوان پاژە وەسفییەکانی ئەم چەند دێڕە شیعرە بەشێك لە تایبەتمەندیی جوانی ناسانە و چێژی فۆرمی و مانایی شیعرەکە پێکدێنن. کەواتە شاعیر خەمی ئەم شیعرە جوان وەسف دەکات و خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم شیعرە تژی لە خەمە چێژ وەردەگرێ و بەکورتی جوانیی وەسفی خەمی ئەم شیعرە دەبێتە هەوێنی خۆشی و جوانیی سەرلەبەری شیعرەکە.

یان گەر لەم چەند دێڕە شیعرەی «خەوە بەردینە»ی سوارە ئیلخانیزادە ورد بینەوە، تێ دەگەین حەسرەتی شکست سەرتاپای وجوودی شاعیری داگیرکردووە، کەچی خوێندنەوەی ئەم شیعرە تەمی حەسرەتی بەسەرکردنەوەی شیعرێکی سەرکەوتووت لە دڵ دەرەوێنێ:

له بەر نووری خۆرا
گەلێ کوێرەکانی شەوارەن
زنەی دەم بەهاواری هاری درۆزن هەزارن
کە تەسلیمی سێحر و تەلیسمی بنارن
بەبێ هەوڵی هەڵدان و چارانی چارن
بەهیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری
ڕەها بن
له زیندانی بەردینی غارا.
کەچی وا کەوی و دەستەمۆی دەسەڵاتی ڕکەی دۆڵ و شیون
له بەر سامی ڕێ وا بەزیو و تەزیون
لەگەڵ گۆچی کردن گزنگێ،
چەواشەن لە پێچی نزارا

ئەو دەستڕۆیشتوورییەی کە سوارە لە ناسینی مۆسیقای واژە و شیعردا هەیەتی وای لە شیعری «خەوە بەردینە» کردووە کە هیچ دێڕێکی نەبینی بەبێ مۆسیقایەکی دەروونیی

وشەکان گوێی بیسەر و خوێنەرەوەی ئەم شیعرە نەلاوێنێتەوە. تێمی ئەم پاژە لە شیعری «خەوە بەردینە»، وەك گوتمان، حەسرەت و داخی شاعیرە لە شکست و بێ ورەیی «کوێرە کانی» و «زنە دەم بە هاوار»ەکان کە بێ گومان پیشاندەری خەم و دڵەڕاوکەی شاعیریشە، بەڵام خوێندنەوەی ئەم پاژە و سەرنجدان بەباری مۆسیقایی شیعرەکە هێندە چێژ بەخشە و واژەکان لەسەر زمان هێندە ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ دەگوترێن، دەڵێی گەڕیانی مۆسیقاییی شیعرەکە خۆی ڕووبارێکی بەهاژە هاژ و کەف چڕینە کە بەڕەوتی نەرمونیان و دڵنشینی ترپەی هەنگاوەکانی دژایەتیی مەندی و بەزیو و تەزیویی کوێرەکانی و زنەی دەم بەهاوار دەکات. بۆ وێنە من لە هەشت دێڕی سەرەتای ئەم پاژەی شیعری «خەوە بەردینە»دا لە ڕێگای ئەو زنجیرە واژەیەوە کە هەڵگری دەنگی «هـ»ن هەست بەبیستنی ئاهێکی بەردەوام و خەماویی شاعیر دەکەم کە لە داخی بێ ورەیی و درۆزنی کوێرە کانی و زنە دەم بەهاوارەکان هەڵیدەکێشێ:

لە بەر نووری خۆرا

گەلێ کوێرەکانی شەوارەن

زنەی دەم بەهاواری هاری درۆزن هەزارن

کە تەسلیمی سێحر و تەلیسمی بنارن

بەبێ هەوڵی هەڵدان و چارانی چارن

بەهیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری

ڕەها بن

لە زیندانی بەردینی غارا.

بێ گومان ئەم ئاهە لە ناخی شاعیردا ئاگر دەکاتەوە، و تینەکەشی دەگاتە گیانی خوێنەرەوەی زانا و زامار، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت مۆسیقای سترانی ئەم ئاهە، هەم ڕۆحی شاعیری وەسەما خستووە کە بەم شێوازە دێڕە شیعری پێ نەخشاندووە، هەمیش گیانی خوێنەرەوە وەها لێوڕێژ لە چێژی دەنگی بلاوێنی خۆی دەکات کە بیستنی ئەم ئاخە ئۆخژنی پی ببەخشێ و ئۆخەی بەزماندا بێنێ.

لە شیعری «مەستوورە»دا بەپێی ئەو شرۆڤە و شیکارییە باوانەی تا ئێستا کراون ئۆبژە و بابەتی وەسفی نالی – واتە ئەندامی مێینە و نێرینەی مرۆڤ – بە شتگەلێکی جوان لە

قەڵەم نەدراون و بەو هۆیە زۆر کەس نالی بەوە تاوانبار دەکەن کە بەبڕوای ئەوان لە ڕاستەڕێی وەسفی جوانی لای داوە و ڕووی شیعری کردووەتە دوو ئەندامی لەشی مرۆڤ کە بەپێی باوەڕی زاڵی کۆمەڵگای کوردی دوو ئەندامی تابووی جەستەی مرۆڤن و نیزیکبوونەوە لێیان نیزیکبوونەوەیە لە عەیبە و شوورەیی و دزێوی و ناحەزی. ئەم بڕوا ڕەگ داکوتاو و باڵادەستەی کۆمەڵگای کوردی هەروەتر پێی وایە ئەم شێوە خۆ لە قەرەدانەی ئەندامە حەرامەکانی جەستەی مرۆڤ تێپەڕاندنی هێڵی سووری ئاین و باوەڕی دینی و پێشێل کردنی هەستی مانەوییی مرۆڤی کوردە. هەندێکی تر، بەتایبەت ئەوانەی لە دەروازەی باسوخواسی پێوەندیدار بەمافی ژنەوە دێنە ژووری ئەم باسەوە، باوەڕیان وایە شیعری «مەستوورە» حورمەت و گەورەیی و شان و شکۆی ئینسانییی ژنی خستووەتە مەترسییەوە و ژن وەك جەستەی ڕووت چاو لێ دەکا و پلە و پایەی وجوودی ژنی تا ڕادەی باسکردنی ئەندامی مێینەی دابەزاندووە. بەکورتی ڕای زۆربەی ئەم کەسانە ئەوەیە کە نالی دەرهەق بە مەستوورە قسەی ڕەقی کردووە و بابەتێکی دزێوی کردووەتە هەوێنی شیعرەکەی و وەسفی جوانیی نەکردووە و ڕووخساری ژنێکی هەڵکەوتەی کوردی ناحەز نواندووە.

دیارە هەوڵی من لەم وتارەدا وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەم جۆرە تاوانانە نییە کە بەلێشاو خراونەتە پاڵ نالی، بەهیچ کلۆجێکیش نامەوێ لە دەلاقەی مێژووەوە لەم هەڵسوکەوتەی نالی لەمەڕ مەستوورە بڕوانم. ئەوەی من مەبەستمە گەڕانەوەیە بۆ جیهانی ئەم دەقە شیعرییەی نالی و دەخوازم لە ڕۆچنەی ئەم جیهانەوە تێڕوانینی خۆم لەمەڕ ئەم چەشنە دیدە شیعرییە ئاشکرا بکەم. دەمەوێ بزانم ئایا بەڕاستی لەم دەقە شیعرییەدا و بەپێی مەنتقی سیستمی زمانی شیعری، نالی قسەی ڕەق و دزێوی کردووە؟! ئایا نالی لە شیعری «مەستوورە»دا هەڵبژاردنی واژەکانی ئەوەندە ناشیانە و نەشیاوە کە خوێنەرەوە بەم ئاکامەی بگەینێت کە نالی مەبەستی سووك و چرووك کردنی ژن و بەسووك چاولێکردنی کەسایەتیی خەیاڵیی مەستوورەی نێو جیهانی شیعرەکەی خۆیەتی؟! ئایا نالی، حافیزی شاعیر گوتەنی، ئەو بولبولە بووە کە سەبارەت بەگوڵ قسەی ڕاستی گوتووە (وەسف کردنی ئەندامی مێینە)، بەڵام بەشێوەیەکی توندوتیژ و ڕەق و ناحەز و ناڕەوا (چلۆنێتیی وەسف کردنی ئەندامی مێینە)؟!

صبحدم، مرغ چمن باگل نوخاستە گفت

نازکم کن! کە دراین باغ بسی چون توشکفت

گـل بــخـنـدیـدکـه: از راست نـرنجیـم ولــی
هـیـچ عـاشق سخـن سخت بـهمـعشوق نـگفت

ئایا ئەو شێوە وەسف و وێناندنەی کە نالی بۆ «تەعریف کردن»ی نوکتەی زەریفی مەستوورە بەکاری بردووە بەپێی مەنتقی گێڕانەوەیی ئەم شیعرە کە وەك ڕوونمان کردەوە پێداویستیی وەسفی ئەندامی مێینە و نێرینەی هێناوەتە گۆڕێ، شایانی چێژ وەرگرتنی جوانی ناسانە لە شێوازی هەڵبژاردنی وشە و هەڵبواردنی وێنە و جۆری خوازە و شوبهاندنەکان نییە؟ ئایا هەر لە بناوانەوە لەم شیعرەدا قسەی جوان و نەرمونیان بەدی دەکرێ؟ ئایا بۆمان هەیە بڵێین لەم دەقەدا نالی پتر لەوەی مەبەستی ئاماژە کردن بەئەندامی نێرمایی مرۆڤ بێ ویستوویەتی توانای شاعیرێتیی خۆیمان پێ بسەلمێنێ و هەڵپەرکێی واژەکانمان بۆ بخاتە بەرچاو؟ ئایا ڕەوایە لەسەر دەستی نالی ئەو وێنە شاز و واژە خۆش جێگرتووانەی نێو دێڕە شیعرەکانی ئەم دەقە، زۆر بەسانایی و ساویلکانە بگەڕێنینەوە لای مەدلوولی ئەندامی نێرمایی مرۆڤ؟ ئایا ڕەوایە بڵێین نالی زێتر لەوەی خوازیاری گەمەکردنی زمانی شاعیرانەی لە نێو چوارچێوەی گوتار و پەیڤێکی تابووی کەلتووری کوردی بێ، واتە باسکردن لە ئەندامی نێرمایی مرۆڤ، ویستوویەتی بەشێوەیەکی زەق و زۆپ و بەئاوایەکی ڕوو هەڵماڵراوانە باسی ئەو ئەندامانە بکات و لەم ڕێگایەشەوە ژنی پێ سووك بکات؟ لێرەدا پێم خۆشە خوێنەر پتر هاوڕێیەتیم بکات و لەسەر پێناسەی قسەی جوان و نەرمونیان لە شیعردا سووکە لەنگەرێك بگرین و لەم ڕێیەوە پەیڤی نالی لەم شیعرەدا هەڵسەنگێنین و بزانین بایی چەندە قسەی ڕەق و بارتەقای چەند قسەی نەرمونیانی کردووە.

قسەی جوان و نەرمونیان واتە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی واژە یان واژەگەلێك لە مانایەکی پەسنکراو و شایان و بەجێ و ڕێدا.(*) نالی هەر خۆی لە دێڕە شیعرێکیدا ئاماژەیەکی وردی بۆ ئەم پێناسەیە هەیە.

نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە بەلەفزی کەم و بچووك

لە شیعری گۆرینی «حافیز»دا بولبولی ئاشق گەرچی وشەی ناسك و نەرمونیانی «نان»ی بۆ پەیڤی خۆی بەکارهێناوە، بەڵام چونکی ئەم وشەیە بۆ پۆز بەسەردا لێدان و

(*) شعر چیست؟ دکتر اسماعیل خویی، نشر امیرکبیر، ص٥٤

لۆمەکردنی گوڵی مەعشووق گوتراوە دەبێتە پاژێك  لە پەیڤێکی ڕەق و دزێو، و دڵی گوڵی پێ دێشێ.

بەوتەیەکی تر وشەی «ناز» لە ڕستەی «ناز کم کن» و لە پەنای ڕستەی «کە دراین باغ بسی چون تو شکفت» دەبێتە قسەیەکی هێندە توانج ئامێز و ناحەز کە بەتەواوی ڕواڵەتی جوان و ناوەڕۆکی قەشەنگی خۆی دەدوڕێنێ و لە کارکردی جوانی ناسانەی وشەیەکی زیبا بەتاڵ دەبێتەوە. بەڵام حاشا هەڵناگرێ خودی شیعرەکەی حافیز – هەرچەند قسەی تاڵی تێدایە – زۆر شیرینە و لەو قسە ڕەقە شیعرێکی نەرمونیانی خولقاندووە. ئەم دێرە شیعرەی نالی بۆ ڕوونترکردنەوەی مەبەستی من لێرە بەهانامەوە دێ:

دەخیلت بم نەخیلی یا ڕوطابی

وەها شیرین و سینە نەرم و دڵ ڕەق

بەڵام با ئاوڕێکی پراکتیکی لە شیعری «مەستوورە» بدەینەوە و بزانین پێناسەی قسەی جوان و نەرمونیان بۆ ئەم شیعرە دەشێت یان نا؟

شیعری مەستوورە هەر لە سەرەتاوە بە تەمهیدی گێڕانەوەی خەونێك لە دوو توێی دانوستان و وتووێژێکی دوو قۆڵیی نێوان مەستوورە و «دێوانە»ی نالی دەچێتە پێشێ و ئەم ڕەوتە تا کۆتایی هاتن بەخەونی شاعیر دەوامی هەیە. دیارە ئەو نەرمونیانی و هێوری و مەندییەی کە دەکرێ لە جیهانی دیالۆگدا هەبێ کەمتر لە دنیای تاکڕەهەندی و تاکبێژیدا هەستی پێ دەکرێ. بەوتەیەکی تر نالی لە ڕێگای ئەو دەرەتانەی کە بەمەستوورەی نێو خەونی خۆی بەخشیوە لە توندوتیژیی وەسف و وێناکانی خۆی کەم کردووەتەوە و هەوڵی داوە تەعبیر لەو ئەندامە نێرماییانە لە دوو دەلاقەوە بێتە ئاراوە. لەلایەکی ترەوە هەر لە چوارچێوەی ئەم پانتاییە دیالۆگ ئاسایەدا، نالی زاراوە و دەستەواژە بەکارهاتووەکانی بۆ وەسفی ئەو ئەندامانە، بەشێوەیەك لە دەقی شیعرەکەیدا سەقامگیر کردوون کە بەهیچ کلۆجێك تاکە ئاماژەیەکی ڕووت و زەق و بێ پەردە نەبن بۆ ئەو ئەندامانە: بەڵکو ڕێی تێ بچێ خوێندنەوەی تریش هەڵبگرن و دەلالەتی دیکەش بگرنە خۆ. نالی ئەم کارەی نەك هەر بۆ وەسفی ئەندامی نێرینە لە زمانی دێوانەوە کردووە:

فەرقێکی هەبێ: داخڵی میحرابی ڕەجا بێ

چاوێکی هەبێ: غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ

بەڵکو بۆ وەسفی ئەندامی مێینە لە زمان مەستوورەشەوە هەمان ڕێسای ڕەچاو کردووە.

هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وا بێ؟

هی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ

لێرەدا بەو ڕاستییە دەزانین کە نالی نەیخواستووە لە ڕێگای ئەم دەقەوە تەنیا توانایی خۆی بۆ نووسینی شیعری ڕووهەڵماڵڕاو – ئەو شتەی زۆرجار بووەتە سیفەتی ئەم شیعرە – نیشان بدا، ئەوەندەی ویستوویەتی توانایی داهێنانی خۆی لە پانتایی گوتارێکی نوێی شیعریدا تاقی بکاتەوە، وێڕای ئەو پەیام و قسەوباسەی کە هەر لە هەناوی ئەم شیعرەدا بۆ مەستوورەی جیهانی واقیع و جیهانی شیعری خۆی بوویەتی. بەتەعبیرێکی تر من لەم وتارەدا حاشا لە باری توانج ئاسا و ناوەڕۆکی نێرمایی گەرایانەی ئەم شیعرە ناکەم، تەنانەت حاشا لەوەش ناکەم کە لەم شیعرەدا مەستوورە تەنیا باس لە جەستە و ئەندامی مێینەی خۆی هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام ئەم شێوە وەسفانە شتێك نین کە لە دەرەوەی ڕۆحی شیعری نالیدا بن، واتە لە دەرەوەی ئەو سیستمە هزر و جوانی ناسی و جیهان بینییە بن کە نالی بنچینەی دنیای شیعری خۆی لەسەر دامەزراندوون. ئەوانەی کە پێیان وایە نالی نەدەبوایە ئەم شیعرەی نووسیبوایە و لەم ڕێگایەوە هیومانیزمی جیهانی شیعریی خۆی بخستابوایەتەوە مەترسییەوە، نە لە مەنتقی جیهانی شیعر تێگەیشتوون، نە لە سیستمی دنیا بینیی شیعری نالی شارەزان. شاعیر نابێ لە سۆنگەی ئەو شتە شیاوانەی کە نەیگوتووە شەرمەزار بکرێ، بەڵکو دەبێ بەهۆی ئەو شتە نەشیاوانەی – نەشیاو بەپێی مەنتقی جیهانی شیعر گوتوونی ڕەخنەی لێ بگیرێ. من پرسیار دەکەم نالی لەم شیعرەدا، بەپێوانەی جەوهەری جیهانی شیعر، چ شتێکی نەشیاوی گوتووە؟ بۆ شاعیر باسکردن لە تابووکان نەك هەر حەرام نییە، بگرە گەر بێت و شارەزایانە و شاعیرانە لێیان بدوێت، بە ڕچەشکێنیش لە قەڵەم دەدرێ، وەك چۆن نالی لەم بوارەشدا هەر پێشەنگە. تەنانەت گەر تۆزێکی تریش لەم قەسیدە بەڕواڵەت دژی ژنە بڕوانین، دەبینین ئەو شتەی نالی دژایەتیی دەکا نە مەستوورەیە بەتایبەت و نە ژنە بەگشتی، بەڵکو ئەو چینە لە کۆمەڵگای کوردی–ن کە نالی لە سەرلەبەری شیعرەکانیدا بەگژیان دادێتەوە.

یا کۆمەڵە زیوی بو خەلا دوور لە سەخابێ

موغلەق بە بەخیلی، بە مەسەل مشتی مەلا بێ

جەستەی مەستووره لەم شیعرەدا لە ڕۆحی شیعری نالیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم شیعرە لادان نییە لە فۆڕمی هزر و باوەڕی نالی. نالی ئەگەرچی لە دوایین بەشی ئەم شیعرەدا زۆر زیرەکانە و ڕەندانە دانی بەبێ بایەخی خەونی لەم چەشنە داناوە و بە«بەحسی سورووور و عەلەم و بادی هەوا»ی لە قەڵەم داوە، بەڵام بێ گومان باوەڕی بەهۆنینەوەی ئەم شیعرەی بووە و دڵنیا بووە لە دەسەڵاتی داهێنەرانەی خۆی لەم شاکارەیدا. چ بەڵگەیەك بۆ ئەم قسەیەم لەوە گەورەتر کە ئەگەر ئەو لەم شیعرەی دڕدۆنگ بووە و بەڕاستی بە«هەزلی عاری شوعەرا»ی دەزانی، بۆچی هەر لە بنەڕەتەوە «سەفحەی لەوح و کیتابی پێ ڕووڕەش» دەکرد؟! نالی لەم شیعرەشیدا بەهەمووماني سەلماند:

نالی بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر

بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە.

پایزی ١٣٨٤ – ٢٠٠٥

## مەحوی لە نێوان دوو «هیچ»دا

ئەم عەسرە، عەسر و وەقتە لە بۆ فاجیرێ لە هیچ
دینی نەکا ویقایە، حەیا نەیگرێ لە هیچ
دنیا بەکامی هیچ کەسانە هەمیشە دەم
هیچ ئەڵبەتە بەهیچ دەمێ نابڕێ لە هیچ
دنیا کە هیچە، جوملە دەزانن، کەچی چ کەس
مەردانە بۆ خودا نییە دەس هەڵگرێ لە هیچ
تا سەر نەبۆتە گۆ، دە لە دنیا دە تۆ شەقێ
هەر ئەم شەقە بەکارە کەوا هەڵدرێ لە هیچ
ماچی دەمی لە کەڵکەڵەما بوو، چ خۆشی وت:
قرم، ئەی ئەسیری واهیمە، خۆش ناکرێ لە هیچ
دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بەدەشت و شار
دنیایەك ئاوی زیندەگی و دەرخرێ لە هیچ
مەجنوونە شاهی عیشق، و بیابانی بارەگا
ئاهی دەکا هەمیشە بەپا چادرێ لە هیچ
دیققەت کە، غەیری ڕوشتەیی جان و میانی یار
ڕۆشتەم نەدیوە، «مەحوی» ئەمن، بادرێ لە هیچ
چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دوڕشناسی شیعر
کێ بێ دەڵێ بەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ

دیوانی مەحوی، ل ٩٨–١٠٠

لە سەرەتاوە دەخوازم ئەم ڕاستییە سادە و گرینگە بۆ خوێنەرەوەی ئەم وتارە ڕوون بکەمەوە کە خوێندنەوەی من نەك هەر بۆ ئەم غەزەلەی مەحوی، بگرە بۆ هەر شیعرێکی داهێنەرانەی تریش، خوێندنەوەیەکە لەسەر بنەمای چێشکەی جوانیناسانەی شیعر

دامەزراوە، بەهیچ کلۆجێك لە ژێر تاو و ئەسیری ئەو بیروباوەڕانەدا نییە کە بەشێوەیەکی گشتەکی و ڕەمەکی بەسەر شیعری شاعیرانێکی لە چەشنی مەحوی دای دەسەپێنن و بەمجۆرە شیعری بزۆك و بگۆڕی ئەم شاعیرە داهێنەرانە لە چوارچێوەی بەرتەسکی خانەیەکی دەسکردی فیکری- فەلسەفی یاخود فۆرمی- جوانیناسانەدا بەند دەکەن و دەرەتانی هەڵسووڕان و دەرفەتی خۆ نواندنیان لێ زەوت دەکەن و پێشیان وایە بەم شێوەیە پێناسەیەکی زێڕین و هەتا هەتاییان بۆ ناسین و ناساندنی ئەمجۆرە شاعیرانە دەستەبەر کردووە، بۆ وێنە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دەقی شیعریی مەحوی تا ئەبەد و لە هەر دەلاقەیەکەوە لێی بڕوانی هەر عاریفانەیە و بۆیە هەر لێکدانەوەیەکی شیعری مەحوی دەبێ لە ژێر تیشکی ئەم ئەسڵە، بەڕای ئەوان لێکۆڵەران، حاشا هەڵنەگرە بێتە ئاراوە. بەوتەیەکی وردبینانەتر، بەپێی ئەم بۆچوونە، شیعری مەحوی لە نێو بۆتەی کەڵە گێڕانەوەیەك بەناوی عیرفان-دا قاڵ بووەتەوە و هەر گێڕانەوەیەکی تر لە شیعری ئەم شاعیرە سێبەری قورسی ئەو کەڵە گێڕانەوەیەی بەسەرەوەیە، من وای بۆ دەچم هۆی سەرەکیی ئەو شێوە شەرح و تەفسیرە بەپیت و پێزەی نەمران مودەرەسیەکانیش هەر بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم ئەسڵە گریمانکراوە. واتە، دیسان بۆ نموونە، شەرحی شیعری مەحوی بەقەڵەمی ئەوان لە ڕاستەڕێی خوێندنەوەیەك کە بەردەوام بەرەو باس و خواسەکانی عیرفانی و ئاینی ئاراستە دەکرێ، لانادات و شیکردنەوەی ئەوان تەنیا لەم بازنە تایبەت و بەرتەسکەدا خول دەخوات، بەرتەسك هەڵبەت بەمانا ماتماتیکییەکەی نەك لە گۆشە نیگای بەهادانانەوە. هەڵبەت پێویستە ئەم ڕاستییەش بەو هۆیەی سەرەوە زیاد بکرێ کە چۆنییەتیی جیهان- بینی و زەین و زمانی شیکەرەوەش لە شێوازی شیکردنەوەدا کاریگەرە و دیارە مودەرەسیەکانیش خۆیان لە بواری باسوخواسی ئاینی و عیرفانیدا کارامە و پسپۆڕ بوونە و بێگومان لەم گۆشە نیگایەوە پڕ و پاراون و گەلێ لایەنی شاراوەی شیعری شاعیرێکی وەك مەحوی-یان ڕوون کردووەتەوە. هەروەها حاشا لە وەش ناکرێ کە شاعیرێکی وەکوو مەحوی لایەنی زاڵ و بیرۆکەی سەرەکیی شیعرەکانی جیهانی عیرفان و دنیای ئاینە و دیارە لەسەر ئەم ڕوانگانەی مەحویش هەندێ بابەت نووسراو و کۆمەڵێك شت ڕوون بووەتەوە. لێرەدا دوو خاڵ هەیە ناخوازم بەسەریاندا پاز بدەم و باسیان نەکەم. یەکەم، مەحوی لە سۆنگەی ئەوەی شاعیرێکی داهێنەر و خاوەن ئەزموون و جیهان بینیی تایبەت بەخۆیەتی، بەشێوەیەکی تایبەتیش لە جیهان بەگشتی و لە جیهانی ئاین و عیرفان بەتایبەتی دەڕوانێ. بۆ نموونە

خوێندنەوەی مەحوی بۆ ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤێکی ئاینپەروەر گەلێ جیاوازە لە خوێندنەوەی ئیسلامییەکی ئیمڕۆ بۆ مرۆڤ دەسنیشان دەکا. لە تەفسیری ئیسلامی سیاسیی هاوچەرخدا هیچ شوێنێك بۆ ئەسڵی «لێبوردەیی» و «پێکەوە هەڵکردن»ی مرۆڤەکان دیاری نەکراوە، کەچی لە جیهانی عیرفانگەرایانەی مەحویدا «مەحەببەت» کە بەردی بناغەی لێبووردەیی مرۆڤە، جەوهەری ژیانە و مەحوی جیهانی بەبێ مەحەببەت بۆ وێنا ناکرێ:

لەبەر باری مەحەببەت ئاسمان و ئەرز ئەناڵێنن
چییە ئەم دەعوییەت زاهید، جلی لێ بارە گا پیرت
(دیوانی مەحوی، ل ٩٨)

قوڕێ بکەم بەسەرا بەدادڕینی بەرۆك
حەقی مەحەببەت ئەدا کەم، بدەی خودایا دەست
(د. م، ل ٧٠)

ئەی مەحەببەت! ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵنشین
ئەو کەسەی سووتووتە، هەر ئەو هەوڵ ئەدا بۆ سمووبە سووت
(د. م، ل ٧٩)

لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕ پێوانە، سووتانە
هەتا مردن، مەحەببەت ئیشی زۆرە، ڕێزی لێ دەگرم
(د. م، ل ٢١٩)

کەواتە دەبێ ئەم ڕاستییە لە خۆمان نەشارینەوە کە ڕاڤەی مەحوی بۆ عیرفان و ئاین، ڕاڤەیەکی تایبەت بەجیهانی شیعری مەحوییە و هەندێ جار بەجارێك لەو ڕاڤانە دادەبڕێ کە بەناوی ئاینەوە و لەسەر دەستی عیرفانی ئیسلامی چێ دەکرێن. ئەم خاڵە لەو سەرەوە بۆ من گرینگە کە زۆرجار هەندێ ئەدیبی ئایدۆلۆژیستی مەیلەو ئیسلامی سیاسی، بۆ پتەوکردن و سەرخستنی قسەی خۆیان پشت بەو کەڵە گێڕانەوانە دەبەستن کە دەخرێنە پاڵ شیعری مەحوی، وەك شاعیری عاریف و موسڵمانی شاعیر و هتد، و دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە هەم خوێنەرەوەکان لە چوارچێوەی باوەڕی خۆیاندا بەند بکەن،

هەمیش شیعری مەحوی دابەزێننە سەر چەند ڕستەیەکی خوتبە ئامێز و چەند ئامۆژگارییەکی دینی، ئەویش ئەو خوتبە و ئامۆژگارییانەی کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی و بەرژەوەندییان دەستەبەر دەکات. خاڵی دووەمی شایانی باس ئەوەیە کە ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی جیهانی عیرفانیی شیعری مەحوی، شتێکە و باسکردنێکی ڕەخنەگرانەی جیهانی شیعری عیرفانیی مەحوی شتێکی ترە. لە باسی یەکەمدا، تۆ، وەك عاریفێك کە شیعری نووسیوە و بەبۆنەی شیعرەوە و لەسەر زمانی شیعر لە عیرفان دەدوێ ڕووبەڕووی مەحوی دەبیتەوە، بەڵام لە باسی دووەمدا مەحوی وەك شاعیرێك دەناسێنی کە لە شیعری خۆیدا هەندێ جار عاریفانە لە دنیای ڕوانیوە و هەندێ جاریش، دیسان هەر وەك شاعیر، بۆی هەبووە ئاوڕ لە عیرفان نەداتەوە و لە دەلاقەیەکی ترەوە لە جیهان بکۆڵێتەوە. بۆچوونی یەکەم کە مەحوی وەك عاریفێکی شیعرنووس سەیر دەکات ڕێگا لە هەر چەشنە خوێندنەوەیەك دەگرێ کە لە کەڵە گێڕانەوەی عیرفان نزیك نەبێتەوە، و بۆچوونی دووەم کە پێی وایە مەحوی شاعیرێکە کە وەك هەموو شاعیرێکی تر بۆی هەیە لە عیرفانیش بدوێت، باوەشی بۆ هەموو جۆرە خوێندنەوەیەك ئاواڵەیە، بەو مەرجەی لەگەڵ مەنتقی شیعری مەحویدا بگونجێ.

لێرەوەیە کە دەبێ بڵێین بۆ ناسینی پلەوپایە و نرخ و بەهای ڕاستەقینەی بەرهەمگەلی گرینگی ئەدەبی، دەشێ لەم ڕاستییە بگەین کە ئەم بەرهەمگەلە بەسەنگی مەحەکی گونجاوی خۆیان هەڵسەنگێنین و لە بری بەکارهێنانی پێوانەگەلێکی کۆن و لە برەوکەوتوو، با خەڵکانێکی زۆریش پەسندی بکەن، دەشێ پێوانەیەکی تازە و کارا بدۆزینەوە و لەم ڕێگەیەوە تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی خۆمان ڕووبەڕووی دەق بکەینەوە، نەك قەناعەتی گشتیی کۆمەڵێك بیری سواو و هزری پەککەوتەی کۆن پەسند، کە دەخوازن دەق هەمیشە بەتاکە مۆدێلێکی عامخوازانە بخوێندرێتەوە بۆ نموونە ئەو مۆدێلەی کە شیعری کلاسیکی کوردی بەدڵداری و عیرفانی و نیشتمانپەروەری و گاڵتەجاڕی و ... دابەش دەکات تا ئێستاش بەردێکی گەورە بووە لەسەر ڕێگای خوێندنەوەی دینامیك و زیندووی دەقی شیعری کلاسیك، و ئەو مۆدێلە هەمیشە داسەپاندنی پێش- گریمانەیەکی گشتگەرای لە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پاژبینانە پێ باشتر بووە.

دیارە سەردەمی نوێ و جیهانی ئەدەبیاتی مۆدێرن و چاخی ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبی، ئەوەمان لێ دەخوازن کە زەینی خۆمان لە قاوغی بیرۆکەی تاك- مۆدێل پەسندی لەمجۆرە داماڵین و لەسەر ئەم باوەڕ سوور بین کە شیعری کلاسیکی کوردی، وەك هەر

شیـعرێکـی ڕەسەنـی دیکـەی جیـهان، شایـانتر لـەوەیە کـە تـەنیـا لـە بـازنـەی یـەك شێوە تێڕوانیندا بمێنێتەوە.

مـەحوی لـەم غـەزەلـەدا چـەمکی «هیچ» دەکاتـە نـاوەنـدی قـورسـاییی فـۆرم و نـاوەرۆکـی شیعرەکەی و پاشان لەسەر هێڵی بازنەیەك کە بەدەوری ئەم ناوەندەدا دەیکێشێتەوە تێڕوانینی خۆی بۆ ئەم چەمکە لە دووتوێی دوو گوتاری بەڕواڵەت جیاوازدا ڕوون دەکاتـەوە. گـوتـاری یـەکـەم کـە لـە چـوار بـەیتی سـەرەتـای غـەزەلـەکـەدا لـەنـگـەری لـەسـەر دەگـرێ و دەکرێ وەك گوتاری «دینداران‌ی دژە دنیا» لێی– بڕوانین، و گوتاری دووەم کە لە چوار بـەیـتـی دوایـیـدا بـاسـی لـێ دەکـرێ و بـۆمـان هـەیـە وەکـو گـوتـاری «دڵـدارانـی ژیـانـخـوان» ناودێری بکەین. دوا بەیتی ئەم غەزەلەش هەڵبەت ئاماژەیەکە بەتوانایی داهێنەرانەی مەحوی، وەك شاعیر، کە پاشان لێی دەدوێین.

بەڵام با چەند پرسیارێك لە خۆمان بکەین و بڵێین ئەم دابەشکارییە بەپێی چ ئەسڵ و مەنتقێك لەم شیعرەدا هاتووەتە ئاراوە؟

یـان بـاشتره بپرسین، مـەحوی لـەم غـەزەلـەیدا چ تـەمهید و تـەکنیکێکی بـەکارهێنـاوە تـا منی خوێنەر بەم قەناعەتە بگەم کەوا دوو گوتار لە پێکهاتەی مانایی و فۆڕمیکی ئەم شیـعرەدا ئـامـادەن و ئـەم دوو گـوتـارەش لـە سـەرخـانـی شیعرەکـەدا لـێك جیـاوازن و لـە ژێرخاندا یەك دەگرنەوە و دەبن بەیەك گوتاری گەورەتر کە ئەم گوتارە بنچینەی باوەڕی شاعیر پێك دێنێ؟ ئایا مەحوی بۆ ئەم کارە تەنیا ڕووی لە ناوەرۆکی ڕستە و خەیاڵی ئیماژە شیعرییەکەی بووە، یاخود کارێکی داهینەرانەتر و شاعیرانەتری لەم تەمهیدە باوانە کردووە؟

من بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە سەرنجی خوێنەر بۆ وشەی «هیچ» ڕادەکێشم کە مەحوی وەك «ڕەدیف»ی غەزەلەکەی بەکاری هێناوە. بەوتەیەکی تر دەمەوێ بڵێم بۆ تێگەیشتن لە مانا و مەبەستی ئەو دابەشکارییەی ئاماژەم پێکرد، دەشێ ڕوومان لەو مانا و چەمکانە بێت کە مەحوی لە هەناوی وشەی «هیچ»دا چاندوونی و لە هەر بەشە و مـانـایـەکـی تـایـبـەتی لـێ هـەڵکڕاندوون. بـەڵام بـا بـەر لـەوەی بـەنـاخـی بـاسـی «هـیـچ» ناسانەماندا شۆڕبینەوە، ئاوڕێکی کورت لەو مانا باوەی «ڕەدیف» بدەینەوە کە لەنەریتی شیعری کلاسیکی فارسی و کوردیدا تا ئێستاش جێگر بووە، و مەحوی لەم غەزەلەدا زۆر زیرەکانە و لادەرانە خۆی لێ نەبان کردووە. لە شیعری کلاسیکدا زۆر کەم هەڵدەکەوێ

شاعیر وشەی «ڕەدیف»ی شیعرەکەی خۆی بەدوو یان چەند مانای جیاواز بەکاربێنێ، و لە تاقە مانایەکی زیاتری لە وشەی «ڕەدیف» نەخواستووە. بۆ نموونە، نالی لە غەزەلی «کە تۆی قیبلە،...»دا لەم ڕێسا باوەی شیعری کلاسیك بۆ شێوەی بەکارهێنانی «ڕەدیف» – لێرەدا وشەی «قوربان» ، کە لە سەرلەبەری شیعرەکەدا دەشێ تەنیا مانایەکی تاك و نەگۆڕ بەدەستەوە بدات، لای نەداوە:

کـە تـۆی قـیـبـلـە، دەمت سابـێنـە قـوربـان!

لـەسەر قـوبـلـە دڵـم مـەشکـێنـە قـوربـان!

وەرە بــنـــواڕە دوو دەستـــی حـــەنـــایـــم

حـەنـایـی چی؟ هـەموو خۆ خوێنە قوربان!

یان حافیزی شیرازی لەم غەزەلەیدا هەمان ڕێسای ڕەچاو کردووە:

دمی باغم بەسر بردن جهان یکسر نمی ارزد

بـەمـی بـفروش دلق ما کزین بـهتر نمی ارزد

بەکوی می فروشانش بەجامی برنمی گیرند

زهـی سجـادەی تـقـوا کـەیك ساغر نـمـی ارزد

بەڵام هەندێ جار هەڵکەوتووە هەندێ شاعیر ئەم یاسایەیان لەبەرچاو نەگرتووە و بەپێی پێداویستی لە بەیتێك یان لە چەند بەیتێکدا «ڕەدیف»-یان بەمانای جیاواز هێناوە، وەك ئەم شیعرەی حافیز:

روز هـــجـــران و شب فـــرقت یـــار آخر شد

زدم این فال و گذشت اختر و کار آخر شد

آن همـه نـاز و تـنـعـم کـه خزان میـفرمود

عـــاقـــبت در قـــدم بـــاد بـــهـــار آخر شد

کە لەم شیعرەدا هەموو ڕەدیفەکان، واتە «آخر شد» ، بەمانای «کۆتایی پێ هات» دێن جگە لە ڕەدیفی میسراعی دووەمی بەیتی یەکەم کە بەمانای «سەرگرتن» و «جێبەجێ» بوون هاتووە.

مەحوی لەم غەزەلەدا سەبارەت بەڕەدیفی «هیچ» ئەم ڕێسا شکێنییەی کردووە و «هیچ»

لە چوار بەیتی یەکەم و چوار بەیتی دووەم و تەنانەت تاك بەیتی دواییدا نەك هەر لە باری ماناییەوە، بەڵکو لە باری چەمکیشەوە خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێ. دیارە ئەو شتەی بەم باوەڕەمان دەگەیەنێ ئەو مانا و چەمکانەیە کە لە وشەی ڕەدیفی «هیچ» دا، لە هەر پاژێکی دابەشکراوی گریمانەیی خۆ بەدەستەوە دەدەن. لێرە بەدوا شۆڕبوونەوەمان بەناخی شیعرەکەدا و ڕووناکی خستنەسەر ئەو گوتارانەی باسمان کردن دەست پێ دەکات و سەرەتا با پاژی یەکەم، واتە چوار بەیتی سەرەتای غەزەلەکە شەنوکەو بکەین:

ئەم عەسرە، عەسر و وەقتە لە بۆ فاجیرێ لە هیچ

دینی نەکا ویقایە، حەیا نەیگرێ لە هیچ

مەحوی لە یەکەم بەیتی شیعرەکەیدا بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە بارودۆخی سەردەمی خۆی «ئەم عەسرە» دەڕوانێ و بەعەسرێکی لە قەڵەم دەدات کە خراپەکاران تێیدا سەرکەوتوون، ئەو خراپەکارانەی کە ئاین یان بینابییان– «دین» بەدوو مانا– لە هیچ شتێك ناپارێزن و لەم ئاکارەشیان شەرم نایانگرێ. ئەم ڕەخنەیە، واتە نەپاراستنی دین و تەریق نەبوونەوە لە هەمبەر ئەم کارە، ڕەخنەیەکە لە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگەی سەردەمی مەحوی دەگیرێ و ئاڕاستەی ڕەخنەکەش ڕووی لەو کەسانەیە کە وێ دەچێ دەسەڵاتدارانی خراپەکار (فاجیر) بن، چ ئەوانەی دەسەڵاتی ماددی و سیاسی کۆمەڵگەیان لە دەست دایە، چ ئەوانەش کەوا خاوەن دەسەڵاتی مانەوی و کولتووریی کۆمەڵگەن. ئەم ڕەخنەیە ڕەخنەی دیندارێکە کە خەمی لە کیس چوون و دۆڕاندنی پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئاینی بەکۆڵ داداوە، و لەم ڕووەوە ڕەخنە لە سەردەمی خۆی دەگرێ. کەواتە لە عەسری شاعیردا فاجیران خاوەن دەسەڵاتن– دەسەڵات بەمانای بەربڵاوی خۆی– و لە سەردەمی خراپەکارانیشدا پاراستنی دین ئەستەمە.

لە بەیتی دووەمدا مەحوی خۆی لە کاتی هەنووکە هەڵدەکەنێ و پێی وایە ئەم گەمەیە گەمەیەکی هەمیشەیی بووە و دەبێ:

دنیا بەکامی هیچ کەسانە هەمیشە دەم

هیچ ئەڵبەتە بەهیچ دەمێ نابڕێ لە هیچ

دیارە لێرەدا خوێنەری وردبین ناتوانێ خۆی لە هەمبەر وشەی «هیچ»دا، کە لەم دوو

بەیتەدا چوار جار بەکارهاتووە نەبان بکات، چونکی شاعیری داهێنەر بەبێ هۆ و لە خۆڕا و لە مەودایەکی هێندە کورتدا چوار جار لە تاقە یەك وشە کەڵك وەرناگرێ، مەگین ئەوەی مەبەستێکی ماناخوازانە یان جوانیناسانەی لە مێشکدا هەڵگرتبێ. دیارە مەحوی دەخوازێ لە ڕێگەی زەقکردنەوەی واژەی «هیچ»، لەبەرچاو و گوێی خوێنەرەوە و بیسەری شیعرەکەی «هیچێتی»ی سەردەمی خۆی چڕ و پڕتر و خەستوخۆڵتر بنوێنێ. لە بەیتی دووەمدا هیچ کەسان کە هەمان «فاجیر»ی بەیتی یەکەمە، بەکام وەرگرانی هەمیشەیی دنیا دێنە ئەژمار و مەحوی لەم بەیتەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ دەبینێ لە نێوان کامی دنیا و کەسی خراپەکاردا، و ناڕاستەوخۆش پێمان دەڵێ کە فاجیر بۆ گەیشتن بەکامی دنیا لە هیچ شتێك سڵ ناکات، و دیارە بەهیچ کلۆجێکیش دەست لەم خواستەی هەڵناگرێ و هیچ کاتێکیش کەڵکەڵەی ئەم ئەنجامەی لە کەللە دەرناچێ. کەواتە فاجیر بۆیە فاجیرە، چونکی بۆ گەیشتن بەچێژ و کامی دنیایی پشت لە دین دەکات و تەریق نابێتەوە، هەڵبەت بەباوەڕی دینداری ڕەخنەگری ڕاست گەڕاوە.

لێرەدا بەپشوویەکی درێژترەوە پرسیارێك لە خۆمان دەکەین و دەڵێین ئایا ئەو هێرشەی مەحوی دەیکاتە سەر ئەو «هیچانە»ی، کە تا سەر ئێسك ڕەشبینانە و دژە دین و بەپێچەوانەی بەرژەوەندی سەردەمن، بەرگری کردنە لە جیهانبینییەکی تایبەتی، بۆ نموونە جیهانبینیی ئیسلامی، یان ئایدۆلۆژییەکی مەزهەبی، وەك ئەشعەریگەری، یاخود «هیچ»ێکن کە لەپێناوی بەرگری کردن لە چەمکێکی گشتی وەك «کۆمەڵگە» یان «دینداری» و نیشاندانی ڕۆحی بەرپرسیاریەتیی شاعیر لە هەمبەر جوانیی ڕەسەنی خودایی و مانەوی و ئینسانییەکان ڕەخنەیان لێ دەگیرێ؟

مەحوی لەم پاژەی شیعرەکەدا کە وەك گوتمان لە زمان دیندارێکی ڕەخنەگرەوە قسان دەکات، ئەوەندەی خەمی گەندەڵ بوونی عەسر و زەمانە و داڕمانی ڕۆحی ڕاستیخوازیی دنیای بەگشتی لە دڵدایە، ئەوەندە خەمی تیاچوونی ئایدۆلۆژییەکی تایبەت، یان لە کزیدانی جیهانبینییەکی هەڵبژاردەی نییە.

لێرەدایە کە دەکرێ مەحوی وەك شاعیرێکی دینداری مەیلە و هیومانیستی (مرۆڤگەرایی) لە قەڵەم بدەین، بێ ئەوەی بمانەوێ خەسڵەتی عاریفانە و خواستی دینگەرایانە و بۆن و بەرامەی کوردانەی شیعرەکەشی لێ زەوت بکەین. مەحوی لەم شیعرە دەروەستی تاقە یەك ژێدەر و ئاخێزگەی فیکری– فەلسەفی (بابڵێین ئاینی ئیسلام

بەتەنیا) نەبووە تا دواجار شیعرەکەشی تەنیا لە بازنەی عیرفانی ئیسلامیدا ببەسترێتەوە، هەر چەند گومان لەوەش ناکەین کە ئەم شیعرانە ئی شاعیرێکی موسوڵمانی عیرفانگەرایە، بەڵام ئەو دەروەستییەی کە لەم شیعرەدا و بەتایبەت لە پاژی یەکەمیدا دەیبینین پتر لەوەی دەروەستییەکی دینی- عیرفانی بێت، ئیلتزامێکی فەلسەفی- فیکرییە. ئەو ئیلتیزام و دەروەستییەی کە مەحوی لەم شیعرەدا بۆ مرۆڤی بەرەوا دەزانێ ئەرکێکی قورسی بەرپرسیارەتییە لە هەمبەر عەسر و سەردەم و ئاین و کۆمەڵگە، تا لە سۆنگەی وەئەستۆگرتنی ئەرکێکی لەم دەستە عەسری فاجیران کۆتایی پێ بێت و هیچ کەسان دەستیان لە دەسەڵات کورت بێتەوە و دین بپارێزرێ و مرۆڤان لە زۆر شت حەیا بیانگرێ. لە بەیتی سێیەمدا مەحوی پەیوەندیی نێوان دونیا و مرۆڤ پتر شی دەکاتەوە:

دنیا کە هیچە، جوملە دەزانن، کەچی چ کەس

مەردانە بۆ خودا نییە دەس هەڵگرێ لە هیچ

لە دوو بەیتی سەرەتای پاژی یەکەمدا قورسایی ڕەخنەی مەحوی دەکەوتە سەر شانی «فاجیران» و «هیچ کەسان»، بەڵام لە بەیتی سێیەمدا مەحوی باس لە «جوملە» ، واتە هەموو کەس دەکات و بازنەی ڕەخنەکەی بەربڵاوتر دەکات و پێی وایە ئەوە دابڕان لە نێوان مرۆڤ و خودا دایە کە عەسری فاجیران و هیچ کەسان بەرهەم دێنێ. لێرەوە دەبینین مەحوی سەر لە بەری کۆمەڵگەی خۆی بەتاوانبار لە قەڵەم دەدات و «هیچێتی»، تەنیا هەر لە کام وەرگرتنی هیچ کەسان لە دنیا نابینێ، بەڵکو دەستهەڵنەگرتنی خەڵکانیش، پیاوانە و لەپێناوی خوادا، بە«هیچێتی» لە قەڵەم دەدات. ئالێرەوە دەکرێ دوانە لێکدژێکی گرینگ لەم پاژەی شیعری مەحویدا بدۆزینەوە، و ئەویش دوانە لێکدژی دنیا/ دین-ە لێرەدا داوا لە خوێنەرەوە دەکەم ئەم دوانە لێکدژەی لە بیر بمێنێت تا لە شوێنی خۆیدا باسی بێنینەوە گۆڕێ.

لە دوا بەیتی پاژەی یەکەمی ئەم غەزەلەدا، مەحوی ئەو شتەی کە بەکامی هیچ کەسانی دەبینێ و هەر لە بنەڕەتەوە، بەباوەڕی ئەو، لەم پاژەدا، هەر لە بنەڕەتەوە خۆی هیچە، واتە دنیا، دەداتە بەر شەق و باوەڕی وایە کە هەر ئەو شەقەش بۆ مرۆڤ سوودی هەیە کە بەر لە مەرگ لە هیچ هەڵدەدرێت. بەوتەیەکی تر پەیوەندییەك کە لە نێوان مرۆڤ و ژیاندا دەشێ هەبێت پێویستە پەیوەندییەك بێت کە لەسەر بنەمای خواستی دنیا خوازیدا

دانـەمـەزرابـێت. بـەزمـانـێکی دیکـە، ژیـان بـخـوازە، بـەڵام دنـیـا تـوور هـەڵدە. لێرەوەیـە کـە مەحوی تووشی پارادۆکسێك دەبێ و دەڵێ: «بژی بێ ئەوەی دنیات بوێ» مەحوی دابڕان لە نێوان مرۆڤ و خودا بە«هیچ» لە قەڵەم دەدات و بەبڕوای مەحویش ئەو شتەی ئەگەر و ئیمکانی ئەم دابڕانە دێنێتە ئاراوە پشت بەستن بە«دنیا»یە. لێرەوەیە کە جارێکی تر دەمەوێ بڵێم ئەو گوتارەی کە لەم چوار بەیتەی ئەم غەزەلەی مەحویدا خویا دەبێت، گوتاری گێڕەوە (راوی) «دینداری دژە دنیا»یە کە لەسەر دەستی باوەڕی دینی و لە هەمان کاتدا بەهەڵوێستی مەیلەو هیومانیستییەکی نەك هێندە تۆخ، ڕەخنە لە دۆخی کۆمەڵگە و کەشوهەوای سەردەمی خۆی دەگرێ. بۆ ئەوەی پاڵپشتێکی بەهێزتر بۆ ئەم بۆچوونەی خۆم دەستەبەر بکەم، لێرەدا بەپێویستی دەزانم بەراوردێك بکەم لە نێوان هەڵوێستی مەحوی لەم شیعرەدا و تێڕوانینی «ئالبێرت کامو» – کە دەزانین نوێنەر و دەنگی ئەدەبیی گەڕیانی فەلسەفی ئیگزیستانسیالیستەکانە– لە ڕۆمانی «تاعوون»–دا بۆ چەمکی «هیچ». هیوادارم خوێنەرەوە پێی وانەبێ لێرەدا خەریکم توانایی بینینی چاوی مەحوی، بەنسبەت توانایی ژنەفتنی ئالبێرت کامو هەڵدەسەنگێنم. ئەم هەڵسەنگاندنە سەنگ و سووك کردنی دوو بیرۆکەی جیاوازی دوو مرۆڤی ئەدیبە لەسەر یەك چەمك و بەس. ئیتر لێرەدا خۆماڵی و بیانی، کلاسیك و مۆدێرن، و شاعیر و ڕۆماننووس بوونم لا مەبەست و پێ گرینگ نییە.

«ئاندرێ مۆرۆوا» لە پێشەکیی ڕۆمانی «تاعوون»–دا و بۆ ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی وجوود گەرایانە و ئیگزیستانسیالی ئالبێرت کامو دەڵێ، پووچی نە لە ناخی مرۆڤ دایە و نە لە هەناوی دنیادا، بەڵکو لە پێکەوە ژیانی مرۆڤ و دنیا دایە. بەوتەیەکی ڕوونتر، لە کۆبوونەوەی نێوان مرۆڤ و دنیادایە کە پووچی لە دایك دەبێ. دیارە مرۆڤ ناچارە لەوەی لە نێو دنیا و لەگەڵ دنیادا بژی و هەر بۆیەش ناچارە لەوەی لە نێو پووچی و لەگەڵ پووچیدا ژیان بباتە سەر.

لای کاموو پووچی ناچارەکی بەسەر مرۆڤ و ژیانی مرۆڤدا دەسەپێ، تەنیا بەو هۆیەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکە لە نێو هەرا و هەنگامەکانی دنیادا دەژی. بەبڕوای کاموو پووچی لە ئاکامی ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان دەنگی ویژدانی مرۆڤ و بێدەنگیی مەنتیق هەڵنەگری جیهاندا لە دایك دەبێ. ئالێرەشەوەیە کە مرۆڤ لە ژیان دادەبڕێ و ئەمەش بەباوەڕی کاموو ڕێك هەمان هەستی بەپووچی کردنە.

ئـالـبـێرت کـامـوو پـێی وایـە، هـەمـیشە هـەندێك ڕەنگ و ڕواڵـەت هـەن کە هـەقیقـەت و واقیعەکان لە ئێمە دەشارنەوە، هەر کە بێت و دیواری ئەم ڕەنگ و ڕواڵەتانە تێك برمێ، هەستی پووچیش سەرەتاتکێ دەکات. مرۆڤی کامووییی مرۆڤێکە کە دەیەوێ دنیا بگۆڕێ، بەڵام بۆ گۆڕانی دنیا دەس لە دنیا وەرنادات– ئەو کارەی مرۆڤی مارکسی دەخوازێ بیکات، واتە دەس لە دنیا وەربدات– بەڵکو دەس لە دنیا دەشواتەوە. «مۆرسۆ» لە ڕۆمانی «نامۆ»دا دەیەوێ لە سۆنگەی کوشتنی خۆیەوە، ئەو دنیایەی کە نایخوازێ، بگۆڕێت. بۆیە یەکگرتنەوەی ژیان و مرۆڤ و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئاکامی دابڕانی نێوان ژیان و مرۆڤدا دێتە ئاراوە مرۆڤ دەشێ دەستبەرداری ژیان بێت. مرۆڤی کامووییی بەدەردی جەرگبڕ و هەمیشەییی بەردی سیزیۆفی زانیوە و چیتر تاقەتی بەکۆڵ دادانی ئەم خەمە تاقەت پڕووکێنەی نییە. «هیچ سزایەك مەترسیدارتر لە کاری بێهوودە و بێبەری لە ئومێد نییە».

هەست کردن بە بێهوودەیی و لە خۆڕایی بوونی ئەم هەموو ڕەنج و ئازارەی مرۆڤ دەیکێشێ، بەڕای کاموو، واتە دۆزینەوەی چارەنووسی مرۆڤ.

دواجار بەباوەڕی کاموو، مرۆڤ بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت دەشێ واز لە خودا بوون بێنێ. پیرۆزیی مرۆڤ لەوەدایە کە مرۆڤ وجوودی خۆی لە پیرۆزێتیی خوداوەندی دابماڵێ. کاموو لە ڕۆمانی «تاعوون»–دا پێمان دەڵێ: «مرۆڤی پیرۆز ئەو مرۆڤەیە ژیانی نێو مرۆڤەکانی پێ خۆش بێت» ، چونکە مرۆڤ لە بەرزترین ئاستی مرۆڤایەتیدا بۆی هەیە هەوێنی بچووکترین عەداڵەت و بەرابەری بێت و لە نزمترین ئاستی خوایەتیشدا دەکرێ بێتە مایەی گەورەترین زوڵموزۆر و نایەکسانی. مرۆڤی کاموو مرۆڤێکە وازی لە خودایەتی هێناوە و سوورە لەسەر ژیانی تژی لە ڕەنج و نائومێدی و ئامادەی دەس شوشتنەوەیە لە ژیان و جیهان.

دیارە مەحوی لەم پاژەی شیعرەکەیدا لەوەدا کە دنیا خواز نییە و بەنیازی گۆڕینی ڕوخساری دنیا و سەردەمی «فاجیر لەخۆگر» و «هیچ کەس پەسندە» ، لەگەڵ فەلسەفەی کاموو یەك دەگرێتەوە.

بەڵام ئایا مەحوییش وەك کاموو لە هیچی و پووچی دنیاوە بەهیچیی و پووچیی ژیان دەگات؟ ئایا ئەو شەقەی کە مەحوی لە «هیچ» (دنیا)ی هەڵدەدات دواجار وەبەر ژیانیش دەکەوێ؟ ئایا مەحوییش چەشنی کاموو، دەست شوشتنەوە لە جیهان (دەست هەڵگرتن لە

هیچ) دەیگەیەنێتە ئاستی دەست لە ژیان بەردان؟ ئەگەر مەحوی لەم پاژەی شیعرەکەیدا گوتارێکی دیندارانەی دژە دنیاییمان بۆ ڕەنگ ڕێژ دەکات، ئایا ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە بەرانبەر ژیاندا چ هەست و هەڵوێستێکی هەیە؟ ئەو مرۆڤەی مەحوی بەدوایدا دەگەڕێت و داوای لێ دەکات مەردانە لەپێناوی خوادا دەست لە ئەوکی دنیا بەردات و بەکامی دنیاوە نەنووسێ و و دنیاوەبەر شەق دات، داخۆ دەبێ چۆن ستراتیژییەك لە هەمبەر ژیاندا بگرێتەبەر؟ باشە مرۆڤی ئایدیالی مەحوی کە دەیەوێ دژی فاجیران و هیچ کەسان و دنیا خوازان دەنگ هەڵبڕێ و مەردانە بۆ خودا دەست لە «هیچ» بشواتەوە و دینی خۆی بپارێزێ و حەیا بیگرێ لە «هیچ» ، چ ڕێبازێك بۆ ژیان هەڵدەبژێرێ و چ شێوازێك بۆ مانەوە لە جیهاندا ڕەچاو دەکات؟ دیارە، وەك گوتمان، دەست شوشتنەوە لە دنیا بەباوەڕی مەحوی بەمانای تووڕهەڵدانی ژیان نییە، بەوتەیەکی تر لای مەحوی، بەپێچەوانەی باوەڕی ئیگزیستانسیالی کاموو، دوورکەوتنەوە لە دنیا بەمانای تەرەبوون لە ژیان نییە. ئێستا پرسیاری گرینگ ئەمەیە، مەحوی کە ناخوازێ دژی ژیان بوەستێتەوە، ئەی چۆن لەگەڵ ژیاندا هەڵسوکەوت دەکات؟ بەزمانێکی تر، مرۆڤی مەحوی دەیەوێ چۆن چۆنی ئەزموونی ژیان تاقی بکاتەوە؟ تووڕ هەڵنەدان و هەڵکردنی ئەو لەگەڵ ژیان هەڵگری چ مانا و مەبەستێکە؟ گەر مەحوی گۆڕانی دنیا، یان گۆڕانی عەسری فاجیران و هیچ کەسان بەپشت لە دنیا کردن و دەست شوشتنەوە لە دنیا لە قەڵەم دەدات، نەك دەستبەردار بوون لە ژیان، ئەو شتەی فەلسەفەی وجوودیی کاموو باوەڕی پێیەتی، باشە چلۆن دەخوازێ ئەم گۆڕانە بێنێتە دی؟ دەستبەردار نەبوونی ئەو لە ژیان هەڵگری چ مانایەکە؟ ئەو چلۆن دەیەوێ مەردانە بۆ خودا دەست لە دنیا هەڵگرێ؟ ئایا مرۆڤی مەحوی بۆ ئەم پرسیارانە وەڵامی بەدەستەوەیە؟ بۆ ئاوڕدانەوە لەم پرس و پرسیارە گەورە و گرینگانە دەشێ دەرگای پاژی دووەمی شیعری مەحوی بخەینە سەر گازەرای پشت و لەسەر شەنوکەو کردن و خوێندنەوەی شیعرەکەمان بەردەوام بین.

لە پاژەی دووەمی ئەم غەزەلەماندا کەشوهەوای گشتیی شیعرەکە گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەر دادێ و باس و خواسی ڕخنەگرانەی شاعیر لە هەمبەر عەسر و زەمانەی فاجیران و هیچ کەسان کۆتاییی پێ دێت و لە کتوپڕ بەسەر وەسفێکی دڵدارانەی ڕووتی ئاشقێك دادەکەوین کە وێ دەچێ کەمترین ئاگای لە هەلومەرجی جیهان و بارودۆخی کۆمەڵگە نەبێ. لەم پاژەدا جیهان لە ئۆبژێکتیویتەی (حاڵەتی عەینی) خۆی دادەماڵدرێ و دەبێتە

سوبژێکتیوتیەی (حاڵەتی زەینی) وجوودی شاعیر. بۆیە ئەگەر لە پاژی یەکەمدا دەکرا باس لە «هیچ کەسان» و «جوملە» (هەموو کەس) بکرێ و ڕەخنەیان لێ بگیرێ، لەم پاژەدا تەنیا باس لە «ماچی دەم» و «نازی قسە» و «میانی یار» دێتە گۆڕێ. بەوتەیەکی تر، لە پاژی یەکەمدا دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەچاو دەبینران و بەهزر شی دەکرانەوە، بەڵام لەم پاژەدا بابەتەکان لە خەیاڵدا دەگوڕێن و لەسەر دەستی وزەی هەست و ئیحساسی شاعیر خویا دەبن. کەواتە لە پاژی یەکەمدا عەقڵ و مەنتیقی هزرێکی ڕەخنەگر لە جیهان دەدوێت، کەچی لە پاژی دووەمدا هەست و خەیاڵی دڵێکی ئەڤیندار ڕاڤەی دنیا دەکات. دیارە دەکرێ بۆ هەر کام لەم پاژانە بەجیا چەندان تایبەتمەندیی تریش زیاد بکەین و لە فەرق و جیاوازییەکانیان پتر بدوێین، بەڵام ئەو شتەی لێرەدا بەلای منەوە گەلێ گرینگ و شایانی لێکۆڵینەوەیە ئەو سەرەداوە زۆر باریك و تا ڕادەیەك نەدیوەیە کە ئەم دوو پاژە بەڕواڵەت لێك جیاوازە، بەیەك دەبەستێتەوە و پەیوەندییەکی بابەتیانەیان لە نێواندا بەدی دێنێ. بەتەعبیرێکی تر، لێرەدا ئەو شتەی سەرنجی خوێنەرەوەی وردبین پتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ دۆزینەوەی دەلیلی ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەیە کە مەحوی لە فەزای پاژی دووەمدا هێناویەتە ئاراوە، بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە بەمانای دابڕانی یەکجارەکی لە فەزای پاژی یەکەم بێت. ئێمە وەك خوێنەرەوەی ئەم دەقەی مەحوی مافی خۆمانە لەم پرسیارە وردبینەوە کە ئایا مەحوی بەدیوی ئەو دیوی ئەم گۆڕانکارییەدا، مەبەستێکی مانا ناسانە و جوانیناسانەی هەبووە؟ ئایا پاساوێك بەدەستەوە دەدرێت کە بۆچی مەحوی باروبنەی شیعرەکەی لە کەشوهەوای ڕیالیزمێکی ڕەخنەگرانەوە بەرەو فەزای ڕۆمانتیسیزمێکی ئاشقانە تێکەوە دەپێچێ؟

وەك بەتێروتەسەلی لێی دواین مەحوی لە چوار بەیتی یەکەمی غەزەلەکەیدا (پاژی یەکەم) باسی لە دابڕانی نێوان مرۆڤ و خوا کرد و هۆی ئەم دابڕانەشی بەدەست هەڵنەگرتن لە دنیا، کە «هیچ»ە، لە قەڵەم دا. «هیچ» لەسەر لەبەری پاژی یەکەمی ئەم شیعرەدا، کە سەرجەم هەشت جار دووپات بووەتەوە، هەڵگری دەلالەتگەلی سەلبییە. چەمکی سەلبییەت کە لەم پاژەدا لە دەلالەتی ماناییی واژەی «هیچ» هەڵدەهێنجرێ لە سۆنگەی ئەو سەرچاوە و ژێدەرانەوەیە کە «هیچ» دەگەڕێتە بۆ سەریان و لەوێوە لێیان پاراو دەبێ. بۆ نموونە لە بەیتی دووەمی پاژی یەکەمدا:

دنیا بەکامی هیچکەسانە هەمیشە دەم

هیچ[١] ئەڵبەتە بەهیچ دەمێ نابڕێ لە هیچ[٢]

بەخوێندنەوەیەك لە خوێندنەوەكان «هیچ»ی ژمارە ١ دەگەڕێتەوە بۆ سەر «هیچ كەسان» و «هیچ»ی ژمارە ٢ بۆ سەر «دنیا». لەم ڕووەوە دەبینین لەم پاژەدا «هیچ» مانایەكی تەواو سەلبیی هەیە و شاعیر مۆركی ئەم واژەیە بەنێو چاوانی ئەو دیاردانەوە دەلكێنێ لە ڕوانگەی خۆیەوە بەناحەز و نگریس و نەشیاویان لە قەڵەم دەدات و ڕەخنەیان لێ دەگرێ و حاشایان لێ دەكات. بەڵام لە پاژی دووەمی ئەم شیعرەدا، مەحوی واز لە پەیوەندیی نێوان خودا- مرۆڤ دێنێ و دەچێتە سەر هێڵی پەیوەندیی نێوان من- یار. بەوتەیەكی تر، پاژی یەكەم پاژێكە كە لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و هێزێكی میتافیزیكیی وەك خودا دەدوێ و بەگوێرەی ئەم پەیوەندییەش ڕەخنە لە مرۆڤی هیچكەس دەگرێ و باس لە دەست هەڵگرتن و شەق هەڵدان لە دنیا دەكات، كەچی لە پاژی دووەمدا، پەیوەندیی نێوان ئاشق- یار دەكەوێتە بەرباس، و هەر بۆیە باسی بابەتی لە جۆری «ماچی دەم« و «ئاوی زیندەگی» و «شاهی عیشق» دەكرێ و هەوێنی دوان لە بری ڕەخنەگرتن و سەلبی ڕوانین، پەسندكردن و ئیجابی نرخاندنە. هەر بۆیە، ڕێك بەپێچەوانەی پاژی یەكەمی غەزەلەكە، لە پاژی دووەمدا، دالی «هیچ» هەڵگری كۆمەڵێك مەدلوولی ئیجابییە، و تەنانەت سەرچاوەی هەموو «هیچەكان» لەم پاژەدا، كە پێنج جار دووپات دەبنەوە، ئەو واژانەن كە پەسند و دڵخوازی شاعیرن، بۆ وێنە

دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بەدەشت و شار

دنیایەك ئاوی زیندەگی و دەرخرێ لە هیچ

كە «هیچ» لەم بەیتەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر «دەم»ی یار.

لێرەوە بەم ئاكامە دەگەین كە مەحوی لەسەر دەستی یەك كەرەسەی شیعری، واتە وشەی «هیچ»، دوو فەزای تەواو جیاوازی بەپاژی یەكەم و دووەمی شیعرەكەی بەخشیوە، و لەم ڕێگایەوە خوێنەرەوەی تووشی سەرسووڕمانی خوێنەرەوانە كردووە كە چۆنە ئەو «هیچ»ەی كە لە پاژی یەكەمدا هێندە هیچ بوو، لە پاژی دووەمدا لە ناكاو بوو بەهەموو شتێك. مەحوی تەنانەت بۆ خەستوخۆڵتر كردنی باری تەكنیكیی ئەم فرتوفێڵە شاعیرانەیەی ئەم كایەیەی بەوشەی «دنیا»ش كردووە:

دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بەدەشت و شار

دنیایەك ئاوی زیندەگی و دەرخرێ لە هیچ

«دنیا» کە لە پاژی یەکەمدا هیچ بوو و شەقی تیّ هەڵدەدرا، لەم بەیتەی پاژی دووەمی شیعرەکەدا ئاوی ژیانی لیّ دەچۆڕیّ و ئاماژەیە بۆ نازی قسەی یار. ئەم شێوە کارکردنە بەوشەکان پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە مەحوی لە ڕوانگەیەکی ڕەهای میتافیزیکی و بەمەنتیقێکی ویشکی فەلسەفی و لەسەر دەستی دەمارگرژییەکی ئایدۆلۆژیك لە جیهان و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا، و مرۆڤ و مرۆڤ ناڕوانیّ و دیاردەکانی دنیا لە نێو تاقە یەك بۆتەی تاقیکاریی تایبەتدا قاڵ ناکاتەوە. مەحوی کە لە پاژی یەکەمدا لە دیدی دینداریێکی دژە دنیاوە باس لە جیهان دەکات و مانای سەلبی بەچەمکی «هیچ» دەبەخشیّ، لە پاژی دووەمدا لە ڕوانگەی دڵداریێکی ژیان خوازەوە لە دنیا دەڕوانیّ و دەلالەتی ئیجابی بۆ «هیچ» دیاری دەکات.

«هیچ» لە زەمینەی عەسری فاجیران و هیچ کەساندا »هیچ»ێکی ڕەش و تاریکە و هێمای جیهانێکە سیخناخ بەدڵەڕاوکەی مەرگ، بەڵام لە زەمینەی ماچی دەم و نازی قسە و میانی یاردا کە شاهی عیشقە، «هیچ»ێکی سپی و ڕووناکە و نیشانەی دنیایەکە تژی لە کەڵکەڵەی ژیان. ئەو «دنیا»یەی بەکامی هیچ کەسانە کانیاوی حەیای تێدا وشك دەبێت و ئەو «دنیا»یەی نازی قسەی یاری پڕ بەدەشت و شارە، ئاوی زیندەگیی لیّ هەڵدەقولیّ.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەم ڕاستییە بۆ خوێنەرەوەی شیعری کلاسیکی بدرکێنم کە زێدە وەسف "إغراق" لەمەڕ باریك لەقەڵەمدانی کەمەر یان میانی یار، نەك هەر تا ڕادەی تاڵەموویەك، بەڵکو تا ئاستی «هیچ»، یان بچووك وێناکردنی دەمی یار تا ئەندازەی هیچ، لە شیعری کلاسیکی فارسیدا مێژینەیەکی دوور و درێژی هەیە. بۆ نموونە خواجوی کرمانی هەشت سەدە لەمەوبەر گوتوویەتی:

شدیم همچو میانت، نحیف و نتوان گفت
کە نیست باکمرت هیچ درمیان مارا

یان حافیزی شیرازی هەر سەبارەت بەمیانی یار دەڵیّ:

میان او کە خدا آفریدە است از هیچ
دقیقە ایست کە هیچ آفریدە نگشادەست

یان هەر حافیز وەك زێدە وەسفی یار دەڵیّ:

چـون وصف دهـــان تــوکــنـم زآنکه   آفاق
مـن هــيــچ نـديـدم بـه لـطـافت چـو دهــانت

يان لەم بەيتەدا كە هەر ديسان حافيز باسی دەم و ميانی ياری پێكەوە كردووە:

هـيــچ است آن  دهـــان و نـبـيـنـم از او نشان
مويست آن ميان و ندانم كه آن چەموست

ديارە مەحوی وەك شاعيرێكی كلاسيكی كە لە ناو كەشوهەوای نەريتی شيعريی كلاسيكی فارسی و عەرەبيدا هەناسەی داوە و خوێنەرەوەيەكی وردبينی ئەم بوارە بووە، ئاگای لەم ووردەكارييانەی شاعيرانی كلاسيكی بەر لە خۆی بووە، و هەر تەنيا بەراوردێكی بچووكی نێوان ئەو بەيتانەی سەرەوەی خواجو و حافيز و ئەو بەيتانەی مەحوی لە پاژی دووەمدا ئەم هەقيقەتەمان بۆ ئاشكرا دەكات كە مەحوی لەم غەزەلەدا پشتی بەو شوبهاندن و وێناندنە كلاسيكييانەی پێش خۆی بەستووە و ڕێبازی ئەوانی درێژە داوە. بەڵام ئەو شتەی لەم شيعرەدا گرينگە و شايانی شيكردنەوەيە و تا ڕادەيەك مەحوی لە نەريتی شيعری كلاسيكی پێش خۆی جيا دەكاتەوە و شەقڵی تايبەتی و شێوازی شيعری مەحويی پێوە ديارە ئەو مەبەستە جوانی ناسانەيە كە لە شێوەی بەكارهێنانی چەمكی «هيچ» بۆ دەم و ميانی ياردا هەستی پێ دەكرێ، مەبەستێك كە تەنيا لە شوبهاندنێكی ڕووتی شاعيرانەدا چڕ نابێتەوە، بەڵكو لە پشت ئەم شوبهاندن و جوانكارييە هونەرييەوە مانا و دەلالەتێكی قووڵی فەلسەفی خۆی مەڵاس داوە، بەو مەرجەی واتای «هيچ» لەم بەيتانەدا كە باسی دەم و ميانی يار دەكەن، بلكێنينەوە بەواتای «هيچ» لە پاژی يەكەمدا، كە وەك گوتمان، هەڵگری گەلێ لايەنی سەلبی بوو. بۆ نموونە ئەگەر «هيچ» لەم شيعرەی مەحويدا و لە بەيتێكی وەك:

ديققەت كە، غەيری ڕوشتەيی جان و ميانی يار
ڕوشتەم نەديوە ئەمن مەحوی، بادرێ لە هيچ

تەنيا بەمانای ئاسايی خۆی و بێ پەيوەندی لەگەڵ «هيچ»ەكانی تری پاژی يەكەم، كە سەرلەبەريان دژی مانای «هيچ»ی ئەم بەيتەن، هاتبايە، ئەوە لە بەراورد دەگەڵ «هيچ»ی ئەم بەيتەی خواجوی كرمانی–دا، لە باری جوانی و ناوەرۆكەوە هيچی بەهيچ نەدەكرد:

ازمـیـانش چـون سر مـویی ندیدم در وجود

هیچ اگر خواهی نوشتن مختصر باید نوشت

بەڵام «هیچ» لەم بەیتەی مەحویدا جگە لە مانای ئاساییی خۆی و ئەو جوانییە ناوەکییەی کە بەم بەیتەی بەخشیوە، لە سۆنگەی پەیوەندیشی لەگەڵ «هیچ»ەکانی پاژی یەکەمی غەزەلەکە خاوەن جوانییەکی دەرەکیشە کە لە سەرلەبەری تانوپۆی شیعرەکەدا تەنراوە.

***

«... کەواتە تۆ ئێستا لە خودای خۆت تووڕەی، خەریکە لێی یاخی دەبی...

ئالیۆشا ماوەیەکی زۆر لە ڕاکیتین ڕاما و لێی ڕوانی، و ڕووناکاییەکی لە ناکاو لە چاویدا درەوشایەوە... بەڵام لەبەر ڕق هەڵگرتن لە ڕاکیتین.

پاشان لە کتوپڕ بزەیەکی بەزۆریی هێنایە سەر لێوی و گوتی:

– لە خودای خۆم یاخی نابم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەم دنیایەشی قبووڵ ناکەم.»

(ڕۆمـانـی «بـرایـانـی کـارامـازۆف». فـێردۆر داسـتـایـۆڤسکی، وەرگێڕانی بۆ فارسی ساڵح حسێنی، ل ٤٧٨)

مەحوی وەك شاعیر کە بۆی هەیە لە دەلاقەی گوتاری شیعرییەوە ڕەخنە لە هەلومەرجی وجوودیی ئەو جیهانە بگرێ کە تێیدا دەژی، ئالیۆشا گوتەنی دنیای خودای بەو شێوەیە کـە خـۆی وەسف و وێنـای دەکـات، کـە دیـارە ئـاوێنـەیـەکی واقـیـع نـوێنی بـارودۆخی کۆمەڵگەی ئینسانی و هەلومەرجی جیهانی سەردەمی خۆیەتی، قبووڵ نییە و ئەگەرچی ئەم قبووڵ نەکردن و حاشاکردنەی لە دنیا ناچێتە چوارچێوەی گوتارێکی لە جۆری ئەو نیهیلیزمە زەق و زۆپە ڕووسیاییەی سەدەی نۆزدە کە ئالیۆشا لە ڕۆمانی «برایانی کارامازۆف»دا ئاماژەی پێ دەکات، هەر چەند ئالیۆشا کارامازۆف لەم ڕۆمانەدا خۆی کەسایەتییەکی ئاینپەروەر و خواپەرستە، بەڵام هەر ئەوەندەی کە مەحوی بەردەوام نـاڕاستـەوخـۆ هـێمـای ئـەم قـبـووڵ نـەکردن و ڕەخـنـەگرتـنـە لـە زەمـانـە و عـەسری هـیـچ کەسانمان بەردەوام دەخاتە بەردەست، خۆی شاهێدێکی بەهێز و حاشا هەڵنەگرە، بۆ ئەم تێبینییەی ئێمە. ڕەخنەی مەحوی لە دیندارانی ڕووپاماڵ و ئاینپەروەرانی ڕیاباز و واعیزانی زمان لووس و مێزەر بەسەرانی مێشك وشك بەرلەوەی هەڵگری ڕەهەندێکی

ڕەخنەگرانە بێت لە بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی مەحوی تێیدا ژیاوە، دەربڕی ئەو ئیلتیزام و دەروەستییە فەلسەفی و وجوودییەیە کە مەحوی لە هەمبەر ڕوونکردنەوەی هەقیقەتەکانی جیهان و بەرهەمهێنانی ئەخلاقی مرۆڤایەتی هەستی پێ کردووە:

زوبانی واعیزی بێ دڵ درێژە دەرهەق ئەهلی دڵ
بەجێشە غەیری ئەو مل پانە کێ بێ هەڵگرێ ئۆباڵ

ئەمڕۆ لەکن زەمانە هونەر بووەتە قەشمەری
شێری ژیانی بۆ چییە، مەیموونییە گەرەك

عەجیبم دێ لە عەقڵی ئەو کەسەی وا تێ دەگا مەردە
کەچی وەك خان و خانم دائیما دڵخۆش و بێ دەردە

مەحوی تەنانەت لە ڕێبازی ئەم گوتارە ڕەخنەگرانەیەدا کەسایەتیی مەلایانەی خۆشی ناپارێزێ و بەزمانێکی تێکەڵ بەتووڕەیی و بەتەنز و توانج حاشا لەو هێمایە دەکات کە ئەو وەك پیاوی دین دەنوێنێ:

بەرپێی ئەوم، بەمێزەرەوە، سەرکەنا، وتی:
«مەحوی» تەمایە بمخەڵەتێنێ بەتووری پووت
لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ زوننارى زوڵفی یار
وەکو شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چبکەم؟!

مەحوی لە بەرانبەر ئەو جیهانەی کە ئەو بەجیهانی واعیزانی بێ دڵی مل پان و فاجیرانی دین نەپارێز و هیچ کەسانی بەکامی دنیاوە نووساو و خان و خانمانی دائیما دڵخۆش و بێ دەرد ناوی دێنێ، جیهانێکی ئارمانخوانە و یوتۆپیکیutopic world دڵخوازی خۆشیمان پێ نیشان دەدات نەك هەر وەك ئەلترناتیڤێك (هەڵبژاردە) بۆ ئەو جیهانە دزێو و هیچەی کە بەردەوام ڕمی ڕەخنەی لێ دەوەشێنێ، بەڵکو وەك تاقە ئیمکان و ئەگەرێکی بوون لێی دەڕوانێ کە شایانی ئەوەیە سێبەری بەسەر جیهاندا بکشێ و لە بۆتەی هەناوی مرۆڤاندا قاڵ بێتەوە.

ئەم جیهانە یوتۆپیکەی مەحوی چ نییە جگە لە جیهانی دڵ و عیشق و مەحەببەت:

گەر ئاگری مەحەببەتی شك بەم لە دۆزەخا

ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەننەت دەکەم حەرام

لەم دێڕە شیعرەدا گوتاری دین گەرایی کە لەسەر دەستی واژەیلی «دۆزەخ» و «جەننەت» و «حەرام» دا زەق دەبێتەوە لەپێناوی مەحەببەتدا، لە ڕۆحی ئاینی و گیانی شەرعی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە، بەم چەشنە شاعیر دەخوازێ پێمان بڵێ ژیان بێ حەڵاڵ و حەرام دەگونجێ لە ئارا دابێ، بەڵام بێ مەحەببەت مەحاڵە، گەرچی لە ئاماژە کردن بەم خاڵە سڵ ناکەم کە دیارە مەحوی هیچ کات مەبەستی دامەزراندنی دنیای بێبەری لە گوتاری دینی نییە، بەڵام هەمیشەش لەسەر ڕۆنانی جیهانێکی تژی لە مەحەببەتی مرۆڤایەتی سوور و پێداگرە.

مەحوی ئەوەندەی بۆ فێڵی واعیزان لە هەرای دەدات و دەستی فاجیران ڕوو دەکات و گاڵتەی بەخواپەرستانی ڕووبین و مەراییکەر دێت، ئەوەندەش لە خەمی عاشقانی بێ سووچ و دڵدارانی داماو و ئەهلی دڵی شەهید دایە:

دەبـیـنـم ئـەهـلـی دڵ یـا سەنـگـەسارە، یـا لـەسەر دارە

دیاری عیشق ئەگەر ساغت دەوێ، هەر دارە هەر بەردە

مەحوی ئەم خەمە قورسەی لەو سۆنگەیەوە لە دڵدایە کە خۆی ئەزموونی «سەر بەدەرد» بوونی ئاشقێکی قانیعی نەك هەر تاقی کردووەتەوە، بەڵکو کردوویەتی بەهەوێنی هەرمانی ژیانیشی:

بـەشمـە پـێی قـانـیـعم، بەسمە داغ و دەردی سەرمـەدی

سەر بـەدەردیـن ئـێمـە، بـێ دەردی لـە ئـێمـە سەرمـەدە

ئاشقێکی قانیعی هەمیشە چاوەڕێ و دڵ دەرهاتووی ژیانی نەهاتی:

دڵم دەرهات و تۆ هەر دەرنەهاتی

نەهاتی، هەر نەهاتی، هەر نەهاتی

ئەم خەون و خولیا یوتۆپیك و ئامانجخوازانەیەی مەحوی دیارە لەپێناوی ئەوە دایە کە ژیان و جیهانی مرۆڤان شایانی شانی وجوودی ڕاستەقینەی ئینسان بێت، ئینسان بەمانای عامی خۆی، لە دۆستی گیانی بەگیانییەوە بیگرە تا دوژمنی تینوو بەخوێنی سەر:

دەستم دەویٚ سواوی ئەسەف، دیدە کەیلی ئەشك

یاڕەبی بەدوژمنیشی نەدەی دەست و چاوی ساغ

بیرۆکەی هیومانیستانەی لەم چەشنە تەنیا لە عەقڵی مرۆڤێك دەوەشێتەوە کە باوەڕی بەپێکەوە هەڵکردنی مرۆڤەکان بێ، ئەویش تەنیا لە ژێر سەیوانی عیشق و مەحەببەتدا. مەحوی لە جیهانی یۆتۆپیکی خۆیدا، وەك پادشەهی عیشق، بەردەنگانی گوتاری شیعریی خۆی، لە ڕێگای «داغی جنوون»ەوە کە تاجی سەری شاهێتییە بەئادابی مەحەببەت ئاشنا دەکات:

سووتانی بەبێ دەنگییە ئادابی مەحەببەت

وەك بولبول ئەم ئەفغانە بەپەروانە حەرامە

من پادشەهی عیشقم، و هەر داغی جنوونم

تاجی سەرە، باقی کە لە دێوانە حەرامە

ئێستا ئەگەر لە دەلاقەی ئەم غەزەلە بەردەستەی مەحوییەوە لەم ڕوانین و ڕوانگە گشتییەی گوتاری شیعری وردبینەوە، دەبینین پاژی یەکەمی ئەم شیعرە وێنا کردنی هەر ئەو دنیا نگریس و ناحەزەیە کە مەحوی بەردەوام ڕەخنەی لێ دەگرێ و بە«هیچ»ی لە قەڵەم دەدات و بەشایانی وەبەرشەق هەڵدانی دەزانێ. کەواتە مەحوی لەو شوێنەی دنیا بەمەیدانی ڕمبازێن و غارغارێن و جووتە وەشاندنی فاجیران و هیچ کەسان و واعیزان و زاهیدانی دەبینێ ئەو دنیایەی پێ هیچە و «هیچ»یش بەمانایەکی تەواو سەلبی بەکاردێنێ، بەڵام کەژوانگەی ئاشقان و ڕێڕەوانی ڕێگەی مەحەببەت دەبینێ، هەر لەو دنیایەدا «ئاوی زیندەگی» دەدۆزێتەوە و بەدوای دەمی یاردا دەگەڕێ کە هەر چەند هیچە، بەمانای ئیجابیی خۆی کە ئەوپەڕی بچووکیی دەم دەگەیەنێت و دیارە ئەمەش جوانترین وەسفە بۆ دەم، بەڵام نازی قسەی هەموو دنیای تەنیوە. لە ژێر تیشکی خوێندنەوەیەکی لەمجۆرە دایە کە دەکرێ پاساوێکی ڕەخنەگرانە و بەپێی مەنتیقی دەقی ئەم غەزەلە بۆ ئەو دابڕانە لە کتوپڕە بدۆزینەوە کە لە نێوان پاژی یەکەم و دووەمی ئەم غەزەلەدا هاتووەتە ئاراوە. کەواتە ئەم دابڕانە، دابڕانێکە بۆ لە بەرانبەر یەکدانانی دوو جیهانی دژ بەیەك: جیهانی فاجیران و جیهانی ئاشقان، ئەو جیهانەی کە خوا تێیدا تووڕ هەڵدراوە و ئەو جیهانەی کە عیشق تێیدا ڕەگی داکوتاوە. لە جیهانی یەکەمدا باس لە خوا دەکرێ، چونکە خودا لەم جیهانەدا بەشێوەیەکی میکانیکی لە گیانی فاجیراندا بوونی

هەیە و کپ کەوتووە، لە جیهانی دووەمدا باس لە خوا ناکرێ، چونکە خودا لەم جیهانەدا بەشێوەیەکی دینامیکی دەژی و لە ڕۆحی ئاشقاندا لە گەڕدایە.

لە پاژی یەکەمی شیعرەکەدا، لە ژێر خانی دەلالەتیی زاراوە و دەستەواژەکاندا وەك: حەیاگرتن، لە هیچ برین، شەق هەڵدان، چەمکەیلی توندوتیژی و هەڕەشە و گوڕەشە و مەرگ و تیاچوون خۆیان حەشارداوە، کەچی لە هەناوی مانایی ناو و کارەکانی پاژی دووەمدا لە جۆری: ماچی دەم، نازی قسە، ئاوی زیندەگی، واتا گەلێکی وەك نەرمونیانی، هومێدبەخشین، ژیان و بووژانەوە خویا دەبن. لێرەدایە کە دەبێ باسی ئەو شتە بکەین کە لە سەرەتای وتارەکەدا ئاماژەم پێ کرد و بەڵێنی ڕوونتر کردنەوەی بابەتەکەیمان بەخوێنەرەوەدا، و ئەویش ئەو دوو گوتارە بوو کە گوتمان بەڕواڵەت لێك جیاوازن و لەم شیعرەدا ئامادەن، واتە گوتاری پاژی یەکەم کە گوتاری «دیندارانی دژە دنیا» بوو و گوتاری پاژی دووەم کە بەگوتاری «ئاشقانی دنیا خواز» لە قەڵەم درا. پێموایە، ئێستا خوێنەرەوە دوای ئەو ڕێگە دوور و درێژەی کە لەم وتارەدا لە گەڵمی بڕی، بەم قەناعەتە گەیشتبێت کە لە ڕاستیدا ئەم دوو گوتارە لەم شیعرەدا بەڕواڵەت لە یەك جودان و لە ڕاستیدا هەر یەك گوتارن، یان باشترە بڵێین هەر گوتاری تاکە یەك جیهانبینی و باوەڕن. جیهانبینییەك کە لە شوێنی خۆیدا دنیای خودای خۆی قبووڵ ناکات و بەتۆزی مەرگی لە قەڵەم دەدات، و لە کات و سەردەمی گونجاوی خۆیشیدا، هەر چەند کاتێکی دوورە دەست و سەردەمێکی یوتۆپیك بێت، خوا لە هەناوی ئاشقی خۆیدا دەتوێنێتەوە و دنیاکەی بەئاوی زیندەگی دەزانێ.

لێرەدا و وەك گوڵاوپژانی کۆتایی وتارەکە، بەپێویستی دەزانم ئاوڕێکیش لە دوایین بەیتی ئەم غەزەلە بدەینەوە کە دەکرێ وك پاژی سێیەمی شیعرەکە بیهێنینە ئەژمار. لەم دێڕە شیعرەدا، وێ دەچێ مەحوی مەبەستی لە «هیچ» غەزەلەکەی خۆی بێ کە پێی وایە دوڕناسی شیعر گەر بیبینێت سەری سووڕ دەمێنێ و دەڵێ، ئەوە کییە توانیوێتی ئەو هەموو گەوهەرە، واتە ئەو هەموو مانا ورد و جوانەی نێو دنیای شیعرەکە، لە «هیچ»، واتە لەو غەزەلە وەربگرێ. لێرەدا دژوازی یان پارادۆکسێکی وردی شیعری بۆ خوینەرەوە ڕوون دەبێتەوە و ئەویش «لە هیچ ڕوانین» و دوا بەدوای ئەو «لە هیچدا گەوهەر بینین»ە، واتە «هیچ»ێك کە هەڵگری «هەموو شتێك»ە، گەر وا گریمان بکەین کە گەوهەری ئەم شیعرە هەموو شتێکی ئەم شیعرەیە. خاڵی سەرنجڕاکێش کە لەم بەیتەدا وێ دەچێ

مەحوی زۆر وشیارانە و بەئاگادارییەوە باسی کردبێت ئەم ڕاستییەیە کە پەی بردن بەپارادۆکسێکی لەم دەستە، تەنیا کاری دوڕناسی شیعرە، نەك خوێنەرەوەیەکی ئاسایی. بێگومان مەحوی لەم شێوە وردبینانە و ناڕاستەوخۆ ئاماژە پێکردنە بەنرخی شیعری خۆی مەبەستێکی مەعریفەناسانەی بووە، کە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن لە هەر شیعرێك دەشێ لە سەنگی مەحەکی شایانی ئەو شیعرە بۆ هەڵسەنگاندن کەڵك وەربگیرێ و خاوەن سەنگی مەحەکی شایان بۆ ئەم غەزەلەی مەحوییش، دوڕشوناسی شیعرە. گەر لە تۆنی قسەی ئەو دوڕشوناسە شیعرەی کە چاوی بەغەزەلەکەی مەحوی دەکەوێت، وردبینەوە، دەبینین حاڵەتی پرسیارکردنێکی تێکەڵ بەسەرسووڕمانی هەیە:

چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دوڕشوناسی شیعر

کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ (؟!)

واتە تەنانەت دوڕشناسی شیعریش لە خوێندنەوەی ئەم غەزەلە تووشی سەرسووڕمان و واق وڕمان بووە، وەك ئەوەی بڵێی لە هەمان کاتدا کە بەزۆر نهێنی ئەم شیعرەی پەی بردووە تا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە پێی وابێت ئەو هەموو گەوهەرە لە «هیچ»ەوە وەرگیراوە، لەم ڕاستییەش ئاگادارە کە هێشتا زۆر وردە گەوهەری تر ماوە کە نەیتوانیوە بیاندۆزێتەوە و بیانخاتە سەر خەرمانەی گەوهەرەکانی پێشووی ئەم غەزەلە گەر بێت و لە بازنەی ئەم دێرە شیعرە کە پاژی سێیەمی غەزەلەکە پێك دێنێ بێنە دەرێ و وای لێك بدەینەوە کە مەبەستی دوڕشوناسی شیعر لە «هیچ» سەرلەبەری ئەو هیچانەیە کە وەك «ڕەدیف»ی غەزەلەکە بەکار هاتوون، دیارە ئەم بۆچوونە ئاماژە کردنە بەو کایە کردن و فۆڕم بازییانەی کە مەحوی بەدال و مەدلوولەکانی واژەی «هیچ» کردوویەتی، ئەویش لە سەرتاسەری جەستە و پێکهاتەی شیعرەکەدا، ئەو شتەی کە ئێمە هەوڵمان دا لە تاوتوێ کردنی پاژەکانی ئەم شیعرەدا تۆزێك لێیان بدوێین. ئالێرەدایە کە بەحوکمی ئەم سەرنجەی دواییمان دەکرێ بڵێین لەم غەزەلەدا «هیچ» بەهیچ کلۆجێك لە بازنەی تاقە یەك مانای لە قالب– دراوی داخراودا نابەسترێتەوە. ئاماژەی «ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ» ڕێك بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لە دالی «هیچ» تەنیا گەوهەری یەك مەدلوول وەرنەگیراوە، بەڵکو گەوهەری چەندان مەدلوولی لێ بەرهەم هاتووە. دوا خاڵێك کە دەکرێت لەم دێرە شیعرەدا باسی لێ بکەین نیشاندانی گەلێ شاعیرانەی دەسەڵاتی خاوەند ئاسایانەی مەحوی خۆیەتی بۆ خولقاندنی «گەوهەر» لە «هیچ». داستایۆڤسکی

گوتەنی: «تەنیا خوا دەزانیٚ لە «هیچ» شتیٚك بخولٚقیٚنیٚ.» (برایانی کارامازۆف، ل ١٠٤٢). مەحوی لەم شیعرەدا، هەر تەنیا خولٚقیٚنەری ڕووت نییە، هەر تەنیا لە «هیچ» چەند گەوهەریٚکی پڕباق و بریق، بەلاٚم سارد و سڕی نەخولقاندووە، بەلٚکو ئەم گەوهەرانەی لە خەزیٚنەی ڕۆحی غەزەلیدا پاراستووە و بەئاوی مەحەببەتی واژەکان شوشتوونی و وەك جوانترین دەسکردی خواوەندیی خۆی، پیٚشکەش بەئەڤیندارانی شیعر و هەقیقەتیان دەکات. ئەم گەوهەرە نایابانە چین جگە لە ڕوخسارەکانی عیشق، لە جیلوەکانی خۆشەویستی.

داستایۆڤسکی لە «برایانی کارامازۆف»-دا جاریٚکی تر بەدەنگیٚکی بەرز دەلٚیٚ: «عیشق لە هیچ ناخولٚقیٚندریٚ. تەنیا خوا دەزانیٚ لە «هیچ» شتیٚك بخولٚقیٚنیٚ.» مەحوی لە غەزەلی «هیچ»دا هیٚواش و بەحورمەتەوە وەلاٚمی دەداتەوە و دەبیٚژیٚ:

چاوی کەویٚ کە بەم غەزەلەم دوڕشوناسی شیعر
کیٚ بیٚ دەلٚیٚ ئەمەندە گوهەر وەرگریٚ لە هیچ

گەلاٚڕیٚزانی ١٣٨٤

نوامبری ٢٠٠٥

# چاوی «مەحبووبە» لە غەزەلی نالی-دا

## لێدوانێکە لەسەر شیعری نالی

سەرەتا شیعرەکە بەدەستەوە ئەدەم بۆ ئێوە و بەتایبەت ئەو شتەی کە من زۆرم مەبەستە، ئەوەیە کە هەڵەکان، یاخود تێبینییە نادروستەکانی ڕەحمەتی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی لەسەر ئەو شیعرانە ڕوون بکەمەوە. دیارە بەو پێش فەڕزەوە ئەو قسەیە دەکەم کە ئەمەگداری لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانیم. مەمنوونی کەسێکی وەك ئەوانم کە ئەو دیوانەیان بۆ من شەرح و تەفسیر کردووە و تەنانەت ڕێگای ئەوەیان بەمن داوە کە زیاتر لەسەر ئەو دیوانە قسە بکەم و بەو پێیە شتێکی سروشتیشە بەسەر هەڵەکانیاندا بچمەوە و بەتایبەت لەم غەزەلەدا کە من بەسەر هەڵەی زۆر زەقی ئەواندا کەوتووم، پێم خۆشە لە تێڕوانینی خۆمەوە ڕاستکردنەوەیەکم هەبێ. ئەوەش بڵێم کە خوێندنەوەکەی من بۆ شیعری «نالی» خوێندنەوەیەکی کلاسیك نییە؛ واتە شەرح و تەفسیرێك کە لەسەر واژەکان لەنگەر بگرم، یا ئیرجاعی شیعرەکە بەردەوام بۆ دەرەوەی شیعرەکە حەواڵە بدەم و پێم وابێت کە ئەو شیعرە بەڵگەیەکە بۆ واقعییەتی ژیانی نالی؛ ئەمە بەشێك لە واقیعییەتە، بەشێکیش ئەو خەیاڵ و ڕۆئیا گەورە و بەرفراوانە و شاعیرانەیەی نالییە کە لە شیعرەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. جا من غەزەلەکە جارێك دەخوێنمەوە، پاشان هەوڵ دەدەم ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئامادەم کردووە پێشکەشتانی بکەم.

پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە، یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا
خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵپێکەر دەکا
چاوی هەمڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و ڕۆژن مودام
یەك لە نەشکوفتەی وەنەوشە، یەك لە نەیلووفەر دەکا

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بەخواری تێ دەگەی
کەج نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا
هەرکەسێ نوقسانی رووی باوێتە سەر رووی ئاینە
شاهیدی هەرچەندە رەئیولعەینە، کێ باوەڕ دەکا
کاتیبی خێر و شەڕی عوششاقە بۆ وەسڵ و فیراق
لوتف و قەهری هەر بەجارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا
نالی ئەو وەحشی غەزالە کەس وەبەر داوی نەکەوت
چونکە شاهینی دوو چاوی تیژە دایم سەر دەکا

سەرەتا با ئاماژەیەکی زۆر کورت بکەم بەو دابڕانەی کە غەزەل لە مێژووی ئەدەبی کلاسیکی عەرەبی و فارسی و، دوا بەدوای ئەو کوردی، لە قەسیدە هێنایە ئاراوە. ئێمە دەزانین هەتا سەدەی حەوتەمی کۆچی قاڵبی زاڵ بەسەر شیعری کلاسیکدا قەسیدە بوو. لە قەسیدەدا شاعیر لایەنێکی دەگرت بەنێوی مەمدووح یا ئەو کەسەی کە قەرارە مەدحی بکا و شیعرەکە لەسەر مەدح کردنی ئەو کەسەی مەدح دەکرا، لەنگەری دەبەست؛ بەڵام لە سەدەی حەوت بەم لاوە، بەهاتنی کەسانێکی وەکو سەعدی، مەولەوی، حافز و خواجوو و... غەزەل خۆی لە تەغەزولێك کە لە نێو قەسیدەدا هەبوو، جیا کردەوە. لە تەغەزولدا لەنگەرگرتن زیاتر لەسەر مەمدووح بوو؛ بەڵام لە ئاستی غەزەلدا لەنگەرگرتنی شیعر هاتە سەر مەعشووق. کەواتە لە غەزەلدا قورسایی کەوتە سەر بابەتی غینایی، بەواتای ئەوەی کە شاعیر لەبری ئەوەی کە ڕووی لە کەسێك بێ بۆ پەسن کردنی ئەو کەسە، ڕووی لە خۆشەویستەکەی بوو بۆ پێدا هەڵگوتنی خۆشەویستی. واتە مەعشووق بیانوویەك بوو بۆ لێدوان لەسەر عیشق. کەواتە غەزەل لە قەسیدە دابڕا و لە هەمان کاتدا کە لە باری ناوەڕۆکەوە گۆڕانکاری بەسەر داهات، دەزانین کە لە باری قەوارەشەوە غەزەل لە قەسیدە کورتتر بوو. کەواتە لە غەزەلدا دەرفەتی خۆ نواندنی شاعیر بۆ پەسن کردنی مەسەلەی عیشق و چەمکی خۆشەویستی زیاتر بوو، بەڵام شتێك کە وەکو ئەسڵێك نەك بۆ هەمیشە، بەڵام لە زۆر جێدا بەسەر غەزەلدا سەپاوە، ئەوەیە کە غەزەل دەشێ هەر بەیتەو باسی شتێك بکا، ئەمە شتێکە کە هەموومان دەیزانین، واتە لە غەزەلدا شاعیر ئازادە بۆ ئەوەی کە لە هەر بەیتێکدا لەسەر گۆشەیەك لە چەمکی خۆشەویستی، مەستی، مەعشووق و عیشق لەنگەر بگرێ و قسەی لەسەر بکا و ئەو جیهانانە شەنوکەو بکا. کەواتە کەمتر لە غەزەلدا

دەبینین شتێك بەناوی یەكێتیی بابەت (وحدت موضوع) هەبێت، بەڵام لە غەزەلەكانی نالیدا بەتایبەت لە هەندێ غەزەلی بەناوبانگیدا كە من سەرنجم داوە دیومە، نالی بەشێوەیەك لەو ئەسڵە سەرەكییەی نووسینی شیعری كلاسیك لای داوە و یەكێتیی بابەتی هێناوەتە نێو قاڵبی غەزەلەوە؛ هەڵبەت من ناتوانم ئەمە بەكارێكی ئازایانەی نالی لە قەڵەم بدەم، مەگەر بۆ ئەم كارە بیانوویەكی جوانی ناسانەی هەبێت، یانی ئەوەی كە بڵێین نالی بۆ ئەم كارەی مەبەستێكی هەبووە بۆ ئەوەی كە غەزەل جوانتر و ڕازاوەتر بكات لە بەرچاوی خوێنەرەكەی. بەواتایەكی تر ڕێژەی جوانی ناسانەی شیعرەكەی لەو ڕێگایەوە بباتە سەرێ. ئەوەش دەزانین كە لە غەزەلدا شاعیر زۆرجار مەیدانی فیكری خۆی بەربڵاوتر دەكاتەوە، یانی زۆر دەروەستی واقیع نابێ، ئەو شتەی كە وەك تەعریفێكی كۆنی یۆنانی بۆ شیعر بەدەستەوە دەدرێ كە دەڵێ «شیعر دەبێ لەسەر واقعییەت قسە بكات.» دوای ئەو ئەرستوو پاشگەز دەبێتەوە دەڵێ: «نا، فەرقی شیعر لەگەڵ مێژوو ئەوەیە كە مێژوو تەنیا باس لەو شتانە دەكات كە هەن، بەڵام شیعر باس لەو شتانە دەكات كە دەشێ لە داهاتوودا ببن.» بەواتایەكی تر لە شیعردا خەیاڵ و ڕۆئیا و تەنانەت خەون دێتە ئاراوە. لە ڕاستیدا نالی لە شیعرەكانیدا زۆر دەروەستی ئەو شتەی كە ئێمە ئەمڕۆ بەهەڵە لە واقیعگەرایی یان ڕیالیزم گەیشتووین، نەبووە؛ وەكو زۆرجار هاتووە لە ڕێگای خەیاڵەكانی خۆیەوە واقیعی  بەشێوەیەكی دیكە داڕشتووەتەوە. جا كە بمەوێ كورتی ببڕمەوە و بچمە سەر شیعرەكە، لەم شیعرەدا بەگشتی باس لە تەعبیرێكی تازە لە واقیع دەكات. لەو شیعرەدا وەك بینیمان، تاوانی ئەوە دەخەنە پاڵ چاوی مەحبووبەكەی نالی، كە «خێل و قیچە» و لەوە ئەچێ كە لەبری ئەوەی سەیری كەسێك بكا، مرۆڤ پێی وابێ كە شەڕی لەگەڵ دەكا. نالی لەسەر لەبەری شیعرەكەدا بەیارمەتی چەمكی یەكێتیی بابەت ئەو بۆچوونە هەڵدەگەڕێنێتەوە كە كەسانێك پێیان وایە چاوی مەحبووبە خێل و قیچە، بەهۆی ئەوەی كە بەشێوەیەكی هەڵە لە چاوی مەحبووبە دەڕوانن، چاوی ئەو بەخێل دەزانن، كەچی ئەو دێ لە ڕێگای خەیاڵی خۆی و بەوردەكارییەك كە لە تەعبیرەكانیدا بۆ چاوی مەحبووبەكەی بەكاری دێنێت، خودی خێل و قیچی بەبەشێك لە جوانییەكانی چاوی مەحبووبەكەی لە قەڵەم دەدات. جا هەڵەیەك كە لە لێكدانەوەی ڕەحمەتی، مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و كوڕەكانی لە ڕاڤەی ئەم شیعرەدا دەبینرێ، ئەوەیە كە ئەوان ئەیانەوێ وا بنوێنن كە نالی ویستوویەتی ئەوە بسەلمێنێ كە چاوی مەحبووبە خێل و قیچ نییە، بەڵكو چاوی ئەو كەسانەی كە

مەحبووبە بەخێڵ و قیچ دەبینین، خێڵ و قیچە. بەوتەیەکی دیکە ئەوان دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن کە چاوی مەحبووبە خێڵ نەبووە بەڵکو بەخێڵیان بینیووە. کەچی نالی لە هیچ شوێنێکی ئەم شیعرەدا بەپێی مەنتیقی شیعرەکە حاشای لەوە نەکردووە کە چاوی مەحبووبەکەی خێڵ و قیچە، بەڵام ئەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە خودی ئەو خێڵ و قیچییە – دواجار بەو تەعبیرانەی کە ئەو دەیکات – بەشێکە لە جوانی مەحبووبەکەی و بەشێکە لە قەشەنگی چاوی مەحبووبەکەی.

لە بەیتی یەکەمەوە ئەگەر دەست پێ بکەین دەبینین نالی ڕستەی یەکەمی شیعرەکەی لە زمانی کەسانێکی دیکەوە کە لە چاوی مەحبووبەکەیان ڕوانیوە، دەگێڕێتەوە؛ واتە «پێم دەڵێن چاوی مەحبووبە خێڵ و قیچە و ئەو خێڵ و قیچییە ڕەنگە مەیلی شەڕ بکا.» لە بیرمان بێت کە لەم دێڕەی یەکەمدا، دواجار مەیلی شەڕ کردن لە دێری دوایی شیعرەکەدا بەشێوەیەکی تر هاتووەتەوە. کە دەڵێم یەکێتی بابەت، مەبەستم ئەوەیە.

لەم شیعرەدا هەر بەیتێك پەیوەندییەکی زۆر چڕوپڕ و توکمەی لەگەڵ بەیتەکانی دیکە هەیە، ئەو پەیوەندییە بەهیچ شێوەیەك ناپچڕێ. یەکەم پاساوی نالی بۆ ئەوەی کە بڵێ چاوی مەحبووبەکەی ئەگەرچی خێلیش بێ، خودی خێڵەکەش، پاساوێکی جوانی ناسانەی هەیە. بۆیە دەڵێ: «ئایا چاوی مەحبووبە خێڵ و قیچە یان نا، ئەوەی کە چاوی مەحبووبە وەك تەرازوویەك وایە ئەو تەرازووە ناز دەکێشێ و ناز دەفرۆشێ و ئەوەندە ترازوویەکی حەساسە کە جاری وایە بەرز و نزمی هەیە و خودی ئەو بەرز و نزمییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە چاوی مەحبووبە بەخێڵ و قیچ بزانین.» جا شتێك کە من لەم دێڕەدا بۆم گرینگە و وەك خوێندنەوەی تەئویلی و بوتیقایی ئاماژەی پی دەکەین ئەمەیە کە ئەگەر من بڵێم لەم دێرەدا مانایەك کە نالی ویستوویەتی بەدەستەوەی بدات، چییە، ئەو خوێندنەوە خوێندنەوەیەکی تەئویلییە. واتە دەمەوێ بڵێم مانای شیعرەکە چییە، بەڵام ئەگەر بمەوێ بڵێم ئەو مانایەی کە لەو شیعرەدا هەیە چۆن لەسەر زەینی ئێمە کاریگەر دەبێ و ئێمە چۆن پێمان جوانە، بۆچی پێمان جوانە، چۆن دەتوانین بیسەلمێنین کە جوانەو ئەگەر لەسەر ئەوە قسە بکەین خوێندنەوەیەکی بوتیقایی بەدەستەوە ئەدەین. یانی لە چوارچێوەی بوتیقادا، (poetic) هونەری شیعر یا فەنی شیعر، باس لەوە دەکەین کە ئەو شیعرە بۆ جوانە، ئەگەر بڵێین چ مانایەکی هەیە، ئەوە دەبێتە تەئویلی و گەر بڵێین ئەو مانایە چ کاریگەرییەکی دەبێت، دەبێتە خوێندنەوەی بوتیقایی. کە من دەڵێم نالی هاتووە خێڵ و قیچیی چاوی مەحبووبەکەی بەتەرازوویەك شوبهاندووە کە ئەو تەرازووە

ناز دەکێشێ و ناز دەفرۆشێ و زۆر حەساسە و لە بچووکترین سووکایی و قورساییدا نزم و بەرزی هەیە، ئەوە لە ڕاستیدا پاساوێکە لە دیدی نالییەوە بۆ خێل و قیچی چاوی مەحبووبەکەی. پاساوی دووەم لە بەیتی دووەمدا دەبینرێ و دەڵێ خێل و قیچە، تەماشاکەن، خۆی دەڵێ خێل و قیچە، ئەو دووبارە هێنانەوەیە یانی ئەوەی کە بەڵێ ڕاستە خێل و قیچە بەڵام بەکام شێوە؛

خێل و قیچە، یا بەغەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو

مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵپێکەر دەکا

لێرەدا نالی بۆ ئەو حاڵەتی خێل و قیچییەی چاوی مەحبووبە تەسویرێکی دیکە دێنێتە ئاراوە و دەڵێ ئایا ئەوە خێل و قیچییەکی سروشتی و زگماکە یا چاوی مەحبووبەکەی بۆ ئەوەی کە بەناز نیشانەی دڵ بەچاوبپێکێ، نیشانە دەگرێ و چاو نزم و بەرزییەك بەدەدا و لە سۆنگەی ئەو حاڵەتەیە کە تۆ پێت وایە خێل و قیچە. کەواتە ئەو شتەی کە لە هەوەڵ بەیتدا بەمەیلی شەڕ باس دەکرێ لەلایەن ئەوانی دیکەوە، نالی بەمەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵپێکەر، پێناسەی دەکا؛ یانی ئەوە مەیلی شەڕ نییە، یان لانیکەم مەیلی شەڕ بەمانای خراپە نییە، بەڵکو مەیلی شەڕ بەمانای ئەوەیە کە بۆ وێنە ئاشووبێك لە نێو دڵی عاشقدا بەرپا بکات. هەڵەیەکی دیکە کە لەم بەیتەدا ڕەحمەتی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس کردوویەتی، ئەوەیە کە پەیکەریان بەنیشانە مانا کردووەتەوە. چاوگی ئەم کارە (فعل) «پێکان»ە واتە موژگانێك کە دڵ دەپێکێ. یان موژگانی دڵپێکەر، مانایەکی تری لە چاوگی «پەی کران» وەردەگیرێ واتە پەراندن، ئەوەش حاڵەتێکە دەتوانرێ بەکار ببرێ، یانی موژگانی چاوی یار دڵ دەبڕێ، پەی دەکا و مانایەکی دیکە پەیکردن دواکەوتنە یانی تۆ بەدوای شتێك کەوی، کە ئەویش بەمانای موژگانێکە کە بەدوای دڵی عاشقەکەی دەکەوێ، کەواتە پەیوەندییەك کە لە نێوان بەیتی یەکەم و دووهەم هەیە، هەمان مەیلەکەیە، کە نالی دەڵێ مەیلی شەڕکردن نییە، ئەو چاوەی کە تۆ پێت وایە خێل و قیچە مەیلێکە بۆ هاویشتنی موژگانی دڵپەیکەر یان دڵپێکەر.

لە بەیتی سێهەمدا دیسان پاساوێك بۆ خێل و قیچی چاوی یار دێنێتەوە و دەڵێ:

چاوی هەمڕەنگی گوڵی مەستی شەو و ڕۆژن مودام

یەك لەو نەشکۆفتەی وەنەوشە، یەك لە نەیلوفەر دەکا

ڕەحمەتی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی «مودام» یان بەمەدام نووسیوە کە ڕاستەکەی مودامە. نالی لە هەمان کاتدا لەو بەیتەدا کە تەسویرەکەی لە بەیتی پێشوو و لە بەیتی یەکەمیشدا جیا کردووەتەوە بەڵام یەکێتیی بابەتی پاراستووە و دەڵێ: چاوێکی یارم (کە لە واقیعدا هەردووکیان گوڵن) لە نەشکوفتەی بەنەفشە دەچێ، وەنەوشەی نەپشکوتوو. چاوەکەی دیکە لە نیلوفەر؛ جا لێرە دیسان من دەمەوێ بڵێم کە نالی خۆی حاشای لە خێل بوونی چاوی یاری نەکردووە، چونکە ئەگەر حاشای لێ کردبایە، دەیگوت هەردووکیان هاوڕەنگن، گوڵیشن بەڵام یەك گوڵن. بەڵام لێرە دەڵێ گوڵن بەڵام دوو گوڵی جۆراوجۆرن، کەواتە دیارە باوەڕی بەوە بووە کە چاوێکیان خێل و قیچە. کەچی بۆ وێنە لە لێکدانەوەی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیسدا وا هاتووە کە مەبەستی نالی ئەوە بووە کە بڵێ چاوی خۆت خێل و قیچە نەك هی یار. واتە وتوویەتی چاوی یار خێل و قیچ نییە. کەچی نا، نالی پێی وایە خێل و قیچە، بەڵام خێل و قیچێکە بەو شێوەیە کە بۆخۆی پاساوی جوانی ناسانە (توجیە زیبایی شناسی) ئەداتەوە، دەڵێ یەکیان لە وەنەوشەی نەشکوفتە و یەکیان لە نیلوفەڕ دەچێ. کە بەپێی لێکۆڵینەوەکەی مودەڕیس کە شیکردنەوەیەکی جوانە، دەڵێ: مەبەستی لەوەیە کە دەڵێ یەکێکیان مەستی شەوە و یەکێکیان مەستی ڕۆژ. ئەوەیە کە، گوڵی وەنەوشە لە تاریکی و لە سێبەردا گەشە و نەشەی هەیە و نیلوفەڕ لەبەر خۆردا دەکرێتەوە و لە ڕۆژدا ڕەنگ و ڕوویەکی جوانی هەیە، کە ئەوەش دیسان تەعبیرێکە بۆ ئەوەی کە ئەو خێل و قیچییە لە حاڵەتێکی عەیب بین بەحاڵەتێکی چاکە بین بگەڕێنێتەوە و تێڕوانینەکە بەبێ ئەوەی کە دەست لە واقیعەکە بدات، یەعنی بەبێ ئەوەی کە حاشا لەوە بکا کە نا، یاری من خێل و قیچ نییە، خودی ئەو خێل و قیچییە حوسنێکە و جوانە.

لە بەیتەکەی تردا، ئەمجار دیسان بازێکی دیکە دەدات، بەڵام دیسان بەهەمان یەکێتیی بابەتی، هەمان ڕۆحی سەلماندنی ئەوەی کە ئەو خێل و قیچییە جوانییە بۆ چاوی یار، دەڵێ:

عەکسی چاوی، تۆ لە چاویدا بەخواری تێدەگەی

کەج نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا

سەرنج بدەن دیسان بەشەڕەکە، ئەو شەڕە دەگەڕێتەوە سەر شەڕی بەیتی یەکەم و دووهەم یانی یەکێتیی بابەت؛ نالی زۆر ئاگادارانە و وشیارانە و زۆر شاعیرانە

پاراستوویەتی؛ دەڵێ: تۆ کە بەم شێوەیە لە چاوی مەحبووبە دەڕوانی نەك هەر بەخێلی دەبینی، بەڵکو بەخواریشی تێ دەگەی. یانی ئەو خوارییە هەم دەتوانێ ئاماژە بەخوارییەك بێ لە باری هەندەسییەوە، هەم خواری لە باری زەینی و فیکری. یانی بەهەڵەی تێ دەگەی و دوایی دەڵێ: کەج نەزەر کەی فەرقی خواروژوور و خێر و شەڕ دەکا. یانی تۆ ناتوانی کاتێ دەڵێی چاوی مەحبووبە مەیلی شەڕ دەکا، فەرقی خێر و شەڕ نیشان بدەی. کەواتە ئەو قسەیەی تۆش کە پێت وایە چاوی ئەو مەیلی شەڕ دەکا، بەڕاست نازانێ. کەواتە مەیلی شەڕ ناکا، بەڵکو مەیلی خێر دەکا.

لە نووسینەوەی ئەو شیعرەدا مەلاعەبدولکەریم و کوڕەکانی لە دوای چاو. (فاریزە) یان دانەناوە، هەر بەو هۆیەوە لە خوێندنەوەیدا، تووشی هەڵە بوون. وەك چۆن لە لێکدانەوەشدا، ئێمە دەبێ لە دوای عەکسی چاو لەنگەرێ بگرین جا دوایە بیخوێنینەوە. لە بەیتی دواییدا نالی دیسان دێت و باس لەوە دەکا:

هەرکەسێ نوقسانی ڕووی باوێتە سەرڕووی ئاینە
شاهیدی هەرچەندە رەئیولعەینە، کێ باوەڕ دەکا

ئەگەر نوقسانی لە ڕووی مەحبووبەدا ببینی، لە واقیعدا، نوقسانی دید و تێڕوانینی خۆتە و ئەگەر تۆ لە بەرامبەر ئاوێنەدا ڕاوەستی و خۆت نوقسانییەك لە ڕووی خۆتدا هەبێت و ڕووخساری شاهیدەکە بەئاوێنە بگری کە بڵێی لە ئاوێنەدا نوقسان هەیە، کەس باوەڕت پێ ناکا، چونکە دەزانن تۆ لەو ساتەدا لەبەر ئاوێنەکەدا ڕاوەستاوی، کەواتە نەقسی ئاوێنەکە، نەقسی تۆیە، نەك نەقسی خودی ئاوێنە.

لە بەیتەکەی دیدا، تێڕوانینێکی ئاینی بۆ ئەو پاساوەی خۆی دەدۆزێتەوە و دەڵێ:

کاتیبی خێر و شەڕی عوشاقە بۆ وەسڵ و فیراق
لوتف و قەهری هەر بەجارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا

مودەڕیس کاتیبی خێر و شەڕی بەیار لێکداوەتەوە لە حاڵێکدا ئەو کاتیبە مەرجەعەکەی چاوی مەحبووبەیە. لێرەدا دیسان ئەو هەڵەیە هەیە، کە دەڵێی کاتیبی خێر و شەڕ، واتە چاوی مەحبووبە، کاتیبی خێر و شەڕن، وەکو ئەو فریشتانەی کە لەسەر شانەکانی مرۆڤن و حسێبی چاکە و خراپە دەنووسن. ئەو دەڵێ چاوی مەحبووبە یەکیان فریشتەی خێرە یەکیان فریشتەی شەڕە و تەنیا بۆ عاشقانیشن و لوتف و قەهرەکەی تێکەڵاوە. یانی

ئەگەر بەچاوە ساغەکەی بڕوانێ ئەوە لوتفی کردووە، ئەگەر بەچاوە خێلەکەی بڕوانێ قەهری کردووە و، لە هەمان کاتدا سەیری دوو دەفتەر دەکا، یانی هەم ئاگای لە چاکەیە و هەم ئاگای لە خراپەیە.

لە بەیتی ئاخردا:

نالی ئەو وەحشی غەزالە کەس وەبەر داوی نەکەوت

چـونکـە شاهـیـنـی دوو چـاوی تـیـژە، دایـم سەر ئـەکـا

نالی ئەو میسراعەی هەوەڵی تەواو بەشێوەیەکی دژواز (پارادۆکس) بەکارهێناوە، کە هەردووکیشان دروستن. دەڵێ ئەو وەحشی غەزالە کەس تا ئێستا نەکەوتووەتە داوی و، دیارە دەبێ غەزال بکەوێتە دوای ڕاوچییەوە، کەچی ئەو بەشێوەیەك بەکاری هێناوە کە بڵێ، نالی کەس تا ئێستا نەکەوتووەتە دوای ئەو غەزالەوە، هیچ ڕاوچییەك نەکەوتووەتە داوی ئەو غەزالە وەحشییە، بۆچی؟ تەماشاکەن، گەورەیی شیعری نالی لێرەدایە کەخودی تەوجیهی ئەو قسە زۆر ناسك و زۆر جوانە، دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوی مەحبووبە. چونکە لەو شیعرەدا قەرارە بەرگری لە چاوی مەحبووبە بکا، قەرارە تەوجیهی ئەو خێڵ و قیچییەی چاوی مەحبووبە بکا.

چونکە شاهینی دوو چاوە تیژە، دایم سەر دەکا

لێرەدا هەڵەیەکی زۆر زەق کە کەسانێکی گەورەی وەك مامۆستا هێمنی ڕەحمەتیش کە بەسەر ئەم ڕاڤەیەدا چوونەوە ئاگایان لەوە نەبووە، ئەوەیە کە لە وشەی شاهین نەگەیشتوون. ئەوان بەمانای شاهین ئەو باڵندە مەنشوورەی ئاسمان لێکیان داوەتەوە.

(شاهین عەینی ماناکەی لە فەرهەنگی «موعین»دا بەمجۆرە هاتووە. شاهین: زبانە ترازو، میلە یا آلتي کە دو کفە ترازو را با آن آویزان می کنند.) لە عەرەبیشدا هەر شاهینی پێ دەڵێن.

دەڵێ چونکە شاهینی دوو چاوی تیژە، یانی ئەو شاهێنەی کە لە شیعرەکەدایە، واتە گەڕانەوە بۆ تەرازووی نازی بەیتی یەکەم، زۆر تیژە. تۆ کە چاو لە چاوی ڕاستی دەکەی قورسایی دەکەوێتە سەر چاوی ڕاستی و چاوی چەپی دێتە سەرێ. لە لایەکی ترەوە ئەو تەرازووە ئەوەندە تیژ و حەساسە کە تۆ چاو لە چاوی چەپی بکەی لە واقیعدا چاوی ڕاستی دەچێتە سەرێ و چاوی لە تۆ نابێ، کەوایە تۆ ناتوانی بکەویتە داوی ئەو غەزالەوە،

لە هەمان کاتدا دەشتوانین بەو مانایەی لێك بدەینەوە:

نالی، ئەو وەحشی غەزالە کەس وەبەر داوی نەکەوت

یانی خودی ئەو غەزالە وە بەر دوای کەس نەکەوت. ئەمجار بەمانا سروشتی و ئاساییەکەی، یانی ئەو غەزالە کە نەکەوتە بەر داوی هیچ ڕاوچییەك، دیسان بەهەمان دەلیل (چونکە شاهینی دوو چاوی تیژە، دایم سەر ئەکا).

ئەگەریش ئەو مانایەی یەکەم، کە شاهینی تەرازووە، وە بەرچاو بگرین ئەمجار دەتوانین بۆ مانای دووهەم، وەك مانای گریمانی دووهەم، بڵێین شاهین بەباڵندە لێك بدەینەوە، بەڵام مەبەستی سەرەکی بۆ مانای زاڵ، ئەو شاهینەیە کە لە تەرازوودا هەیە. بەڵام ئەگەر بێجگە لەو لێکدانەوەی کە لەسەر بەیت بەبەیتی شیعرەکە کرا، بمانەوێ بەگشتی لێکدانەوەیەکی کورتی سەرلەبەری شیعرەکەمان هەبێ، لە ڕاستیدا ناوەندی قورسایی (مرکز ثقل)ی ئەم شیعرە، چاوە، لەم شیعرەدا شاعیر هاتووە ئەم شتەی کە لە جیهانی واقیعدا هەیە، بەخەیاڵی خۆی بەهێزی خەیاڵ (قوە تخیل)ی خۆی هەڵی گەڕاندووەتەوە.

وەك دەبینین نالی لە قەوارەی شیعرێکی عەروزدا، لە قەوارەی شیعرێکی قافیەداردا، کە هەموو دەزانین زۆرجار ڕەنگە شاعیر بکەوێتە ناو تەنگانەوە، بەبۆنەی قافیەوە، چەندە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و بەشێوەیەکی جوانی ناسانە باسی لە مەسەلەی چاو کردووە. شتێکی دیکە کە نالی بێجگە لە چاو لە تەواوی ئەو شیعرەدا باسی کردووە و پێداگریی لەسەر کردووە، وشەی شەڕە، کە لە سێ جێگادا هێناویەتی. «مەحبووبە مەیلی شەڕ دەکا» ، «کەج نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا» و «کاتیبی خێر و شەڕن» نالی لێرەدا دەیەوێ نەك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە قەوارەی پەیامێك یا بیەوێ مەسەلەیەکی فەلسەفی بێنێتە ئاراوە، بەڵام ناڕاستەوخۆ و بەشێوەی خوێندنەوەیەکی تەئویلییەوە، پەی بەوە دەبەین کە لێکدانەوەی شەڕ و بەشەڕ زانینی شتێك، دیاردەیەکی ڕێژەیی و نیسبییە، یانی لە چاوی کەسانێکەوە کە پێیان وایە چاوی مەحبووبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا، لە دیدی نالییەوە هەر ئەو خێل و قیچییە تەرازووی نازە، گوڵی وەنەوشەیە، مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانە و... و لە ڕاستیدا دەیەوێ بڵێ ئەو شتەی بە شەڕ لە قەڵەم دەدرێ، لە ڕوانگەیەکەوە لە تێڕوانینێکەوە شەڕە، ئەگەر گۆشە نیگا بگۆڕێ، ئەگەر زەینیەتەکە بگۆڕێ، لەوانەیە ئەو شەڕە دواجار بەخێر بشکێتەوە. کەواتە شتێك کە ئێمە لەو شیعرەی

نالیدا بەشەڕ لە قەڵەمی دەدەین، بەو بۆچوونەی نالی، خودی شەڕ نییە، زاتی شەڕ نییە، تۆ گۆشە نیگاکەت بگۆڕە، ئەو شتە لە حاڵەتی شەڕی دەکەوێ و لایەنە خێرەکانی دەردەکەوێ؛ وەك چۆن نالی هات هەر ئەو خێل و قیچییەی قەبووڵ کرد بەڵام ئەوەندە بەتەخەیولی شاعیرانەی خۆی جوانی پێ بەخشی و بەو خێل و قیچییە کە لەوانەیە ئێمە بڵێین خۆزگە مەحبووبەکەی ئێمەش خێل و قیچ بوایە! چونکە نالی ئەو شیعرەی بەو شێوەیە وتووە و جوانی بەخێل و قیچی بەخشیوە و لە ڕاستیدا خێر و هەقیقەت و جوانی بەوجۆرە کە نالی باسی کردووە، دەیەوێ ئەوە بەئێمە بڵێ کە ئێمە ئەگەر جوانییەك بەجوانی بزانین بەهۆی دژایەتییەکە کە لەگەڵ ناحەزی هەیەتی. من پێم وایە ئەو قسە بۆ خودی دنیای شیعریش وەڕاست دەگەڕێ، یانی ئێمە پێمان وانەبێ شیعر دەبێ لە سەداسەد جوان بێت بۆ ئەوەی جوان بێت.

لەوانەیە تۆ لە شیعردا ناحەزییەك ببینی و ئەو ناحەزییە بکەی بەبیانوویەك بۆ ئەوە کە ئەو شیعرە بەشێکی زۆری، لە بەرامبەر ناحەزیدا جوانە وەك چۆن، بۆ وێنە، ئەو شیعرەی نالیم بۆیە پێ جوانە چونکە لە بەرامبەر ئەو شیعرەی نالیدا دەیان شیعری کلاسیکی لاواز و کەم هێزم بینیوە، کە ئەم شیعرە بەجوان دەزانم، یانی جوانیی شیعری نالی شتێك نییە کە لە بۆشاییدا بێت بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کە دەتوانم ئەم شیعرە لەپەنای دەیان شیعری ناحەزی دانێم.

سپینۆزا، فەیلسووفێکی فەڕانسەیی دەڵێ: «ئێمە ئەگەر بمانەوێ مەسەلەی شەڕ چارەسەر بکەین، زۆر هاسان گۆشە نیگاکانمان دەگۆڕین، تێڕوانینەکانمان جیاواز دەبێت و لەوانەیە ئەو شەڕەی کە ماهیەتەکەیمان بەشەڕ لە قەڵەم دەدا، بەچاکە وەرسووڕێ.» هەڵبەت ئەوە لە مێژووودا زۆرجار کەڵکی خراپی لێ وەرگیراوە. بەڵام جوانیی کاری نالی لەوەدایە کە هەوڵی گۆڕینی ماهیەتی یی چاوی مەحبووبەکەی خۆی، لە دنیای شیعردا داوە، ئەم کارەی لە دنیای واقیعدا نەکردووە، لە دنیای دەقدا کردوویەتی.

سەرجەم ئەوە لێکدانەوەیەك بوو بۆ ئەو شیعرەی نالی و پێم وایە زۆر وردەکاریی دیکەی تێدایە کە دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ. بۆ وێنە، لە زۆربەی شیعرە کلاسیکەکانی مێژووی کوردی و فارسیدا، دەزانین کە چاو زیاتر بەنێرگز شوبهێندراوە، بەڵام نالی هاتووە لێرەدا لە قەوارەی ناسیاوی سڕینەوە (آشنايي زدايي)دا، چاوی نەك بەیەك گوڵ

بەدوو گوڵ شوبهاندووە؛ گوڵێکی وەنەوشە و گوڵێکی نیلوفەر و لای داوە لەو ئەسڵە کلاسیکە و بەبڕوای من تازەگەریی کردووە؛ هاتووە وتوویەتی دوو چاو دەبێ هەردوو گوڵ بن بەڵام دوو گوڵی جیاواز. دیسان ئەوەی کردبێت نەك هەر سەبارەت بەوەی کە چاوی بەگوڵ شوبهاندبێ، بڵێ گوڵ جوانە، گوڵ بۆن خۆشە، بەڵکو ئەوەی بۆ ئەو کارە کردبێت کە لە پێناو خێل و قیچی چاوی مەحبووبەکەی دابێت.ئەوەش لادانە، چونکە توانیویەتی لە بەشێك لە میراتی شیعری کلاسیکی پێش خۆی بترازێ و بچێتە ئاستێکی بەرز.

بۆ وێنە شیعری حافز پڕیەتی لە شوبهاندنی زولف بە وەنەوشە کەچی (نالی) هاتووە چاوی بە وەنەوشە شوبهاندووە.

چنین کە دردل داغ زلف سرکش توست

بنفشە زار شود تربتم، چو در گذرم

وەنەوشە لە شیعری فارسیدا، زیاترین شوبهاندنی بەزولف بووە، چونکە وتمان وەنەوشەلە تاریکیدا گەشە ونەشەی هەیە، زولفیش ڕەش و قەترانیە، و لە تاریکیدا گەشە و نەشەی هەیە.

بی زلف سرکشش سر سودایی از ملال

همچون بنفشە بر سر زانو نهادەایم

دەی جا ئەگەر وامان دانایە کە نالیش لەو ڕێبازەدا، زولفی بەوەنەوشە شوبهاندبا کارێکی زۆر سەیر و سەمەرەی نەدەکرد، بەڵام ئەو هاتووە لە گوتاری شیعری کلاسیکی کوردیدا، لە چوارچێوەی گوتاری شیعری کوردیدا بۆ وێنە وەنەوشەی تێکەڵ بەپانتایی و بەستێنێکی دیکە لە شوبهاندن کردووە و بەبڕوای من ئەوە کارێکی زۆر پێشەنگخوازانەیە.

ئاماژە:

ئەم بابەتەی خوێندتانەوە، دەقی لێدوانێکمە کە لە مانگی خەرمانانی ١٣٨٤ (٢٠٠٥)دا و بەشێوەی کۆڕ لە ئەنجوومەنی ئەدەبیی «سۆما»ی شاری بۆکان پێشکەشم کرد. دیارە بەخاتری ئەوەی کەشوهەوای لێدوان ئامێزی بابەتەکە بپارێزرێ دەستێکی ئەوتۆم لە فۆرم و ناوەڕۆکی بابەتەکە وەرنەداوە.

# زێدە وەسف

لایەنێکی جوانیناسانەی دەقی بەیتی «خەزێم»

## دەقی بەیتی خەزێم

کچی دۆمی حەزی لە کوڕی دۆمی کرد، ڕۆژێکی داوەت بوو، هاتنە کن کوڕەکەی گوتیان: «مەقامان بڵێ داوەتێ دەکەین ئینشاڵڵا»، کوڕەکە گوتی: «لێم ڕاوەستن هەتا نیوەڕۆیە؛ نیوەڕۆیە جوابو دەدەمەوە». پیاوەکان ڕۆین، کوڕەکە لەدوو کچەکەی نارد، گوتی: «ماڵە وەستا شاڵی داوەتیانە بچم یان نەچم؟» گوتی: «بەڵێ، دەبێ بچی داوەتێ بکەی» نیوەڕۆیە هاتنەوە کنی گوتیان: «داوەتەکەمان بۆ دەکەی یان ناکەی؟» گوتی: «بەڵێ، دێم»، کوڕەکە هەستا چووە مەیدانێ، دەستی بە موقامان کرد. داوەتێ گێڕا، تەماشای کرد دۆستەکەی وی نەهاتبوو، دەگریا، گوتی: «شاگرد! ئەو داوەتەی بگێڕە»، وەدەرکەوت، چووە کن دۆستەکەی خۆی، گوتی: «عومرەکەم، ئەوە بەرگەردیان کردووی، بۆچی دەگری؟ «گوتی: «وەڵڵا کەسی ئیلاقەی نەکردووم؛ بەڵا کراسم نییە بۆیە نایەم». گوتی: «ئەوە دەچمە نێو داوەتێ بانگت دەکەم پارچە هەیە بەجووانە، هەر کراسی کەیفت دێنێ بیکڕە.» گوتی: «ئەمن سێ کراسم بۆ کردووی». گوتی: «ئاخر دایکیشم چوار کراسی بۆ کردووم، حەوت کراسم هەیە، هیچیان بەکەیفی من نین» گوتی:

«دەچم بانگت دەکەم». چۆوە، دەڵێ:

«ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرلە سبحەیانێ
یارم ڕاوەستا لە پێش هەیوانێ
بەزولفی لوولی دەکا شەڕانێ
هەنیەی زەریفە مانگی ئاسمانێ
بەچاوی ڕەشی دەکا گریانێ
کوڵمەی فانۆسە وا لە دیوانێ

کەپۆی یاقووتە، مەگەر هەیاسی دانا مەعنای بزانێ
لێوی ئیستیفە، لەسەر دووکانێ
ددانی گەوهەر، وا لە کارخانێ
پرسیم بۆ دەگری ئەی عەمر و چاوم ئەی کیژە جوانێ!
دەڵێ: کراسم نییە بچمە دیلانێ
دەڵێم بینایی چاوم گەوهەر و دوڕم!
من باڵدار نەبووم، بەباڵان بفڕم
محەندەك نەبووم، بەخۆم بخوڕم
بچمە میسر و شام کراسێك بکڕم
بچمە میسر و شام
ئەگەر پێم بچێ حەوت ساڵی تەمام
ئاوی مەکانان بەمن بێ حەرام
هەتا بەسەد ساڵی هەر بۆ خۆم غولام
ئەو کراسە بەمن دەبێ تەمام
لە کاری خولای چلۆن تەعجوب مام
ڕۆژێك لە ڕۆژان چوومە باژێڕی
خواجەیەکم دی کیمخوای دەگێڕی
نیو گەزم لێ کڕی بەسێ سەد زێڕی
دوو سەتیشمدا نەکوو وەیگێڕی
خولاکەی وەستاینە! کراسی چابێ
هەر دورووومانی لالێك تێدابێ
نازدارم زیزە، پێی قایل نابێ
دەبێ قایل بکەم، دنیا خرابێ
ئەگەر ئەو زیز بوو کاسبیم نابێ

کاسبیم نابێ دەبم سەرگەردان
خەریك و خەمناك کەوتمە خێڵان
وێڵداش و خزم لێم دەکەن فێڵان
هەی! مزگێنی بەرن کراس هاتەوە
دەبڵێن بەلەیلام بێ بیباتەوە
دەڵی کراسم دەوێ ساف لە ماهووت بێ
دەوری دامێنی دوورِ و یاقووت بێ
لە ڕاستی مەمکی دەنکی زەمڕووت بێ
کراسم دەوێ، ساف لە کیمخوا بێ
کۆبەی قەنەوز، بەری خارا بێ
لاڵ و گەوهەر گولاوڕێزی بێ
کەتانی هیندی پەراوێزی بێ
نێوی مەمکانی نەخش و نیگار بێ
وێنەی هیندوستان کاری دیار بێ
سەد وەستام دەوێ، لە پایە عەرزی
دوو سەد شاگرد بێ بۆ خۆی و دەرزی
کراس بدروێ لە گوڵووکی ڕەزی
لە بەژنی یارم بۆ خۆی بلەرزی
سەد وەستام دەوێ لە بانی کۆیە
هەشتا لە مووسڵێ، شێست لە شنۆیە
کراس بدروون لە گوڵی لیمۆیە
دەبلا تەنك بێ
ناسك و شلك بێ
بۆ چاو هەڵۆیە

سیٚ سەد وەستا بێن لە لاجانیٚ
شێست بێن لە مووسڵیٚ چل لە تارانیٚ
کراس بدرویٚ گوڵووکی ڕێحانیٚ
دەبڵا تەنك بیٚ
ناسك و شلك بیٚ
بۆ نەشمیلانیٚ
سیٚ سەد وەستا بیٚ لە لای دریازیٚ،
شێست بێن لە مووسڵیٚ، چل لە شیرازیٚ
کراس بدرویٚ لە گوڵی پیوازیٚ
دەبڵا تەنك بیٚ
ناسك و شلك بیٚ
بۆ بووکە نازیٚ
گەلی برادەران با گویٚ بدێرن ئەو باسە
تەماشای ئەو کوڕەی، چەندە ئیخلاسە
لە دنیای ڕوون بوو بەخەوواسە
لە سویٚ ئەو کچەی بوو کەڕ و کاسە
نازانم هیندییە، یانە بڵباسە
بۆ خاتری خولای! ئەمن بناسە
یار دەبەر ناکا قەت ئەو کراسە
دەڵیٚ ئەدی چ بکەم لە ڕووی دنیایە؟
لەوەی زیاتر چم لیٚ پێك نایە
لە بۆم بانگ کەنە سەید و مەلایە
دەگەڵ دایکی خۆی بکەن تکایە
بلا زەحمەتی من نەچیٚ بەزایە

تکایان لێ کرد بەهەموو دنیایە
وەرە، کراس تەواو بوو بچۆ دەستی شایە
ئەورۆ هەڵپەڕە، تا ڕۆژاوایە
دڵت خەمگین نەبێ بکە سەفایە
سەید و مەلاینە! چەند بەجگەرم
ئەنگۆ وا دەزانن، زۆر قەلەندەرم
لەنگۆ وایە، زۆر منەتبەرم
خۆڵی حەوت گوندان دەکەم بەسەرم
ئەو کراسەبێ و نایەتە بەرم
لەو خەڵقە وایە من سەوداسەرم
لەنگۆ بێکەس و بێ برادەرم
حاشا و مادوڵڵا! وا قەلەندەرم
دێم هەڵدەپەڕم تا کەیفیش بەرم
ئەگەر وای زانی ئەو نازەنینێ
هات و دەستی گرت لە هەڵپەڕینێ
خۆی بەعەزرێدا تا ڕۆژاوایە
خەزێمێکی ئاڵتوونی لە کەپۆی دایە
دە کەپۆی خۆی کرد لە بۆ جوانی
هێند هەڵپەڕی لە ڕووی زەمانی
لە کەپۆی کەوتبوو بەخۆی نەزانی
بەخۆی نەزانی ببوو جانفیدا
ئاخر لەو کراسەی وا کردبوو حاشا
ئەلحەدولیلا خەزێمیش نەما
هەتا ئێوارێ فەسڵی ڕۆژاوا

داوەت بەرهەڵدا کرا، خەڵقی گەڕاوە
کە چۆوە ماڵێ شووشتنی چاوە
بسکی خورمایی دوو بەدوو کراوە
ئەگەر ئاوێنەی بۆ خۆی هێناوە
تەماشا دەکا ڕەنگی سووتاوە
لە کەپۆی خۆی نواڕی خەزێم نەماوە
چ بکەم، چ بکرێنم، ئەمنی فەقیر
مەگەر خوڵاوەندی عالەمین بکا دەزگیر
لێم قبووڵ نەکرد کراس لەو فەقیر
خوڵا وای لێ کردم بوو خوڵاگیر
کوڕەکە گووتی: «بڵا بچم بزانم، کراسەکە دووراوە یان نەدوراوە».
ڕۆژێك لە ڕۆژان فەسڵی نەوبەهار
بەڕێزەی ماڵاندا دەچوومە خوار
یارم ڕاوەستا زویر و زگار
فرومێسکی چاوی قەت نەیگرت قەرار
بەسەر کولمانیدا دەهاتە خوار.
دە دڵم بەربوو ئاورێکی بێ ئیختیار
پرسیم: بۆ دەگری حەبیبی نازدار؟
لە عەیبەتان دڵ ناگرێ قەرار.
پرسیم: بۆ دەگری، ئەی عەمرم، چاوم
یارێ، نازدارێ، بسکێك لە خەنەی، یەك لە ژەنگارێ».
دەڵێ: «خەزێمم لێ کەوت فەسڵی ئێوارێ
مەگەر ئێڵچیان بنێرمە بێنازێ».
پرسیم: «بۆ گریای ئەی ماڵە بابم

ئەی عەمر و چاوم یار نازەنینێ
لێم بووی بەپەریزادەی چینێ
دەڵێ: خەزێمی کەپۆم کەوت لە هەڵپەڕینێ
مەگەر بچم بۆ وڵاتی مەدینێ»
ئەگەر لاوزانی ئەو قەرە خەبەر
خۆڵی حەوت دێیان لاو دەکا بەسەر
دەڵێ: ئەگەر نەمرم، بژیم، بمێنم
دەبێ ئینشاڵڵا ئەو کارەی پێك بێنم
یانە ماڵی خۆم پاك دەدۆڕێنم
یان ئەوەتا سەری خۆم دەبەتلێنم
یان دەچمە ئیسفەهان خەزێمێك دێنم
یان دەبێ لێم ببڕێ ڕێی گوزەرانێ
یان عێلی تەرك دەکەم، هەموو کەس بزانێ
لێم حەرام ببێ گەرمێن دەگەڵ کوێستانێ
قەت چەکوچی نەکوتم لەسەر سندانێ
لە خۆم حەرام دەکەم ڕێی گوزەرانێ
یان بۆ خەزێمی دەچمە ئیسپەهانێ
بەقاسیدی بەهەموو کەس بزانێ
هەر ئەوێ دەمێ گوت بەدەلالان
لە بۆم بگەڕێن لە هەموو ماڵان
هەر لە گەورەیان هەتا منداڵان
هەر لە منداڵان تا ئیختیاران
تازیەی ڕابگرن تا حەوت ساڵان
پاك سەر و دەبڕم ماڵ بێ بەتاڵان

ئەگەر تەزکەرەی پادشای دەخوێنی
ڕەئیسی بەبان تاعجوب دەمێنی
ئەو ساڵ ئیساغا خەرجێ نەستێنی
توخمی پیر عەیبم لێم بکە سەڵاوێ
پایزێك دادێ، مەکەن هیچ ڕاوێ
هاتە هات مەکەن لە چۆمی گەرماوێ
ئادەربایجان تا وڵاتی ئێران
قافڵە دەبەند چوون هەموو ڕێ گیران
لە شاری سنەی دووکان هەڵگیران
خەزێم بزر بوو، دادێکی گیران
ئێران و توووران بەغدا و ئیسفەهان
تەورێز و تاران جزیرێ بۆتان
سەردەشت و سنە تا وڵاتی سەقز
عالەم ڕۆنیشتووە دەست بەئەژنۆوە
ورمێ و مەراغە تاکوو قەندەهار
بازاڕ و دووکان نەبێ قەت لە شار
بەبە لە سەران قەت نایەتە خوار
حوکماتی نەکا ئەو پادشای سەردار
نابێ ئەو دنیا وببێ بەرقەرا
تەڕەزود ببڕێ لە ڕێی ڕاگوزار
حوکماتێ نەکا پادشای ئامێدیی
داسنی و دنیا و سما و ئێزیدی
داسنی و دینا، تەمامی وڵات
قابل نیم هیچ کەس ڕمبازیێ بکات

قایل نیم هیچ کەس بکا جلیتانێ
هەر تازیەبار بن بۆ نەشمیلانێ
دەبێ خولا ئەو کارە بزانێ
یانە تێك دەدەم ولاتی ئێرانێ
دەبێ ئینگلیس و عرووس بزانێ
ئەویش تازیەی ڕابگرن بۆ نەشمیلانێ
خەزێمی لێ کەوت لە گەڕی دیلانێ
سەنگە و دەلۆ خێڵی پالانی
لەك و زەنگەنە، خزمی بووبانی
ولایەتی شوان، لاس و ڕۆژبانی
لەوێش بەتازیەی خەزێمیان زانی
لەوێش ڕۆیشتن بەدڵگرانی
دەڵێم: «خەبەرێك هات لە ولاتی ئێرانێ
دەبێ گەرمێنیش پاك پێ بزانی
خەزێم بزر بوو، هیچ کەس نەیزانی
خەزێم بزر بوو، لە گەڕی لاوان
ئەوجار ئیساغای نارد بۆ دەراوان
لاوی دە خمیدا دەسرە و کولاوان
خەزێم بزر بوو تازیە لە لاوان
گریان زۆر بووە بۆ بەڵەك چاوان
خەڵق خەمگین بوو بێ سووچ و تاوان
پاك تازیەبار بوو خەڵقی ئێرانێ
خەبەرێ بەرن پادشا بزانێ
ڕوحمێکی بکا بۆ ڕێ گوزەرانێ

بنێرێ زێڕەینگەر بێ لە ئیسپەهانێ
خەزێمێکی دروس بکا، بۆ نەشمیلانێ
بلا سوڵتانی ئەستەمبووڵێ بەوهەی نەزانێ
دەنا دە مەخلووقی دەخەن قڕانێ
شادی هەڵدەگیرێ لە مەملەکەتی ئێرانێ
زێیە بادینان چ گەورە و پان بوو
قومێکی ئاوێی تێدا نەمابوو
ماسیی بەستەزمان هەمووی خنکابوو
لە دەریام کردووە وا پرسیارێ
دەگەڵ دەریام دوو قسەی گوفتارێ
دەڵێم: «بۆ ئیشك بووی بەتەڕی بەهارێ؟»
دەڵێ: «تازیەیە بۆ خەزێمی یارێ»
جوابێکی بەرم بۆ ئێرەوانی
قاقەز بنووسم، دەگەڵ فەرمانێ:
«خەزێمی ئاڵتوون ئی کیژە جوانێ
لە کەپۆی کەوتووە لە گەڕی دیلانێ»
دە چیای سەفینێم بگەڕێ خەبەر
هەر گوڵێك لە عەرزی سەر بێنێتە دەر
بەقوڵینگی فەرهاد پۆڵای بەجەوهەر
لە ڕەگ و ڕیشەی بۆ دەکێشمەدەر
لۆ لۆ شەقاوی لە دەم ڕووباران
خەیبەتیان دەکەم، سەد هەزار جاران
چەقالە و گێووژ وا بەکەوتەوە
بریان، لێك وەران، بەهەلاتەوە

شینێکیان گێڕا، خۆش نەبێتەوە
تەتەرێك لە لای مووسڵێ هاتەوە:
«مزگێنیم لە تۆ، ئەی هەرێ لاوە!
خەزێم بزر بوو ئەوە بینراوە (بیندراوە!)
خەزێم بزر بوو سونگەی زەمانی
مزگێنیم هێنا بۆ ئەولاخانێ».
خەبەریان دابوو بەمەخلووقی ئێرانێ
بلا چەپەر بڕوا، مەخلووق بزانی
تازیە هەڵگیرا لە نێو موسوڵمانی
هەزار ڕەحمەت لە بابی «ڕەحمانی»
خەزێمی فێرکرد بە«ساحیبی ئەڵمانی»

### ١

ئەگەر بەیتی کوردی وەکو دەقێکی نووسراوەی هونەری– ئەدەبی بخوێندرێتەوە کام تایبەتمەندی و ڕەگەز جوانیی پێ دەبەخشن؟ سەرچاوە و ئاخێزگەکانی جوانیی دەقی بەیت چین؟ بۆچی خوێندنەوەی بەیت، وەکو دەق، چێژ بەخشە؟ چی وا لە مرۆڤی هەنووکەی کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردی دەکات کە دەقی بابەتێکی وەکو بەیت، کە هەڵقولاوی کۆمەڵگایەکی جووتیاریی نەریتخوازە، بەتامەزرۆییەوە بخوێنێتەوە و دواجار هەر بەپێی عەقلانییەتی سەردەمی خۆی، کە سەردەمی مۆدێرنیتەیە، چێژی جوانیناسانەشی لێ وەربگرێ؟

لە سەردەمی، بەقەولی ئادۆرنۆ، سەنعەتی کولتووردا کە بەرهەمە هونەرییەکان دەرەتانی پەرەپێدان و فراوانبوونی میکانیکییان بۆ ڕەخساوە و شوێنەوار و ئاسەوارە هونەرییەکان لە بەرگی پیرۆزێتی و تاکێتیی خۆیان داماڵدراون و میدیاکان ڕێگایان بۆ یەکانگیرکردنی چێشکە و مرخە جوانیناسییەکان خۆش کردووە و تەنگیان بە هەمەڕەنگی و هەمەجۆر دید و ڕوانگەکان هەڵچنیوە، و دەستەڵاتە پاوانخوازەکان لەسەر دەستی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی، بیرۆکەی خۆیان بەسەر زەین و زمانی خەڵکاندا

دادەسەپێنن، چۆنە بەیتی کوردی هێشتاش دەنگێکە لە گەرووی یادەوەری و خەون و خولیا و مێژووی مرۆڤی کوردەوە دێتە دەرێ و دەبێتە پردێك کە لە ڕابردووی تژی لە کارەساتی نەتەوەیەك پێیدا دەگوزەرێ و خۆی بەدەڤەری جوانییەکانی ئێستای دەگەیەنێ و لە هەمان کاتدا هەنووکەی پڕ لە هەرا و زەنازەناشی دەگوازێتەوە بۆ هەواری بێدەنگ و سوکنایی بەخشی ڕابردووی؟

دیارە لە سۆنگەی ئەوەی زمانی زانست، زمانی چەمکە و «چەمك» (concept)-یش شتێکی ئینتیزاعی و سەڵتە نابیندرێ، باسی جوانیناسی، کە باسێکە لەسەر کۆڵەکەی ناسینی بابەتی هەستپێکراو دامەزراوە، ناچارەکی دەشێت بگوازرێتەوە بۆ بەستێنی هونەر و ئەدەب کە زمانیان زمانی «وێنە» (image)-یە و وێنەش بابەتی هەستپێکراوە. کەواتە ئێمە بۆمان هەیە لە زانستدا باس لە ڕاستی و ناڕاستی، لە بەسوودبوون و بێ سوودبوونی «چەمك»کەین، لە هونەر و ئەدەبیشدا باسی جوانی و ناحەزیی «وێنە» بێنینە گۆڕێ. بەم پێیە زانست بۆی هەیە «بەکەڵك» یان «بێ کەڵك» بێ، هونەر و ئەدەبیش بۆیان هەیە «جوان» یان «ناحەز» بن. کەواتە باسکردن لە بۆ نموونە «زانستی جوان»وە «هونەری بەسوود» باسکردن لە دوو دەستەواژەی بێبەری لە مانان. بەڵام جوانیناسی وەکو زانست واتە «زانستی جوانیناسی» بابەتێکە کە بەزمانی چەمك لەسەر لایەنەکانی جوانیی هونەر یان ئەدەب قسان دەکات. بەوتەیەکی ڕوونتر، ئەگەر بابەتی جوانی لە هونەردا بێتە هەوێنی تاوتوێکردنێکی زانستی، ئەوە زانستی جوانیناسییە کە ئەم ئەرکە وەئەستۆ دەگرێ. کەواتە جوانی شتێکە ماڵی هونەرە و لە نیو دڵی هونەردایە و بڕبڕەی پشتی هونەرە، بەڵام جوانیناسی لە دەرەوەی هونەردایە و هەوڵی ناسینی ڕۆح و جەستەی هونەر دەدات.

بەم پێیە باسکردن لە جوانییەکانی دەقی بەیتی کوردی، یان وردتر بدوێین، لایەنەکانی جوانیناسانەی دەقی بەیتی کوردی، هەوڵێکە کە دەکەوێتە خانەی زانستی جوانیناسیی بەیتی کوردییەوە کە خانەیەکی چۆڵوهۆڵە و تا ئێستا قەڵەمی تۆژەران سەریان پێ دانەکردووە و لایان لێ نەکردووەتەوە. ئەوەی لەم وتارەدا دەکرێ هەوڵێکی بچووکە لەم پێناوەدا.

## ٢

وەك دەزانین بەشێك لە جوانیی بەرهەمێکی هونەری لە سۆنگەی ئەو تەکووزی و ڕێکوپێکی و هاوئاهەنگییەدایە کە لە نێوان پاژەکانی پێکهێنەری ئەو بەرهەمەدا بەدی دەکرێ. بەڵام بەرهەمی هونەری لەو ڕووەوە کە هەمیشە هەوڵی شێوە ئاشنایی سڕینەوەیە لەسەر ئاستی ڕوخسار و ناوەرۆکدا، بۆی هەیە هەندێ جار لە ڕێگای لادان لە ڕاستەڕێی تەکووزی و نەزم و ڕێکوپێکی ڕێژەی جوانیی خۆی بباتە سەرێ. لێرەدایە کە هونەر ڕێگای تەمهیدی (زێدەوەسف) دەگرێتەبەر و لەم ڕوانگەیەوە لە جیهانی دیاردەکان دەڕوانێ. داستایۆفسکی، ڕۆماننووسی ناسراوی ڕووسیا، لە شوێنێکدا گوتوویەتی: «سەرلەبەری هونەر، تا ڕادەیەك تێکەڵ بەزێدەوەسفە، بەڵام سنوورەکانی زێدەوەسف نابێت لە ڕادەبەدەر پەرەیان پێ بدرێت، چونکە لەوانەیە هەر ئان و سات وێنەکە بگۆڕدرێت و ببێتە کاریکاتۆر.» کەواتە زێدە وەسف، وردەکارییەکە دەستی هونەرمەند دەیخوڵقێنێ تا لە شوێنی پێویست کاریگەرێتیی جوانیی بەرهەمەکەی خۆی زیاتر بکات. زێدەوەسف وەك ڕێکارێکی هونەری بۆ بەخشینی لایەنێکی جوانیناسانە بەبەرهەمی هونەری، بۆی هەیە خاوەن چەندان کارکردبێت. دەکرێ بڵێین زێدەوەسف لە هونەردا بۆ دەربڕینی بیرۆکەی دەستەڵاتی بێ پایانی مرۆڤە، بۆ نموونە لەو شوێنەی کە مرۆڤ پێویستە لە هەمبەر کارەساتەکانی ژیاندا چۆك دانەدا و ورەی بەرزبێت. هەروەتر بۆی هەیە ڕێگایەك بێت بۆ بەخشینی خەیاڵ و خولیاکانی مرۆڤ بەئەمری واقیع. بەوتەیەکی تر، هونەرمەند لەسەر دەستی زێدەوەسف واقیع بەرگەزەکانی خەیاڵ و خەونی مرۆڤانە کە بۆیان هەیە سنووری واقیع ببەزێنن پاراو دەکات. هەروەها هونەرمەند لە ڕێگای بەکارهێنانی زێدەوەسفەوە، بەردەوام کەفوکوڵی بەرزە فڕانەی خۆی و بە ردەنگەکەی وەك دوو مرۆڤ دادەمرکێنێ. زێدەوەسف مرۆڤ لە هونەردا دەگەیەنێتە ئەو دەڤەرە لە نیشتمانی ئاواتەکان کە لەوانەیە لەسەر عەردی واقیع هەرگیز پێیان نەگات. دواجار ئەوەمان لە بیرنەچێت کە زێدەوەسف، بەو شەرتەی داستایۆفسکی پێی قایل بوو، هەمیشە کاریگەرێتیی عاتیفیی خەیاڵی هونەری زێتر دەکات و سەرنجی بەردەنگی هونەریش پتر بۆ لای خۆی ڕادەکیشێ و چێژی خوێندنەوەی بابەتی هونەری پتر دەکات.

٣

دەقی بەیتی کوردی ڕەنگە نەك هەر تەنیا لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری باسی قارەمانی گەورە و عیشقی پاك و بەسەرهاتی کارەساتاوی دەکات، بەڵکو لەو سۆنگەیەشەوە کە بۆ بەخشینی بەردەوامی لایەنێکی جوانیناسانە بەدنیای تایبەتی خۆی، پێویستی بە بەزاندنی سنوورەکانی ئاسایی ڕوانین و عادەتی ڕەفتارکردن و ساکار بەسەربردن بووە، زۆر لە زێدەوەسف کەڵکی وەرگرتووە. جا زێدەوەسف جاری وایە لە سەرووی پێکهاتەی دەقی بەیت دایە، وەکو نموونەی «شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی» کە شێخ فەرخ هەر لە کاتی لە دایکبوونیدا قسان دەکات، یان لەسەر لانکەوە دەچووە پاڵ ئەستی، یان دەنا لە هەندێ پاژ و بەشی بەیت، بەپێی پێویست و مەنتقی دارشتنی خودی بەیتەکە، بەکاردەبرێ، وەکو نموونەی دەقی بەیتی «خەزێم» کە لەم وتارەدا پتر لێی ورد دەبینەوە.

لە بەیتی «خەزێم»دا واتا ئەو شوێنەی کە کوڕە دۆم پێویستی بەنیشاندانی ئاستی بەرزی عیشقی خۆی نییە «زێدەوەسف»ێك لە ئارادا نییە، کەچی هەر کە گەیشتە ئەو شوێنەی بیەوێ ڕادەی ئەویندارێ و ڕێژەی وەفاداریی خۆی بنوێنێ، بەیتساز «زێدەوەسف» تێکەڵ بەگێڕانەوەی بەیتەکەی دەکا. بۆ نموونە لە وەسف و پەسنی ئەو کراسەی بڕیارە بۆ کچە دۆم بدوورێ، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندیی بەهەست و خوستی هەناوی کوڕە دۆم بەنیسبەت کچە دۆمەوە نییە، زێدەوەسف نابینرێ، کەواتە لەم پاژەدا کە دەنگی کچە دۆمە، وەسفەکە وەسفێکی بێ بەری لە زێدەوەسفە:

... دەڵێ: کراسم دەوێ: ساف لە ماهووت بێ،

دەوری دامێنی دوڕ و یاقووت بێ،

لە ڕاستی مەمکی دەنکی زومڕووت بێ...

بەڵام کە کوڕە دۆمە دەنگی هەڵدەبڕێ و هەستی هەناوی خۆی دەردەبڕێ، زێدەوەسف وەك ڕێگایەك بۆ بەخشینی جوانی بەدەقەك. بەکاردەبرێ:

سەد وەستام دەوێ لە بانی کۆیە

هەشتا لە مووسڵێ، شێست لە شنۆیە

کراس بدوورن لەگوڵی لیمۆیە،

دەبڵا تەنك بێ، ناسك و شلك بێ

بۆ چاو هەڵۆیە.

لەم کۆپلەیەدا، زێدەوەسف لە ژمارەی سەرجەمی وەستاکاندا دەبینرێ کە پێکەوە دەبنە دووسەد و چل وەستا، هەروەتر لە کۆکردنەوەی ئەم هەموو وەستایە لە سێ شوێنی جیاوازی کوردستان و دواجار لە کراس دوورین لە گوڵی لیمۆیە.

«زێدەوەسف» لەم شوێنەی دەقی بەیتی خەزێمدا، ناڕاستەوخۆ بەخوینەر دەڵێ، کە عیشق و ئەڤینی مەزن، داوای مەزن و کاری مەزنی پێویستە. بەوتەیەکی تر بەیتساز لەم دەقەدا گەورەیی و شانوشکۆی ئەڤینی کوڕە دۆم لە هەمبەر کچە دۆم دەترنجێنێتە نێو زێدەوەسفەکانی خۆی و لەم ڕێگایەوە چێژی خوێندنەوەی دەقەکە پتردەکا. بەتایبەت لە بیرمان نەچێت کە قارەمانانی ئەم بەیتە کوڕ و کچە دۆمێکی پاپەتی و ڕەشوڕووتن، کە نزمیی ئاستی ژیانی ڕۆژانەیان ڕووبەڕووی بەرزیی ڕادەی ئەڤینی ڕاستەقینەیان دەبێتەوە.

دیسان ئەگەر لە پێکهاتەی چیرۆکی ئەم بەیتە وردبینەوە، دەبینین لەو شوێنانەی کە گێڕانەوەی چیرۆکەکە تەنیا پەیوەندیی بەکرداری کچەوە هەیە، زێدەوەسفێك لە ئارادا نییە، و هێڵێکی داستانیی ساکار و بێ گریوگۆڵ دەچێتە پێشێ:

ئەگەر وای زانی ئەو نازەنینێ

هات و دەستی گرت لە هەڵپەرینێ...

ئاخر لەو کراسەی وا کردبوو حاشا

ئەلحەمدولیلا خەزێمیش نەما...

دەڵێ: خەزێمی کەپۆم کاری مێردینێ،

لەکەپۆم کەوت لە هەڵپەڕینێ

مەگەر بچم بۆ وڵاتی مەدینێ

کەچی هەر کە گێڕانەوە باسی پەیوەندی و کارلێکردنی نێوان کچە و کوڕە دەکات «زێدەوەسف» دەست پێ دەکاتەوە:

ئەگەر لاوزانیی ئەو قەرەخەبەر

خۆڵی حەوت دێیان لاو دەکات بەسەر

لەم بابەتەدا «زێدەوەسف» سەرەڕای ئەوەی پیشاندەری هەندێ دۆخی تایبەتی نێو داستانی ئەڤینی کوڕە دۆمە و کچە دۆمەیە، بەدەستەوە دەری چەند حاڵەتێکی جیهانی دەروونی و زەینییەتی کوڕە دۆمەشە لە هەمبەر ئەم ئەڤینە. بۆ نموونە لەم کۆپلەیەی خوارەوەدا دەکرێ ڕادە و ڕێژەی خەم و کەسەری کوڕە بۆ ونبوونی خەزێمی کچە، و گرێدانی چارەنووسی کوڕە بەچارەنووسی خەزێم، و ئامادەبوونی ئیرادەی کوڕە کە هەمیشە لە خزمەت بەعیشقی کچە دایە، و ونبوونی خەزێم کە نیشانەیەکە لە ونبوونی بەشێك لە جوانیی کچە، ببینین، هەرچەند وێ دەچێ زێدەوەسفی ئەم کۆپلەیە ئەوەندە خەستوخۆڵ و بەرچاونەبێ:

دەڵێ: (ئەگەر بمرم، بژیم، بمێنم
دەبێ ئینشاڵڵا ئەو کارەی پێك بێنم
یا نە ماڵی خۆم پاك دەدۆڕێنم
یان ئەوەتا سەری خۆم دەبەتلێنم...
قەت چەکوچێ نەکوتم لە سەر سندانێ
لە خۆم حەرام دەکەم ڕێی گوزەرانێ

دیارە «زێدەوەسف» بۆی هەیە نەك هەر بۆ ڕەنگدانەوەی بابەتی واقیع بەکاربێ، بەڵکو ڕەنگدانەوەی خەون و خولیا و ئاوات و ئارەزووشی تێدابێ. بۆ نموونە لەم کۆییلەیەی دەقی بەیتی «خەزێم»دا بەیتساز هەم زێدەوەسفی واقیعی ونبوونی خەزێمی کچە دۆمە دەکات، هەمیش لە ڕێگای شوبهاندنی ناڕاستەوخۆی کوڕە دۆم بە زێی بادینان خەون و خولیا و ئارەزووی کوڕە دۆمە دەردەبڕێ:

زێیە بادینان چ گەورە و پان بوو،
قومێکی ئاوێی تێدا نەمابوو،
ماسیی بەستەزمان هەمووی خنکابوو،
لە دەریام کردووە وا پرسیارێ
دەگەڵ دەریام دوو قسەی گوفتارێ
دەڵێم: «بۆ ئیشك بووی بەتەڕی بەهارێ»
دەڵێ: «تازیەیە بۆ خەزێمی یاری،»

دیاره بەیتساز لێرەدا هێندە وردەکارانەو بەنەرمونیانی زێدەوەسفی خەمی کوڕە دۆمە دەکا کە دواجار قەناعەت بەخوێنەردێنێ کە ئەم زێدە وەسفانە، وەك بەشێکی گرینگ و گرانی تانوبۆی دەقەکە لە قەڵەم بدات و بەپاژێکی لێکدانەبڕاوی پێکهاتەی بەیتەکەی بزانێ. بۆیە لە ئاکامدا ئەم زێدەوەسفانە نەك وەك سەنعەتێکی بەلاغی و ئاریشتکارانە، بەڵکو وەك لایەنێکی هونەری و جوانیناسانەی بەیتەکە خویا دەبن.

٤

بەیت نەك هەر نوێنگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دیاردەکانی تری دەرەوەی دەقییە، بەڵکو دەقێکی ئەدەبی، نموونەیەکیشە لە چێشکەی جوانیناسانەی هونەریی مرۆڤی کورد، بۆیە بەڕای من، کەمتەرخەمییە بەیت تەنیا هەر بەکەرەسە و ئامیانێك بزانرێت بۆ تێگەیشتن لە واقیع و مێژووی کۆمەڵگای کوردی، بەڵکو دەشی بابەتێکی بەرباسی زانستی جوانیناسی-یش بێت بۆ پێزانین بەشوێنی مرخی ئەدەبی و شانی چێشکەی هونەریی کۆمەڵگا. جوانیی بەیتی کوردی شاندەری جوانیی ڕۆح و ئەندێشە و زەین و زمانی لێزانانی بەیتسازی و شارەزایانی بەیت بێژییە. مێژووی بەیتی کوردی تەنیا، هەر مێژووی بەزم وشایی یان ڕەزم و کارەساتی نەتەوەیی کورد نییە، بەڵکو مێژووی ڕۆحی جوانیناسانەی ئەم نەتەوەیەشە. خوێندنەوەی بەیتی کوردی خوێندنەوەی جوانی و ناحەزیی مێژووی کوردستان و مێژووی جوانی و ناحەزیی ئەم وڵاتەیە.

پووشپەڕی ١٣٨٣ - ٢٠٠٤

- لە سەنعەتەکانی ئەدەبیدا جیاوازیی نێوان زێدەبێژی «موبالەغە» و زێدەوەسف «ئیغراق» لەوەدایە کە زێدەبێژی هەم عەقڵ قبووڵی دەکا، هەم عادەت، بەڵام زێدەوەسف عەقڵ قبووڵی دەکات، کەچی عادەت حاشای لێ دەکات. «غولوو» جۆرە زێدەکارییەکە نە عەقڵ قبووڵی دەکات نە عادەت.

ئاماژە:

ئەم وتارە لە کۆڕی ڕێزلێنانی حەیرانبێژی ناسراوی سەردەشتی "خلە دەرزی" خوێندرایەوە کە بەهاری ٨٣ (٢٠٠٤) لە شاری سەردەشت بەڕێوەچوو.

# پێڕست


ئاماژەیەك ........ ٥

عەقڵانییەتی ڕۆشنبیریی کوردی لە نێوان ئەخلاقی بەرپرسایەتی و نیهیلیسمی خەساودا ........ ٧

سەلەفیەت و سڕینەوەی «ئەوی تر» بەماژێکی سپی ........ ٣١

زمان و کولتوور.. وەرگێڕانەوەیان لەسەر چەمکی «پیاوسالاری» لە کۆمەڵگای کوردیدا ........ ٣٥

لە سەمای ڕەنگەکانەوە تا کۆتاییی جەنگ ........ ٤٠

کۆمەڵگا و کەڵکەڵەی کتێب ........ ٤٤

هەفتەیەکی هەولێر و ڕاپۆرتارێکی ڕۆژانە ........ ٤٧

کولتوور و کۆمەڵگای کوردی ........ ٦٢

زمان، باڵاپۆشی هزر ........ ٦٥

ساکارکردنەوەی دەق: هەوڵێکی بەرواڵەت بێ مەترسی و لە ڕاستیدا ناعەقڵانی ........ ٦٧

دیسان وەرگێڕانی کوردی و دیسان کارەساتی هزر ........ ٧٤

ئەدەبیات: لە بەرهەمهێنانەوە بۆ داهێنان ........ ٨٥

وەرگێڕان: دیپلۆماسیی ئەدەبی کوردی ........ ٩٠

"مارف"ی شاعیر لە ڕوانگەی شیعری "مارف"ەوە ........ ٩٢

سوارە و سێ سەرنج ........ ١١٩

ڕۆژی شیعر و مەرگی شاعیر ........ ١٢٦

ڕۆمانی «باڵندەکانی دەم با» و دەرەتانەکانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی ........ ١٣١

زەقکردنەوەی زمانی لە زمانی شیعری نالیدا ........ ١٤٣

سێ ڕەخنە لەسەر شیعری «دوو» ........ ١٥٨

«جەستە»ی مەستوورە لە «ڕۆح»ی شیعری نالی-دا ........ ١٦٣

مەحوی لە نێوان دوو «هیچ»دا ........ ١٧٧

چاوی «مەحبووبە» لە غەزەلی نالی-دا ........ ٢٠٠

زێدە وەسف - لایەنێکی جوانیناسانەی دەقی بەیتی «خەزێم» ........ ٢١١

## بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر لە دەزگای ئاراس

١– رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، چارلز برێسلێر، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٢ چاپی دووهەم ٢٠٠٧.

٢– مەکبێس، ویلیام شێکسپیر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، چاپی دووەم ٢٠٠٧.

٣– زەمزەمەی زوڵاڵ سوارە ئیلْخانی زادە، کۆکردنەوە و ڕێکخستن، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤– مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، تێری ئیگلتۆن، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، ٢٠٠٨.

٥– لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، کۆمەڵە وتار، هەولێر، ٢٠٠٨.